حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێژی زمان

# پەرژینی زمانی و خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی
# (دەقی ڕامیاری بە نموونە)

نامەیەکە

نیگار ستار جعفر

پێشکەشی بەشی زمانی کوردی - کۆلێژی زمان - زانکۆی سلێمانیی کردووە
و بەشێکە لەپێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردییدا

سەرپەرشت

پ.د.شاخەوان جلال حاجی فرج

(٢٧٢٣)ی کوردی (٢٠٢٣)ی زایینی

ئەم نامەیە بەسەرپەرشتی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بە شێکە لە پێداویستییەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردییدا

ناو: پ.د.شاخەوان جلال حاجی فرج

ڕۆژ: ٨ /٣/ ٢٠٢٣

به پێی ئەم پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم

ناو: پ.ی.د.محمد عمر عول

سەرۆکی بەشی کوردی

ڕۆژ:١٥/٣/ ٢٠٢٣

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا، بڕوانامەی ماستەری لە زمانی کوردییدا پێبدرێت.

ناو: پ.د. ئاڤێستا کمال محمود
سەرۆکی لیژنە
ڕۆژ: ١٦/ ٤/ ٢٠٢٣

ناو: پ.ی.د. لیلی جلیل عباس
ئەندام
ڕۆژ: ١٦/ ٤/ ٢٠٢٣

ناو: پ.ی.د. هێمن عبدالحمید شمس
ئەندام
ڕۆژ: ١٦/ ٤/ ٢٠٢٣

ناو: پ.د.شاخەوان جلال حاجی فرج
ئەندام و سەرپەرشت
ڕۆژ: ١٦/ ٤/ ٢٠٢٣

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسەندکرا

ناو: پ.د. شاخەوان جلال حاجی فرج

ڕاگری کۆلێژی زمان بەوەکالەت

ڕۆژ: ٣/ ٥/ ٢٠٢٣

# پێشکەشکردن

## ئەم نامەیە پێشکەشە بە:

- سۆز و نیگا پڕ خۆشەیستییەکانی دایکم.
- خانەوادەی ئازیزم .
- هەموو ئەو مامۆستایانەم بەردەوام  بە دڵسۆزی هەوڵی فێرکردنیان داوم.
- هەموو خوێنەرێکی بەڕێز، کە هەمیشە بەدوای زانیاریی نوێدا دەگەڕێت.

# سوپاس و پێزانین

## سوپاس و پێزانینم بۆ :

- مامۆستای سەرپەرشتم پ. د. شاخەوان جلال حاجی فرج، کە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە سەرپەرشتی ئەم نامەیەی گرتە ئەستۆ.

- خوشکی خۆشەویستم چاوان ستار، کە لە هەموو هەنگاوێکدا هاوکارم بووە.

- هەموو ئەو بەڕێزانەی، کە بە وشەیەکیش بێت یارمەتیدەرم بوون.

# لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| | ئ |
| Socio political ideologies | ئایدۆلۆژیای کۆسیاسییانە |
| Professional ideologies | ئایدیۆلۆژیای پیشەییانە |
| Pragmatic Schemas | ئەسکەلە پراگماتیکییەکان |
| Mitigation devices | ئامێرە هێورکەرەوەکان |
| Rationalism | ئاوەزگەرایی |
| Empiricism | ئەزموونگەرایی |
| | ب |
| Implication | بەخشکەیی دەربڕین |
| The Field of Rational Knowledge | بواری کۆزانیاریی ئاوەزدارانە |
| The Field of Emotional Knowledge | بواری کۆزانیاریی سۆزدارانە |
| The Field of Spiritual Knowledge | بواری کۆزانیاریی گیانی |
| Common belief | باوەڕی باو |
| Share belief | باوەڕی بەشدارپێکراو |
| Shared Belife | باوەڕی هاوبەش |
| Individual belief | باوەڕی تاکگەرا |
| Pragmatically modulation values | بەهای پراگماتیکیی هەموارکراو |
| Production | بەرهەمهێنان |
| Language for specific purposes | بەکارهێنانی زمان بۆ مەبەستی تایبەتی |
| Mental staste | باری ئاوەزیی |
| | پ |
| Linguistic hedges | پەرژینی زمانیی |
| Reader-oriented hedges | پەرژینی ئاڕاستەکراوی خوێنەر |
| Accuracy-oriented hedges | پەرژینی ئاڕاستەکراوی وردیی |
| Content-oriented hedges | پەرژینی ئاڕاستەکراوی ناوەڕۆک |
| Propositional hedging | پەرژینی ڕستە ناوەڕۆک |
| Self-image Protection | پاراستنی وێنەی خودیی |
| Quality hedges | پەرژینی چۆنێتی |

| | |
|---|---|
| Quantity hedges | پەرژینی چەندێتی |
| Relevance hedge | پەرژینی پەیوەستبوون |
| Manner hedges | پەرژینی شێواز |
| Language modules | پێکهاتەکانی زمان |
| Perception | پەیپێبردن |
| Cognitive pragmatics | پراگماتیکی درکپێکردن |
| Pragmatics module | پێکهاتە پراگماتیکییەکان |
| | ت |
| Recognition pattern | تەرزەکانی ناسینەوە |
| Relevance theory | تیۆری پەیوەست |
| Usage based theory | تیۆری بنەمای بەکارهێنان |
| Grammatical Competence | توانستی ڕێزمانی |
| Linguistic competence | توانستی زمانیی |
| Pragmatic competence | توانستی پراگماتیکی |
| | ج |
| Alternative | جێگرەوە |
| | چ |
| Stereotypically | چەشنباو |
| | خ |
| Evasion | خۆدزینەوە |
| | د |
| Structured representation | دروستە نوێنراوەکان |
| Lexicon access | دەستپێداگەیشتنی فەرهەنگی |
| Extra-linguistic context | دەوروبەرییە نێو زمانییەکان |
| Cognitive infrastructure | دروستە ژێرخانییەکانی درکپێکردن |
| The division of pragmatic labor | دابەشکردنی ئەرکی پراگماتیک |
| Political cognition | درکپێکردنی سیاسییانە |
| Socio cognitive | درکپێکردنی کۆمەڵایەتی |
| Cognition | درکپێکردن |
| Faculty | دامەزراوە |

| | |
|---|---|
| | ڕ |
| Grammatical Context role | ڕۆڵی ڕێزمانی دەوروبەر |
| Proposition | ڕستە ناوەڕۆک ، کرۆک |
| Hedged performative | ڕاپەڕاندنی پەرژینکراو |
| | ز |
| linguistics Representation | زمانی نوێنراو |
| | س |
| Understatement | سوککردن |
| | ش |
| Equivocation | شێوازی ناڕوون |
| | ق |
| Attribution shield | قەڵغانی پاڵپشتیکردن |
| Plausibility shield | قەڵغانی شیمانە |
| Shields | قەڵغانەکان |
| Attribution shield | قەڵغانی ئیسباتکردن |
| | ک |
| Experiential knowledge | کۆزانیاریی ئەزموونیانە |
| Skill knowledge | کۆزانیاریی لێهاتوویی |
| knowledge claims | کۆزانیاریی بانگەشەیی |
| | گ |
| Adaptors | گونجێنەر |
| | ل |
| Rounder | لە دەوری |
| | م |
| Belif Condition | مەرجی باوەڕ |
| Justification Condition | مەرجی پاساو بۆ هێنانەوە |
| | ن |
| Communicative intention | نییەتی پەیوەندیکردن |
| Private intention | نییەتی تایبەت |
| Social intention | نییەتی کۆمەڵایەتی |

| | |
|---|---|
| Partially conceptual representation | نواندنی بەشەکییانەی چەمکییانە |
| Vagueness | ناڕوونی |
| Approximators | نزیککەرەوەکان |
| Mental representation | نواندنە ئاوەزییەکان |
| | **ه** |
| Bushes | هەژگ |
| | **و** |
| Self image | وێنەی خودیی |

پێڕست


| بابەت | | لاپەڕە |
|---|---|---|
| پێشەکی | | ١-٢ |
| ١/٠ | ناونیشان و بواری نامەکە | ١ |
| ٢/٠ | کەرەستەی نامەکە | ١ |
| ٣/٠ | ڕێباز و تیۆری نامەکە | ١ |
| ٤/٠ | گرنگی هەڵبژاردنی ناونیشانەکە | ١ |
| ٥/٠ | هۆی هەڵبژاردنی نامەکە | ١ |
| ٦/٠ | بەشەکانی نامەکە | ٢ |
| **بەشی یەکەم: پڕاگماتیک و کۆزانیاریی لە ڕوانگەی پڕاگماتیکی درکپێکردنەوە** | | ٣-٤ |
| ١/١ | پڕاگماتیک و پڕۆسەکانی درکپێکردن | ٤-١٣ |
| ٢/١ | کۆزانیاریی جۆر و بوارەکانی | ١٤ |
| ٢/١-١ | کۆزانیاریی چەمک و تێڕوانین | ١٤ |
| ٢/١-١-١ | بەراییەکانی کۆزانیاریی | ١٤-١٨ |
| ٢/١-١-٢ | کۆزانیاریی لە ڕوانگەی زانستی زمانی درکپێکردنەوە | ١٩-٢١ |
| ٢/١-٢ | جۆرەکانی کۆزانیاریی | ٢١-٢٥ |
| ٢/١-٣ | بوارەکانی کۆزانیاریی | ٢٥-٣٠ |
| ٣/١ | پڕاگماتیکی درکپێکردن | ٣١ |
| ٣/١-١ | بارە ئاوەزییەکانی پەیوەندیکردن | ٣١-٣٤ |
| ٣/١-٢ | توانستی پڕاگماتیکی | ٣٤-٤١ |
| ٣/١-٣ | پڕاگماتیک و فۆرمی لۆژیکی | ٤١-٤٨ |
| ٤/١ | تیۆری پەیوەست لە پڕاگماتیکی درکپێکردندا | ٤٨-٥٥ |
| **بەشی دووەم: پەرژینی زمانیی پەیوەست بە مەبەستی پڕاگماتیکییەوە** | | ٥٦ |
| ١/٢ | پەرژینە زمانییەکان (دابەشکردن و چۆنییەتی کارکردن) | ٥٧-٥٩ |

| | | |
|---|---|---|
| ١-١/٢ | چەشن و جۆرەکانی پەرژینە زمانییەکان | ٥٩-٦٤ |
| ٢-١/٢ | چۆنییەتی کارکردنی پەرژینە زمانییەکان | ٦٤-٦٦ |
| ٢/٢ | بەخشکەیی دەربڕینی پەرژینی زمانیی | ٦٦-٧١ |
| ١-٢/٢ | پەرژینی زمانیی لە ڕوانگەی بەخشکەیی دەربڕینی گرایسەوە | ٧١-٧٦ |
| ٢-٢/٢ | پەرژینی زمانیی پەیوەست بە بەخشکەیی دەربڕینی گرایسە نوێیەکانەوە | ٧٦-٨٩ |
| ٣/٢ | بەخشکەیی دەربڕین و پەرژینی زمانی لە ڕوانگەی تیۆری پەیوەستەوە | ٨٩ |
| ١-٣/٢ | بەخشکەیی دەربڕین و تیۆری پەیوەست | ٨٩-٩٤ |
| ٢-٣/٢ | پەرژینە زمانییەکان و تیۆری پەیوەست | ٩٤-١٠٠ |
| ٤/٢ | مەبەستە پڕاگماتیکییەکانی پەرژینی زمانیی | ١٠٠ |
| ١-٤/٢ | خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی لە ڕەهەندی پڕاگماتیکی درکپێکردنەوە | ١٠١-١٠٣ |
| ٢-٤/٢ | مەبەستە کۆمەڵایەتییەکانی پەرژینی زمانیی | ١٠٣-١٠٧ |
| **بەشی سێیەم: بەکارهێنانی مەبەستەکانی پەرژینی زمانیی لە دەقی ڕامیاریدا** | | ١٠٨-١٠٩ |
| ١/٣ | جیاکردنەوەی پەرژینی زمانیی لە دەقی ڕامیاریدا | ١٠٩-١٣٠ |
| ٢/٣ | ئاستە واتاییەکان پەیوەست بە واتای ئاشکرا و بەخشکەییەوە لە دەقی ڕامیاریدا | ١٣١-١٣٣ |
| ٣/٣ | مەبەستە بە خشکەییەکانی پەرژینە زمانییەکان لە دەقی ڕامیاریدا | ١٣٤ |
| ١-٣/٣ | مەبەستی خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی | ١٣٤ |
| ١-١-٣/٣ | مەبەستی خودپاراستن لە دەقەکانی گروپی (آ) دا | ١٣٤-١٤٣ |
| ٢-١-٣/٣ | مەبەستی خودپاراستن لە دەقەکانی گروپی (ب) دا | ١٤٣-١٤٥ |
| ٢-٣/٣ | مەبەستی کەمکردنەوەی داواکاریی | ١٤٥ |
| ١-٢-٣/٣ | مەبەستی کەمکردنەوەی داواکاری لە دەقەکانی گروپی (آ) دا | ١٤٥-١٤٦ |
| ٢-٢-٣/٣ | مەبەستی کەمکردنەوەی داواکاری لە دەقەکانی گروپی (ب) دا | ١٤٦ |
| ٣-٣/٣ | مەبەستی ئاڕاستەکردنی گوێگر | ١٤٦ |
| ١-٣-٣/٣ | مەبەستی ئاڕاستەکردنی گوێگر لە دەقەکانی گروپی (آ) دا | ١٤٧-١٥١ |
| ٢-٣-٣/٣ | مەبەستی ئاڕاستەکردنی گوێگر لە دەقەکانی گروپی (ب) دا | ١٥١-١٥٤ |

| | | |
|---|---|---|
| ٤-٣/٣ | مەبەستی ڕاگرتنی ژینگەی پەیوەندیداریێتی | ١٥٤ |
| ١-٤-٣/٣ | مەبەستی ڕاگرتنی ژینگەی پەیوەندیداریێتی لە دەقەکانی گروپی (آ) دا | ١٥٦-١٥٤ |
| ٢-٤-٣/٣ | مەبەستی ڕاگرتنی ژینگەی پەیوەندیداریێتی لە دەقەکانی گروپی (ب) دا | ١٥٦ |
| ٥-٣/٣ | مەبەستی نواندنی ڕێزگرتن | ١٥٧-١٥٦ |
| ١-٥-٣/٣ | مەبەستی نواندنی ڕێزگرتن لە دەقەکانی گروپی (آ) دا | ١٥٧ |
| ٢-٥-٣/٣ | مەبەستی نواندنی ڕێزگرتن لە دەقەکانی گروپی (ب) دا | ١٦٢-١٥٧ |
| | **ئەنجام** | ١٦٣ |
| | **سەرچاوەکان** | ١٧١-١٦٤ |
| | **ملخص** | ١٧٢ |
| | **Abstract** | ١٧٣ |


## پێڕستی هێڵکارییەکان


| ژ | هێڵکارییەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| | **هێڵکارییەکانی بەشی یەکەم** | |
| ١ | ناساندنی پێڕەوەی درکپێکردنی زمانی | ١٣ |
| ٢ | مۆدێلی یەکخستنی فێربوونی تاک | ١٨ |
| ٣ | هێڵکاری تێکردە و دەرکردەیی ئاستەکانی زمانەوانی | ٤٧ |
| | **هێڵکارییەکانی بەشی دووەم** | |
| ١ | کۆی ئاماژەکان لە دەربڕاوێکدا | ٧٠ |


## پێڕستی شێوەکان


| ژ | شێوەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| | **شێوەکانی بەشی یەکەم** | |
| ١ | تێڕوانین و زەقکردنەوەی کەسییانە | ٦ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢ | زەقکردنەوەی پێچەوانەیی | ٨ |
| ٣ | مۆدێلی جۆرەکانی کۆزانیاریی | ٢٤ |
| ٤ | مۆدێلی داینامیکی بوارەکانی کۆزانیاریی | ٣٠ |


## پێڕستی خشتەکان


| ژ | خشتەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| | **خشتەکانی بەشی یەکەم** | |
| ١ | ڕوونکردنەوەی توانستی پڕاگماتیکی لە ڕوانگەی (چۆمسکی و تیۆری پەیوەست)ەوە. | ٤٠ |
| | **خشتەکانی بەشی سێیەم** | |
| ١ | جیاکردنەوەی پەرژینی زمانیی لە دەقی یەکەمدا | ١١١ |
| ٢ | جیاکردنەوەی پەرژینی زمانیی لە دەقی دووەمدا | ١١٢ |
| ٣ | جیاکردنەوەی پەرژینی زمانیی لە دەقی سێیەمدا | ١١٣ |
| ٤ | جیاکردنەوەی پەرژینی زمانیی لە دەقی چوارەمدا | ١١٤ |
| ٥ | جیاکردنەوەی پەرژینی زمانیی لە دەقی پێنجەمدا | ١١٥ |
| ٦ | جیاکردنەوەی پەرژینی زمانیی لە دەقی شەشەمدا | ١١٦ |
| ٧ | جیاکردنەوەی پەرژینی زمانیی لە دەقی حەوتەمدا | ١١٧- |
| ٨ | جیاکردنەوەی پەرژینی زمانیی لە دەقی هەشتەمدا | ١١٩ |
| ٩ | جیاکردنەوەی پەرژینی زمانیی لە دەقی نۆیەمدا | ١٢١ |
| ١٠ | جیاکردنەوەی پەرژینی زمانیی لە دەقی دەیەمدا | ١٢٢ |
| ١١ | جیاکردنەوەی پەرژینی زمانیی لە دەقی یازدەیەمدا | ١٢٣ |
| ١٢ | جیاکردنەوەی پەرژینی زمانیی لە دەقی دوازدەیەمدا | ١٢٤ |
| ١٣ | جیاکردنەوەی پەرژینی زمانیی لە دەقی سیازدەیەمدا | ١٢٥ |
| ١٤ | جیاکردنەوەی پەرژینی زمانیی لە دەقی چواردەیەمدا | ١٢٦ |
| ١٥ | جیاکردنەوەی پەرژینی زمانیی لە دەقی پازدەیەمدا | ١٢٨ |
| ١٦ | جیاکردنەوەی پەرژینی زمانیی لە دەقی شازدەیەمدا | ١٢٩ |
| ١٧ | ڕێژەی بەکارهێنانی مەبەستی پەرژینە زمانییەکان لە دەقەکانی گرووپی (آ) دا | ١٥٨ |
| ١٨ | ڕێژەی بەکارهێنانی مەبەستی پەرژینە زمانییەکان لە دەقەکانی  گرووپی (ب) دا | ١٥٩ |

| ژ | خشتەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١٩ | ئەنجامی ڕێژەی بەکارهێنانی مەبەستی خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی لە دەقەکانی گروپی (آ، ب) دا | ١٦٠ |
| ٢٠ | ئەنجامی ڕێژەی بەکارهێنانی مەبەستی ئاڕاستەکردنی گوێگر لە دەقەکانی گروپی (آ، ب) دا | ١٦١ |


## پێڕستی چارتەکان


| ژ | چارتەکان | لاپەڕ |
|---|---|---|
| ١ | چالاکترین پەرژینی بەکارهاتوو لە دەقەکانی گروپی (آ و ب) دا | ١٣٠ |
| ٢ | ڕێژەی بەکارهێنانی مەبەستی پەرژینە زمانییەکان لە گروپی (آ) دا | ١٥٨ |
| ٣ | ڕێژەی بەکارهێنانی مەبەستی پەرژینە زمانییەکان لە گروپی (ب) دا | ١٥٩ |
| ٤ | ئەنجامی ڕێژەی بەکارهێنانی مەبەستی خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی لە دەقەکانی گروپی (آ، ب) دا | ١٦٠ |
| ٥ | ئەنجامی ڕێژەی بەکارهێنانی مەبەستی ئاڕاستەکردنی گوێگر لە دەقەکانی گروپی (آ، ب) دا | ١٦١ |

# پێشەکی

**١/٠) ناونیشان و بواری نامەکە/**

ناونیشانی نامەکە (پەرژینی زمانی و خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی- دەقی رامیاری بە نموونە) یە ، چۆنییەتی بەکارهێنانی پەرژینە زمانییەکان لە دەقی رامیاریی زمانی کوردیدا بەپێی پراگماتیکی درکپێکردن راڤەکراوە.

**٢/٠) کەرەستەی نامەکە/**

کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە لە (زمانی کوردی- دیالێکتی کوردیی ناوەراست) وەرگیراوە، زۆربەی نموونە شیکراوەکان و سەرجەم دەربراوەکان لە زمانی ئاخاوتنی رۆژانە و گوتارە سیاسییەکانی ئەم دیالێکتەوە وەرگیراون.

**٣/٠) رێباز و تیۆریی نامەکە/**

لەم نامەیەدا رێبازی پەیرەوکراوە (پەسنیی شیکاریی) پەیرەوکراوە و دەقە رامیارییەکان شیکراونەتەوە و رێژەی بەکارهێنانی پەرژینەکان دەرهێنراون و چارتیان بۆ کراوە.

**٤/٠) گرنگیی هەڵبژاردنی ناونیشانەکە/**

لە پراگماتیکی درکپێکردندا بارە ئاوەزییەکان بەهۆی بەکارهێنان و ئەزموونکردنی وشە و دەربراوەکان لە دەوروبەردا، لە ئاوەزی ئاخێوەر و بەکارهێنەری زمانی کوردیدا دەنەخشێنرێت و لە ئاوەزیی ئاخێوەراندا بنەمای تێگەیشتن و دووبارە دارشتنەوەی دەربراوەکانە. پەیوەست بە پەرژینە زمانییەکانیش ئەم بارە ئاوەزییە بەدەستهێنراوە وادەکات، کە بەکارهێنەر و کەسایەتییە سیاسییەکان بۆ مەبەستێکی دیاریکراو بەپێی دەوروبەر پەیپێبراوانە بەکاریانبهێنێت.

**٥/٠) هۆی هەڵبژاردنی نامەکە/**

پەیوەست بە گرنگیی بابەتی پەرژینەکان بۆ بونیادنانی واتا لە ئاوەزدا ( وەک لە پەرەگرافی پێشوودا لە چێوەی گرنگیی هەڵبژاردنی نامەکە) روونکرایەوە، بەوپێیەی هەم ئاخێوەری ئاسایی و هەم کەسە رامیارییەکان دەتوانن سوود لە توانستی پراگماتیکییان ببینن و وەک ستراتیژێک لە ئاخاوتن و گوتارەکانیاندا بەکاریبهێنن، ئەم بابەتە بەم گرنگی و هەستیارییەوە لە زمانی کوردیدا کاری لەسەر نەکراوە، بۆیە بەپێویستمان زانی نامەیەکی ئەکادیمی لەم بوارەدا بنووسین.

**٦/.) بەشەکانی نامەکە/**

لەم نامەیەدا هەوڵدراوە زانستییانە تیشک بخرێتە سەر بەکارهێنانی پەرژینە زمانییەکان، خودی چەمکەکەش لە ڕوانگەی پڕاگماتیکی درکپێکردنەوە شیدەکرێتەوە و تێدەگەیەنرێت. بەپێی ڕێبازی پڕاگماتیکی درکپێکردن، دەوروبەر و بەکارهێنان و ئەزموونکردن واتاکان لە ئاوەزدا بونیاددەنێت و وەک بەشێک لە باری ئاوەزیی لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا بنەمای تێگەیشتن و هەڵهێنجانی واتایە، لە پێناو چەسپاندنی ئەوەی کە پەرژینە زمانییەکان لە ڕوانگەی تێگەیشتن و ئاوەز خوێندنەوەوە بەکاردەهێنرێت، دەقە ڕامیارییەکان وەردەگیرێن و شیکردنەوەی ئامارییان بۆ ئەنجامدەدرێت. بە مەبەستی گەیشتن بە ئەنجامە زانستییەکان و پەیوەستبوونی بەش و پارەکان بەیەکەوە، ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ (سێ بەش) دابەشدەکرێت، بەجۆرێک بەشی یەکەم بەشێکی تیۆرییە و بۆ چۆنییەتی بەدەستهێنانی کۆزانیاریی لە ڕوانگەی زانستی زمانی درکپێکردن و نەخشاندنی بارە ئاوەزییەکانی ئاخێوەران لە ڕوانگەی پڕاگماتیکی درکپێکردنەوە دەخرێتەڕوو، پاشان پەرژینەکان وەک بەشێک لە توانستی پڕاگماتیکی و فۆرمی لۆژیکی لە ڕوانگەی تیۆری پەیوەستەوە، کە جەختدەکاتە سەر بونیادنان و تێگەیشتنی واتا لە ئاوەزیی گوێگردا بەهۆی دەوروبەرەوە شیدەکرێتەوە. هەرچی بەشی دووەمی نامەکەیە وەک بەشێکی تیۆری و کارەکی تیایدا دابەشکردن و چۆنییەتی کارکردنی پەرژینە زمانییەکان پشکنراوە، دواتر هەوڵی تێگەیشتن و پەیپێبردنییان بەشێوەیەکی کارەکی لەڕوانگەی چەند تیۆرییەکی جیاوازی بەخشکەیی دەربڕینەوە دراوە، پاشان ڕۆڵ و کارایی پەرژینەکان و بەشداریکردنیان لە ئاستی ئاشکرا و بەخشکەیی واتادا و پلەی پابەندی ئاخێوەر بە دەربڕاوەکەیەوە درکپێکراوانە بەپێی تیۆری پەیوەست لە داڕشتنی دەربڕاو و ڕستەکانی زمانی کوردیدا شیکراوەتەوە. بەشی سێیەمیش لە پێناو سەلماندن و چەسپاندنی ئەو ڕاستییەی، کە پەرژینەکان وەک بەشێک لە توانستی پڕاگماتیکی ئاخێوەر بە مەبەست و بەئاگاییەوە دەیئاخنێتە ناو دەربڕاوەکانەوە لە دوو جۆر دەقی سیاسی کە بریتین لە ( ئایدیۆلۆژیای پیشەییانە، ئایدیۆلۆژیای کۆسیاسییانە) جیاکراونەتەوە. دواتر ئاستە واتاییەکانی پەرژینە زمانییەکان، پەیوەست بە ئاستی ئاشکرا و بەخشکەییەوە، کە بەشێوەیەکی پلان بۆ داڕێژرا و پەیپێبراوانە لە دەقە ڕامیارییەکاندا بەکاردەهێنرێن، شیدەکرێنەوە، پاشان مەبەستی بەکارهێنانی پەرژینە زمانییەکان لەلایەن کەسایەتییە سیاسییەکانەوە (بە تایبەتی مەبەستی خودپاراستن لەبەرپرسیارییەتی) دیاریدەکرێن و دەپشکێنرێن.لە کۆتاییشدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی نامەکە پێیانگەیشتووە، لە چەند خاڵێکدا دەخرێنەڕوو، دواتر لیستی سەرچاوەکان و پوختەی نامەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

## ١) پڕاگماتیک و کۆزانیاریی لە ڕوانگەی پڕاگماتیکی درکپێکردنەوە

پەسنکردن و ڕاڤەکردنی زمان بە بەکارهێنانی توانای قسەکەر، پێویستیی ئەوە دروستدەکات، کە بەدواداچوون بۆ ئەرکە پەیوەندیدارە ناڕوونەکانی پڕاگماتیک بکرێت. ئەمەش ئەوە دەردەخات، پڕاگماتیک وەک لقەکانی تری زمان نییە، کە بەهۆی فۆڕمەوە بە وردی دیارییبکرێت و زمان لە کردەیەکی پەیوەندیکردنی دابڕاودا سەیربکات، بەڵکو پڕاگماتیک ئەو واتایە دەپشکنێت، کە لە کاتی بەکارهێنانی زمان لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا سەرهەڵدەدات، بەمەش ڕوانگەیەکی گشتیی درکپێکردنی کۆمەڵایەتی و کلتوریی دیاردە زمانییەکان، لە کردەی پەیوەندیکردن و پێڕاگەیاندنەکاندا، لە فۆڕمە جیاوازەکاندا دابیندەکات، چونکە بەهۆی بەکارهێنانی زمان (کۆزانیاریی بەکارهێنان) واتای وشە و دەربڕاوە زمانییەکان دیاریدەکرێت و تەرزە ڕێزمانییەکان دەچەسپێن. بەوپێیەش، کە بەکارهێنانی زمان وابەستەی گۆڕانکارییە ئەمەش وا دەکات، بەکارهێنەر و ئاخێوەری زمان، لە سەر بنەمای گۆڕانکاری لە زماندا خۆیان لەگەڵ دەوروبەری بەکارهێناندا بگونجێنن، نەک تەنها لە واتا و شێوە داڕشتنی دەربڕاوەکاندا، بەڵکو لە بەدەستهێنانی زانیاریی و تێگەیشتنیشیدا ڕەنگدەداتەوە، کەواتە ئەزموونی ئاخێوەران بە توانای درکپێکردنیان بۆ بەکارهێنانی کەرەستە زمانییەکان لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا پەیوەستە، بەوپێیەش کە (واتا) بەکارهێنانە، ئەمە وادەکات ((بەکارهێنانی چەندجارەی وشەیەک لە دەوروبەری هاوشێوەدا پلەیەکی بەرزتری چەسپاندنی هەبێت و وەک یەکەیەکی سەربەخۆ و پارێزراوتر لە ئاوەزدا هەڵبگیرێت)) .(Lemmens,2017,108)، ئەم تێڕوانینە بەو واتایە دێت، کە بەکارهێنان و ئەزموونکردنی چەندجارەی وشەیەک ڕۆڵی لە بە ئەبستراکتکردن و گەنجکردنی وشەکان بە سەرجەم ئەزموونەکانەوە، کە بە واتای (جووتبوونی فۆڕم و واتایە لە ئاوەزدا) هەیە. بەمپێیەش بارودۆخەکان زۆرجار لەلایەن قسەکەرانەوە پەیوەست بە دەوروبەرەوە کۆددەکرێن، نەک ڕێزمان کۆدیان بکات، بەمەش هەر ڕووداوێک، یان دەوروبەرێکی بەکارهێنراو، لە دەربڕاوێکدا دەبێتە سەرەتای تێگەیشتن و هەڵهێنجانی دەربڕاوەکە. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر با سەرنج لە نموونەی (١)بدەین:

١) **آ- پیاوەکە منداڵەکەی کوشت.**

**ب- کاری لە پێشینەی ستەمکاران کوشتنە.**

**پ- ژن کوشتن لە کوردستاندا بووەتە دیاردە.**

دووبارەبوونەوەی فۆڕمی وشەی (کوشتن) لە هەریەک، لە دەربڕاوەکانی نموونەی (١)دا بە هەمان واتا، بەڵگەی سەربەخۆی هەڵگرتنی وشەکەیە لە ئاوەزدا، کەواتە ڕێژەی دووبارەبوونەوەی وشەکان وادەکات تا چەند وشەکان لەڕوانگەی درکپێکردنەوە بەرچاوبن. جگە لەوەی وشەی (کوشتن) بە هەمان واتا لە نموونەی(١)دا بەکارهاتووە، دەشێت هەمان وشە بە واتای جیاواز لە واتا بنەڕەتییەکەی بەکاربهێنرێت وەک **(ژنەکە بە دوو قسە پیاوەکەی کوشت)** ، لێرەشەوە دەکرێت بڵێین ئەزموون و بەکارهێنان یاسا

ڕێزمانییەکان بۆ چۆنییەتی بەکارهێنانی یەکە زمانییەکان بەسەر ئاخێوەراندا دەسەپێنێت، کەواتە لە بەکارهێنانی زماندا مەرج نییە دەربڕاوە زمانییەکان بکەونە ژێر یاساکانی زمان و ڕێزمانەوە. ئەمە بە واتای ئەوەی، کە (( ئاخێوەری هەر زمانێک دەشێت دەربڕاو و ڕستەی وەها بەرهەمبهێنێت، کە لەڕووی ڕێزمان، یان واتاوە، یان لەڕووی هەردووکیانەوە نالۆژیکی بێت)).(ئیبراهیم،٢٠١٩، ٩٨)، لەم گۆشەیەوە تێدەگەین مرۆڤ لەسەر بنەمای ئەزموونەکان پەیوەست بە ڕووداوەکان و دەوروبەری بەکارهێنان شێوەدارشتن بۆ واتای مەبەستداری خۆی دەکات، کەواتە دارشتە زمانییەکان لەسەر بنەمای واتا بەهۆی بەکارهێنانەوە سەریانهەڵداوە. لە نموونەکانی (٢، ٣)دا چۆنییەتی ئەم شێوەدارشتنە ڕووندەکەینەوە:

٢) - **زستانێکی گەرم و خۆشە!**

٣) - **سیروان بەردیش دەخوات.**

بە وردبوونەوە لە هەردوو نموونەی (٢، ٣) دەستبەجێ درک بە شێوازی نالۆژیکی دەربڕاوەکان دەکرێت، چونکە وشەکانی (گەرم، بەرد) وەک میتافۆر لە ڕستەکاندا ڕۆڵیان بینیوە، بەجۆرێک لە نموونەی(٢)دا بەپێی لۆژیک دەبێت (زستان سارد و باراناوی بێت نەک گەرم)، بەڵام بەهۆی ئەزموونی ئاخێوەر لەگەڵ (وشکەساڵی و بێبارانیدا) زیاتر مەبەست لەو درکپێکردنەیە، کە قسەکەر لەگەڵ وەرزی (زستان) هەیەتی. هەروەها لە نموونەی(٣) دا دەربڕاوەکە بە هەمان شێوە نالۆژیکییە، چونکە بەپێی لۆژیک (مرۆڤ نان دەخوات نەک بەرد)، بەڵام لێرەدا (بەرد) بەو واتایە بەکارهاتووە، کە (سیروان هەموو شتێک دەخوات، یان زۆر برسییەتی). خستنەڕووی نموونەکان سەرنجمان بۆ ئەو ڕاستییە ڕادەکێشێت، کە مەرجی ڕاستەقینە هەمیشە ناتوانێت لۆژیک دەستەبەربکات، ئەمەش کاردەکات بۆ هاتنە ناوەوەی مەرجی ناڕاستەقینە، کەواتە میتافۆر وەک پڕاگماتیک سەیردەکرێت و دەبێتە بابەتی مەرجی ناڕاستەقینە، لێرەشەوە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنرێت، کە ((بەهۆی پڕاگماتیکەوە دەتوانین پەی بە گۆکردنە سەرەکییەکانی زمان ببەین ئەوانیش پەیوەندیگرتن و پێڕاگەیاندن و ئاوەزدارییە)).(حسێن،٢٠١٣، ١٠٤)، لە سەر بنەمای ئەم تێڕوانینەبێت، پڕاگماتیک درکپێکردن لەخۆدەگرێت، کە هەڵهێنجانی باشترین تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەیە، بەهۆی دەوروبەرێکی دیاریکراوەوە لە ئاوەز و هزری ئاخێوەراندا، ئەمەش ئەو بنەمایەیە، کە پڕاگماتیکی درکپێکردن لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکات و دەیپشکنێت.

## ١/١) پڕاگماتیک و پرۆسەکانی درکپێکردن


پڕاگماتیک، بریتییە لە لێکدانەوەی بەکارهێنانی زمان لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا، واتە لێکۆڵینەوە لە چۆنییەتی بەشداریکردنی دەوروبەر لە واتادا دەکات، ئەمەش بە ئەزموونکردنی کارەکی و ناساندنی ئەرکی زمانە، لەکاتێکدا پێڕەوی درکپێکردن کردەیەکی ئاوەزییە و ئاماژە بەو چالاکییە ئاوەزیی و هزرییانە دەکات، کە لە بەدەستهێنانی زانیاری و تێگەیشتندا بەشدارن، بەڵام پرۆسە پڕاگماتیکییەکان وابەستەی دەوروبەرن، واتە بەهۆی کارلێکردنی زمان لەگەڵ دەوروبەری بەکارهێناندا ڕوودەدەن، کە

بەشێوەیەکی بەرفراوان پێشبینینەکراون، لەمڕوانگەیەشەوە ئەو پرسیارە دەوروژێنرێت، کە چۆن دەتوانرێت ئاوەزی مرۆڤ بۆ بەرهەمهێنان و لێکدانەوەی واتا لە دەوروبەردا ئامادەبکرێت، یان کاربکات؟ زانستی زمانی درکپێکردن پێیوایە لێکۆڵینەوە لە زمان بەشێکە لە دامەزراوەی مێشکی مرۆڤ و ڕەهەندێکە، لە ڕەهەندەکانی چالاکی مرۆڤ، هەربۆیە پێویستە وەک ڕەفتارە ئاڵۆزەکانی تر، لەسەر بنەمای (دروستە ژێرخانییەکانی درکپێکردن "Cognitive infrastructure") کە بەشێوەیەک لە شێوەکان لە مێشکدا جێبەجێدەکرێت، لێیبڕوانرێت. ئەمەش واتای ئەوەیە (کۆزانیاریی زمانی) کە لە بەکارهێنانەوە چنگدەکەوێت، بەشێکی کارلێککردوی توانا درکپێکراوەکانە لە ئاوەز و دەوروبەردا، بەم تێگەشتنەشەوە دەتوانین بڵێین، لەبەرئەوەی (پڕاگماتیکی درکپێکردن) ئاڵوگۆڕی نێوان پڕاگماتیک و درکپێکردنە تیشکدەخاتە سەر ڕووکارە درکپێکراوە بەشداربووەکان لە بەرهەمهێنان و تێگەیشتنی واتا لە دەوروبەردا، بەپێی ئەو بنەمایەش کە پێڕەوی درکپێکردن هەژموونێکی باڵادەستە بەسەر بیرکردنەوە و ڕەفتاری مرۆڤدا (Bara) پێشنیازی ئەوەیکرد، کە ((پێویستە لەو بارە ئاوەزییانەی مرۆڤ بکۆڵرێتەوە، کە بەشداری لە پرۆسەی پەیوەندیکردن و لە یەکگەیشتندا دەکەن)).(Bara,2010,1)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە (نواندنە ئاوەزییەکان)[1]لە پشت تێگەیشتن و لێکدانەوەی نییەتی کردەی پەیوەندیکردندان. لێرەوە دەتوانین بڵێین پڕاگماتیک لە دەوروبەردا دەبێتە کۆگایەک بۆ ڕەفتاری مرۆڤ، زمانیش وەک بەشێک لە دامەزراوەی ئاوەزیی مرۆڤ ڕۆڵی لە نواندنی ئەو ڕەفتارەدا هەیە. پشتبەستوو بە لێکدانەوەکان دەردەکەوێت تێگەیشتن لە زمان بە واتای ئاشکراکردنی دروستە درکپێکراوەکانی ژێرەوەیە، کە لە بەرهەمهێنان و پەیپێبردنی زمانییدا بەشدارن. کەواتە بەکارهێنانی کرداریی زمان، پێویستی بە کارلێککردنی دەوروبەر و کۆزانیاریی دنیایی لەگەڵ توانا درکپێکردنەکانی تری وەک (هەستەکان) هەیە، بەوپێیەی ڕەهەندی درکپێکردن شاراوەیە و لە مێشکی مرۆڤدایە، تەنها لەڕێگەی چاودێریکردنی ئەو شتەی کە سیستەمەکە پەیپێدەبات و چۆن ڕەفتاردەکات واتە (تێکردە و دەرکردە)کان دەستمانپێیدەگات. جیا لەمەش مرۆڤ دەتوانێت چاودێری ئەو مەبەستانە بکات، کە دروستە زمانییەکانی بۆ بەکاردێت، بەکارهێنانی مەبەستەکانیش وابەستەی (شارەزایی، دنیابینی، کلتور، تێڕامانەکانی مرۆڤ)ە، کە بوونەتەوە بەشێک لە کۆزانیاریی زمانیی، واتە زمان نوێنەرایەتیی تێڕوانینی دنیابینی ئێمە دەکات، کە لە بەکارهێنان و ئەزموونکردنەوە سەرچاوەی گرتووە، بونیادنانی ئەم کۆزانیارییەش ڕەنگدانەوەی توانای بەچەمککردنی مرۆڤە، ئەمەش ئەو بنەما پڕاگماتیکییەیە کە فۆڕمێکی زمانی بۆ بەکاردەهێنرێت

-----------------------------------

١- نواندنە ئاوەزییەکان: بریتییە لەو گریمانەیەی، کە هێمای درکپێکردنی ناواخنین و واقیعی جیهانی دەرەوە دەنوێنن، یان کۆتا پرۆسەی ئاوەزییە، کە وا دەکات ئەو هێمایانە بەکاربهێنرێن، یان وێنەی ئاوەزیی بابەتەکان بەرجەستە بکرێت، بۆ زانیاری بڕوانە: حسێن، شیلان (٢٠٢١، ٩٨).

واتە ((توانای ئاشکرای مرۆڤە بۆ بیرکردنەوە و وێناکردنی هەمان دۆخ بەشێوازی جێگرەوە)).(Langacker,2008,43)، کەواتە دەربڕینە جێگرەوەکان کە بۆ پەسنکردنی هەمان بارودۆخە دەرەنجامی شێوازە جیاوازەکانی (بەچەمککردن)ن، بەجۆرێک تیایدا نەک تەنها چەمکە هزرییەکان، بەڵکو چەندین ئەزموونی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت. لەڕوانگەی (Langacker)ەوە ئەزموونەکان بریتین، لە ئەزموونی (سۆزداری، هەستەکی، کۆمەڵایەتی، کلتوری، زمانی)[٢]بەمپێیەشبێت توخمە پێکهێنەرەکانی گوتار یان دەربڕاوێک بە پراگماتیکەوە پەیوەستە، واتە هەرکاتێک قسەکەر بییەوێت ناوەڕۆکێکی دیاریکراو کۆدبکات لێکدانەوەی دیاریکراویشی بەسەردا دەسەپێنرێت، ئەمەش ئەو پرسیارە دەهێنێتە ئاراوە، کە بۆچی قسەکەر بەمجۆرە داڕشتن بۆ پەیامەکەی دەکات؟خودی پرسیارەکە ئاماژەیە بۆ هەڵبژاردنی شێوازە جێگرەوەکان بۆ هەستکردن و وێناکردنی جیهان، ئەمەش بەسەر هەڵبژاردنی وشە و بونیادی ڕێزمانی قسەکەردا دەسەپێت، بەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنرێت، کە ((ڕێزمان ڕێکخستنی درکپێکراوی ئەزموونی تاکە لەگەڵ زماندا)).(Bybee,2006,711)، بەم تێگەیشتنەشەوە دەتوانین جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە، کە ڕێزمانی زمانێک لەسەر بنەمای بەکارهێنان و ئەزموونکردن وەک تۆڕبەندێکی گۆڕاو لە دەوروبەردا بونیاددەنرێت، سەیردەکرێت. هەروەک چۆن ڕێزمانی زمانێک شێوەی بەکارهێنانی زمانەکەش دیاریدەکات، بۆ ئەمەش دنیابینی و سەرنجدان بۆ ڕێکخستنی وشەکان لە وێناکردنی چەمکی پەرداخێک، کە ئاوی تێدایە دەتوانرێت بە چەندین داڕشتەی ڕێزمانی جۆراوجۆر بەپێی گۆشەنیگا و گرنگێتی و زەقکردنەوەی دیمەنەکان لای قسەکەر، ڕیزکردنی وشەکانی ناو ڕستەکە بگۆڕێت، واتە قسەکەر چۆن دەیەوێت گوزارشت لە ناوەڕۆکەکەی بکات، بەوجۆرە کۆدبکرێت، بۆ ئەمەش (Langacker,2008,44) داڕشتە جیاوازەکانی گوزارشتی وێنەی پەرداخە ئاوەکە بەمشێوەیە دەخاتەڕوو:




شێوەی ژمارە (١)

تێڕوانین و زەقکردنەوەی کەسییانە

-----------------------------------

٢- لە ڕێزمانی درکپێکردندا (Langacker) ڕۆڵی بەکارهێنان و ژینگە و دەوروبەری کۆمەڵایەتی، بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان داڕشتەی چەمکیی و تەرزە ڕێزمانییەکان ڕووندەکاتەوە.

**بینەری یەکەم/ پەرداخەکە ئاوی تێدایە  (دەفرەکە زەقکراوەتەوە)**

**بینەری دووەم/ ئاوەکە لە پەرداخەکەدایە ( ئاوەکە زەقکراوەتەوە)**

**بینەری سێیەم/ پەرداخەکە نیوەی پڕە (قەبارەی ئاوەکە زەقکراوەتەوە)**

**بینەری چوارەم/ پەرداخەکە نیوەی خاڵییە (قەبارەی ئاوی تێنەکراو زەقکراوەتەوە)**

لەسەر بنەمای شێوەی ژمارە (١) دەردەکەوێت مەودای بەرفراوانی تێڕوانین و پەیپێبردنەکان پەیوەستە بەخاڵێکی دیاریکراوی دیمەنەکەوە لە داڕشتە جیاوازەکاندا، کە لەسەر بنەمای (ئاستی وردی پەسنکردن، هەڵبژاردن، پاشخان، پەیپێبردن، بارودۆخەکان)دەربڕاون، بەجۆرێک هەریەک لە لێکدانەوە و تێگەیشتن و پەیپێبردنەکان بە چەند قاڵبێکی ڕێزمانی، کۆدکردنی جیاوازی هەمان بارودۆخی چەمکی ئەو پەرداخەیە، کە ئاوەکەی تێدایە، ئەمەش بە ڕوونی مەبەست لێی توانای قسەکەرە بۆ بەچەمککردنی بارودۆخێک بەڕێگەی جیاواز، لێرەشەوە بۆ زمانزانێکی بەکارهێنەر دەردەکەوێت، کە ئەزموونکردن و بەکارهێنان کرۆکی بونیادنانی تەرزە سینتاکسییەکانی زمانەکەیەتی. لە ڕوانگەی ئەوەی خرایەڕوو دەکرێت ئەم بیروبۆچوونە بۆ چۆنییەتی ڕێکخستنی زانیارییەکان و ناسینەوە و دیاریکردنی نییەتەکانی قسەکەر، کە لەسەر بنەمای (بیروباوەڕ، کۆزانیاریی دنیایی، هەڵوێست، لایەنی سۆزداری، ڕێزگرتن، خۆپاراستن) لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا دەتوانرێت هەمان بیرکردنەوە و تێڕوانین، بەپێی خاڵی بینین و زەقکردنەوە و بەرچاوبوونی پەیوەندییەکان، بە مەبەستی پراگماتیکی لە ئاستی ئاشکرادا، کە بە داڕشتەی جیاواز دەگەیەنرێن کۆدبکرێت. لە زمانی کوردیدا بە تایبەت لە شێوازی (قسەکردنی ڕێزلێگیراوانە)دا، درک بەمجۆرە بەکارهێنانانە دەکرێت. بۆ ئەمەش با  لە نموونەکانی(٤، ٥) بڕوانین:

٤)   – **ماڵەکەی[ لەپێش] ماڵەکەتەوەیە.**

– **ماڵەکەت[ لەپشت] ماڵەکەیەتی.**

٥)   – **ماڵەکەت[ لەپێش] ماڵەکەیەتی.**

– **ماڵەکەی[ لەپشت] ماڵەکەتەوەیە.**


ئەگەر بە وردی سەرنج، لە نموونەکان بدەین، دەبینین هەریەک لە ڕستەکان هەمان چەمک کۆددەکەن، بەڵام بەهۆی بەکارهێنانی (لەپێش، لەپشت) کە لە واتادا پێچەوانەن، وەک خاڵی بینین و زەقکردنەوەی مەبەستی قسەکەر پلەیەکی جیاوازی ڕێزگرتن پیشاندەدەرێت، بەجۆرێک هەردوو ڕستەی نموونەی (٥ لە ٤) زیاتر ڕێزلێگیراوانە ترە، ئەمەش بە واتای ئەوەی، کە قسەکەر دیدگای گوێگر لەبەرچاودەگرێت و هاوسۆزی و ڕێزگرتنی پێگەکەی بەهۆی چۆنییەتی شێوازی بەکارهێنانی (لەپێش، لەپشت)ەوە لە هەڵوێستەکەیدا بۆ گوێگر پیشاندەدات. ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە لە پەیوەندیکردندا هەڵبژاردنی داڕشتەی قسەکەر بۆ ڕستەیەک بە ڕێکخستنی خاڵی بینین و زەقکردنەوە و گرنگی لای قسەکەر کاریگەری دەخاتەسەر واتای پراگماتیکی، بەجۆرێک دەتوانرێت هەمان واقع بە فۆرمی جیاواز بەپێی

مەبەستی قسەکەر وشەیەک دیارتر و زەقبکاتەوە و مەبەستەکەی بپێکێت. بۆ دەرخستنی ڕاستیی ئەم تێڕوانینەش سەرنج لەم نموونەیەی خوارەوە بدە:

**٦) آ- داوا لە [ بەڕێوەبەرەکەتان] کراوە بەپەلە داواکارییەکان جێبەجێبکات.**

**ب- داوا لە [ کۆمپانیاکەتان] کراوە بەپەلە داواکارییەکان جێبەجێبکات.**

ئەگەر سەرنج لە نموونەی(٦) بدەین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت، کە دەربڕاوی(٦آ) داواکارییەکی ڕاستەوخۆیە، چونکە قسەکەر ڕاستەوخۆ (بەڕێوەبەرەکە)ی دەستنیشانکردووە، کە وەک فۆڕمێکی هەڕەشە ئامێز دەردەکەوێت، بەڵام لە (٦ب)دا قسەکەر داواکارییەکەی ئاڕاستەی (کۆمپانیاکە) کردووە، بە واتایەکی تر شێوازی داواکارییەکە ناڕاستەوخۆیە، چونکە داواکارییەکە ئاڕاستەی کەسێکی دیاریکراو نەکراوە، بەڵکو بەکارهێنانی ناوی (کۆمپانیا) و زەقکردنەوەی، بە شێوازی(میتۆنۆمییانە) لە بری بەڕێوەبەر و دەستەی ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتی وادەکات داواکارییەکە ناڕاستەوخۆ بێت، بەمەش زیاتر ڕێزلێگیراوانە دەبێت ئەمەش لە زەقکردنەوە و دیارخستندا پێچەوانەییە، کە (Langacker,1987 ,242) لە شێوەی (٢) دا خستووەتەڕوو:




شێوەی ژمارە (٢)

زەقکردنەوەی پێچەوانەیی

پەیوەست بە ڕوونکردنەوەی شێوەی ژمارە (٢) و پەیوەندیدارێتی بە نموونەی (٦)ەوە، (لانگاکەر) وایدادەنێت زەقکردنەوە، یان بە دیارخستنی شتێک پەیوەندی بە هەردوو کاتیگۆریی (ناو و کردار)ەوە هەیە، کە خاوەن پەیوەستبوونێکی کاتین، لەکاتێکدا ناو دەربڕینێکی هێمایيە و شتەکان دیاریدەکات، لەڕووی چەمککردنەوە سەربەخۆیە، بەڵام کردار ئاماژەیە بۆ پرۆسەکان و لەڕووی چەمکییەوە پەیوەندیدارن. ئەم تێگەیشتنە بەهەمان شێوە بۆ پرۆسەی پەیوەندیکردنیش دەشێت، بەو لێکدانەوەیەی ناو دەربڕینێکی هێمایيە و شتەکان دیاریدەکات، کەواتە قسەکەر لەڕوانگەی ئەو مەبەستەی دەیەوێت پراگماتیکییانە بیگەیەنێت دەتوانێت هەرجارە (ناوێک) بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی دیار و هەڵکەوتوو بکات وەک لە نموونەی(٦)دا وێناکراوە، هەروەک چۆن قسەکەر لە (٦آ)دا ناوی (بەڕێوەبەر)ی بۆ گەیاندنی هەڕەشە و لە(٦ب)دا ناوی (کۆمپانیا)ی بۆ گەیاندنی (ڕێز) زەقکردووەتەوە، لەکاتێکدا هەردوو دەربڕاوەکە

بۆ گەیاندنی هەمان چەمک، کە بریتییە لە (جێبەجێکردنی داواکارییەکان) بەکارهاتووە، هەر لەڕوانگەی دارِشتە جیاوازەکانی چەمکێکەوە کەسایەتییە (سیاسییەکان) نەک بە دارِشتەی جیاوازی ڕستەیەک، بەڵکو بە دەربڕاوی جیاواز لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا، بەهۆی بەکارهێنانی فۆرمە زیادەکان (پەرژینەکان)[٣]ەوە، بۆ خۆپاراسن و دوورکەوتنەوە لە بارودۆخێکی نەخوازراو درکپێکراوانە هەمان چەمک کۆددەکەن، ئەم دیاردەیەش لە زمانی کوردیدا بە سانایی دەبینرێتەوە. بڕوانە نموونەی(٧):

**٧ ) - چۆن کوردبوونی ناوچە دابڕێنراوەکان دەسەلمێنن؟**

**آ- حکومەتی عێراق بە جێبەجێکردنی مادەی(١٤٠)پابەند نەبووە.**

**ب- چاوەڕواندەکرا کە مادەی(١٤٠) یاساییانە بە زوویی جێبەجێبکرێت!**

**پ- بە ڕای ئێمە ناوچە دابڕێنراوەکان دەبێت بێنەوە سەر هەرێمی کوردستان!**

**ت- پێتانوانییە جێبەجێکردنی مادەی(١٤٠) کێشەی ئەو ناوچانە چارەسەر دەکات؟**

**ج- پێشبینی دەکەین حکومەتی عێراق سەروەریی یاسا بپارێزێت و ئەو کێشەیە یەکلایی بکاتەوە.**

هەریەک لە ئاخاوتنەکانی نموونەی(٧)سەرنجمان بەرەو دەربڕینە جیاوازەکانی هەمان چەمک، کە بریتییە لە (گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕێنراوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان)ڕادەکێشێت، کە تیایدا قسەکەر درکپێکراوانە بۆئەوەی مەبەستی قسەکانی لەلایەن کەسانی دژ بە دید و تێڕوانینی ئەو (قسەکەر) نەقۆزرێتەوە، هەوڵدەدات شێوازە جێگرەوەکانی چەمکەکە بەپێی دەوروبەری بەکارهێنانەکە لە ڕێگەی پەرژینەکانەوە هەڵبژێرێت و چەمکەکەی بە (٧ب، ٧پ، ٧ت، ٧ج)دەربڕبڕێت، نەک بە دەربڕاوی (٧آ)، بەمەش خۆی لە کاردانەوە و ململانێ نەخوازراوەکان دەپارێزێت، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە زمان لە چۆنییەتی بەکارهێنانیدا بەهۆی دەوروبەرەکەیەوە دەناسرێتەوە. واتە خودی تایبەتمەندیی دەوروبەرەکانە، بەمەش خستنەڕووی تەواوی سیستەمی زمانی پشت بە بەها دەوروبەریتی و ئەزموونە (دەروونی، کلتوری، کۆمەڵایەتی)یەکان وەک توانا درکپێکراوەکانی تر، کە تایبەت بە زمان نین دەبەستێت، لێرەشەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە ئەو بڕیارانەی قسەکەر لە ڕێزماندا کۆدیدەکات و دەیگەیەنێت حوکمەکەی لە دەوروبەرەوە سەرچاوەی گرتووە. لەم ڕوانگەیەشەوە ئەوە تێدەگەیەنرێت، کە ((ڕەهەندی کرداریی زمان بەشێکە لە ڕەفتار، کە دەتوانرێت لەگەڵ تایبەتمەندیی دروستەکانی زمان، لە بەکارهێناندا چاودێرییبکرێت)).(Nuyts,2000,7)، کەواتە چاودێریکردنی دروستە زمانییەکان دەکەوێتە نێوان (ڕەفتار و پەیپێبردن) بەجۆرێک شیکردنەوەی لایەنی کرداریی زمان، بەشێوەیەکی لۆژیکی بۆ شیکردنەوەی

-----------------------------------

٣- بۆ ئەوەی زیاتر دەربارەی (پەرژینە زمانییەکان) شارەزا ببیت سوود ببینە لە:

آ-بەشی دووەمی ئەم نامەیە لاپەڕەی (٥٦-١٠٧)

ب-(Kaltenbok,et….al (2010,4-30

دروسته زمانییه درکپێکراوەکان بەکاردێت، ئەمەش لە ڕوانگەی پڕاگماتیکی درکپێکردنەوە واتای ئەوەیە،کە ڕەهەندی کرداریی زمان ڕۆڵێکی گرنگی لە هەر هەوڵێکدا بۆ ئاشکراکردنی ڕەهەندەکانی درکپێکردن هەیە، کە بریتین لە (سەرنجدان، ناسینەوە، بڕیاردان، تێگەشتن.....) بە واتایەکی تر، لە ڕوانگەی پڕاگماتیکی درکپێکردنەوە سەرنجڕاکێشکردنە، بۆئەوەی تێگەیشتنێکی تەواوتر لە توانا و شارەزایی مرۆڤ بۆ پەیوەندیکردن دەستەبەربکرێت. بۆ ئەم مەبەستەش نموونەی (٨)دەخەینەڕوو:

**٨) آ – فەرموو بە قوربان [ لای سەرەوە] ی ژوورەکە چاوەڕێبکە تا دێم.**

**ب – فەرموو بە قوربان [ لای خوارەوە] ی ژوورەکە چاوەڕێبکە تا دێم.**

لە نموونەی(٨)دا هەرچەندە لە هەر دوو ڕستەی(آ، ب)دا وشەی (بەقوربان) وەک نواندنی ڕێز و بایەخدان بۆ گوێگر بەکارهاتووە، بەڵام بەهۆی بەکارهێنانی چەمکی (لای سەرەوە، لای خوارەوە) کە لەبنەڕەتدا بریتین لە (ئاوەڵکرداریی شوێنی ئاڕاستەدار) و تاڕادەیەک ناوەڕۆکێکی بەهاداریان پەیوەست بە ئەزموون و دنیابینی تاکی کورد لەسەر وێناکراوە، بەجۆرێک بەهای (سەرەوە لە خوارەوە) زیاترە. بەم شارەزاییەشەوە پەیپێبراوانە گوێگر واتا و مەبەستی قسەکەر دەناسێتەوە، کە بریتییە لەوەی (تا چەند قسەکەر گرنگی بە گوێگر دەدات و بەهای بۆ دادەنێت). کەواتە دنیابینی و شارەزایی تاکی کورد ڕەنگدانەوەی تەواوی لە ڕستەکاندا هەیە و دەبێتە بنەمای بەرهەمهێنان و تێگەیشتنی ئاخاوتنەکە. بە سەرنجدان لە نموونەکان ئەوە دەردەکەوێت، کە واتا بەشێوەیەکی بنەڕەتی بە هۆی دەوروبەرەوە دەگەیەنرێت، کەوایە کۆی زانینەکانمان دەربارەی دنیا و دەوروبەر بە زمانەوە هاوپێچدەکرێن. ئەم هاوپێچکردنەش واتای وشەیەک بەرهەمدێنێت، کە لە لایەن کردە هزریی و ئاوەزییەکانەوە، کە لە ژێرەوە ئەرکی کرداریی ئەنجامدەدەن، پرۆسەکراوە، هەربۆیە بۆ ناساندنی پێڕەوی درکپێکردنی زمانیی لە بۆتەی درکپێکردنی گشتیی مرۆڤ، پێویستە هەردوو توخمی سەرەکی کە کاردەکەنە سەر توانای مرۆڤ بۆ پەیوەندیکردن ڕەچاوبکرێن ئەوانیش (هەست و پەیپێبردن)ن، بەجۆرێک ((لە هەر پێنج هەستەکەوە زانیارییەکان، بۆ پێڕەوێکی ئاڵۆزتر دەگوێزرێنەوە، کە یادگەکانن و لەوێدا هەڵدەگیرێن و مەودای گونجاوێتییان دیاریدەکرێت، واتە بە چ شێوەیەک بەیەکەوە دەبەسترێنەوە)).(مەحمود،٢٠١٧، ٤٢٧)، کەواتە هەستەکان ڕۆڵی گرنگ و یەکلاکەرەوەیان لە بەدەستهێنانی کۆزانیاریی ژینگەیی و دنیاییدا هەیە، کە دواتر دەبنە بەشێک لە ئەزموون و شارەزایی مرۆڤ، کە لەڕێی زمانەوە پرۆسەکراون و پاشان لە ئاوەزدا هەڵگیراون و لە کاتی پێویستدا بانگهێشتدەکرێنەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، ئاوەزی مرۆڤ بە کاریگەریی ئەزموون و شارەزایی ئاڕاستە دەکرێت، لەکاتێکدا پەیپێبردن کردەیەکی ئاوەزیی و ئاڵۆزە پشت بە چالاکی خێرایی جوڵەیی دەبەستێت، لەگەڵ ڕێکخستنی زانیارییەکان و شیکردنەوەی ناوەڕۆکی هێماکان پێکداچووە. بە بۆچوونی لێکۆڵەران بەهۆی نیانی سیستەمی پەیپێبردنی مرۆڤەوە (تەرزەکانی ناسینەوە) وەک بەشێکی سەرەکی لە سیستەمەکە بەشداری تەواو لە ناسینەوە و هەڵهێنجاندا دەکەن،

لەمڕوانگەیەشەوە (Kahneman) دەڵێت ((دەوروبەر، یان بارودۆخێکی دیاریکراو ئاماژەیەکی بۆ سیستەمی پەیپێبردن دابینکردووە، ئەم ئاماژەیە وایکردووە سیستەمەکە دەستی بەو زانیارییانە بگات لە بیرگەدا گەنجکراون ئەم زانیارییانەش، کە بەهۆی باردودۆخێکی پێشترەوە هەڵگیراون وەڵامی زانیارییە نوێیەکە دەدەنەوە، بەمەش پەیپێبردن هیچی زیاتر و کەمتر نییە لە ناسینەوە)). (Kahneman,2011,11)، بەم تێڕوانینەوە شیکردنەوەی بەرچاو بۆ پڕۆسە ئاوەزیی و هزرییەکان وەک حاڵەتی ناسینەوەی تەرزەکان، بیرۆکەکەی لە بە دەوروبەرکردنی زانیارییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، بەمەش ناسینەوەی تەرزەکان دەبێتە ئاماژەکردن بۆ کۆزانیاریی پێشوو بە نیشانەی دەوروبەرەوە. ئەمەش ئەوە دەردەخات، دروستە درکپێکراوەکان خۆڕسکییانە ئەرکی بەرهەمهێنان و تێگەیشتن ئەنجامنادەن، بەڵکو بەدەستهێنان و تێگەیشتنی زانیاری پشت بە ناوەڕۆکی ئەزموونکردن و دەوروبەرە بەردەستەکان دەبەستێت. لێرەشەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە تەرزەکانی ناسینەوە بە چەند شێوەیەک کاردەکەن، بۆ ئەمەش بڕوانە (مەحمود،٢٠١٧، ٤٢٧):

١- تێکشکاندنی زانیاری هاتوو بۆ کۆمەڵێک کاریکتەری جیاواز وەک (ڕەنگ، شێوە، قەبارە، پەیوەندی، گشت و بەش......)

٢- پەیکاڵکردنی بابەتە نوێیەکان بە داڕشتە پێشینەکانەوە.

٣- جێگیرکردنی ناسنامە بۆ زانیارییەکان و کاتیگۆرییەک بۆ هەستەکە.

لەمڕوانگەیەوە دەکرێت بڵێین کردەکانی زمان بەشێکن لە پڕۆسە ئاوەزییەکانی مێشک و لەگەڵیدا پەیکاڵن، جیا لەمەش زانیاری لەنێوان زمان و هەریەک لە تێگەشتن و یادگەی کارکەر و کۆزانیارییدا ئاڵوگۆڕ دەکرێت، بەوپێیەی یادگەی کارکەر پشتگیریی پڕۆسە بێکۆتاکان بۆ بەردەوامبوون لە تێگەشتنی دەق دەکات، هەربۆیە ئاخێوەرانی زمان بە شێوەی ئاسایی بۆ لێکدانەوەی نەگوتراو و نەنووسراوەکان لەسەر بنەمای پێشینەی گەنجکراوی بەدەستهاتوو کاردەکەن، بۆ لێکدانەوە و بەدەستهێنانی شارەزایی نوێ، کە وەک (ئەسکەلە) لە ئاوەزدا هەڵگیراون. ئەسکەلەکانیش بریتین لە ((کۆمەڵێک تایبەتمەندیی پەیوەندیدار، بە ناوەڕۆکێک یان چەمکێک، کە کۆزانیاریی گشتی و هاوبەشی تێدا ئینکۆدکراوە و دەتوانرێت بەسەر کۆمەڵێک لە بارودۆخی تایبەتییدا جێبەجێبکرێت)).(Eysenck,Kean,2000,277)، کەواتە توانا باشەکانی تێگەیشتن لەلایەن (ئەسکەلە پراگماتیکییەکان)[٤] ەوە پەیوەست بە دەوروبەر، کە بەسەر مەودا جیاوازەکانی بەکارهێناندا جێبەجێدەکرێت، دەستەبەردەبێت. لەمڕووەوە دەتوانین بڵێین مرۆڤ لەسەر بنەمای شارەزایی پێشوو لێکدانەوەکان پەیوەست بە گێڕانەوەی دەقی لە ڕێگەی (ئەسکەلەی وێنەیی

-----------------------------------

٤-ئەسکەلە پراگماتیکییەکان: بریتین لە ئەسکەلەی دەوروبەرێتی لە ئەزمونکردنی ڕاستەقینەی ژیانەوە وەک پێشینە ئەگەرییەکانی ڕووداوێکی داهاتوو لە دەرەوەی بازنەی لۆژیک و تەرزە ڕێزمانییەکان بەدەستدەهێنرێت بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی تیۆریی (ئەسکەلە پراگماتییکیەکان) بڕوانە: (Keith,Holyoak & Patricia,Cheng (1985,395

"Script")ەوە بە دەستدەهێنێت. کەواتە (سکرپت ئەسکەلەی وێنەیی بونیادێکی چەمکییە پەیوەستە بە زانیارییە پێشاشناکانەوە، ئینکۆدی زنجیرەی کرداریی ڕووداوەکانی ڕۆژانە دەکەن، کە بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو ڕوودەدەن بنەمایە بۆ ناسینەوەی زانیاریی نوێ و دەبێتە سەرچاوە بۆ تێگەشتن و بەرهەمهێنانی ئاخاوتن).(Kamper,Susan,1983,391). بەمشێوەیە ئەمجۆرە تێڕوانینانە پراگماتیک تەنها بە بەکارهێنانی زمان لە دەوروبەردا پەسنناکات، بەڵکو هەوڵدەدات بونیادی بەکارهێنانی زمان بە کردە ئاوەزیی و هزرییەکانەوە ببەستێتەوە، هەربۆیە لێکۆڵینەوەکان جەخت لەسەر ئەو پرۆسە ئاوەزییانە دەکەنەوە، کە لە پشت پەیوەندییە مرۆییەکانەوەن، بۆ ئەمەش سەرنج لە نموونەی(٩) پەیوەست بە گێڕانەوەی دەقی بدە:


**٩) – ئایدا دەڵێت:**

**– ئەگەر ڕۆژی دووشەممە ساردبوو، ئەوا ڕۆژی سێشەممە دەچمە پارک، سێشەممە چوومە پارک، ئایا ڕۆژی دووشەممە ساردبوو؟**

**+ آ– لەوانەیە ڕۆژی دووشەممە سارد نەبوبێت و ئایدا سێشەممە چووبێتە پارک.**

**ب– لەوانەیە ڕۆژی دووشەممە سارد بووبێت، بەڵام ئایدا سێشەممە چووبێتە پارک.**

هەڵهێنجانی گێڕانەوەی دەقێکی ئەگەری وەک نموونەی(٩)پەیوەستە بە زانیاری دەربارەی (کەشو هەوای ئەو ڕۆژی دووشممەیەی، کە ئایدا مەبەستی بووە لە دەقەکەدا) واتە ئەسکەلەی دەوروبەرێتی و ژینگەی پەیوەست بە ئاخێوەر دەبێتە پێشینە بۆ ئاڕاستەکردنی و هاندانی پرۆسەکانی درکپێکردن بۆ هەڵبژاردنی یەکێک لە هەڵهێنجانەکانی(آ، ب) کە بە یاسا لۆژیکی و ڕێزمانییەکانەوە پەیوەست نییە و دەبێتە بنەمای تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی ئاخاوتنەکە، بەمەش پێڕەوی درکپێکردنی زمانیی لە چوارچێوەی درکپێکردنی گشتیی مرۆڤدا ئاماژە بە کۆزانیارییە گەنجکراوەکانی کەسێک دەکات، کە لە ڕێگەی پرۆسەی بەدەستهێنانی زانیاری و تێگەیشتندا بەدەستدەهێنرێت. بەم تێگەیشتنەشەوە دەتوانین پێڕەوەی درکپێکردنی زمانیی لە چێوەی ئەم هێڵکارییەی خوارەوەدا ڕوونبکەینەوە:




هێڵکاریی ژمارە (١)
ناساندنی پێڕەوی درکپێکردنی زمانیی

بەپێی شیکردنەوەکان دەردەکەوێت، بەهۆی دەوروبەرەوە زانیارییەکان لە ئاوەزدا ڕێکدەخرێن و وەک تێکردەیەک بەهۆی توانستی بایەلۆجیی مرۆڤەوە وروژێنەری زیاتر دەستەبەردەکەن، هەربۆیە لەڕوانگەی پراگماتیکی درکپێکردنەوە زمان بەشێکە لە جیهانی ئاوەزیی و لەگەڵ ڕەهەندە فراوانەکانی چالاکی مرۆڤایەتی کاردەکات، لێرەشەوە(Bara) تیشکدەخاتە سەر ئەو پرۆسە ئاوەزییانەی، لە کردەی پەیوەندیکردندا بۆ هەڵهێنجان و تێگەیشتن لە دەربڕاوێک لە کارلێکدان، ئەمەش لە (تیۆری پەیوەست)دا ڕوونکراوەتەوە، لێرەشەوە چۆنییەتی دروستبوونی کۆزانیاریی لە دەوروبەر ئەزموونکردنەوە ڕۆڵ و پێگەی، لە بەرهەمهێنان و تێگەیشتنی ئاخاوتندا لەڕوانگەی پراگماتیکی درکپێکردنەوە شیدەکەینەوە.

## ٢/١) كۆزانياريی جۆر و بوارەكانی

### ٢/١-١) كۆزانياريی (چەمک و تێڕوانین)

لێکۆڵینەوە و باسکردنی کۆزانیاریی پێش زمانەوانەکان، جێگەی بایەخی فەیلەسوف و ژیربێژەکان بووە، بەوپێیەی مرۆڤ هەر لە سەرەتای دنیابینی و تێڕامانی بۆ شتەکانی دەوروبەری وایکردووە پرسیارگەلێک لە هزر و ئاوەزیدا دروستببێت، کە بەشێکی بەهۆی پەیپێبردن و توانای ناوەکی و بایەلۆجیی مرۆڤەوەیە و بەشەکەی دیکەشی بەهۆی سەرنجدان و ئەزموونکردنەوەیەوە. لەسەر ئەم بنەمایەش کۆزانیاریی، پەیوەندیی پتەوی بە فرەیی بیرکردنەوەکانەوە هەیە، کە پەیکاڵە بە کارلێکی جەستە لەگەڵ کۆی شتەکانی دەوروبەریدا و دەبێتە جۆرێک لە زانین، بەمپێیە دەکرێت بڵێین کۆزانیاریی کۆی هەموو زانینەکانی مرۆڤە لەسەر بابەتگەلی جۆراوجۆر، کە بەهۆی درکپێکردن، پەیپێبردن، بیر و هەستەکانەوە بەدەستدێت، دەبێتە بنەمایەک بۆ تێگەیشتن و چۆنییەتی پەیوەندیکردن بە دنیاوە، لەمڕوانگەیەشەوە چەمکی کۆزانیاریی لەڕوانگەی فەیلەسوف و ژیربێژەکانەوە، وەک بەراییەک بۆ کۆزانیاریی و کۆزانیاریی لە ڕوانگەی زانستی زمانی درکپێکردنەوە دەخەینەڕوو:

### ٢/١-١-١) بەراییەکانی کۆزانیاریی

کۆزانیاریی و زانین لەسەردەمی کۆنەوە بابەتی لێکۆڵینەوەی مرۆڤ بوون. فەیلەسووفەکان کە بە (ئەفلاتون و ئەرستۆ) دەستپێدەکەن ئیپیستمۆلۆژییان وەک بیردۆزێکی زانین پەرەپێداوە، زۆربەی تیۆرییەکان لە دوو ڕوانگەی سەرەکییەوە یەکخراون، ئەوانیش (ئاوەزگەرایی"Rationalism" و ئەزموونگەرایی"Empiricism")ن. هەرچەندە هەردوو تیۆرییەکە لە کارکردندا جیاوازن، بەڵام هاوئاهەنگن لەوەی، کە ((زانین باوەڕێکی ڕاست و دروستە و لەلایەن مەرجی پاساو و سروشتی ڕاستییەوە سەلمێندراوە)).(Pritchard,2014,23)، ڕوانگەکان بەشێکن لە خستنەڕووی ئەو ڕێگایانەی، کە مرۆڤ دەتوانێت ڕاستییەکانی پێبدۆزێتەوە و پاساو بۆ بڕوا ڕاستەقینەکەی بهێنێتەوە، لەڕوانگەی بیردۆزی ئاوەزگەراییەوە (Russell) لە ڕوونکردنەوەی پێگەی (Aflatoon)دا، ئەوە دەردەخات، کە ((ئێمە بەر بیرکردنەوەی نەرم و زبر دەکەوین، بەڵام ئەوە ئەقڵە، لەسەر ئەو شتانەی هەن و بوونییان هەیە دادوەریدەکات، واتە تەنیا ئەقڵ دەتوانێت بگاتە بوون، ئێمە ناتوانین بگەینە ڕاستی، ئەگەر نەگەین بە بوون ئێمە ناتوانین جیهانی ڕاستەقینە بە تەنیا لە ڕێگەی هەستەوە بزانین، چونکە هەستەکان دەتوانن مرۆڤ چەواشە بکەن، هەربۆیە کۆزانیاریی لە بیرکردنەوە پێکدێت و لە هەست و تێگەیشتندا کۆزانیاریی نییە)).(Russell,1945,152)، ئەم تێڕوانینەی ئەفلاتون و ڕەسڵ لەسەر بنەمای تێگەیشتنی بیرکارییانە بونیادنراوە، بەجۆرێک لە ڕەنگدانەوەی پەیوەندیی نێوان دوو گۆڕاودا پێویستمان بە هیچ تێگەیشتنێکی هەستەکییانە نییە، تەنها پێویستمان بە پرۆسەیەکی هزری بۆ هێما ئەبستراکتەکان هەیە، بەڵام ئەمە

تەنیا بوارێکی دیاریکراوی زانستە و ناکرێت لەسەر تەواوی بوونی مرۆڤ گشتگیربکرێت، هەر لەو ڕوانگەیەوە (Descartes) ئاوەزمەندێتی کردە بنەمای فەلسەفەی مۆدێرن، بە یەکخستنی لە گەردونە چەمکییەکەیدا و دۆزینەوەی چەندین زانستی نوێ، بەجۆرێک ڕێبازێکی بەناوبانگی گومانکردن لە هەموو شتێک و گەڕان بەدوای دڵنیاییدا دامەزراند، لە ژێر دروشمی((من ناتوانم هیچی تر بکەم تا ئەو کاتەی، کە دڵنیابم فێریبووم، کە هیچ شتێک نییە لە جیهاندا دڵنیابێت)).(Descartes,1997,139) ، بە بەراوردی بیرکردنەوەکانی لە ئاوەز و ئەو زانیارییانەی لە سیستەمی هەستەوە دێن، دیکارت گەیشتە ئەو ئەنجامەی بیرکردنەوە تەنها تایبەتمەندییە، کە هی ئەو (دیکارت)ە و ناتوانرێت لێی جیابکرێتەوە، ئەقڵ (ئاوەز) و جەستە وەک دوو جیهانی جیاوازن، لەکاتێکدا هەستەکان لە تاقیکردنەوەیەکی متمانەپێکراودا شکست دێنن. بیرکردنەوە دەیسەلمێنێت، کە ئەو تایبەتمەندییە بێ وێنەیە دڵنیایە لە کۆتاییدا، ئەمەش واتادانە بە مەرجی ڕاستی و لەبەرچاونەگرتنی شارەزایی و ئەزموونی هەستیی و جەستەیی مرۆڤە لەگەڵ جیهانی دەوروبەردا. ئەم دوالیزمەی (ئاوەز و جەستە)یە کاریگەریی لەسەر زانست و فەلسەفە و پەروەردە لە ئەوروپا و ئەمریکادا هەبووە. لە بەرانبەردا (ئەزمونگەرایی) وەک تێڕوانینێکی ڕکابەر بۆ (ئاوەزگەرایی) دەرکەوت. لەمڕوانگەیەوە(Aristotle) پێیوابوو، کە (بیرۆکە و فۆرمەکان ناتوانن لە ئامانجە فیزیکی و زانیارییە هەستییەکان جیابکرێنەوە. کۆزانیاریی پێشەکی دروستنەکراوە و بەشێوەیەکی دیاریکراو نییە، لەڕێگەی بەستەرەی هەستمان لەگەڵ جیهانی ڕاستەقینە دروستدەبێت، لە کۆتاییدا بە مێشکی ئێمە پرۆسە دەکرێت).(Pritchard,2014,70-72)، کەواتە (ئەزمونگەرایی)جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە شتەکان لە دنیای دەرەوەدا بوونیان هەیە و هەستمان گرنگترین سەرچاوەی زانینمانە، بەجۆرێک ئەوە هەستە لە سەرەتادا شتەکان لە دەوروبەرماندا ئەزموونددەکات و دواتر لەلایەن ئاوەزەوە پرۆسەدەکرێن. لەسەر بنەمای ئەم تێڕوانینانە زۆرێک لە فەیلەسووفە کۆنەکان هەوڵیاندا بۆشایی نێوان (ئاوەزگەرایی و ئەزموونگەرایی) بە بەرهەمهێنانی چوارچێوەی (چەمک)کۆتایی پێبهێنن، بەشێوەیەک لە بەرانبەر دوالیزمی (ئەقڵ، جەستە)ی دیکارتدا، نەریتی فکری ژاپۆنی لەسەر بنەمای بودیزم و کۆنفۆسیوسیزم تێڕوانینێکی یەکپارچەیی بۆ (ئاوەز، جەستە)دروستکرد. بڕوانە (Nonaka,Takeuchi,1995,27):

**١-یەکبوونی مرۆڤ و سروشت.**

**٢-یەکبوونی جەستە و ئەقڵ (ئاوەز).**

**٣- یەکبوونی خود و ئەوانیتر.**

ئەم خەسڵەتانە بناغەی تێڕوانینی ژاپۆنییان بۆ کۆزانیاری و کردەی بەڕێوەبردن دروستکردووە. واتە کۆزانیاری لە سیستەمی هەستدا ڕەگی هەیە و تەنیا لە قۆناغی کۆتایی پرۆسەییدا بۆ بەکارهێنانی لە بارودۆخێکی کۆنکرێتی و دیاریکراودا کراوەیە. کەواتە پەیوەندی لەگەڵ جیهانی ڕاستەقینەدا لەڕێگەی هەستەوەیە و پێویست بە تێهەڵچوونەوەی هیچ جیهانێکی هەمیشەیی یان میتافیزیکی ناکات، بۆئەوەی

له سروشتی کۆزانیاریی تێبگەین، بەجۆرێک (ئەقڵ و جەستە دوو ڕاستی جیاوازنین بەڵکو یەکخراون کەسایەتی خەڵک دروستدەکەن، کۆزانیاریی واتای حیکمەتە لە ڕوانگەی کەسایەتییەوە بەدەستدێت، ئەمەش دەبێتە بنەمایەک بۆ بە بەهاکردنی ئەزموونی کەسی و جەستەیی بەسەر ئەبستراکتی ناراستەوخۆ و فیکریدا).(Nonaka,Takeuchi,1995,29)، بەمپێیەبێت کۆزانیاریی شتێکە بە تێگەیشتن لە چەمکەکان و زانیاری و ئەزموونکردنەوە بەدەستدێت، کە خۆی لە هۆشیاریی کەسێک بۆ (شوێن، ڕووداو، ئایدیا، پرس) و دەوروبەرێک لەگەڵ توانای بەکارهێنانی بۆ مەبەستێکی دیاریکراو دەنوێنێت. وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا پێناسەی باو بۆ کۆزانیاریی بریتییە لە (باوەڕی ڕاست و دروستی پاساودار) بە وردبوونەوە و تێڕوانین لەم پێناسەیە سێ مەرجی بنەڕەتی تێدایە، کە بە ئەژمێری سێلایەنەی کۆزانیاریی ناودەبرێت. بڕوانە(Neta,Pritchard,2009,2-5):

**١-مەرجی ڕاستەقینە**"Truth Condition":

ئەگەر کەسێک (کرۆک، ڕستە ناوەڕۆک) ێک بزانێت دەبێت کرۆکەکە ڕاستبێت، ئەگەر کرۆکەکە ڕاست نەبێت ئەو کەسە نازانێت بانگهێشتکرنەکەی بۆچییە تا بزانرێت، بەپێی ئەم بنەمایەش مەرجی ڕاستی جیاوازی لە نێوان بۆچوون و کۆزانیاریدا دەکات، بە جۆرێک لە بۆچووندا مەرج نییە مەرجی ڕاستەقینە بەدەستبێت، بەڵام لە کۆزانیاریدا مەرجی ڕاستەقینە بەدەستدێت.

**٢-مەرجی باوەڕ**" Belif Condition":

دەبێت ئەو کەسە دەربارەی کرۆکەکە بزانێت، ئینجا باوەڕی پێبکات ناتوانین شتێک، کە ڕاست نییە بیزانین، تا باوەڕی پێبکەین.

**٣- مەرجی پاساو بۆ هێنانەوە**"Justification Condition":

ئەو مەرجە پێویستی بە ڕێگایەکی کرداریی و پاساوهێنانەوە بۆ باوەڕێک هەیە، کە ڕاستە ،یان هەڵەیە. پێکەوەبوونی ئەم مەرجانە مرۆڤ بەو ئەنجامە دەگەیەنێت، کە مەرجە پێویستەکان یەکەمیان زانینە بە ڕاست بۆ ئەو شتەی هەیە، دووەم ئەوەیە کە مرۆڤ لێی دڵنیابێت، سێیەم ئەوەیە دەبێت مرۆڤ مافی دڵنیابوونی هەبێت مافی دڵنیابوونیش دەتوانرێت بەشێوازی جیاواز بەدەستبهێنرێت کە پشتبەستووە بە کلتور و دەوروبەری وتن، ئەم مەرجانە بەشێوەی لۆژیکی کۆدەکرێنەوە، بە لەبەرچاوگرتنی(S) بۆ بابەتی یان زانین( P) دەبێت، بە سەلمێنەری بابەتەکە بزانێت بەمشێوەیە، بڕوانە (Gettier,1963,121):

**S** = بکەر، یان زانیار"Subject or Knower" .

**P** = کرۆک، یان ڕستە ناوەڕۆک"Proposition" .

**P** ڕاستە .

**S** باوەڕی بە **P** هەیە.

**S** پاساو دەهێنێتەوە بۆ باوەڕکەی ، کە **P** یە.


**١٠)    –    ئارا : من دەزانم، ئاراس بکوژی ژنەکەیە.**

لە نموونەی(١٠) دا، دەبێت ئەو ڕستە ناوەڕۆکەی (ئارا) دەیزانێت (ئاراس بکوژی ژنەکەیە) ڕاستبێت، چونکە ئەگەر ڕستە ناوەڕۆکەکە ڕاست نەبێت، ئەوا (ئارا) نازانێت چی دەڵێت بۆ ئەوەی بزانرێت، واتە دەبێت باوەڕبکرێت، بەوەی کە (ئاراس) بکوژە، بۆئەوەی بزانرێت، دوابەدوای ئەم ئاڕاستەیە، چەندین تێڕوانینی جیاوازتر دێنەئاراوە، لەمڕووەوە(Gettier) چەند نموونەیەکی دژ دەخاتەڕوو، بۆئەوەی نیشانیبدات، کە ئەم هاوکێشەیە (پێکهاتەی تەواو پێکناهێنێت، چونکە مەرج نییە ڕستە ناوەڕۆکەکە ڕاستبێت، لەگەڵ ئەوەشدا زانیارەکە پاساوی بۆ دەهێنێتەوە، واتە پاساو بۆ شتێک کە لە بنەڕەتدا هەڵەیە). (Gettier,1963,122-123)، دوای ئەم بۆچونەی گیتەر چەندین بیروبۆچوونی تر سەرهەڵدەدەن (Lehrer)ساڵی (١٩٦٥) چوارەمین مەرج، بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە دەناسێنێت بریتییە لە ڕێزگرتنی پاساو کە زۆر ئەبستراکتە ئەویش تەنها لە باری تایبەتییدا بەکاردەهێنرێت بڕوانە نموونەی(١١):

**١١)    –    ئاسمان سوورە.**

بەوردبونەوە لە نموونەی (١١) ئەوە دەردەکەوێت، کە (سووریی ئاسمان)، لە بنەڕەتدا ڕاست نییە بەوپێیەی، کە (ئاسمان شینە، نەک سوور) وەک ئەوەی (گیتەر) باسیدەکات ناتوانیت شتێک بزانیت، کە لە بنەڕەتدا هەڵەیە، بەڵام بە ڕێزگرتنی پاساو، لە بارێکی تایبەتیدا، دەکرێت ئاسمان سووربێت ئەویش ئەو باره تایبەتییەیە، کە دەشێت (خۆڵبارین، یان مەبەست لە بوونی شەڕ)بێت، دوای ئەو تێڕوانینانەی خرانەڕوو، تێڕوانینەکانی (نۆناکا و تاکیوچی) لە ساڵی(١٩٩٥)دا بۆ کێشەی پاساو، لە پراکتیک و جێبەجێکردندا بووە بنەمای سەرهەڵدانی کۆزانیاریی ڕێکخراوەیی و بە کۆمەڵ. بەجۆرێک (نۆناکا و تاکیوچی) جەخت لەسەر باوەڕە پاساودارەکان دەکەنەوە و دەڵێن (( ئیپستیمۆلۆژیای نەریتی سروشتی ڕەها و نامرۆڤانەی کۆزانیاریی باسدەکات، بەشێوەیەکی ئاسایی لە پێشنیاز و لۆژیکی فەرمییدا، دژی ئەو دەوروبەرە کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەییەیە، کە کۆزانیاریی نوێی تێیدا دروستدەبێت، ئێمە کۆزانیاریی بە پرۆسەیەکی داینامیکی مرۆڤ دەزانین، بۆ پاساوهێنانەوە، بە ئاڕاستەی ڕاستی)) .(Nonaka,Takeuchi,1995,58)، ئەم تێڕوانینەش ئەوە دەردەخات، کە لە پراکتیکدا دەبێت دەرکەوتنی کۆزانیاریی نوێ، بە پێوەرێکی سوودبەخش هەڵبسەنگێنرێت، نەک بە پێوەرێکی لۆژیکی کە پرۆسەی دیاریکردن دەگرێتەوە، بەجۆرێک چەمکە تازە دروستکراوەکان ئەوانەن زیاتر، وەک پێوەری پاساوی کرداریی کاردەکەن، بەمجۆرە ڕێبازی (نۆناکا و تاکیوچی) بەڕوونی سروشتی کێشەکەی گۆڕی و لە جیاتی چارەسەرکردنی کێشەی ڕاستیی ڕەسەن، کە لەلایەن ئەفلاتونەوە داڕێژراوە، چارەسەر بۆ چوارچێوەی ڕێکخراوەیی و کرداریی پەیوەست بە کۆزانیاریی دەخەنەڕوو، بەجۆرێک چوارچێوەی ڕێکخراوەیی و فێربوونی تاک، بۆ بەدەستهێنانی کۆزانیاریی پەیکاڵی یەکتریدەبن، بەشێوەیەک تاک دەبێتەهۆی فێربوونی ڕێکخراو و هۆکارێک دەبێت، بۆ گواستنەوە و ئاڵوگۆڕی کۆزانیاریی هاوبەش،

هەروەها بەدەستهێنان و فێربوونی چەمکی ڕێکخراوەیی و کرداریی لەلایەن تاکەوە، لەڕێی خەمڵاندن و جێبەجێکردن و چاودێریکردنەوە دەبێت، بۆ ئەمەش(Winterton,Stringfellow,2006,23) (مۆدێلی یەکخستنی فێربوونی تاک) بەمشێوەیە وێنادەکەن:




هێڵکاریی ژمارە (٢)
مۆدێلی یەکخستنی فێربوونی تاک

کەوایە پرۆسەی بەدەستهێنانی کۆزانیاریی، پرۆسەیەکی دوولایەنەیە، بەجۆرێک لە هەندێک باردا فێربوونی چەمک دەبێتەهۆی فێربوونی کرداریی، یان بەپێچەوانەوە فێربوونی کرداریی دەبێتەهۆی فێربوونی چەمک، کەواتە ((کۆزانیاری لە ئەنجامی کارلێکی نێوان زیرەکی (توانای فێربوون) و بارودۆخ (دەرفەت بۆ فێربوون) کە لە دەوروبەری کۆمەڵایەتی و کاری ڕێکخراوەییەوە بەدەستدێت بەرهەمدێت، بەجۆرێک بۆ هەردوو جۆری فێربوونەکە پرۆسەی فێربوون و یادگەی چالاک ئاماژەن، بۆ ئەو پێکهاتانەی کاریگەرییان لەسەر کۆزانیاریی هەیە)).(Winterton,Stringfellow,2006,25 )، بەمپێیە پێویستە کۆزانیاریی، وەک چەمکێکی کرداریی و ستراتیژی و جێبەجێکەرانە پێناسەبکرێت، نەک وەک چەمکێکی ئەبستراکت بۆ جیهانێک، کە زۆر دوورە لەوەی زەمینە بۆ مەرجە سەرەتاییەکانی کارکردنی ئەقڵانییەت و تێڕوانین و سەرنجدان، کە سروشتی مرۆڤە دەستەبەربکات، پێناسە بکرێت، کە ئەمەش لە زانستی زمانی درکپێکردندا ڕوانگەیەکی درکپێکردنی پراگماتیکیانەیە بۆ کۆزانیاریی.

### ٢/١-١-٢) کۆزانیاریی لە ڕوانگەی زانستی زمانی درکپێکردنەوە

زانستی زمانی درکپێکردن لە ساڵانی حەفتاکان و سەرەتای ساڵانی هەشتاکانەوە وەک ڕێبازێکی نوێی لێکۆڵینەوەی زمان و ئاوەز و ئەزموونی کۆمەڵایەتی و کلتوری دەرکەوت، چەقی لێکۆڵینەوەی ئەم زانستە بریتییە لە (واتا و کردە چەمکییەکان) لەڕوانگەی ئەم زانستەوە پێویستە لێکۆڵینەوە لە (واتا) لە دەوروبەری بەکارهێنانیدا بکرێت، هەربۆیە (تیۆریی بنەمای بەکارهێنان"Usage based theory")ی کردە بنەمای لێکۆڵینەوەکانی و پێیوایە واتای(زمانی/سیمانتیکی) واتایەکی ئەبستراکت و نموونەییە، کە لە بنەڕەتدا لە ئەنجامی بەکارهێنانەوە سەریهەڵداوە، ئەوەی لەم زانستەدا گرنگی پێدەدرێت بریتییە لە واتای بەکارهێنان (پراگماتیک) کە بە واتای ڕاستەقینەی وشەکان دایدەنێت، ئەم بۆچوونەی زانستی زمانی درکپێکردن، لە بنەڕەتدا بە هەژمونبوون و کاراکردنەوەی واتای پراگماتیکییە و هێنانەوەیەتی بۆ ناو جەرگەی زمانەوانی، زانستی زمانی درکپێکردن بە گشتی و تیۆریی بنەمای بەکارهێنان بەتایبەتی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە بەکارهێنان سەرچاوەی ڕاستەوخۆی وەرگرتنی زانیاریی مرۆڤە، لە ژینگە و دەوروبەرەوە بۆ نەخشاندن و شێوەدارشتنی کۆزانیاریی زمانیی، لە فەرهەنگی ئاوەزیی ئاخێوەردا ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ((کۆزانیاریی زمانیی/توانست لە بەکارهێنانەوە دێتەکایەوە)). (ئیبراهیم،٢٠١٩، ٨٤)، کەواتە ڕێکخستنی کۆزانیاریی زمانیی ئاخێوەر بەرهەمی بەکارهێنانی زمانەکەیەتی لە دەوروبەردا، بەجۆرێک زۆر گران و ئەستەمە بەبێ شارەزایبوون لە واتای دەوروبەر و بەکارهێنان لە واتای (فەرهەنگی)ی وشەکان تێبگەین، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە واتای ئایتمێکی فەرهەنگی، لەکاتی بەکارهێنانیدا، بەپێی ئەو دەوروبەرەی تیایدا بەکاردێت گۆڕانکاریی بەسەردا دێت، ئەمەش وەرگرتنی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و پراگماتیکی زمانە و دەرهێنانی زمانە لە (مۆدۆلاریەتی) کە واتای دەوروبەر و نازمانیی پشتگوێ خستبوو، بەو واتایەی ئەوە ڕووندەکاتەوە کە چۆن دەوروبەری کۆمەڵایەتی و لایەنی پراگماتیکی دەتوانرێت، لە چێوەی درکپێکردنی زمانیدا یەکبخرێن و کارابکرێن، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بارەش نموونەی (١٢)دەخەینەڕوو:

**(١٢) آ- باوکی کچەکە مردووە.**

**ب- گەچەکە مردووە.**

**پ- بازاڕ مردووە.**

لە نموونەی (١٢)دا لە هەرسێ ڕستەی (آ، ب، پ)دا، وەک سێ دەوروبەری جیاوازی بەکارهێنانی وشەی(مردن) ئەوە دەردەکەوێت، کە ئەو کۆزانیارییەی لە هەریەک لە دەربڕاوەکاندا دەستدەکەوێت کۆزانیارییەکی جیاوازە بەجۆرێک، لە(١٢آ) دا بە واتای (نەمانی کەسێک لە ژیاندا)، لە (١٢ب) دا بە واتای ئەوەی کە (گەچەکە بە کەڵکی ئیشکردن نەماوە)، لە(١٢پ) دا بە واتای ئەوەی، کە (کار و کاسپی کەمبووەتەوە و بازاڕ ڕووی لە کزی کردووە) کەواتە زانینی واتاکانی وشەیەک پەیوەستە بە

دەوروبەری بەکارهێنانی وشەکە و ئەزموون و چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و کلتوری بۆ ئەو وشەیە، کۆی ئەم زانینانەش دەربارەی وشەیەک بریتیدەبێت، لە کۆزانیاریی مرۆڤ بۆ وشەیەک کە لەسەر ئاستی چەمک هەڵدەگیرێت، کەواتە دروستەی چەمکی ((کۆی گشتیی ئەو زانینەیە، کە وشەیەک هەیەتی و لە ئاوەزدا هەڵگیراوە)).(حسێن،٢٠٢١، ٩٠)، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات بەکارهێنانی وشەیەک لە دەوروبەر و بارودۆخە جیاوازەکاندا نمایندەی لایەنێکی چەمکێکی دیاریکراو دەکات نەک کۆی چەمکەکە، بەمشێوەیە زانستی زمانی درکپێکردن لێکۆڵینەوە لە زمان دەکات، بەوەی ڕەنگدانەوەی بەکارهێنان و ئەزموونی ئێمەیە لە دەوروبەردا، بەجۆرێک توانای ئێمە بۆ بەکارهێنانی زمان پەیوەندیی نزیکی بە توانا درکپێکراوەکانی دیکەی وەک (پۆلێنکردن، تێگەیشتن، سەرنجدان، بەچەمککردن)ەوە هەیە، کە بە هۆکارە دەرەکییەکان کاریگەرن و بە ئامڕازی زمانەوانیی دەربڕاون، لەم تێگەیشتنەوە دەکرێت بوترێت، کە ((بەچەمککردن کردەیەکی ئاوەزییە، کە بنەماکەی شارەزاییە ئەزموونکراوەکانە، کە لەسەر ژێرخانی کلتورییانەی مرۆڤەکە و کۆمەڵەکەی خۆی بونیادناوە)).(قادر،٢٠١٧، ٤٢٠)، بەپێی ئەم تێڕوانینەبێت واتای نازمانیی (پراگماتیک) کە لە دەوروبەری بەکارهێنان و ئەزموونکردنەوە، بەهۆی هەستەکانی مرۆڤەوە بەدەستدێت دەبێتە بنەمایەک بۆ واتای زمانیی (سیمانتیک)، کەواتە واتای زمانیی وشەیەک لە بەکارهێنانی وشەکەوە، کە دەکاتە واتای نازمانیی وشەکە هەڵهێنجراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت هیچ یەکێک لە پێکهاتە زمانییەکان بەشێوەی زگماکی، لە هزر و ئاوەزی مرۆڤەکاندا بوونیان نییە، بەڵکو لە بەکارهێنانی بەردەوامی زمان لە ئەنجامی ئەزموونەکانەوە دەبنە کۆزانیاریی زمانیی، لێرەشەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی ((مرۆڤ کاتێک شارەزایی لە واتای نازمانیی وشەیەکدا پەیدادەکات ئەو کاتە دەتوانێت، لە ئاوەزدا نواندنی بۆ بکات و هەڵیبگرێت، ئەمەش واتای زمانیی وشەکە دەگەیەنێت)).(سەچاوەی پێشوو، ٤٣٢)، لێرەوە دەتوانین بڵێین واتای زمانیی خودی واتای نازمانیی دەگرێتەوە، لەم تێگەیشتنەشەوەیە، کە زانستی زمانی درکپێکردن جیاوازی لە نێوان واتای (زمانیی و نازمانیی)دا ناکات و هەردووکیان، بە نواندنی چەمکی یەکەیەکی زمانیی دادەنێت، لەم بنەمایەشەوە دەردەکەوێت، کە واتای زمانیی نواندنی ئەبستراکتانەی واتای نازمانییە، ئەمەش دەرخەری ڕۆڵ و گرنگی درکپێکردنی پراگماتیکییانەیە لە واتای زمانییدا، کە ئاخێوەر و بەکارهێنەری زمان بەکاریدەهێنێت و پەیڕەویدەکات، هەربۆیە تیۆرییە پراگماتیکییەکان ئامانجییان پەسنکردنی کاریگەریی بەکارهێنانی چەمکەکانە، لە دەوروبەری ئەرکێکی پراکتیکی و شێوازی بەشداریکردن، لەگەڵ کەسانی تردا، لە ڕێگەی گونجان و بەشکردنی ئەزموونەکان، لەگەڵ ئەزموونی ئەوانیتردا لە دەوروبەری ئەرکە هاوبەشەکاندا، بەوپێیەش کۆزانیاریی ڕەنگدانەوەی بەشداریکردنی مرۆڤە، لەگەڵ ڕووداو و بابەتە وەرگیراوەکانی ئەو واقیعەی، لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا لە بەردەستدایە، هەربۆیە لە ڕوانگەی زانستی زمانی درکپێکردنەوە (کۆزانیاریی دروستبوویەکی دەرئەنجامی کارکردن و کارلێکی ئاوەز و ئەزموونە جەستەییەکانی مرۆڤە بەهۆی

هەستەکانەوە، کە لەڕێی زمانەوە پرۆسەدەکرێن و لە ئاوەزدا گەنجدەکرێن، بەمەش کۆی بوونمان (ئاوەزیی، جەستەیی) بەشداری لە بەچەمککردنی کۆزانیارییدا دەکەن). (Tsoukas,Mylonopoulos,2004,6)، کەواتە بە سەیرکردنی دەوروبەر و ئەزموون و هاوبەشیکردن، وەک سیستمێکی کۆزانیاریی وامان لێدەکات بزانین شوێنی تێگەیشتنی تاک زیاد لەوەی پەیوەستبێت بە ئاوەزەوە، بە بار و دەوروبەری بەکارهێنان و پراکتیکردنەوە پەیوەستە، کە بە ڕێگەی ئەزموونکردن و سوودوەرگرتن لە کۆمەڵێک بەها و چەمکی درکپێکراو و پەسنکراوی دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتی بەدەستدێت. بەمشێوەیە هاوبەشیپێکردن و بەشکردنی کۆزانیاریی لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا و کۆکردنەوەی ئەزموونی تاکەکان و کۆدکردنی لە چەمکەکاندا بەشێوەیەکی داینامیکی دەبێتەهۆی نوێکردنەوەی کۆگای گەنجکردنی چەمکە لەسەرهێڵ و تازە دروستکراوەکان، کە ڕێگە بۆ داهێنانی چەمکی دەکاتەوە، لەمڕوانگەیەشەوە جۆرەکانی کۆزانیاری لە ڕوانگەی ئەزموون و هاوبەشیپێکردنەوە دەخەینەڕوو:

## ٢-٢/١) جۆرەکانی کۆزانیاریی"Kinds of knowledge":

بە تێڕوانین لە سروشتی کۆزانیاریی ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە تێکەڵەیەکە لە (پێڕەوی ئاوەز، ئەزموون، زانیاریی هاوبەشیپێکراو، کە لەڕێی هەستەکانەوە بەدەستدێن و پەیکاڵە لەگەڵ مەودای بیرکردنەوە و کاری ڕێکخراوەیی و توانای تاک بۆ تێگەیشتن) لەمڕوانگەیەوە (Dombrowski, Rotenberg, Bick) سێ جۆر کۆزانیاری دیاریدەکەن، هەرسێ جۆرەکە لە پەیوەندی ڕاستەوخۆ و بەردەوامدان، بەڵام هەریەکەیان تایبەتمەندیی تایبەتی خۆیانیان هەیە، بڕوانە(Dombrowski, et…all ,2013):

**١-کۆزانیاریی ئەزموونیانە** "Experiential knowledge":

ئەزموونکردنی کۆزانیاریی ئەو شتەیە، کە لە پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ژینگەدا، لەڕێگەی پێڕەوی هەستەوە دەستدەکەوێت دواتر لەڕێگەی زمانەوە پرۆسەدەکرێت و لە ئاوەزدا گەنجدەکرێت، بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێت بزانین (بەفر) چییە، ئەوا دەبێت بڕۆین بۆ ئەو شوێنەی (بەفر) هەیە، بیبینین، دەستی لێبدەین، تامی بکەین، بەمجۆرە ئەزموونکردنی بەفرمان بۆ دروستدەبێت، لەو ڕوانگەیەی کۆزانیاریی ئەزموونی لەڕێگەی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی سیستەمی هەستەوەریی مرۆڤەوە بەدەستدەهێنرێت، کەواتە ((ئەزموونی هەستی ئیلهام لە شارەزایی هەستەوەرەکانەوە وەردەگرێت و بەرجەستەیدەکات و دەبێتە درکپێکردن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، لە شارەزایی هەستییەوە درکپێکردن دێتەبوون)).(غەریب،٢٠١٦، ٢٧)، بەمپێیە ئەمجۆرە ئەزموونە، لە پەیپێبردنی هەستییەوە دادەڕێژرێت، وەک (ئەرستۆ) ئاماژەپێدەکات کۆزانیاریی پێشەکی دروستنەکراوە و بەشێوەیەکی دیاریکراو نییە، لەڕێگەی بەستەرەی هەستمان لەگەڵ جیهانی ڕاستەقینەدا دروستدەبێت و لەسەر بنەمای تێگەیشتن و ڕەنگدانەوەیە، لێرەدا پێویستە ئاماژە

بەوە بکەین، کە زۆرێک لە هەستەکان تاقیکردنەوەیەکی خودیین و هەندێکیشییان سیمای گشتیی و کۆمەڵایەتییان هەیە، هەروەک لە ڕستەکانی (١٣، ١٤، ١٥)دا دەخرێتەڕوو:

**١٣) – ئاوی کانی سازگارە.**

**١٤) – دەنگی دەهۆڵ لە دوور خۆشە.**

**١٥) – من حەزم لە بۆنی عەتری شیرینە.**

لە نموونەی (١٣،١٤)دا، بەهۆی ئەزموونکردنی مرۆڤ لەڕێی یەکێک لە هەستەوەرەکانییەوە وەک سیمای گشتیی و پاشان پەیدابوونی شارەزایی سەبارەت بە ئەنجامەکەی ( ئاوی کانی، دەنگی دەهۆڵ)کاریگەری تەواو، لەسەر هەستەوەرەکان دادەنێت، زمانیش وەک هۆکاری دەربڕینی ئەم کاریگەرییە، کە لەسەر ئەزموون بونیادنراوە، قسەکەران دەربڕینەکانی وەک نموونەی (١٣،١٤) دەردەبڕن. هەروەها لە نموونەی (١٥)دا بەهۆی ئەزموونکردن و تاقیکردنەوەی تاک (خود) لەگەڵ (بۆنە) جیاوازەکاندا وایکردووە، کە دەربڕاوێکی وەک (١٥) دەرببڕێت، لەسەر بنەمای ئەو تێڕوانینانەی خرانەڕوو دەکرێت بوترێت، جەستەی مرۆڤ لەڕێگەی هەستەکانەوە کاریگەریی تەواوی لەسەر ئەزموون، شارەزایی، لێکدانەوەکانی مرۆڤ دەربارەی جیهانی دەوروبەر هەیە، بەجۆرێک ڕەنگدانەوەی ئەزموونێکی زیندوو بە واتای تەواوکردنی ئەزموونی هاوشێوەیە لە پێکهاتەی کۆزانیاری پێشوودا، کەواتە کۆزانیاریی ئەزموونی بەهۆی کارلێکی بەهێز لەنێوان کۆزانیاریی گیانی و سۆزداری لە لایەک و کۆزانیاریی ئاوەزی لە لایەکی ترەوە دروستدەبێت، چونکە ئەمجۆرە کۆزانیارییە دەرئەنجامی بەشداری چالاکانەی جەستە و مێشکی مرۆڤە.

٢-**کۆزانیاریی لێهاتوویی** "Skill knowledge":

واتە زانین دەربارەی چۆنییەتی ئەنجامدانی شتێک (زانین – چۆن)کردارێکی ئاڕاستەکراوە، بە ئەنجامدانی ئەرکێکی دیاریکراو و فێربوونی دەستماندەکەوێت، پەیوەندیی لەگەڵ ئەزموونەکان هەیە و یارمەتیدەرە، بۆ بەدەستهێنانی لێهاتوویی و دەبێتە جۆرێک لە کۆزانیاریی گەنجکراو، وەک شێوازی فێربوونی (مەلەکردن، ژەنینی پیانۆ، پاسکیلسواری)، یان ئەنجامدانی چەندین چالاکی دیکەی هاوشێوە، هەروەها فێربوون، بە ئاگایی بۆ ئەنجامدانی ڕێکارێکی دیاریکراو، یان بۆ پەیڕەوکردنی وەک نووسین و خوێندنەوە، بەپێی قسەی(Klein) (ئەزموونێکی واتادار ڕێگەمانپێدەدات شێوازەکان بناسین و مۆدێلی ئاوەزی دروستبکەین، بەمجۆرە سەرنجراکێشترین ڕێگا بۆ باشترکردنی لێهاتوویی هەستەکان ئەوەیە بنکەی ئەزموونەکەت بەهێز بکەیت، بە ئەزموونکردنی ژیانی ڕاستەقینە بەشێوەیەکی سروشتی، کە واتادارترین جۆری ئەزموونگەرییە).(Klein,2003,36)، کەواتە ئەزموونکردن ڕۆڵی گرنگ، لە بەدەستهێنانی شارەزایی و لێهاتوویی هەستەکاندا دەبینێت و دەبێتە جۆرێک لە زیرەکی و توانا بەوپێیەی، کە دەکرێت ئەمجۆرە کۆزانیارییە بۆ هەرجۆرە ئەرکێک یان چالاکییەک پەرەپێبدرێت، لەوانە (بیرکردنەوە و بڕیاردان) کە خۆی لە پرۆسەی بە چەمککردندا دەبینێتەوە، ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، مرۆڤ خاوەنی

توانایەکی ناوەکییە، ئەم توانایەش لەسەر بنەمای ئەزموونکردن، کە لەڕێی (ڕووداوەکان، هەستەکان، بارودۆخەکان) ەوە بەدەستی دەهێنێت تەواودەکرێت، لەمڕووەوە ئەزموون و شارەزایی تاکی کورد سەبارەت، بە هەندێک ڕووداو و دیاردەی کۆمەڵایەتی دەبێتەهۆی داڕشتنی چەمکییانەی ئەم دیاردانە، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر با لە نموونەی ژمارە(١٦،١٧،١٨) بڕوانین:

**١٦)  -  ژن بە ژن.**

**١٧)  -  گەورە بە بچوک**

**١٨)  -  سوڵحی عەشایەری.**

نموونەکانی (١٦،١٧،١٨) ئەوە ڕووندەکەنەوە، کە شارەزایی تاکی کورد، لەسەر بنەمای ئەزموونکردنی دیاردەکانی (ژن بە ژن، گەورە بە بچوک، سوڵحی عەشایەری) بەدەستهاتووە، بەجۆرێک هەندێک لە دیاردەکان خاوەنی ئەزموونی تاڵ و هەندێکیشیان خاوەن ئەزموونێکی باشن وەک چەمک لە ئاوەزدا ناسێنراون و قسەکەران لە دەوروبەر و بارودۆخی جیاوازدا دەریاندەبڕن، بەمپێیە ئەزموونکردن و شارەزایی، ڕێگە بە لێهاتوویی و زیرەکییەکی تەواو کرداری دەدات و دەبێتە بنەمای پەیپێبردن و درکپێکردنی مرۆڤ، لەسەر ئەم بنەمایەش چەندین جۆری توانا و زیرەکیی لە مرۆڤدا بەدیدەکرێت لەوانەش (زیرەکیی زمانیی، زیرەکیی میوزیکی، زیرەکیی لۆژیکی/بیرکاری، زیرەکیی جەستەیی/جووڵەیی ، زیرەکیی توانای وێناکردنی ئاوەزی، زیرەکیی ناوەکی و تێگەشتنی خودی، زیرەکیی نێوان کەسی واتە تێگەیشتن لەوانیتر) بەشێک لەم جۆرە زیرەکییانەش وەک (زیرەکیی زمانیی، زیرەکیی توانای وێناکردنی ئاوەزیی، زیرەکیی ناوەکی و تێگەیشتنی خودی، زیرەکیی نێوان کەسی و تێگەیشتن لەوانیتر) پەیوەستن بە کرۆکی نامەکەوە، کە بەکارهێنانی پەرژینەکانە بۆ چەند مەبەستێک لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا.

**٣-کۆزانیاریی بانگەشەیی** "knowledge claims":


ئێمە چی دەزانین، یان وا بیردەکەینەوە چی دەزانین؟ ئێمە نازانین چەندە دەزانین، هەربۆیە بە ئەزموونبوونی هەموو کۆزانیارییە ئاشکراکان (ئاوەزی) و نائاشکرا و بێدەنگەگان (سۆزداری، گیانی) ، بەشێوەی غەریزەیی و نائاگایی هەروەها دەرکەوتنی ئەم کۆزانیارییانە لە کاتی پێویست و دەوروبەرێکی دیاریکراودا شیانی زانینمان بۆ دەکەن، بانگەشەی کۆزانیاریش ئەوەیە ئێمە، بەشێوەیەکی ئاشکرا، بە بەکارهێنانی زمانێکی سروشتی یان هێمایی کۆزانیارییەکە دەردەبڕین، کەواتە زمان پێکهاتەیەکی بنەڕەتییە، لە گۆڕینی ئەزموونی نائاگایی و غەریزەیی بۆ کۆزانیاریی ئاشکرا، بەمجۆرە هەرتاکێک بە زانینی ئاشکراوە دەچێتە چوارچێوەی ئاڵوگۆڕی نێوان کۆزانیاریی کەسی و هاوبەش، لەمڕوانگەیەوە (لەبەرئەوەی بیرۆکەکان لەڕێی زمانەوە دەردەبڕێن و دەنوێنرێن، دەکرێت لێکۆڵینەوە و گفتوگۆیان لەسەربکرێت، پرسیاریان لە بارەوە بکرێت، هەڵبسەنگێنرێن، پاشگەزبکرێنەوە، بڵاوبکرێنەوە، بگوازرێنەوە، کەواتە کۆزانیاریی بانگەشەی ئەوە دەکات، کە ئێمە لە یەکتر فێربین و زانیاری هاوبەش

بونیادبنێین).(Dombrowski,et…all,2013,44) ، کەواتە کۆزانیاریی ئاوەزی و ئاشکرا دەتوانرێت، بە بەکارهێنانی هەر زمانێکی سروشتی، یان هێمایی شێوەداڕشتنی بۆ بکرێت و لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتییدا بگوازرێتەوە و هاوبەشیپێبکرێت، بەمەش ئەو کەسەی بانگەشەی کۆزانیارییەک دەکات باوەڕی وایە، کۆزانیارییەکەی ڕاستە و لەکاتی پێویستدا بانگیدەکاتەوە، بۆئەوەی هەڵسەنگاندن و گفتوگۆی لە بارەوە بکرێت. با لەم دەربڕاوانەی نموونەی (١٩،٢٠) بڕوانین:

**١٩) – ئاکار پێمان دەڵێت چی ڕاستە، یان چی هەڵەیە.**

**٢٠) – ئاین هەمیشە یارمەتیدەرە بۆ باوەڕبوون بە هێزێکی باڵاتر.**

بە تێڕوانین لە دەربڕاوەکانی نموونەی (١٩،٢٠)دا، بۆمان دەردەکەوێت ئەو کەسەی، ئەم کۆزانیارییانە لە چێوەی دەربڕاوێکی زمانییدا بەکاردەهێنێت باوەڕی بە کۆزانیارییەکانی هەیە و لەڕێگەی کردەی پەیوەندیکردنەوە، لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا دەیخاتە نێو ئەزموونی گوێگر و هاوبەشیپێدەکات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئاڵوگۆڕکردنی کۆزانیاری و تێکەڵکردنی ئەزموونەکان لەڕێگەی پەیوەندیکردن، یان هاوبەشیپێکردنی کۆزانیاری، بەهۆی زمانەوە پرۆسەیەکە دەبێتەهۆی گۆڕین و دەرخستنی کۆزانیاریی نائاشکرا، بۆ کۆزانیاریی ڕوون و ئاشکرا، کە بە قووڵی لە کردار و هەست و ئەزموونی تاکدا ڕەگ دادەکوتێت و دەبێتە بەشێک، لە (بیرەکان، بەهاکان، نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان) ئەمەش لەڕوانگەی درکپێکردنەوە بەکاربردنی هەردوو جۆری کۆزانیاریی ئاوەزی و ئەزموونبەندییە لە یەککاتدا و دەرخستنی ئەو ڕاستییەیە، کە کۆزانیاریی ئاوەزی لەڕێی ئەزموونەکانەوە ئاڕاستە دەکرێت، لەمڕووەوە مۆدێلی جۆرەکانی کۆزانیاریی دەخەینەڕوو، بڕوانە(Dombrowski,et…al,2013,51):




شێوەی ژمارە (٣)
مۆدێلی جۆرەکانی کۆزانیاریی

لێرەوە دەکرێت بڵێین کۆزانیاریی (ئەزموونیانە، لێهاتوویی) بە بڕ و  شێوە و ڕێگەی جیاواز لە سروشتدا بەرجەستە دەبن و لەڕێگەی زمانەوە وەک کۆزانیاریی بانگەشەیی لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا دەگوێزرێنەوە و هاوبەشییانپێدەکرێت، بەجۆرێک کۆزانیاریی (ئەزموونیانە، لێهاتوویی) وەک یەکەیەکی هەستپێکراو، یان درکپێکراوی  هەستەکی، بەهۆی سروشتی داینامیکی بوارەکانی کۆزانیارییەوە، لە ئاوەزدا کۆددەکرێن و جارێکی تر دەبنەوە بە بەشێک لە سیستەمی درکپێکردنی مرۆڤ.

## ٣-٢/١) بوارەکانی کۆزانیاریی

لەڕوانگەی ئەوەی دەربارەی کۆزانیاریی خرایەڕوو دەردەکەوێت، کۆزانیاریی چەندین بوار و ڕەهەندی جیای لەناو خۆیدا هەڵگرتووە شیاوی تێڕامان و سەرنجدانە، هەر لەمڕوانگەیەوە نوسەران چەند بوارێکییان بۆ کۆزانیاریی دەستنیشانکردووە، کە لە ئاستی تاک و ڕێکخراوەییدا ڕۆڵی دیار و بەرچاو دەگێڕن، ئەوانیش بواری کۆزانیاریی (ئاوەزی، سۆزداری، گیانی)ین، هەرسێ بوارەکەی کۆزانیاریی فۆرمی بنەڕەتی دەرخستنی  زانیارین و هەریەکەیان بەشێوازێکی جیا پێکدەهێنرێن، لەگەڵئەوەشدا ئەوان بواری سەربەخۆنین، بەڵکو لە کارلێککردنێکی بەردەوامدان بەشێوەیەک هەرسێکیان پێکەوە، لە پرۆسەیەکی بڕیارداندا بەشدار و ئامادەن ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کۆزانیاریی چەمکێکی تەواوە و بواری (ئاوەزی، سۆزداری، گیانی) تێدایە و بەردەوام لە هاوئاهەنگیدان، بڕوانە(Bratianu,2013):

**١- بواری کۆزانیاریی ئاوەزدارانە** " The Field of Rational Knowledge":

فەیلەسوفەکان لە سەردەمی کۆنەوە دۆزینەوەی ڕاستی و پاساوەکەی، کە دەرئەنجامی ڕەنگدانەوە و شیکردنەوەی لۆژیکییە، وەک بنەمای سەرەکیی بیرکردنەوە و زیرەکیی ئاوەزدارانەیان داناوە، دواتر ئەم بیرانە، لەلایەن (گاردنەر)ەوە، لە ساڵانی (١٩٨٣، ٢٠٠٦) پەرەیسەندووە، بەجۆرێک کۆزانیاریی ئاوەزیی تاک بنەمای زیرەکییە و زیرەکیی تاک قەوارەیە، کە بەشێوەی ژمارەیی بپێورێت، دواتر (Gardner)بەمشێوەیە پێناسەی زیرەکی دەکات ((بریتییە لە توانایەکی بایۆ سایکۆلۆجی، کە پرۆسەی فۆرمێکی تایبەت لە کۆزانیاریی دەکات، بەشێوەیەک لە شێوەکان، هەربۆیە کاتێک مرۆڤ کۆزانیاریی هەمەچەشنەی گەشەدەکات، توانای پرۆسەکردنێکی زیرەکانەی، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هەیە)).(Gardner,2006,29)، بەپێی ئەم تیڕوانینە مێشکی مرۆڤ توانستی داهێنان و چارەسەرکردنی کێشەکانی بە ڕێگای لۆژیکی و ئاوەزی هەیە، کۆزانیاریش وەک بەشێک لەم توانستە لەلایەن ئاوەزەوە پرۆسەدەکرێت و گەشەدەکات .بەمشێوەیە بواری کۆزانیاریی ئاوەزدارانە بۆ ماوەی چەند سەدەیەک، بە تاکە شێوەی زانین دانراوە، کە بەشێوەیەکی سەرەکی بە کۆزانیاری ڕوون و ئاشکرا بەرجەستەدەبێت، بەوپێیەی دەرئەنجامی کارکردنی ئاوەز و درکپێکردنی مێشکی مرۆڤە، کە لە ڕێی

ڕێسا لۆژیکییەکانەوە ڕاستی و دروستییان دەسەلمێنرێت، بڕوانە  توانای داهێنەرانەی مێشکی مرۆڤ لەم  نموونانەی خوارەوەدا:

**(٢١)   –   دەستنیشانکردنی تیشکی ڕادیۆیی لە بۆشایی ئاسماندا.**

**(٢٢)   –   دیاریکردنی خێرایی ڕووناکی و هێزی کێشکردنی زەوی.**

**(٢٣)   –   دروستکردنی تێلسکۆب و دۆزینەوەی کۆمەڵەی خۆر.**

لە دەربڕاوەکانی نموونەی (٢١، ٢٢، ٢٣)دا، توانای داهێنەرانەی مێشکی مرۆڤ و ئەو کۆزانیارییە ئاوەزییانەی ڕاستی و دروستییان پابەندە بە مامەڵەی ئاوەز و لێکدانەوە ئاوەزییەکانەوە، کە بریتییە لە (دەستنیشانکردنی تیشکی ڕادیۆیی، دیاریکردنی بڕی خێرایی ڕووناکی و هێزی کێشکردنی زەوی، دروستکردنی تێلسکۆب و دۆزینەوەی کۆمەڵەی خۆر) و چەندین نموونەی دیکەی وەک (هاوکێشە بیرکارییەکان) ئەوە دەردەخەن، کە سەرجەمی کۆزانیارییەکان دەرەنجامی پەیپێبردنە  ئاوەزییەکانن  و هەستەکان ڕۆڵیان تیادا نەگێڕاوە، لەمڕووەوە لەسەر بنەمای ئاگایی و هۆشیاریی مێشک (دیکارت) دەڵێت ((تەنانەت جەستەش لەڕوانگەی هەستەکان و فاکەڵتی خەیاڵەوە ناتوانرێت بە دروستی بناسێنرێت، بەڵکو تەنیا بە تێگەیشتن و بیرکردنەوە دەبێت، بەوپێیەی بە ڕوونی دەیبینم، هیچ شتێک نییە، کە بزانم لە مێشکی من گەورەترە)).(Descartes,1997,147)، بەپێی ئەم تێڕوانینە بیرکردنەوە و تێگەیشتن تایبەتمەندیی ئاوەزە و ئەزموونکردنی جەستەیی و هەستەکان ڕۆڵیان لە بەدەستهێنانیدا نییە، بەجۆرێک ئەو بیروباوەڕانەی، لە ئەزموونەوە سەرهەڵدەدەن، پێویستە ڕەوایەتییان هەبێت، بۆئەوەی ببن بە کۆزانیاریی پاساودانەوەش مەرجێکی پێویستە، بۆئەوەی بیروباوەڕێک بە کۆزانیاریی دابنرێت، لەسەر ئەم بنەمایەش کۆزانیاریی بە بابەتی دادەنرێت، ئەم هەڵوێستەش وایکردووە، بۆ پەرەپێدانی زانست و زانیاری گونجاو بێت، ئەمەش واتای بە هەژموونبوونی کۆزانیاریی ئاوەزدارانەیە، کە زانینێکی ئاشکرای چوارچێوەبەندکراوە، لەڕێگەی بەکارهێنانی زمانێکی سروشتی، یان هێمایییەوە هەربۆیە زمان، لە ڕێکخستن و دەربرینی بیرەکاندا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت و بنەمایە بۆ گەیاندنی هەر کۆزانیارییەک، لە ڕوانگەی گرنگی زمان لەم بوارەدا (ڕەسڵ) دەڵێت ((زمان نەک تەنیا خزمەت بە دەربڕینی بیرەکان دەکات، بەڵکو خزمەت بە دروستکردنی بیرێکی گونجاویش دەکات، کە بەبێ زمان ناتوانێت بوونی هەبێت)).(Russell,2009,58)، کەواتە زمان هۆکارێکە، لەڕێیەوە کۆزانیارییە ئاوەزییەکان ئاشکرا دەکرێن و لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا دەگوازرێنەوە و هاوبەشییان پێدەکرێت، بەمپێیە دەتوانین بڵێین کۆزانیاریی ئاوەزدارانە بریتییە، لە سەرجەم کۆزانیارییە ئاوەزییە تاکە کەسییەکان و بەڵگە و داتا و زانیارییە سەلمێندراوەکان، کە لە چێوەی زماندا دەنوێنرێن.

**٢-بواری کۆزانیاریی سۆزدارانە**"The Field of Emotional Knowledge":

بواری کۆزانیاریی سۆزدارانە بریتییە لەو کۆزانیارییەی، بە هەست و سۆزەکان دروستدەبێت، کە بە وشە دەرنابڕێت، بەڵکو لەڕێگەی کاردانەوەی جەستە و شێوە و وەستانی دەموچاوەوە دەگەیەنرێت و تێکەڵی هەموو ئەو کۆزانیارانە دەبێت بە ئەزموونکردن بەدەستدەهێنرێت، هەروەها دەکرێت کۆزانیاریی سۆزدارانە بە پرۆسەکردن و لێکدانەوەی کۆزانیارییە ناوەکییەکان بەدەستبهێنرێت. بەمپێیە کۆزانیاریی سۆزدارانە وەک پێکهاتەیەک لە زانیاریی ناڕوون، یان نائاشکرا دەردەکەوێت. ئەم بوارە دوای کارەکانی (Polany) سەبارەت بە ڕەهەندی نائاشکرای کۆزانیاریی، ئەزموونی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ژینگە، بە سەرچاوەی ئەو کۆزانیارییە دەزانێت، گەشەیسەند و دەڵێت ((ئەوە ئەزموونێکی بەسۆزە، کە کۆزانیاریی سۆزدارانە دروستدەکات لە ڕێگای هەریەکێک لە هەستەکان، دواتر دەبێتە کۆزانیاریی سۆزدارانە، بەجۆرێک شێوازی بەشداری پرۆسەکانی جەستەمان لە تێڕوانینەکانماندا بە سەرچاوەیەکی گرنگی بیرکردنەوەکان دادەنرێن و لە داهێنانەکانیشدا ڕەنگدەداتەوە)).(Polany,2000,15)، لەمڕوانگەیەوە کۆزانیاریی سۆزدارانە ڕۆڵ و پێگەی خۆی هەیە و لە ئاوەزدا پرۆسە دەکرێت و دەبێتە جۆرێک لە بڕیاردان. بەجۆرێک تێگەیشتن و بەکارهێنانی کۆزانیاریی سۆزدارانە کاریگەری تەواوی لە پرۆسەکانی گۆڕانکاریدا هەیە و دەبێتەهۆی جیاوازی نێوان بەڕێوەبەران و سەرکردەکان، چونکە بەڕێوەبەرەکان بڕیاری ئەقڵانییان پێ باشە، لەکاتێکدا سەرکردەکان کاریگەرییان لەسەر خەڵک هەیە و کار لەسەر بواری کۆزانیاریی سۆزداری و گیانییان دەکەن، بەمپێیە ((گەورەترین پێشبڕکێ لە پرۆسەکەدا گۆڕینی هەڵسوکەوتی خەڵکە، سەرچاوەی ئەم گۆڕین و گونجاندنە بێهۆشکەرانەیە ئەوەندە ڕوونە لە گۆڕانکارییە سەرکەوتووەکاندا سەبارەت بە بینین و هەستکردن زۆر زیاترە لە شیکردنەوە و بیرکردنەوەی ئەقڵانیدا)).(Kotter,Cohen,2002,179)، کەواتە کۆزانیاریی سۆزدارانە دەگۆڕێت بۆ زیرەکیی سۆزداریی و ناسینەوەی تاکگەراییانە، ئەمەش وادەکات لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا بۆ کۆزانیاریی ئاوەزییانە بگۆڕێت و ببێتە ئامرازێک بۆ بڕیاردان، هەربۆیە گۆڕانکارییەکان لە ڕێی کۆزانیاریی سۆزدارییەوە لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا بەدەستدەهێنرێن، بۆ ئەمەش با لە ئاخاوتنەکانی نموونەی(٢٤)بڕوانین:

**٢٤) - هەڵبژاردن مافی هەموو تاکێکە، دەنگدان چارەنوسی مرۆڤەکان دیاریدەکات.**

**+ آ- پێمانوایە، پرۆسەی دەنگدان دەبێت بەبێ هیچ سانسۆرێک بەڕێوەبچێت.**

**ب- دڵنیاین خەڵک ئەو پارتە هەڵدەبژێرێت کە زۆرترین خزمەت پێشکەشدەکات.**

**پ- شەڕی دەستوری لە پێناو مافە ڕەواکانی گەلی کورد هەر بە ئێمە دەکرێت!**

**ت- دەبێت ئێوە باش بزانن، کام پارتە دەتوانێت مافە خوراوەکانتان بۆ بگێڕینەوە؟**

لە ئاخاوتنی نموونەی (٢٤)دا سەرکردە، یان سیاسەتمەدارێک لە کاتی قسەکردنیدا بۆ کۆمەڵە خەڵکێک، لە ڕێی ڕستەکانی (آ تا ت) چەمک و کۆزانیارییە ئاوەزییەکەی، کە بریتییە لە (بەدەستهێنانی زۆرترین

دەنگ بۆ پارتەکەی) بەهۆی ڕاکێشانی سۆز و هەستی ئەو خەڵکەی قسەی بۆ دەکات لە ڕێی دەربڕاوە زمانییەکان و ئاوازی وتنەکەوە لەو دەوروبەرەدا دەگەیەنێت. بەمەش هەوڵدەدات بیر و ڕوانگەی خەڵکەکە لەگەڵ خۆی هاوڕابکات و ئاڕاستەی دەنگدەر بە سوودی پارتەکەی بگۆڕێت، بەمجۆرە دەتوانین بڵێین کۆزانیاریی ئاوەزییانە پێویستە بۆ تێگەیشتن لە لۆژیکی گۆڕان، بەڵام لە دیاریکردن و گۆڕینی هەڵسوکەوتدا ناتوانێت بەسبێت، ئەمە وادەکات، کە سەرکردەکان کۆزانیاریی سۆزدارانەی پێویست بۆ هاوبەشیکردن لەگەڵ کۆزانیاریی ئاوەزدارانە بۆ گۆڕینی ڕەفتاری خەڵک بەرهەمبهێنن. بەو واتایەی، کۆزانیاریی سۆزدارانە بەشێوەیەکی بەرچاو لە بڕیاردان لە هەردوو ئاستی تاک و ڕێکخراوەییدا بەشداریدەکات، بەمجۆرە کۆزانیاریی سۆزدارانە جۆرێکە لە دەربڕینی هەست و دۆزینەوەی شێوازە لە بارودۆخ و هەڵسوکەوتەکاندا لەسەر بنەمای دەرئەنجامی ئەزموونە چڕوپڕ و بەدەستهێنراوەکانی مرۆڤ، کە پەیکاڵە بە زیرەکی هەستەوە. لەمڕووەوە هەردوو بواری کۆزانیاریی (ئاوەزدارانە، سۆزدارانە)پەیوەندییان بە پێکهاتەی فرەیی بیرکردنەوەکانەوە بەشێوازێکی خۆویست هەیە.

**٣- بواری کۆزانیاریی گیانی** "The Field of Spiritual Knowledge":

کۆزانیاریی گیانی وەک کۆزانیارییەکی نائاشکرا، واتادانە بە بنەما و بەها هاوبەشەکان و بەشدارییپێکردنی ئاکار و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانە لە دەوروبەر و چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراودا، وەک سیستمێک لە بڕیاردان دەردەکەوێت، کە ئەمە پێدانی بەهایە بە خودی بوون و واتاو مەبەستی ژیان. لە ڕوانگەی (نۆناکا و تاکیوچی)یەوە کۆزانیاریی گیانی بۆ بوونی مرۆڤ گرنگی خۆی هەیە و دەکەوێتە چوارچێوەی کۆزانیارییە تێگەیەنراوە نائاشکراکانەوە، وەک بوارێکی بنەڕەتی لە بواری کۆزانیارییدا، کۆزانیاریی گیانی بەها و باوەڕەکان سەبارەت، بە (ژیان و بوون) تێکەڵدەکات، لەمڕووەوە (Maxwell) دەڵێت ((ئێمە دەبێت بابەتەکان، لایەنەکانی جیهانی دەوروبەری خۆمان ببینین: بەرد، خەڵک، درەخت، ئاسمان، دەبێت فێرببین واتا و بەها لە دنیای دەوروبەرماندا، لە گۆشەنیگای خۆمانەوە، لە ڕووداو، کردار، ژیانی مرۆڤدا ببینین)).( Maxwell,2007,274)، کەواتە کۆزانیاریی گیانی جارێکیتر گەڕانەوەیە، بۆ خود و واتادانە بە سروشت و هەموو ئەو شتانەی، کە چواردەوری کۆی مرۆڤایەتییان داوە و نوێنەرایەتی پشتەوەی سەرمایەی گیانی هەر گرووپ و کۆمەڵێک دەکات، بەشێوەیەک (سەرمایەی گیانی ئێمە واتای هاوبەشی ئێمەیە، ئامانج و تێڕوانینی هاوبەشمانە دەربارەی ئەوەی، لە ژیاندا زۆر قووڵ و گرنگە و لە ستراتیژ و هەڵسوکەوت و ڕەفتارماندا هەڵقوڵاوە، بە دیاریکردنی سەرچاوە گیانییەکانی مرۆڤ زیاد دەکرێت). (Marshall,Zohar,2004,27)، بەمپێیەبێت کۆزانیاریی گیانی بنەما و ئاکاری هەر کۆمەڵ و گرووپێک لەخۆدەگرێت، بۆ نموونە لە ناو کورددا، بەوپێیەی گەلێکی موسڵمانە، وتنی هەندێک ڕستە و دەربڕاو بە قەدەغە و تابۆ ناوزەدەکرێت و باسکردنیان لەلایەن هەر کەس و گرووپێکەوە، بە لادەر و هەڵگەڕاوە دژی ئاین و بنەمای کۆمەڵایەتی ناودەبرێت، لەوانەش:

**١-باسکردنی لایەنی جەستەیی ئافرەت.**


**٢-هەر قسەیەک دژی بیروبۆچوونی ئاینی ئیسلام بێت.**

کەوایە دەکرێت بڵێین ئەگەر کۆزانیاریی ئاوەزییانە گوزارشت لە بابەتی ئەو ژینگە فیزیکییە بکات تێیدا دەژین و کۆزانیاریی سۆزدارانەش کارلێککردنی جەستەمان لەگەڵ جیهانی دەرەکیدا بەرجەستە بکات، ئەوا کۆزانیاریی گیانیش ڕەنگدانەوەی تێگەیشتنی مرۆڤە دەربارەی بەها و واتای بوون، هەربۆیە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، لەگەڵ گەشەسەندنەکاندا ئەوە دەردەکەوێت دوو شێوازی بیرکردنەوە، بە شێوەیەکی داینامیکی بەردەوام کاردەکەن، بڕوانە(Kahneman,2011,22-23):

١- **سیستەمی سۆزدارانە:** ئەم سیستەمە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی و خێرا کاردەکات و ئەو زانیارییە سۆزدارییانە پرۆسەدەکات، کە لەلایەن سیستەمی هەستەوە دێن و دەیگۆڕێت بۆ کۆزانیاریی سۆزدارانە و نوێنەرایەتیی سیستەمی هەستکردن دەکات، کە دەتوانێت جیهانی دەوروبەرمان هەستپێبکات و بگۆڕێت بۆ زیرەکیی سۆزدارانە و شتەکان بناسێتەوە.

**٢-سیستەمی ئاوەزدارانە:** ئەم سیستەمە بە هێواشی کاردەکات، بەهۆی زۆری هەڵبژاردنەکانەوە سەرنج، بۆ چالاکییە هزرییە ئاڵۆزەکان تەرخاندەکات و زانیاریی ئاوەزی پرۆسەدەکات بۆ ناو کۆزانیاریی ئاوەزییانە دەیگۆڕێت، کە (چەمک، بیرۆکە، بیردۆز، مۆدێلی ئاوەزی) دروستدەکات، ئەم دوو سیستەمە بیرکردنەوەیە، بە بەردەوامی و بەشێوەیەکی داینامیکی کارلێکدەکەن و بەردەوام لە گۆڕاندان، بە جۆرێک کۆزانیاریی ئاوەزییانە گوزارشت لە چەمک و بیرۆکەکان دەکات و لە زمانێکی سروشتی، یان هێماییدا داڕێژراوە، کۆزانیاریی سۆزدارانەش فۆرمێکی بێوشەیە، بە هەست و سۆز دروستدەبێت، هەروەها کۆزانیاریی گیانیش، کە لە بیردۆزی (Nonaka,Takeuchi)دا تێکەڵ بە کۆزانیاریی سۆزدارانە دەبینرێت، گوزارشت لە بەها کلتوری و بنەما ئاکارییەکان دەکات، وەک سیستەمێک لە هەڵسوکەوتی مرۆڤدا پەرەیسەندووە، لە هەر پرۆسەیەکی بڕیارداندا بەشدارە و دەکەوێتە ئەودیو کۆزانیاریی ئاوەزییانە و سۆزدارانەی مرۆڤەوە، بەمجۆرە دەتوانین بڵێین ((ئەزموون و شارەزایی بەرپرسە لەو گۆڕانکارییەی، لەنێوان کۆزانیاریی سۆزدارانە و ئاوەزییانە ڕوودەدات، لەکاتێکدا گۆڕانەکانی نێوان کۆزانیاریی سۆزدارانە و گیانی بە کلتور بەڕێوەدەبرێن، هەروەها گۆڕانەکان لەنێوان کۆزانیاریی ئاوەزییانە و گیانی، بە دانایی بەڕێوەدەبرێن، ئەم گۆڕانانە تێڕوانینێکی گشتگیرمان، بۆ کۆزانیاریی کلتوری دەستەبەردەکەن)). (Bratianu,Bejinaru,2019,8)، لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی چۆن وزە، توانای گۆڕینی لە فۆرمێکەوە بۆ فۆرمێکی تر لە هەندێک مەرجی دیاریکراودا هەیە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەم خەسڵەتە و ڕەنگدانەوەی لە کۆزانیارییدا ئەوە دەردەکەوێت یەک شێوە، لە کۆزانیاریی دەتوانێت بۆ فۆرمێکی تر لە مەرجە دیاریکراوەکاندا بگۆڕدرێت، بۆ نموونە هەستی ترس وامان لێدەکات بیر لە خۆپاراستن بکەینەوە، یان لە بارودۆخێکی مەترسیدار دوور بکەوینەوە، لەمبارەدا کۆزانیاریی

سۆزدارانە، بۆ کۆزانیاریی ئاوەزییانە دەگۆڕێت، کەواتە جۆرێک لە کۆزانیاریی توانای بەرهەمهێنانی جۆری دیکەی کۆزانیاریی بەشێوەیەکی دینامیکی هەیە، لێرەشەوە ئەوە دەردەکەوێت کۆزانیاریی ڕەچاوی هەردوو جۆرە بیرکردنەوەکە دەکات، لەسەر ئەم بنەمایەش کۆزانیاریی ڕێکخراوەیی، لەلایەن هەرسێ بوارەکەی کۆزانیارییەوە نوێنەرایەتی دەکرێت، کە لەبنەڕەتدا گۆڕینی جۆرێکی کۆزانیارییە، بەشێوەیەکی دینامیکی بۆ جۆرێکی تری کۆزانیاریی، بۆ ئەمەش(Bratianu,Bejinaru,2019,8) مۆدێلی دینامیکی بوارەکانی کۆزانیاریی، بەمشێوەیە دەخەنەڕوو:




شێوەی ژمارە (٤)
مۆدێلی دینامیکی بوارەکانی کۆزانیاریی

بەمپێیە لەسەر بنەمای یەکبوونی ئاوەز و جەستە، داهێنانەکانی مرۆڤ پێویستییان بە تێکەڵکردنی ئەزموونە جەستەییەکان، لەگەڵ کارکردنە ئاوەزییەکان لە مێشکدا هەیە، لەمڕووەشەوە لە ئەنجامی دینامیکییەتی هەردوو سیستەمی (ئاوەزییانە، سۆزدارانە) لە مێشکماندا کۆزانیاریی سۆزدارانە و گیانی، بۆ کۆزانیاریی ئاوەزییانە و ئاشکرا دەگۆڕدرێن و کۆزانیاریی یەکگرتوو بەرهەمدەهێنن، کە دەستپێداگەیشتنی ڕاستەوخۆی دەبێت و دەبێتە ئامرازێک بۆ بڕیاردان ئەمەش ئەو بنەمایەیە، کە زانستی زمانی درکپێکردن کاری لەسەر دەکات.

## ٣/١) پراگماتیکی درکپێکردن

لە کاتێکدا زانستی زمانی درکپێکردن جەختکردنەوە بوو لە واتای پراگماتیکی و بەسەرچاوەی دروستبوونی کۆزانیاریی زمانیی دادەنا، کە بەرێگەی بەچەمککردن، یان کۆزانیاریی وشەیی لە ئاوەزدا گەنجەدەکرێت، واتە لێکۆڵینەوە لەنێوان ئەزموون و سیستەمی بەچەمککردندا دەکات، هەروەک لە باسکردنی جۆر و بوارەکانی کۆزانیارییدا ڕوونکرایەوە، بەڵام لە پراگماتیکی درکپێکردندا وێرای باسکردنی ڕۆڵ و پێگەی دەوروبەر لە هەڵهێنجان و تێگەیشتنی واتادا، گرنگی بەو بارە ئاوەزییانە دەدات، کە بەشداری لە پرۆسەی تێگەیشتنەکەدا دەکەن. بە واتای ئەوەی ((تاک لە هزریدا چۆن ناوەڕۆک و واتا بە فۆرمە بەکارهێنراوەکان دەبەخشێت،ئەمەش زیاتر ئەژمارێکی ئاوەزدارییە، کە تیایدا چەمکەکان و سکێماکان بۆ دروستکردنی وێنەیەکی گشتی ڕێکدەخرێن)).(مەحمود،٢٠١٧، ٤٤١). کەواتە پراگماتیکی درکپێکردن دەوروبەر بە بەشێک لە کۆزانیاریی زمانیی دەزانێت، کە لەرێگەی پرۆسەکانی درکپێکردنەوە ئەنجامدەدرێت و ئامانجی لێکۆڵینەوەیە لەوەی، لە مێشکی بەشداربووانی پرۆسەیەکی پەیوەندیکردندا چی ڕوودەدات، یان چۆن وێنای دەربڕاوەکە دەکەن و لێی تێدەگەن، نەک پێکهاتەی دەربڕاوە گەیەنراوەکە. بۆ ئەمەش پراگماتیکی درکپێکردن (باوەڕی هاوبەش، نییەتی پەیوەندیکردن) وەک باری ئاوەزیی و پێویست لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و تێگەیشتن لە کردەیەکی پەیوەندیکردندا دیاریدەکات.

### ١-٣/١) بارە ئاوەزییەکانی پەیوەندیکردن

لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و تێگەیشتنی پەیوەندیدا زنجیرەیەک (باری ئاوەزیی"Mental staste") درکپێکراو، یان سۆزدارانە لە پرۆسەکەدا بەشدارن، ئەمەش بە واتای ئەوەی کردەی پەیوەندیکردن، لە چەندین پرۆسەی ئاڵۆزی ئاوەزی پێکهاتووە، کە زمان جێبەجێیدەکات، لێرەشەوە بە کۆزانیاریی و بیروباوەڕەکان پەیوەندیی دروستدەکەین و نییەتی پراگماتیکییان پێ ئەنجامدەدەین، بەمەش (باوەڕی هاوبەش و نییەتی پەیوەندیکردن) وەک پێویستییەک بۆ چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ باری ئاوەزیی ئەو کەسانەی بەشداری لە کردەی پەیوەندیکردنەکەدا دەکەن دەناسێنین:

**١-باوەڕی هاوبەش:**

ئەو کۆمەڵە گریمانەیەی، کە لە لێکدانەوەی دەربڕاوێکدا بەکاردەهێنرێن، بەگشتی بونیادێکی ئاوەزین، لەسەر گریمانەی دەوروبەر وەردەگیرێن، واتە دەستەیەک گریمانە سەبارەت بە (یادگاری، مێژوو، کلتور، بیروباوەڕ، نۆرم و بەهاکان) هەموویان دەبنە بەشێک لە باری ئاوەزیی قسەکەر و ڕۆڵیان لە بونیادنانی واتا لە مێشکی گوێگردا هەیە. لێرەشەوە( Bara,2010,71-72) بیروباوەڕی هاوبەش بە بنەمای پەیوەندییەکی تێگەیەنراو دادەنێت و دەیکات بە چەند جۆرێکەوە:

**آ–باوەڕی تاکگەرا**: پەیوەندیی بە تاک خۆیەوە هەیە، کە باوەڕی بەشتێکی دیاریکراو هەیە، بەڵام ئەم باوەڕە تەواو سەربەخۆیە و بەهۆی پەیوەندی لەنێوان بەشداربووانی ئاخاوتنەکەدا نەبووە، بۆیە دەشێت تێگەیەنراو، یان تێنەگەیەنراو بێت. بڕوانە ئەم نموونەیەی خوارەوە:

**٢٥) – مرۆڤەکان دەبێت لە بڕیارداندا ئازادبن.**

ئەم بیروباوەڕەی نموونەی(٢٥) کە تاکێک لە پڕۆسەیەکی پەیوەندیکردندا لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا بانگەشەی بۆ دەکات، هەروەک لە کۆزانیاریی بانگەشەییدا ڕوونکرایەوە، دەشێت لە لایەن بەشداربووانی ئاخاوتنەکەوە تێگەیەنراو بێت، یان تێنەگەینراو بێت و بڕوایان بەو باوەڕە نەبێت، بۆیە پێویستە قسەکەر ڕوونیبکاتەوە، مەبەستی لە چییە.

**ب–باوەڕی باو**: ئەم بیروباوەڕە لەلایەن زۆربەی تاکەکانەوە باو و زانراوە و خاوەندارێتی دەکرێت، بەو واتایەی هەموو بەشداربووانی ئاخاوتنەکە بەگشتی زانیاری لەسەر ژینگە و دەوروبەری کلتوری هاوبەشدەکەن و دەیگوازنەوە. زۆرێک لە کارکێکردنی مرۆڤ لەسەر بنەمای ئەم باوەڕە دادەمەزرێت. بۆ ئەمەش با لە نموونەی (٢٦) ڕابمێنین:

**٢٦) – ڕێزگرتن لە گەورە و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان.**

ئەم بیروباوەڕەی، کە لە نموونەی(٢٦)دا بانگەشەی بۆ کراوە لای زۆرینەی خەڵک وەک بەشێک لە بنەمای کۆمەڵایەتی  زانراو و هاوبەشە،  لە سەر ئەم بنەمایەش زۆرترین پەیوەندییەکان بەڕێوە دەچن، بەوپێیەی لە ئاوەزیی قسەکەر و گوێگردا وەک کۆزانیارییەکی گیانی تێگەیەنراوە.

**پ– بیروباوەڕی بەشدارییپێکراو**: لەڕوانگەی ئاوەزییەوە بەشدارییپێکردنی باوەڕ وەک باوەڕێکی باو، یان تاکگەرا، کە ئاخێوەر لە دەوروبەرێکدا بەکاریدەهێنێت و دەزانێت بەشداربووان لێی تێدەگەن. لێرەشەوە نموونەی(٢٧) چۆنییەتی بەشدارییپێکردنی باوەڕێک لەنێوان (Y،X) دا ڕووندەکاتەوە:

**٢٧) – X : دیموکراسی هەموو مافەکانی مرۆڤ دەستەبەردەکات.**

**Y : کەواتە بۆچی لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا ئەو هەموو پێشلکارییە ڕوودەدات؟!**

**X : دیموکراسی مافی سەربەخۆیی لە بیرکردنەوەدا دەستەبەردەکات.**

**Y :  گەر ئەمە وابێت تەنها بە واتای قۆرخنەکردنی بیرکردنەوەی تاکە!**

**X : بەڵێ چونکە لە وڵاتە دیکتاتۆرییەکاندا تەنانەت ئەو مافەشت نییە.**

لە ئاخاوتنی نموونەی(٢٧)دا بیروباوەڕە باوەکە ئەوەیە (دیموکراسی سیستەمێکی باشە و مافی مرۆڤ دەستەبەردەکات) ئاخاوتنەکە لە نێوان (Y،X) دا وەک دوو بەشداربووی پڕۆسەی پەیوەندیکردنەکەیە، لە کاتێکدا (X) بیروباوەڕی تایبەت بەخۆی لەسەر بابەتەکە هەیە و دەزانێت، کە (Y) لێیتێدەگات و بۆی ڕووندەکاتەوە، بەمەش گفتوگۆیەک و هاوبەشیکردنێکی چالاکانە لەنێوانیاندا بەڕێوەدەچێت، کە دەشێت باوەڕهێنان بێت بەوەی(دیموکراسی بە واتای ئازادییە لە بیرکردنەوەدا)ئەمەش دابەشکردنی باوەڕە

بەسەر پڕۆسەی پەیوەندیکردنەکەدا. لێرەشەوە دەردەکەوێت کە دەبێت هاوبەشەکانی ئاخاوتن خاوەنی هەمان باری ئاوەزی بن کە لەگەڵ ڕستە ناوەڕۆکە دەربڕاوەکەدا واتە(p) هاوتابێت. ئەم پەیوەندییەش بەهۆی خاڵی جێگیر، کە بازنەی بیروباوەڕ دەگرێتەوە بە یاسای لۆژیکی کە لە (Bara,2010,74) وەرگیراوە، بەمشێوەیە دادەڕێژرێت:

$$SH_{xy}\ p \equiv BEL_{x}(p\ \ SH_{yx}\ p)$$

**X** باوەڕی بە ڕستە ناوەڕۆکی (**P**) ە .

**X** باوەڕی وایە، کە (**Y**) باوەڕی بە (**P**) ە .

**X** باوەڕی وایە، کە (**Y**) باوەڕی بەوە هەیە، کە (**X**) باوەڕ بە (**P**) دەکات.

خستنەڕووی هاوکێشە لۆژیکییەکەی بازنەی بیروباوەڕ ئەوە دەردەخات، کە بەشداربووانی ئاخاوتن زانینیان دەربارەی بیروباوەڕەکە هەیە، بۆیە پڕۆسەیەکی چالاکی پەیوەندیکردن لە نێوانیاندا ڕوودەدات، چونکە ئاخێوەران دڵنیان لەوەی، کە لە ئاوەزی هەریەکەیاندا چۆن دەربڕاوەکان وێنادەکرێن، بەمەش زانیارییە نەزانراوکان لە پڕۆسەکەدا بەهۆی نییەتەکانی پەیوەندیکردنەکەوە ڕوون و شیدەکرێنەوە.

**٢-نییەتی پەیوەندیکردن**[٥]:

باوەڕی هاوبەش دیدێکی بابەتی گریمانە دەکات، چونکە هیچ بەشداربوویەکی ئاخاوتن هەرگیز ناتوانێت دڵنیابێت لەوەی، بەشداربووانی دیکەی ئاخاوتنەکە خاوەنی هەمان باوەڕن، کە قسەکەر هەڵیگرتووە، بەوپێیەش کە بەرهەمهێنان و تێگەیشتنی زمان پشت بە ئەزموونی کۆمەڵایەتی و دەوروبەری دەبەستێت، هەربۆیە بەشداربووانی ئاخاوتن دەبێت هەنگاوێک زیاتر بچنە پێشەوە بە نیشاندانی توانا و ئامادەیی بۆ ناسینەوەی مەبەست و نییەتی پراگماتیکی پەیوەندییەکە، جا نییەتەکان پەیوەستبن بە تاک، یان بە کۆمەڵ. بۆ ئەمەش(Searle,1983,103-107) دووجۆر نییەتی پراگماتیکی دیاریکردووە ئەوانیش:

**آ-نییەتی تایبەت**: وەک نییەتێکی پێشوەختە ئاخێوەر کردەیەک بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو ئەنجامدەدات واتە بە ئاخێوەر خۆیەوە پەیوەستە و بە کاتی ئاخاوتنەکەوە بەستراوەتەوە، بڕوانە نموونەی(٢٨):

**(٢٨) - دەمەوێت بچم بۆ بازاڕ. (قسەکەر دەڕوات، بۆ لای سەیارەکەی)**

-----------------------------------

٥- لە دیاریکردنی جۆری نییەتە پراگماتیکییەکاندا(Bartman, Michael,1999) سێ جۆر نییەت دەستنیشاندەکات ئەوانیش: ١-نییەتی سەرەتایی/مەبەستدار ٢-نییەتی کاتی/نابەمەستدار ٣-نییەتی مەرجداری/ڕێگەپێدراوی کۆمەڵایەتی، ئەم دابەشکردنەش تاڕادەیەک لەگەڵ ناوەڕۆکی دابەشکردنەکەی (Searle) دا دەگونجێت، بۆ زانیاریی زیاتر لەمبارەیەوە، بڕوانە (مەحمود،٢٠١٧، ٤٢٨).

**ب-نییەتی کۆمەڵایەتی**: ئامانجی کردارێک دەنوێنێت پێشئەوەی ئەنجامیبدات، واتە ئاخێوەر کردەوەیەک پێشوەختە ئەنجامدەدات، بۆئەوەی لە داهاتوودا بە ئامانجەکەی بگات. لەمبارەدا ئەنجامدانی کردەکە لە دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتیدا بە خودی ئاخێوەرەوە پەیوەستە. ئەمەش بەنییەتی کۆمەڵایەتی پێشوەختە دادەنرێت، با لە نموونەی(٢٩) بڕوانین:

**٢٩) - ئایدا بە نیازە بەیانی یاری تێنس لەگەڵ ئارا بکات.**

لە نموونەی(٢٩)دا (ئایدا) پێشوەختە خۆی بۆ یاریکردن لەگەڵ (ئارا) ئامادەدەکات، کە لە داهاتوودایە و دەشێت ڕووبدات، یان ڕوونەدات، بەڵام زۆرجار نییەتی پەیوەندیکردن لە دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتیدا لەکاتی قسەکردندا لە ئاستی پراگماتیکدا هەڵدەهێنجێنرێت و تێدەگەیەنرێت، بەو واتایەی نییەتی پەیوەندیکردن دەبێت لەلایەن گوێگرەوە فراوانبکرێت و بناسرێتەوە. سەرنج لە نموونەی(٣٠)بدە:

**٣٠) - ئیلیا : بەیانی سەرپەرشتی هۆڵی تاقیکردنەوە دەکەیت؟**

**ڕوئیا : بەیانی کاتژمێر ٩ چاوپێکەوتنم لەگەڵ سەرۆکی زانکۆ هەیە.**

لە ئاخاوتنی نموونەی(٣٠)دا، لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا (ڕوئیا) پاساوێک بۆ ڕەتکردنەوەی داواکاری (ئیلیا) دەهێنێتەوە، چونکە پێدەچێت گوێگر(ڕوئیا) بڵێت بۆچی قسەکەر ئەم پرسیارەی کردووە. لە وەڵامدا دەگات بەوەی، کە ڕەنگە (ئیلیا) بییەوێت گوێگر لەبری خۆی سەرپەرشتی هۆڵی تاقیکردنەوەکە بکات. هۆکاری ناساندنی ڕەفتارەکەشی بەهۆی توانستی پراگماتیکییەوە لە کردەی پەیوەندیکردنەکەدا، کە تایبەتمەندییەکی ئاوەزە دەستەبەردەبێت. بەمەش ڕستەی دەربڕاو دەبێتە خاڵی ڕۆیشتن بەرەو تێگەیشتن و هەڵهێنجان. کەواتە بیروباوەڕی هاوبەش و ناسینەوەی نییەتی پەیوەندیکردن، کە وەک ئەزموونی کۆمەڵایەتی و باری ئاوەزیی لە کۆزانیاری (چەمک)دا کۆدکراون بنەمای بونیادنان و تێگەیشتنی واتان لە مێشکی ئاخێوەراندا، بەمەش پراگماتیکی درکپێکردن جەخت لەوە دەکاتەوە، کە دەوروبەر بناغەی ڕێکخستنی زانیاری و پرۆسە ناوەکییەکانە، کە بەهۆی توانستی پراگماتیکییەوە لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا دەگەیەنرێت.

## ٢-٣/١) توانستی پراگماتیکی[٦]

پراگماتیکی درکپێکردن لێکۆڵینەوە بوو لە چۆنییەتی بەرهەمهێنان و تێگەیشتنی واتا، یان بونیادنانی واتا لە مێشکی ئاخێوەراندا، بەڵام لە توانستی پراگماتیکیدا چۆنییەتی بونیادنانی واتا بەندە بە چۆنییەتی شێوازی دەربڕینی ئەو دەربڕاوەی، کە قسەکەر لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا ئاراستەی گوێگری دەکات. بەو واتایەی ئەو ڕەفتارەی، قسەکەر بۆ گەیاندنی واتای دەربڕاوەکە بەکاریدەهێنێت و ئاراستەی گوێگری

-----------------------------------

٦-باسکردنی توانستی پراگماتیکی لە زۆربەی لێکۆڵینەوەکاندا بە زمانی دووەمەوە بەستراوەتەوە، بەڵام لەم نامەیەدا هەوڵماندراوە توانستی پراگماتیکی وەک بونیادێکی زمان هاوشێوەی توانستی زمانی پەسن و ڕوونبکەینەوە.

دەکات، بنەمای چۆنییەتی درکپێکردن و دووبارە دارشتنەوەی واتای دەربڕاوەکەیە لە ئاوەزی گوێگردا، بەمەش لێکدانەوەی دەربڕاوێک بەندە بە توانا و ئاستی درکپێکردنی مرۆڤ بۆ پرۆسێسکردنی پاڵنەرە زمانییەکانی وەک (کۆزانیاری دەربارەی ڕێسا لۆژیکییەکان، ئاوەز خوێندنەوە بۆ نیاز و بیروباوەڕی ئەوانی تر، لێکدانەوەی هەڵسوکەوتی یەکتر) هەروەها پەیپێبردن و پەیکاڵبوون، بە ئەزموونی گشتی و پێڕەوە مرۆییەکانی تری وەک (زانیاری ئینسکلۆپیدیا، گریمانە و بناغە هاوبەشەکان، نۆرم و مەرجە کۆمەڵایەتییەکان) جۆرێکن لە هاندانی پرۆسەی زمانیی و دەبنە بنەما بۆ (توانستی پراگماتیکی)، کە دەتوانرێت لە نموونەکانی توانای زمانییدا دەربخرێت، ئەویش بەرهەمهێنان و لێکدانەوەی دەربڕاوەکانە لە دەوروبەردا، هەربۆیە (توانست و توانای زمانیی و توانستی پراگماتیکی) پەیوەست بە یەکتردەبن، بەجۆرێک توانستی پراگماتیکی، بۆ بوون بە ئامرازی بیرکردنەوە و پەیوەندیی گشتی پشت بە توانستی زمانیی دەبەستێت، کە لە پەیوەندیی زارەکیدا بەرجەستەدەبێت، بەڵام توانای زمانیی تەنها پشت بە توانستی زمانیی نابەستێت، بەڵکو پشت بە توانستی پراگماتیکیش بۆ داواکردنی توانای بەرهەمداریی مرۆڤ دەبەستێت، لە پرۆسەکردنی زانیاری و دەربڕاوەکاندا، لەمڕوانگەیەشەوە ئەوە دەردەکەوێت کە ((توانستی پراگماتیکی توانای بەکارهێنانی زمانە، بەشێوەیەکی کاریگەر لەپێناو گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو و تێگەیشتنە لە زمان لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا)).(Thomas,1983,92)، لەم تێڕوانینەوە تێدەگەین توانستی پراگماتیکی تەنها بریتی نییە، لە توانای ئەبستراکت، بۆ هەژمارکردنی نیشانە و واتاکان بتوانێت لە دەرەوەی کۆمەڵگە گەشەبکات، هەربۆیە ئەم توانستە هەڵبژاردنی بیرکردنەوە و دەربڕاوەکانمان، بەهۆی چۆنییەتی بەکارهێنانی زمان و (نواندنی ڕەفتارێک)ەوە، لە دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتی بەڕێوەدەبات و شێوازی پرۆسێسکردنی داتاکان لە مێشکدا، بۆ بەدەستهێنانی کاریگەری خوازراو دەگۆڕێت، بۆ نموونە پەیوەست بە پراگماتیکی ڕێزگرتن لە دەوروبەرێکدا داوا لە کەسێک دەکرێت (ئۆفیسێک) لە بینایەکدا بەجێبهێڵێت، بەم دەربڕینانەی خوارەوە:[7]

**(٣١) آ- کەلوپەلەکانت کۆبکەرەوە و شوێنەکە بەجێبهێڵە!**

**ب- تکایە پابەندی ڕێنماییەکان ببە و شوێنەکە بەجێبهێڵە.**

**پ- پێمڕاگەیەنراوە کە دەبێت شوێنەکە بەجێبهێڵیت، بۆیە تکایە شتەکانت کۆبکەرەوە با توشی کێشە نەبین.**

---

٧- بە تێڕوانین لە نموونەی ژمارە (٣١) دەردەکەوێت، لە دەربڕین و شێوازەکاندا پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و ڕێسا و یاساکان جگە لە پەرژینی زمانیی ڕۆڵیان لە پیشاندانی توانستی پراگماتیکیدا هەیە بەجۆرێک:
(٣١ آ) کەسێک قسەدەکات خاوەن دەستەڵات و پلەوپایەیە.
(٣١ ب) قسەکردنەکە بە یاسا و ڕێنمایی جێبەجێکراوە.
(٣١ پ) قسەکەر بەرپرس نییە و کەسێکی لە خۆی باڵادەستتر پێیڕاگەیاندووە و نایەوێت لە هەردوولاوە توشی کێشە بێت.

شێوازە جیاوازەکانی هەریەک، لە دەربڕاوەکانی نموونەی (٣١) بەهۆی پیشاندانی توانستی پڕاگماتیکی جیاوازەوە، کە هەریەکەیان جۆرێک، لە تێگەیشتن و بونیادنانی واتا، لە ئاوەزی گوێگردا دروستدەکەن، دەبنەهۆی دیاریکردنی پلەی ڕازیبوونی گوێگر، بۆ (جێهێشتنی ئۆفیسی ناو بیناکە)، بەجۆرێک لە(٣١آ)دا بە بەکارهێنانی دەربڕینێک، کە بە بڕێکی بەرچاو لە خۆسەپاندن و هێز، لەلایەن قسەکەرەوە ئاڕاستەی گوێگر کراوە دەشێت کاردانەوەیەکی نەرێنی، لە گوێگر چاوەڕوانکراو بێت، لەکاتێکدا لە (٣١ب)دا هەرچەندە ئاوازی وتنەکە، لەوانەیە هێشتا سەپاندن لەخۆبگرێت، بەڵام بەهۆی پەرژینی (تکایە) کە بڕێک لە ڕێزگرتنی تێدایە ڕەنگە گوێگر مشتومڕێک لە بارەی داواکارییەکەوە بکات، هەروەها لە (٣١پ)دا، بەهۆی بەکارهێنانی پەرژینی (پێمڕاگەیەنراوە)وە هەم قسەکەر بەرپرسیارییەتی دەربڕاوەکە لە ئەستۆناگرێت، هەمیش بەهۆی خودی دەربڕاوەکەوە (با توشی کێشە نەبین)داواکارییەکە، بۆ گوێگر قایلکەرتر دەبێت، بەمەش توانای  قسەکەر بۆ توانستی پڕاگماتیکی، کە بەهۆی دەوروبەرەوە چالاکدەکرێت دەگۆڕدرێت. لێرەشەوە ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت پەرژینەکان، وەک توانستێکی پڕاگماتیکی دەبنەهۆی دۆزینەوەی شێواز، لە بارودۆخە جیاوازەکاندا، بەپێی ئەو دەوروبەرەی، کە زمانەکەی بۆ بەکاردەهێنرێت، ئەم ڕوونکردنەوەیەش بوارمان بۆ دەڕەخسێنێت بپرسین شوێنی توانستی پڕاگماتیکی، لە زماندا لەکوێدایە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دید و تێڕوانینی (چۆمسکی) و (تیۆری پەیوەست) بەهەند وەردەگرین. (چۆمسکی) پێیوایە ((زمان وەک بەشێک لە  تایبەتمەندیی  خۆڕسکی هزریی و ئاوەزیی مرۆڤ خاوەنی توانستی زمانییە و کردەی دانانی ئەو توانست و کۆزانیارییە، بۆ بەرهەمهێنان و لێکدانەوەی دەربڕاوەکان، لە بارێکی دیاریکراودا توانای زمانییە)).(Chomsky,1965,4)، کەواتە کۆزانیاری زمانیی تایبەتمەندیی مێشکی مرۆڤە، لەکاتی بەکارهێنانی ڕاستەقینەی زمان، لە دۆخی کۆنکرێتیدا دەنوێنرێت، ئەم جیاوازییە سەرەکییەی نێوان (توانست و توانا) بووەتەهۆی ئەوەی دیاردە پڕاگماتیکییەکان بخرێنە (مەودای توانای زمانیی) ئەم تێڕوانینەی (چۆمسکی) تێڕوانینێکی مۆدولارانەیە بۆ (توانستی پڕاگماتیکی) کە (فۆدۆر) لە ساڵی (١٩٨٣)دا ئەم بیرۆکەیەی ڕەتکردووەتەوە. دواتر (چۆمسکی) لە کتێبی (یاسا و نواندنەکاندا) باسی توانستی پراگماتیکی دەکات و پێیوایە ((ئەو کەسەی زمانەکەی دەزانێت ئەو مەرجانە دەزانێت، کە لە سایەیدا گونجاوە، بۆ بەکارهێنانی ڕستەیەک  دەزانێت، کە چ مەبەستێک لە ڕێگەی بەکارهێنانی شیاوی ڕستەیەک، لە ژێر هەلومەرجی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا زیاتر دەکرێت، هەربۆیە پێویستە توانستی ڕێزمانی و پڕاگماتیکی لەیەک جیابکرێنەوە بەمجۆرەش دوای کۆزانیاریی دەربارەی مەرجەکان و شێوازی بەکارهێنانی گونجاو، لەگەڵ مەبەستە جیاوازەکاندا، دواتر بیر لە زمان دەکەینەوە، وەک کەرەستەیەک، کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت، کەواتە دەکرێت بڵێین  توانستی پڕاگماتیکی، زمان لە ناو چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی بەکارهێنانیدا دادەنێت، بەجۆرێک نییەت و مەبەستەکانی، بە واتای زمانی بەردەست پەیوەستدەکات)).(Chomsky,1980,224-225)، ئەم تێگەیشتنە بە

واتای ئەوەی، بە کۆزانیاریی دەربارەی مەرجەکان و مەبەستی زمان بەکارهێنان، کە لەگەڵ نۆرمە و کلتوریی و کۆمەڵایەتییەکادا بگونجێت، هاوبەشیکاران دەتوانن نییەت و مەبەستەکان، بە هۆکاری زمانیی بەردەست پێکەوە ببەستنەوە، کەواتە توانستی پڕاگماتیکی نییەتەکانی پەیوەندیکردن و هەڵبژاردن لەخۆدەگرێت، کە هەموو ئاستەکانی زمان لە (فۆنەتیکەوە تا شیکاری دەق) لەم هەڵبژاردنەدا بەشدارن ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە تێگەشتنی زمانیی، لەلایەن کۆزانیاریی نازمانیی کەسێکەوە، لە بارودۆخ و ڕووداوەکاندا ڕێنموونیدەکرێت، لێرەوە ئەو پرسیارە دروستدەبێت، کە ئایا توانستی پراگماتیکی پێڕەوێکە لە کۆزانیاریی (ناواخن) یان توانایەک، کە لە هەلومەرجی گونجاوی بەکارهێنانی زماندا بەدەستدەهێنرێت؟ لەمروانگەیەوە ئەگەر توانستی پراگماتیکی لە توانا جیابکرێتەوە، ئەوا بەشێوەی سیستەمێکی کۆزانیاریی هاوشێوەی (توانستی ڕێزمانی) دووپاتدەکرێتەوە، لێرەوە دەردەکەوێت توانستی پڕاگماتیکی و توانستی ڕێزمانی لە یەک جودان و بەشێکن لە (توانستی زمانی)[٨]بەوپێیەش کە ((توانای زمانیی، داتا بۆ لێکۆڵینەوە لەتوانستی زمانیی دابیندەکات)).(Chomsky,2006,104)، کەواتە توانای زمانیی سەرچاوەیە، بۆ لێکۆڵینەوە لە توانستی زمانیی و هۆکاری ناسینی (باری ئاوەزیی) زمانێکە، بەم درکپێکردنەش دەتوانین بڵێین لەو ڕوانگەیەی، کە توانستی پڕاگماتیکی پێکهاتەیەکە لە توانستی زمانیی، پێویستە توانای زمانیی داتا، بۆ لێکۆڵینەوە لە توانستی پڕاگماتیکیش دابینبکات. ئەو گریمانانەی سەرەوە چەند ئەڵقەیەک جێدەهێڵن، کە دەبێتەهۆی لاوازکردنی هەژمارێکی تیۆریی لە توانستی پڕاگماتیکیدا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی، کە توانستی زمانیی تایبەتمەندییەکی جەوهەرییە لە ئاوەزی مرۆڤدا دەتوانێت بەڕاستی توانستی پراگماتیکی لەخۆبگرێت، کە بەپێی (Chomsky) لەلایەن بەکارهێنەرانی زمان بە نییەت و مەبەستێکی دیاریکراو لەژێر هەلومەرجی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا وەک زانیاری بەدەستهاتووە، بە هەمان شێوە بۆ وردەکارییە هەمەجۆرەکانی ڕێکخستنی سینتاکسی لە سیستەمی ڕێزمانییدا بۆ زانینی چۆنییەتی بەکارهێنانی زمان بەشێوەیەکی گونجاو ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ توانستی پڕاگماتیکی، بۆ نموونە ئەوەی کە بە (خۆپاراستن، ئاگادارکردنەوە، هەڕەشەکردن، ڕێزگرتن، داوای لێبوردن، سکاڵا)، کە بەهۆی پەرژینەکان و شێوازی دەربڕینەوە دەگەیەنرێت خۆرسکی (توانا) نییە، بەڵکو لەناو کلتوورێکی دیاریکراودا بەدەستهاتووە، کە دواتر دەتوانرێت پەرەپێبدرێت و هەمواربکرێتەوە، ئەمە بە واتایەی ((پەرژینەکان، یان بەڵگە زمانییەکان نیشاندانی توانستی متمانەپێکراوی قسەکەرە، بۆ گوێگر)).(Wilson,2011,24)، ئەم بیروبۆچونەش تێڕامانە بۆ پرسیارکردن لەوەی، ئەگەر توانستی پراگماتیکی وا لە مرۆڤ بکات، لە دۆخێکی کۆنکریتدا توانایەک ئەنجامبدات، ئەوا چۆن توانستی پراگماتیکی جیاوازە لە توانای زمانیی؟ ئایا توانستی پراگماتیکی و توانای زمانیی، وەک دوو پێڕەوەی جیای دەستکەوتنی

-----------------------------------

٨-بۆ ئەوەی بەوردی دەربارەی (توانست و توانای زمانی) بزانیت سوود ببینە لە: قادر،کاروان (٢٠١٢، ٨٢-٨٤ )

زمان دەخوێنرێنەوە، یان کۆزانیارییە دەربارەی دروستە زمانییەکان (کۆزانیاریی ڕێزمانی و فەرهەنگی) و چۆنییەتی بەکارهێنانی زمان لە لایەکەوە، یان وەک سیستەمێک بۆ پەیپێبردنێکی بەرهەمهێنەر، کە لە ڕاستیدا کاری لێکدانەوە ئەنجامدەدات، لەسەر ئەو شتەی کە ئەنجامدەدرێت، لە لایەکی ترەوە ئەمەش پرسیارێکی بنچینەیی دەوروژێنێت، بەوەی ئایا (توانا) نموونەی بەرهەمهێنانی زمانە، کە تێیدا جەخت لەسەر بەرهەمەکە، یان دەربڕاوەکە و پەیوەندیکار، یان نموونەیەک لە لێکدانەوەی زمان دەکاتەوە؟ بە تێڕوانینی (چۆمسکی) توانا بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بەکارهێنانی ڕاستەقینەی زمانیی داپۆشیوە، کە لە چۆنییەتی بەرهەمهێنان و ناساندن و تێگەیشتنی قسەدا دەرکەوتووە، کەواتە توانای زمانیی هەموو لایەنەکانی زمانی خستووەتەژێر هەژموونی خۆیەوە، ئەگەر وابێت ئەوە ڕوون نییە، کە لە ڕاستیدا توانستی پراگماتیکی لە کوێیە. بۆ ئەمەش (Chomsky,1979,49) دەڵێت:

**- لە ژێر توانستی زمانی - وەک یەکێک، لە هۆکارەکانی دیاریکردنی توانا ، یان**

**- لە ژێر توانای زمانی - وەک ڕەفتارێک، کە لە قسەکردن و پەیپێبردندا دەردەکەوێت.**

لەمڕوانگەیەوە (چۆمسکی) ساڵی(١٩٧٩) زیاتر ڕۆدەچێتە ناو بابەتەکە و بانگەشەی ئەوەیکرد، کە پێویستە تیۆرییەک بۆ توانا (بەرهەمهێنان، یان پەیپێبردن) دابنرێت لێکۆڵینەوە، لەو ڕێگایە بکات، کە تێیدا توانست بەدەستدێت، یان بەکاردەهێنرێت، کە دەبێت بیردۆزی توانست وەک بەشێکی بنەڕەتی لەخۆبگرێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، ئەگەر توانست بەشێک بێت، لە مۆدێلی توانا (نواندن)، ئەوا دەکرێت توانستی پراگماتیکی بێت، لێرەوە پراگماتیک و توانستی پراگماتیکی دەبنە پێشبرکێی هەڵگەڕانەوە بۆ بیردۆزی پەیوەندی، کە بۆ (تێگەیشتن) لە دەربڕاوێک جەخت لە سەر (درکپێکردن و پەیوەندیکردن) دەکاتەوە، بەجۆرێک (Carston) پرسیاری ئەوە دەکات ((ئایا پێویستە (تێگەیشتن) وەک توانست، یان وەک تواناییەک، یان تواناداریيەک تەماشابکرێت، کە پێویستی بە هەردوو جۆری سیستەمەکە هەیە؟)).(Carston,2002,10)، لەناو بیردۆزی پەیوەندیدا لێکدانەوەی قسە، یان دەربڕاوێک سیستمێکی توانایە لەکاتی ڕاستەقینەدا بە ئاڕاستەی تێگەیشتن بەرەوپێش دەڕوات و پرۆسەکردنێکی سەرهێڵی (پاڵنەرە ئاشکراکان)ە، کە بەهۆی کاریگەریی درکپێکردن بەدەستدەهێنرێت، لەو ڕوانگەیەشەوە تێگەیشتن پرۆسەکردنێکی دەستبەجێی پاڵنەرە ئاشکراکانە، کەواتە پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ (پرۆسەی درکپێکردن) دا هەیە، هەربۆیە تیۆری پەیوەست پێیوایە بۆ لێکدانەوەی دەربڕاوێک وەرگر پشت بە دوو جۆر لە پرۆسەی درکپێکردن (کۆدلێکدانەوە "Decoding" و هەڵهێنجان"Inference") دەبەستێت، کەواتە، لەبەر ڕۆشنایی میکانیزمی تێگەیشتنی پەیوەندیدار، کە تیۆری پەیوەست بانگەشەی بۆ دەکات ئاخێوەران بۆ هەڵهێنجانی واتای دیکۆدکراو چەمک و ڕێوشوێنەکانی خۆیان بۆ ئەرکی تێگەیشتن لە دەربڕاوەکە

جێبەجێدەکەن، بەمەش دەردەکەوێت (توانای پراگماتیکی)[٩] بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە توانستی زمانییەوە هەیە، بەجۆرێک ((ڕووکارەکانی (دامەزراوە"Faculty")ی زمان، واتە پرۆسەکانی دیکۆدکردنی (پێکهاتەکانی زمان"Language modules") کە نواندنی سیمانتیکی یان فۆرمی لۆژیکی دەگەیەنێت، لەگەڵ (پێکهاتە پراگماتیکییەکان"Pragmatics module"بۆ ڕێکارە هەڵهێنجەرە پراگماتیکییەکان، کە واتای قسەکەرەکە دەگەیەنن پەیکاڵدەبن، ئەم نواندنە ڕووکەشییە، لە خاڵی پەیوەندیی نێوان توانستی زمانیی، کە (توانستی سیمانتیکی)یە و توانای پراگماتیکیدا دەردەکەوێت)). (Carston,2002,11)، بە سەرنجدان لەم تێڕوانینە، بە ڕوونی ئەوە دەردەکەوێت، کە سیستەمێکی توانای زمانیی هەیە و بەرپرسیارە لە دەرهێنانی فۆرمی لۆژیکی، یان نواندنی سیمانتیکی، کە دەبێتەوە بە تێکردە بۆ سیستەمی پراگماتیکی، کەواتە توانستی زمانیی وەک ئامرازێک بۆ گەیاندنی توانستی پراگماتیکی، لەکاتی ڕاستەقینەدا کاردەکات، بەجۆرێک ڕووکارەکانی توانستی پراگماتیکی، لە توانای زمانیی (پەیوەندیی زارەکی)دا بەرجەستە دەبێت، لەسەر بنەمای ئەم ڕەوشە دەتوانین بڵێین، کە ((توانستی پراگماتیکی کاردانەوەیەکی تاکگەرا و ئۆتۆماتیکی و نائاگاییانەیە و ئەو لێکدانەوانە پرۆسەدەکات، کە یەکسانن بە تیۆرەکانی دەروونناسی و بریتین لە لێکدانەوەی کردارەکانی مرۆڤ لەسەر ئاستی تاکەکەسی)).(Ifantidou,2014,4)، کەواتە توانستی پراگماتیکی، وەک پرۆسەی لێکدانەوە دەردەکەوێت و بەندە بە کارلێککردنی میکانیکی سیستەمە لاوەکییەکان و چالاکییە کەسییەکان، کە ئۆتۆماتیکی بەهۆی ڕێکارەکانی تێگەیشتنەوە پێکدێن، بەجۆرێک پرۆسە بەرهەمهێنەرەکان کارلێک لەگەڵ سیستەمە کەسییە لاوەکییەکانی تری وەک (بناغەی هاوبەش، کۆزانیاریی دنیایی، نۆرم و ڕەوشە کۆمەڵایەتییەکان) دەکەن، کە ژماردنەکانی لەسەر تێکردنە گوتەییەکان، یان پاڵنەرێکی ئاشکرا ئەنجامدەدات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە بەڵگەهێنانەوە ئاوەزیی و ئاگاییەکان، پرۆسەی هەڵهێنجانە نائاگاییەکان لە ئاستێکی دەروونییدا دەکەن، کەواتە توانستی زمانیی و توانستی پراگماتیکی پەیوەستن، کە لە پەیوەندیی زارەکیدا لە ڕێگەی تواناوە پێشاندەدرێت، دەتوانرێت لە ڕێگەی نواندنی مێتا پراگماتیکی زانیارییەکانەوە هەڵبسەنگێنرێت، بۆ ئەمەش بڕوانە خشتەی ڕوونکردنەوەی توانستی پراگماتیکی (سەرچاوەی پێشوو):

-----------------------------------

٩-لە زۆر سەچاوەدا (توانای پراگماتیکی) لە بری زاراوەی(توانستی پراگماتیکی) بەکارهاتووە، بۆ زانیاری بڕوانە:
A-Perkins,Michael (2007,11) B- Rose, Kenneth and Gabriele, kasper ( 2001,1-١٤)

| چۆمسکی | تیۆری پەیوەست |
| --- | --- |
| توانستی زمانیی | توانای پراگماتیکی |
| توانستی ڕێزمانی | هەڵهێنجان |
| توانستی پراگماتیکی | هۆکار کەمکردنەوە |
| توانای زمانیی | دەستپێداگەیشتن بە (پاشخانەکان) |
| بەرهەمهێنان | کۆزانیاریی |
| پەیپێبردن | دەستپێداگەیشتنی دەوروبەرێتی گریمانەکان |
| .......یان....... | ڕێساکانی پەیوەندیکردن |
| توانای زمانیی | ↑ |
| بەرهەمهێنان | ڕووکاری بەکارهێنراو<br>نواندنی چەمکیی /سیمانتیک |
| پەیپێبردن | |
| توانستی زمانیی | توانای زمانیی |
| توانستی ڕێزمانی | ↑ |
| توانستی پڕاگماتیکی | توانستی زمانیی |
| | کۆدلێکدانەوە (توانستی سیمانتیکی) |

خشتەی ژمارە (١)

ڕوونکردنەوەی توانستی پراگماتیکی لەڕوانگەی (چۆمسکی و تیۆری پەیوەست)ەوە

بە وردبوونەوە لە خشتەی ژمارە (١) ئەوە ڕووندەبێتەوە، لەڕوانگەی (چۆمسکی)یەوە توانستی زمانیی بەشێکە لە دامەزراوەی مێشکی مرۆڤ و توانستی پڕاگماتیکی لەخۆدەگرێت لەڕێگەی تواناوە، کە بریتییە لە بەرهەمهێنان و پەیپێبردن دەنوێنرێت، بەڵام لەڕوانگەی (تیۆری پەیوەست)ەوە توانستی پڕاگماتیکی، کە لەسەر ئاستی ڕێزمان، لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا بەهۆی (دەستپێداگەیشتنی دەوروبەرێتی، پاشخانەکان، کۆزانیارییە بەدەستهاتووەکان) هەڵدەهێنجرێت بەندە، بە توانا و ئاستی درکپێکردنی تاک، بۆ پرۆسەکردنی هەموو ئەو هۆکار و پاڵنەرە دەرەکییانەی، کە کاریگەرییان لەسەر نواندنی ئەو توانستە پەیوەست بە دەوروبەرە جیاوازەکان هەیە و بنەمای چۆنییەتی بونیادنان و لێکدانەوەی واتایە لە ئاوەزی گوێگردا، چونکە پرۆسە بەرهەمهێنەرە نائاگاییەکان وەک ناوەندێک وان بۆ تێکردە و دەرکردەکان کە لە ئاستی تاکەکەسیدا جیاوازن، هەربۆیە بەرزکردنەوەی توانستی پراگماتیکی وەک بەرهەمی فێربوونی

ژینگەیی دەبێت لەگەڵ میکانیزمی پێشینە گەنجکراوەکاندا پەیوەستبێت، کە تایبەتن بە ئەرکی تێگەیشتنی گوتار و نییەتەکانی پەیوەندی، بەمجۆرە پرۆسە سەرهێڵەکانی ناوەوە (دەستپێداگەیشتن، گریمانە پەیوەندیدارەکان، پاشخانەکان، کۆزانیاری، تەسککردنەوە، فراوانکردن) کە ناتوانین بە ئاگاییەوە بیانگەینێ ئەنجامی چالاکییە لێکدراوەکانە، کە پراگماتیکییانە لە شێوەی دەرکردەدا، واتە لە چێوەی فۆرمێکی لۆژیکیدا، کە بە دەوروبەر کاریگەرە، دەگەیەنرێن و دەتوانین بە ئاگاییەوە بیانگەینێ و بۆ بەرزکردنەوە و گەشەسەندنی توانستی پراگماتیکی بەکاربهێنرێن.

## ٣-٣/١) پراگماتیک و فۆرمی لۆژیکی

شیکاری پەیوەندیی نێوان لۆژیک و زمان لە سەدەی بیستەمدا پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، لەم سەدەیەدا (Frege) ئەوەی ڕوونکردەوە، کە شتێک، یان بەهۆی شتێکی ترەوە دەبێت، یان بەهۆیەوە نابێت، لە هەردوو بارەکەدا ببێت، یان نەبێت پەیوەندی بە سایکۆلۆژیای مرۆڤەوە نییە. بەو واتایەی لۆژیک بریتی نییە لە یاساکانی بیرکردنەوە و هیچ پەیوەندی بە بیرکردنەوەوە نییە، کەواتە بابەتە لۆژیکییەکان ڕاستەقینەن و لە دەرەوەی بیرکردنەوەی مرۆڤدان، کە دەتوانین لێیان تێبگەین، یان دەربارەیان بە هەڵەدا بچین. بەم تێڕوانینەش(Frege) گۆڕانکاری لە پێوانە لۆژیکییەی (ئەرستۆ)دا کرد، کە وایدانابوو لۆژیک پێکهاتووە لەو یاسایانەی، کە بیرکردنەوە ئاڕاستە دەکەن دواتر (Wittgenstein) لە قۆناغی یەکەمی فەلسەفەکەیدا پێیوابووە، کە دەبێت بیر نواندنی وێنەیەکی لۆژیکی ڕاستیی و ڕاستەقینەکان بێت، لێرەشەوە بە تەواوی دەتوانین  بە زمان وێنای لۆژیک بکەین. دوابەدوای ئەم ئاڕاستەیە (Russell)[١٠]کە سەر بە (فەلسەفەی شیکاری)بوو کارەکانی شیکردنەوەی ئەو ڕستە و دەستەواژە و چەمکانە بوو، کە بەکارهێنراون واتە چۆنییەتی بەکارهێنانی زمانی کردبووە بنەمای کارەکانی و پێیوابوو، کە فۆرمی لۆژیکی مەرج نییە دەربڕی (ڕاستەقینەکان)بێت، بەڵکو فۆرمی لۆژیکی لە پەیوەندی لەگەڵ جیهانی فیزیکیدا بە دروستە زمانییەکان وێنادەکرێت. ئەم تێڕوانینەی (Russell) کاریگەری لەسەر قۆناغی دووەمی فەلسەفەی (Wittgenstein)[١١]هەبوو، کە بە پێچەوانەی قۆناغی یەکەمەوە لە کتێبی (Philosophical Investigation)دا پێیوایە، کە وشە لە ڕێگەی هزر و بۆچوونی بەکارهێنەرانییەوە واتای خۆی وەردەگرێت، بەو واتایەی زمان بەکارهێنانە، ئەمەشی لەژێر ناوی (گەمەکانی زمان)دا ناساندووە، ئەمەش بە ڕوونی دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە فۆرمی لۆژیکی لە دەوروبەری بەکارهێنانەوە سەرچاوەدەگرێت. کەواتە فۆرمی لۆژیکی دەرخەری بیرێکی بنەرەتییە و

-----------------------------------

١٠-بۆ ئەوەی وردتر دەربارەی تێڕوانینەکانی(Russell)بزانیت بڕوانە: Bertrand, Russell(2010)

١١-بۆ ئاشنابوون بە قۆناغی دووەمی فەلسەفەکەی(Wittgentein)سوود ببینە لە:  Ludwig, Wittgentein (1953)

جۆرێکە لە ئاستی (زمانی نوێنراو"linguistics Representation"). لێرەشەوە دەتوانین بڵێین لە پەیوەندی نێوان زمان و لۆژیکدا ئەو دەربڕاوانەی بە هۆی سیمانتیک و لێکدانەوەیان لە ئاوەزدا ناتوانرێت (مەرجی ڕاستی)[12]یان بۆ دیاریبکرێت، ئەوا لە بەکارهێناندا دەردەکەون، بەوپێیەی واتاکان جیاوازن، چونکە لە (سەرچاوە) ی جیاوازەوە دێن، بەڵام ئەوە لەو ڕاستییە کەمناکاتەوە، کە سەرجەم ئەو واتایانە لە ڕێگەی مەرجی ڕاستییەوە شیدەکرێنەوە. لەو ڕوانگەیەشەوە، کە پراگماتیک لێکۆڵینەوە لەو پەیوەندییە زمانییانە دەکات، کە پشت بە (دەوروبەر) دەبەستن، واتە لێکۆڵینەوە لە چۆنییەتی گۆڕانی واتای سەرچاوەیی دەکات، لە چوارچێوەی بەکارهێنان و ئەو بارانەی، بەپێی کات و شوێن زمانیی تێدا بەکاردەهێنرێت، بەمپێیەش هەموو کاریگەرییە (دەوروبەرییە نێو زمانییەکان) دەتوانن فۆڕمی لۆژیکییان هەبێت، لەم گۆشەیەوە تێدەگەین ((یەکێک لە ڕۆڵەکانی دەوروبەر ئەوەیە یارمەتیمان دەدات بۆ بڕیاردان لەوەی، چ فۆڕمێکی لۆژیکی بۆ دەربڕاوێک هەڵبژێرین)).(Stanly,2000,399)، ئەمەش بە واتای ئەوەی ئێمە سوود لە دەوروبەر وەردەگرین بۆئەوەی بڕیار بدەین، کە چی لێکدەدەینەوە. کەواتە دەکرێت بڵێین بۆ گەیشتن بە هەر فۆڕمێکی لۆژیکی دەبێت، کاریگەری دەوروبەر لەگەڵ دەربڕاوەکەدا لەبەرچاوبگیرێت، بە تێڕوانینی(ستانلی) جیا لە (دەوروبەرییە نێو زمانییەکان) دەبێت (ڕۆڵی ڕێزمانی دەوروبەر" Grammatical context role") کە سیماکەی ناکۆکی لەسەر نییە، واتە جێی هەڕەشە و هەڵتەکاندن نییە لەبەرچاوبگیرێت، بەو واتایەی ڕێکخستنی سینتاکسی یەکە زمانییەکان و گونجاندنییان بەیەکەوە، کاریگەرییان لە گەیشتن بە فۆڕمە لۆژیکییەدا هەیە، کە (Stanly,2000,399) بەم هاوکێشەیەی خوارەوە ڕوونیدەکاتەوە:

**Utterance + X = Logical form**

**دەربڕاو + ڕۆڵی ڕێزمانی دەوروبەر = فۆڕمی لۆژیکی**

خستنەڕووی هاوکێشەکە دەرخەری ئەو ڕاستیەیە، کە هەر فۆڕمێکی لۆژیکی بێ وەرگرتن و لێکدانەوەی کاریگەری ڕۆڵی ڕێزمانی دەوروبەر، واتایەکی ناتەواوی هەیە و تێگەیشتن بەرهەمناهێنێت. واتە لێکدانەوەی ئەو دەربڕاوەی، کە لە چێوەی فۆڕمێکی لۆژیکیدا نوێنراوە، بە کاریگەریی دەوروبەری ڕێزمانی واتا لە هزر و ئاوەزی ئاخێوەراندا بونیاددەنێت. بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییەش سەرنج لە دەربڕاوی نموونەی (٣٢) بدە:

**(٣٢) - منداڵەکە شیرەکەی خواردەوە.**

گەر سەرنج لە دەربڕاوی نموونەی (٣٢)بدەین دەبینین، کە ڕێکخستن و ڕیزکردنی دروستە زمانییەکان لەڕووی ڕێزمان و واتاوە بەیەکەوە دەگونجێن و فۆڕمێکی لۆژیکی بۆ ڕستەکە دەستەبەردەکەن.

---

١٢-بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی فۆڕمی لۆژیکی و مەرجی ڕاستی بڕوانە: حمەغەریب،بەهرە (٢٠١٦)

جیاواز له ڕۆڵی ڕێزمانی، (دەوروبەرییە نێو زمانییەکان"extra-linguistic context") کە دەبنەوە بەشێک لە کۆزانیاریی زمانیی لەڕوانگەی پراگماتیکی درکپێکردنەوە، لەگەڵ فۆڕمە لۆژیکییە گەیەنراوەکەدا بە کاریگەریی ڕۆڵی ڕێزمانی مەرجی ڕاستی دەربڕاوێک دەستەبەردەکەن، ئەمەش بەم هاوکێشەیەی خوارەوەدا دەردەخەین:

**Logical form + Meaning assignments + X = Truth-conditions**

**فۆڕمی لۆژیکی + ئەرکی واتا + ڕۆڵی ڕێزمانی دەوروبەر = مەرجی ڕاستی**

هاوکێشەی دروستبوونی مەرجی ڕاستی ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە مەرجی ڕاستی هیچ کات بەبێ وەرگرتنی ئەو دەرورووبەرەی واتاکەی بۆ بەکاردێت، لەگەڵ دەوروبەری ڕێزمانییدا چنگناکەوێت، ئەمەش لە لێکدانەوەی دەربڕاوەکانی نموونەی (٣٣)دا دەردەکەوێت:

**٣٣) آ– من ماندووم (بێزاربوون)**

**ب– من ماندووم (قسە نەکردن)**

**پ– من ماندووم (هیلاکی جەستەیی)**

لە نموونەی (٣٣)دا هەرسێ دەربڕاوی (آ، ب، پ) بەهۆی (دەوروبەر، کات، شوێنی وتن) لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت و واتاکەیان ڕووندەکرێتەوە، چونکە هەمان فۆڕمی لۆژیکییە بەهۆی دەوروبەرەکەوە هەرجارێک واتایەکی گەیاندووە، بەمپێیە دەوروبەر ڕۆڵی دیار و ئاشکرای لە لێکدانەوە بۆ گەیشتن بە فۆڕمێکی لۆژیکی هەیە، کە گۆڕانێکی سەرچاوەییە واتە هەر دەربڕینێکی سەرەتایی، کە ئاماژە و واتاکەی بە تەواوی لەلایەن دەوروبەرەوە دابیندەکرێت، کە بە یاسا ڕێزمانییەکان ڕێنموونیدەکرێت، ئەمەش ڕۆڵی دەوروبەرە لە چارەسەرکردنی کێشەی سەرچاوەییدا، چونکە گوێگر لە سەرەتادا تێبینییەکان بۆ بەها و کرۆکە واتای هەرتوخمێکی فۆڕمی لۆژیکی، کە وابەستەی توخمەکانی تری فۆڕمە لۆژیکییەکەیە و لەوانەیە هۆکاری دەوروبەرێتی هەبێت، لەلایەن قسەکەرەوە تەرخاندەکات. بەمەش ((گوێگر لە قۆناغی یەکەمدا ئەم بەهایانە بە گوێرەی دروستەی فۆڕمە لۆژیکییەکە تێکەڵدەکات، بۆئەوەی لێکدانەوەی فۆڕمی دەربخات. لە قۆناغی دووەمیشدا گوێگر ئەنجامی قۆناغی یەکەم بە ڕێزگرتن لە ماکزیمەکانی گرایس هەڵدەسەنگێنێت، کە زمانی نییە و ناتوانرێت بەهای توخمەکانی لە (دروستە نوێنراوەکان " Structured representation") دا پێ دیارییبکرێت)).(Bach,1999,64-65). کەواتە دیاریکردنی کرۆکەواتای توخمە لۆژیکییەکان لە قۆناغی یەکەمدا بریتییە لە لێکدانەوەی سیمانتیکی، کە لێکدانەوەیە بۆ جۆرێکی دەربڕین پەیوەستە بە دەقی وتراوەوە، بەڵام لە قۆناغی دووەمدا لێکدانەوەکە پراگماتیکییە، بە لەبەرچاوگرتنی دەوروبەرە نێو زمانییەکان و کات و شوێنی گوتنەکە لێکدانەوە بۆ واتای دەربڕاوەکە دەکات، هەربۆیە لێرەوە بەکارهێنانی سێیەمی (سیمانتیک–پراگماتیک)دیاریدەکرێت، بەپێی ئەم بەکارهێنانە سیمانتیک، بە

(مەرجی ڕاستی)یەوە پەیوەستە و گونجاوە لەگەڵ ئەو بەکارهێنانەی، کە لە ئاوەزدا هەیە و پشتبەستووە، بە قۆناغی یەکەمی لێکدانەوەکە و دەبێتە (مەرجی ڕاستی سیمانتیکی)، بەڵام لەگەڵئەمەشدا دەکرێت بڵێین لەگەڵ ئەو بەکارهێنانەی، کە لە ئاوەزدا هەیە زۆر بەکارهێنانی جیاواز بەپێی دەوروبەری وتن بۆ ئەو دەربڕاوانەی زمان هەن، کە پێیان ئاشناین، لەمڕووەوە لێکدانەوەی سیمانتیکی بۆ فۆرمێکی لۆژیکی بریتی دەبێت لە (نواندنی بەشەکییانەی چەمکییانە"Partially conceptual representation") کە وابەستەی دەوروبەری بەکارهێنانە و دەشێت تەواوی چەمکەکە، بە چەند شێوەیەکی جیاواز وابەستە، بە دەوروبەرێکی دیاریکراوەوە چەندجارێک خۆی بنوێنێت، کەواتە ئەوەی لێکدانەوەی سیمانتیکی بۆ فۆرمی لۆژیکی ڕستەیەک دەیگەیەنێت، ئەو شتە نییە کە لە دەربڕاوێکدا دەردەبڕێت، بەوپێیەی هەموو شتە هزریی و ئاوەزییەکان دەقاودەق و بێگۆڕانکاریی لە ئاگاییدا دەرناکەون، بەم درکپێکردنەش بۆئەوەی لە واتای تەواوی دەربڕاوێک بگەین (گرایس) پێیوایە ((بۆ ناسینەوەی تەواو دەربارەی ئەوەی قسەکەر دەیڵێت، پێویستە کات و بۆنەی وتنەکە دیاریبکرێت، کە دەبێتەهۆی دیاریکردنی ئەو شتەی کە دەوترێت)).(Grice,1989,25)، لێرەوە دەکرێت بڵێین قۆناغی یەکەمی لێکدانەوە کە سیمانتیکییە، دواتر لە بەدەستهێنانی پڕاگماتیکدا بەکاردەهێنرێت، کە شیکردنەوە لەو بوارانەی لێکدانەوە دەکات، وەک تێکردەی مەرجی ڕاستی کردارێکی زمانی وەردەگیرێن، کە تیایدا بەخشکەییەکان پێکداچوو لەگەڵ کردە قسەییەکان تێدەگەیەنرێن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ناوەڕۆکی دەربڕاوەکە بەشێوەیەکی ڕاست، یان گشتی لە ناو ڕستە گەیەنراوەکەدا کۆدنەکراوە، بەمەش دەتوانرێت پەیوەندی بەخشکەیی لەناو ڕستەکانی زمانێکدا بدۆزرێتەوە، کە ڕاستەخۆ دەبێتەهۆی گۆڕانی فۆرمی لۆژیکی ئەو ڕستانە ئەمەش لە نموونەی(٣٤)دا ڕووندەکەینەوە:

**(٣٤)  –  ئایدا : ئارا زۆر بێزارە.**

**ئیلیا : ئارا لە تاقیکردنەوەکەدا دەرنەچووە.**

**ئایدا : ئارا نەخۆشە.**

**+> ئارا یان دەرنەچووە، یان نەخۆشە بۆیە بێزارە.**

ڕستەکانی نموونەی(٣٤)هەریەکەیان خاوەنی فۆرمێکی لۆژیکین، کە وەک بەخشکەیی لە ڕستە بنەڕەتییەکەوە (ئارا زۆر بێزارە) هەڵهێنجراون، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، یەک ڕستە چەند بەخشکەیی دەربڕینی جیاوازی هەبێت ئەوەندەش فۆرمی لۆژیکی جیاوازی هەیە، واتە بەخشکەیی دەربڕین بە واتای هێنانەئارای فۆرمی لۆژیکی جیاواز لە فۆرمە لۆژیکییە دەربڕاوەکەیە. بەمەش تێدەگەین، کە فۆرمی لۆژیکی ئەو نواندنە یەکجارەکییە نییە، کە بانگەشەی بۆ کراوە. بەم پەیپێبردنەش دەتوانین بڵێین، کە واتای فۆرمێکی لۆژیکی دەربڕاو پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە، بۆئەوەی ناوەڕۆکێکی گونجاو بۆ واتای قسەکەرەکە دیاریبکات. لێرەشەوەیە کە گرنگی (بەها دەوروبەرێتییەکان) دەهەژێنرێت. کەواتە

((سیمانتیک دەبێت جێگایەک بۆ پرۆسە پراگماتیکییە ئازادەکانی وەک (تەسککردنەوە، فراوانکردن) دروستبکات بۆ پاراستنی بەها دەوروبەرێتییەکان بۆ توخمەکانی ناو ڕستە دەربڕاوەکە)).(Recanti,2007,1).

بەمپێیە پرۆسە پراگماتیکییە ئازادەکان وەک تێکردەی واتایی، بۆ لێکدانەوەی واتای سیمانتیکی هەندێک دەربڕین و دەرهاویشتەی واتا هەموارکراوەکە بە واتای دەربڕینەکانی تر لە ڕستەدا بۆ هەڵهێنجانی فۆرمێکی لۆژیکی تێکەڵ بە سیمانتیک دەبێت. ئەمەش واتە یاساکانی پێکهاتن بەهای دەربڕینێکی ئاڵۆز لەسەر بنەمای (بەهای پراگماتیکی هەموارکراو"values Pragmatically modulation")ی بەشەکان دیاریدەکات. بۆ ئەمەش(Recanti) یاسای پێکهاتنی دەربڕاوێکی ئاڵۆز وەک ئەم هاوکێشەیە دەخاتەڕوو:

$$\text{(f)} \quad \mathbf{I}\,(\mathbf{a}\wedge \mathbf{b})_{c} = \mathbf{f}\,(\mathbf{g_1}(\mathbf{I}\,(\mathbf{a})_{c1})\ ,\ \mathbf{g_2}\,(\mathbf{I}\,(\mathbf{b})_{c2}))$$

بە وردبوونەوە و تێڕامان، لە هاوکێشەکەی سەرەوە دەبینین دەوروبەر ئەو پێگە کاریگەرەیە، کە دەبێتەهۆی هەموارکردنەوە و تێگەیشتن لە فۆرمی لۆژیکی دەربڕاوێک و پراگماتیکییانە مەرجی ڕاستی بۆ دەربڕاوێک دەستەبەردەکات. بۆ نموونە لێکدانەوەی دەربڕاوی **(شار دەخەوێت)** وەک دەربڕاوێکی ئاڵۆز ئەوەیە تێبگەین لەوەی، کە (شار) لەژێر دەستکاریکردنی پراگماتیکدا ($g_1$) کە دەستکاتیکردنێکی ناسنامەییە بەشێوەیەکی (میتۆنۆمی)[13]بۆ ئاماژەدان بە (دانیشتوانی شارێک) لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا ($C_1$) بەکارهاتووە، کە ناوەڕۆکێکی گۆڕاو دەگەیەنێت. هەروەها (دەخەوێت) کە بە شێوەیەکی (میتافۆری)[14]پەیوەست بە دەوروبەر ($C_2$) بە هەموارکردنەوەی پراگماتیکی($g_2$) نوێنراوە ئەو لێکدانەوەیە ($I$) بەدەستدەهێنێت، کە (شارەکە دوورە لە هاتوچۆ و ژاوەژاو، یان قەرەباڵغی) ئەم لێکدانەوەیەش بریتی دەبێت لە فۆرمی لۆژیکی هەموارکراو($LF^*$) لێکدانەوەی بەدەستهاتووش پەیوەست بەشێوە داڕشتنی هاوکێشەکە بەمشێوەیە وێنادەکرێت:

$$\mathbf{I}\left(\textbf{شار دەخەوێت}\right)_{c} = \mathbf{f}\left(\mathbf{g_1}\left(\mathbf{I}\,(\textbf{شار})_{c١}\right)\ ,\ \mathbf{g_2}\left(\mathbf{I}(\textbf{دەخەوێت})_{c٢}\right)\right)$$

لە ڕوونکردنەوەی هاوکێشەکە و شیکردنەوەی نموونەکەوە، بەو ڕاستییە کۆنکرێتییە دەگەین، کە بەهای سیمانتیکی دەستەواژەیەکی ئاڵۆز لە بەهای پراگماتیکی بەشەکانەوە دەستدەکەوێت، واتە چی کاتێک

---

١٣-میتۆنۆمی: وشەیەک یان فرێزێکە، کە ڕۆڵی وشەکانی دیکە دەگێرێت و یەکێکە لە توانا بیریی و ئاوەزییەکانی مرۆڤ پەیپێبردنی قسەکەرانە تا لە ڕێیەوە گوزارشتی تەواویان بۆ دەق و بارودۆخەکان هەبێت، بۆزانیاری زیاتر دەربارەی میتۆنۆمی و جۆرەکانی بڕوانە: غریب، نالی (٢٠١٦).

١٤- میتافۆر: مادەیەکی سەرەتایی بیربزواندن و هەڵگواستراوی زمانە بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: علی، بەکر (٢٠٠٠).

بەهای سیمانتیکی بەشەکان بە واتای هەموارکراوی پڕاگماتیکی دەگرینەبەر؟ کەواتە بە لێکدانەوەی پڕاگماتیکی و لەژێر کاریگەریی دەوروبەردا، ڕستە ناوەڕۆک و مەرجی ڕاستی دەربڕاوێک دەنەخشێنرێت. بەم تێگەیشتنەشەوە دەشێت بگوترێت فۆرمی لۆژیکی هەموارکراو دەرەنجامی پرۆسەکردنی (سیمانتیک–پڕاگماتیک)ە، کە خۆی فۆرمێکی لۆژیکی بۆ دەربڕاوەکە دیاریدەکات، واتە ئەوەی، کە دەربڕاوەکە دەیگرێتەوە چییە. لەمڕوانگەیەوە (ڕێکانتی) پێیوایە ((دەرئەنجامی پرۆسە پڕاگماتیکییە ئازادەکان و هەڵهێنجانی واتای هەموارکراو بۆ فۆرمێکی لۆژیکی، دەبێتە مەرجی ڕاستیی پڕاگماتیکی)).(Recanti,2007,2-4)، بەپێی ئەم بۆچوونە مەرجی ڕاستی، بەهۆی سیمانتیکەوە دیاریناکرێت، بەڵکو ناوەڕۆکی مەرجی ڕاستی، لە مەودایەکی فراواندا دەبێتە بابەت و لێکدانەوەی پڕاگماتیکی، کەواتە مەرجی ڕاستی کاتێک دەردەکەوێت، کە ڕستەکان لە دەوروبەردا بەکاربێن و واتا ببەخشن، بۆ ئەم ڕاستییەش لە نموونەی(٣٥)دا سەرنج، لەو دەربڕاوانە بدە، کە واتاکانیان بەهۆی دەوروبەرەوە دەستەبەردەبێت:


**(٣٥ – من ئێستا کتێبەکانی ئێرە ڕێکدەخەمەوە.**

لە نموونەی(٣٥) دا بەهۆی دەوروبەرەوە ئاماژە و واتای نیشانە پڕاگماتیکییەکانی[١٥](من، ئێستا، ئێرە) دەستنیشاندەکرێن دەکرێت و دەزانین (من بۆ کێ دەگەڕێتەوە، ئێستا مەبەست چ کاتێکە، ئێرە بۆ کوێ بەکارهاتووە) دواتر دەتوانین ڕاستەقینەی ڕستەکە دیاریبکەین. کەواتە پرۆسە پڕاگماتیکییە ئازادەکان، کە بە هۆی دەوروبەرەوە چالاکدەکرێن، ڕۆڵی دیاریکردنی ناوەڕۆکی واتای پێتی دەبینن و (مەرجی ڕاستی پڕاگماتیکی) دەستەبەر دەکەن، کە بە تەواوی وەک بابەتی لێکدانەوە دێنە کایەوە و بەرز نابنەوە بۆ ئاستێکی زیاتری نوێنەرایەتیکردن. بەمپێیەشبێت نواندنە سینتاکسییەکان وەک تێکردەیەک یارمەتیدەرن بۆ پرۆسەکانی لێکدانەوە. لەمڕووەوە (چۆمسکی) پێیوایە ((ئاستی نواندنی سینتاکسی فۆرمێکی لۆژیکی، کە تایبەتمەندی فیچەرەکانی دروستەی ڕستەکە دیاریدەکات ڕاستەوخۆ دەچێتە ناو لێکدانەوەی سیمانتیکی ڕستەکانەوە، کە بە وردی لە ڕێگەی تایبەتمەندیی ڕێزمانی ڕستەکانەوە دیاریدەکرێن)).( Recanti,2007, 5)، لێرەشەوە دەتوانین بڵێین لە ئاستی فۆرمی لۆژیکییەوە شیکردنەوە سیمانتیکییەکان بەدەستدێن، کە بە یاسا ڕێزمانییەکان دیاریدەکرێن، دواتریش بەهۆی پرۆسە پڕاگماتیکییە ئازادەکانەوە فۆرمی لۆژیکی هەموارکراو لە تێکردە ڕێزمانییەکانەوە بە دەستدەهێنین. کەواتە ڕێکخستنی وردی دروستە سینتاکسییەکان دەبێتە تێکردە بۆ ئاستە تواناییەکان (توانای زمانی–

---

١٥- بۆ زیاتر تێگەیشتن و ئاشنابوون، بە نیشانە پڕاگماتیکییەکان، لە زمانی کوردیدا سوود ببینە لە: فەرەج، هۆگر (٢٠٠٠).

توانای پراگماتیکی) لە شێوەی (دەرکردە)دا. بۆ ئەمەش (قادر،٢٠١٢، ٦٦) چۆنییەتی بەدەستهێنانی فۆرمێکی لۆژیکی لە تێکردە ڕێزمانییەکانەوە لە شێوەی دەرکردەدا بەم هێڵکارییەی خوارەوە وێنادەکات.




هێڵکاریی ژمارە(٣)
هێڵکاریی تێکردەیی و دەرکردەیی ئاستەکانی زمانەوانیی

بە خستنەڕووی ئەم هێڵکارییەی سەرەوە، ئەوە ڕووندەبێتەوە نواندنی فۆرمە لۆژیکییەکان لەسەر دروستەی سینتاکسی(ڕووکەش)بونیادنراوە، کە ناوەندێکی سەرەکییە بۆ گەنجکردن و گەڕاندنەوەی زانیاری و بیر و دەبێتە تێکردە بۆ دەرکردەی ئاستەکانی تر، چونکە ئەم نواندنە ڕووکەشییە (باوەڕ، کۆزانیاری، نۆرم و بەهاکان) لەخۆدەگرێت، کە وەک نواندنی زیادە دەبنە فۆرمی لۆژیکی هەموارکراو. ئەمەش لە لایەن تیۆرزانانی پەیوەست و زۆربەی توێژەرە پراگماتیکییەکانەوە پەسەندکراوە، هەربۆیە (سپێربەر و ولْسن) دەڵێن ((ئەو نواندنەی، کە کارپێکراوە، بریتییە لە فۆرمی لۆژیکی دەربڕاوێک، کە لە لایەن مۆدیلێکی زمانییەوە نوێنراوە ئەو نواندنەشی، کە دەرەنجامی پرۆسە پراگماتیکییەکانە، بەشێوەی سینتاکسی لێکدەدرێتەوە بریتییە، لە فۆرمی ڕستە ناوەڕۆکێک"Proposition form")) (Wilson,Sperber,1986,195). پشتبەستوو بەم تێڕوانینە هەر نواندنێکی فۆرمی لۆژیکی بریتییە لە نواندنی مۆدیلێکی زمانی و چەمکی، بەوپێیەی سیمانتیک نەخشەی دروستە سینتاکسییەکان بۆ دروستە چەمکییەکان دەکێشێت. کەواتە کارکردن لە چوارچێوەیەکی تردا دەستەبەردەکات، کە تیایدا ڕێگە بە پرۆسە پراگماتیکییەکان دەدرێت لێکدانەوە بۆ فۆرمە لۆژیکییەکان و نواندنە چەمکییەکان بکات بۆ بەدەستهێنانی نواندنی چەمکی تر. ئەمەش لێکدانەوەیەکی سینتاکسییە بۆ پرۆسە پراگماتیکییە ئازادەکان، کە وەک نواندنی ئاوەزیی پەیوەست بە ڕستەکان دادەنرێت، بەهۆی تایبەتمەندییە ڕێزمانییەکانییان بۆ نواندنی ئاوەزی تر، کە دەرەنجامی بەشێک لە پرۆسە پراگماتیکییەکانن. بەم تێگەیشتنەشەوە دەکرێت

بڵێین فۆڕمی لۆژیکی دەربڕاو لە ئاستی پڕاگماتیکدا بە دەوڵەمەندکردنی ئازاد فۆڕمی لۆژیکی هەموارکراو دەستەبەردەکات، چونکە فۆڕمە لۆژیکییە دەربڕاوەکە دەبێتەوە بە تێکردە بۆ یاساکانی لێکدانەوە، کە بەهۆی هەڵهێنجانە پڕاگماتیکییەکانەوە فۆڕمی لۆژیکی تر دەستەبەردەکەن. بەمەش دەردەکەوێت مەرجی ڕاستیی و فۆڕمی لۆژیکی بۆ دەربڕاوێک دەبنە بابەتی پڕاگماتیکی، کە لە تیۆری پەیوەستدا گرنگی تایبەتی پێدراوە و چۆنییەتی هەڵهێنجانی فۆڕمە لۆژیکییە هەموارکراوەکە بەهۆی پرۆسە پڕاگماتیکییەکانەوە ڕوون و شیدەکرێتەوە.

## ٤/١) تیۆری پەیوەست لە پڕاگماتیکی درکپێکردندا

لە سنووری پڕاگماتیکی درکپێکردندا تیۆری پەیوەست، کە لەلایەن (Wilson,Sperber) لە ساڵی (١٩٨٦-١٩٩٥) پێشنیازکراوە، ڕێبازێکی نوێی لە چێوەی درکپێکردندا بۆ لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییەکانی مرۆڤ خستەڕوو، واتە پڕاگماتیکی لە چێوەی درکپێکردندا وەک تیۆرییەکی درکپێکردن ناساند، نەک وەک (جێگرەوە) بۆ ڕێساکانی هاریکاریکردنی(گرایس)، لەم تیۆرییەدا تەنها گرنگی بە بنەمای (پەیوەست)ی گرایس دراوە و لە بەرژەوەندیی تیۆرییەکی درکپێکردندا پەرەپێدراوە و کراوەتە بنەمای تیۆرییەکە بەوەی، درکپێکردنی مرۆڤ پەیوەندیدارە تیۆرزانانی پەیوەست بە سەرنج خستنەسەر چەمکی (پەیوەستبوون) وایاندانا کە ((مرۆڤەکان خاوەنی پەیوەستبوونێکی خۆڕسکین، کە دەتوانن بە بەردەوامی زانیارییە پەیوەندیدارەکان لە زانیارییە ناپەیوەندیدارەکان جیابکەنەوە، یان لە هەندێک باردا زانیارییە زیاتر پەیوەندیدارەکان، لە زانیارییە کەمتر پەیوەندیدارەکان جیابکەنەوە)).(Wilson,sperber,1995,119)، لەمڕوانگەیەشەوە ئەوەیان شیکردووەتەوە، کە بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوەی واتای قسەکەر، گوێگران بە گریمانەی پەیوەندیداریی گونجاو ڕێنماییدەکرێن، نەک بە ڕێسای هاریکاری و پێوانەکانی ئاخاوتن. بەپێی تیۆری پەیوەست واتای دەربڕاوێک بەبێ لە بەرچاوگرتنی دەوروبەر تەنها واتایەکی لاوەکییە و بە تەواوی ڕاستەقینە دیاریناکات، بەڵکو نەخشەیەک، یان کۆمەڵێک ئاماژە دادەبینێت، کە پرۆسەی پڕاگماتیکی تایبەت بە بۆنە و دەوروبەری دەربڕاوێک سنووردارەدەکات، بۆ دیاریکردنی ئەو واتا ڕاستەقینەیەی، کە قسەکەر مەبەستییەتی بیگەیەنێت. ئەم بۆچوونەش گۆڕانکارییەکی بەهێزە لە فەلسەفەی ئایدیاڵی زمانی بۆ پێگەیەکی درکپێکراوتر و زانیاریی و ئەزموونگەریی و وەرچەرخانێکی درکپێکراوانەیە لە زمانەوانیدا و وابەستەی دەروونناسیی پڕاگماتیکە، کە بریتین لە کۆمەڵێک پێڕەوی پەیپێبردنی تایبەت بە درکپێکردنە کۆمەڵایەتییەکان (بیروباوەڕ، پاڵنەرەکان، نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان) هەموویان دەبنە بنەمای بەکارهێنانی زمان لە دەوروبەردا، کە وەک پێکهاتەی پڕاگماتیکی ناوەڕۆکی مەبەستە پەیوەندیدارەکانی قسەکەران دەگرێتەوە. ئەمەش دەرخەری ڕۆڵ و گرنگی دەوروبەرە لە هەڵهێنجانی واتای قسەکەردا، هەربۆیە (سپەر و ویڵسن) پێیانوایە ((گریمانەیەک لە دەوروبەرێکدا

پەیوەندیدارە، ئەگەر و تەنها ئەگەر هەندێک کاریگەریی دەوروبەریتی لە دەوروبەرێکدا هەبێت)). (Wilson,sperber,1995,122)، کەواتە لێرەوە دەردەکەوێت کە زانیاری دەتوانێت لە دەوروبەرێکدا پەیوەندیدار بێت و لە دەوروبەرێکی تردا پەیوەندیدار نەبێت. بەمپێیە لێکدانەوەی مەبەستدار بۆ دەربڕاوێک بریتییە لە تێکەڵکردنی مەبەست لە ناوەڕۆکی ڕوون و گریمانە دەوروبەریتی و بەخشکەییەکان لەگەڵ بیروباوەڕی قسەکەر. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر ئەم نموونانەی خوارەوە دەخەینەڕوو:

**(٣٦ – کتێبەکەی ئایدا زۆر کەمی لێفرۆشرا.**

**(٣٧ آ– ئەم خانووە دەکڕیت؟**

**ب– مووچەکەم بەشی بژێویم ناکات.**

**(٣٨ آ– دەزانیت ئابوریی وڵات دادەڕمێت !**

**ب– ئەو نەزانە دەبێتە سەرۆکی نوێ.**

بە وردبونەوە لە نموونەکان دەبینین لە نموونەی(٣٦)دا، چەندین لێکدانەوەی زمانی هەیە، دەتوانین بە واتای ئەو کتێبە بەکاریبهێنین، کە (ئایدا) خاوەنداریتی دەکات، وەک (ئەو کتێبەی ئایدا نوسیوویەتی، ئەو کتێبەی ئایدا هەیەتی، ئەو کتێبەی ئایدا خوێندویەتییەوە) هەربۆیە گوێگر پێویستی بە چارەسەرکردنی ئەم ناڕوونییە سیمانتیکییە هەیە بۆئەوەی بڕیاربدات قسەکەر مەبەستی بووە چ واتایەک بگەیەنێت. هەروەها لە نموونەی(٣٧)دا بەڕوونی دەردەکەوێت بابەتەکە تەنها پەیوەندیکردن نییە، بەڵکو گەیاندنی مەبەستێکە، بەمەش لە ڕێی(٣٧ب)ەوە وەڵامی (٣٧آ) هەڵدەهێنجێنرێت، بەوەی گوێگر (پارەی پێویستی بۆ کڕینی خانوو نییە). لە نموونەی(٣٨)دا دەربڕینی هەڵوێست و بیروباوەڕی قسەکەر پیشاندەدات سەبارەت بە (باری ئابووری وڵات، لە ئەگەری هەڵبژاردنی سەرۆکی نوێدا). بەمپێیە دەستنیشانکردنی ئەوەی قسەکەر مەبەستییەتی بیگەیەنێت تەنیا بابەتی دیکۆدکردنی زمانی نییە، وەک ئەوەی (گرایس) باسیدەکات، ئەمەش بە ڕوونی ئەوە دەسەلمێنێت، کە دەوروبەر ڕۆڵی گرنگ لە وەرگرتنەوەی واتای قسەکەردا دەگێڕێت. بەمجۆرە ڕۆڵی دەوروبەر و دەستپێداگەتشتنی دەوروبەریتی تەنها دەقی زمانی و ئەو ژینگە کاتییە نییە، کە دەربڕاوەکەی تێدا بەکاردەهێنرێت، بەڵکو هەر گریمانەیەک لەخۆدەگرێت، کە بۆ لێکدانەوەی مەبەستدار بەکاردەهێنرێت. لەسەر ئەم بنەمایەش لە تیۆری پەیوەستدا ڕۆڵی دەوروبەر لە پەیوەندیی و لەیەکگەیشتندا دەبێتە جیگەی بایەخ و پرسیاری بنەڕەتی، وەک چۆن دەوروبەری گونجاو هەڵدەبژێرێت؟ بۆ زیاتر بەرچاوڕوونی و تێگەیشتن، با لە نموونەی(٣٩)ڕابمێنین:

**(٣٩ – ئارا چۆمسکی نەوەکانی داهاتوو دەبێت .**

لە نموونەی(٣٩)دا لێکدانەوەی مەبەستدار دەستبەجێ بۆ ئەم دەربڕاوە ئاشکرا دەبێت، واتە گوێگر سوود لە گریمانەی دەوروبەریتی وەردەگرێت، بەوەی (چۆمسکی)شۆڕشێکی کارای لە زمانەوانیدا کردووە، ئەمە وا دەکات گوێگر بگات بەو ئەنجامەی، کە (ئارا) لە زانستی زماندا کەسایەتییەکی لێهاتووە،

لەگەڵئەمەشدا دەکرێت گوێگر ئەوەش بزانێت، کە (چۆمسکی) سەرەڕای ئەوەی لە زمانەوانیدا کەسایەتییەکی دیارە، چالاکانە بەشداری لە سیاسەت و بڕیاری سیاسیشدا دەکات، بەڵام بۆچی گوێگر ئەم گریمانەیە لەبەرچاوناگرێت و وایدابنێت مەبەستی دەربڕاوەکە ئەوەیە، کە (ئارا) دەبێتە سیاسەتمەدارێکی لێهاتوو، لە جیاتی گریمانە ڕوون و ئاشکراکە، کە زمانەوانە؟ بۆ وەڵامی ئەمجۆرە پرسیارانە لەسەر بنەمای ئەو گریمانەیەی، کە درکپێکردن وەک پەیوەندیکردن پەیوەستدارە (Wilson,sperber,2004 ,610-612) بیرۆکە بنەڕەتییەکانی تیۆری پەیوەست لە دوو بنەمادا ڕووندەکەنەوە:

**١-ڕێسای درکپێکردن**:

درکپێکردنی مرۆڤ بە فراوانکردنی پەیوەندی ئاڕاستەکراوە. ئەم ڕێسایەش بەو واتایە دێت، کە تەنانەت تاکە ڕستەیەکی دیاریکراویش لەناو سیستەمی درکپێکردنی مرۆڤدا دەتوانرێت شیبکرێتەوە و لێکدانەوەی بۆ بکرێت، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات، کە مێشکی مرۆڤ توانای فراوانکردن و زیادکردنی پەیوەندی و دۆزینەوەی پەیوەستدارێتی لە نێوان دەربڕاوەکاندا هەیە، واتە لەکاتی سەرنجدانی دەربڕاوێکدا پەیپێبردنمان سەرنجەکە بۆ ئەو شتە ئاڕاستە دەکات، کە زۆرترین پەیوەندیی هەیە بەمەش گریمانە پەیوەستدارەکان زیاتر چالاکدەکات و دەتوانێت بەرهەمهێنانی زیاتربکات. لێرەشەوە خۆگونجاندنی پڕاگماتیکی بریتی دەبێت لە چالاکییەکی ئاوەزیی کە هەمیشە بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین زانیاریی بەدەستهاتوو ئاڕاستەکارە، کەواتە درکپێکردن پەیپێبردنمان چالاک دەکات تاوەکو پەیپێبردنیش چالاک بێت زیاتر لە هەڵهێنجانی مەبەست و واتای قسەکەر نزیکدەبینەوە. ئەمەش ئەوە دەردەخات مرۆڤەکان خواستی ئەوەیان هەیە گرنگی بەو دیاردانە بدەن، کە زیاتر پەیوەستدارن و ئەوانەی، کە زۆرترین پەیوەندی لە دەوروبەرێکدا بونیاددەنێن، بەمپێیە هەر زانیارییەکی نوێ، کە بە کاریگەیی پاڵنەرە دەرەکییەکانی وەک (دەنگەکان، دەربڕاوەکان، دیمەنەکان)، یان نواندنە ناوەکییەکانی (بیر، یادگە، هەڵهێنجان) هەڵدەهێنجرێت، دەشێت بە تاکێکەوە لە کاتێکدا پەیوەستبێت. کەواتە مرۆڤ خۆڕسکییانە بایەخ بەو دیاردانە دەدات کە پەیوەستداریی پێوەی هەیە.

**٢-ڕێسای پەیوەندی** :

هەریەک لە کردەکان، کە لە کردەی پەیوەندیکردندان گریمانە لە ناو خۆیاندا هەڵدەگرن، کە ((ئەم گریمانانە خاوەنی پەیوەستبونێکی ناوازەن. بەپێی ئەم ڕێسایە زانیارییە گەیەندراوەکان گریمانەیەکی پەیوەندیدار دروستدەکەن، کە تێگەیشتن بونیاددەنێت بەوەی هەر کردەیەک بانگەشەی سەرنجڕاکێشانی گوێگر دەکات و هانیدەدات باوەڕی بەوە هەبێت، کە ئەو زانیارییانەی پێشکەشدەکرێن ئەوەندە پەیوەستدارە، کە شایەنی سەرنجی ئەوان بێت)).(محمود،٢٠٢١)، واتە هەموو کردەیەکی پەیوەندیکردن چاوەڕوانییەکی پەیوەستدار دروستدەکات، لەم دوو بنەمایەشەوە دەتوانین بڵێین واتای کۆدکراوی دەربڕاوێک گونجاوە لەگەڵ لێکدانەوەکان و بەپێی دەوروبەرە جیاوازەکان و (دەستپێداگەیشتنی

فەرهەنگی"Lexicon access") ڕێکدەخرێن. لە هەمانکاتیشدا دەشێت واتای دیکۆدی ڕستەیەک لە هەمان دەوروبەردا کۆمەڵێک لێکدانەوەی جیاواز لەخۆبگرێت، بەجۆرێک واتا لێکدراوەکان بەردەوام لە کێبڕکێدان و پلەیان لە چۆنییەتی دەستپێداگەیشتندا هەیە و گوێگر پشتبەستوو، بە هەڵاوێری ناوەڕۆکی لێکدراوەکان بەپێی بەهێزی و ڕادەی پەیوەستداریی لێکدانەوەکان هەڵدەبژێرێت و دیارییان دەکات. پێوانەی درکپێکردنیش دروستانە لێکدانەوە و تێکردەیەکی پەیوەستدار لەنێو هەموو هەڵبژاردنەکانی تردا، کە لەگەڵ ناوەڕۆکدا لێکچووە هەڵدەبژێرێت دروستانەش ئەنجامێکی ڕاست بەرهەمدەهێنێت، لە نموونەی (٤٠) دا پەیوەستداریی بە پێی تێکردە و گریمانەی دەوروبەرێتی دیاریدەکەین:

**٤٠) – پەتی درۆ کورتە.**

بە سەرنجدان لە دەربڕاوی نموونەی(٤٠) بەپێی پەیوەستداریی تێکردەکە و دەستپێداگەیشتنی دەوروبەر و بەهێزی و ڕادەی پەیوەستداریی لێکدانەوەکە، پێوانەی درکپێکردن دروستانە لێکدانەوە و تێکردەی پەیوەستدار کە بریتییە لە (درۆ زوو ئاشکرا دەبێت) هەڵدەبژێرێت، لێرەشەوە تێدەگەین، کە تێکردەکە زۆرترین پەیوەستداریی هەیە و کاریگەریی درکپێکردنەکە بە کەمترین کۆشش بەدەستدەهێنرێت، کە گەڕانە بە دوای پەیوەستدارێتیدا، لەمڕووەشەوە (سپێر و ویڵسن) لە ڕوانگەی کاریگەریی درکپێکردن بەرانبەر خەریکبوون و تێچووی پرۆسەکردنی ئاوەزییەوە، کە پەیوەستداری زانیارییە گەیەنراوەکان دیاریدەکەن پێناسەی (پەیوەستداربوون)، بەمشێوەیە دەکەن، بڕوانە(Walaszewska,2015,46):

١-شتەکانی تر هاوتادەبن،تا کاریگەرییە ئەرێنییەکانی درکپێکردن، بەهۆی پرۆسێسکردنی تێکردەیەکەوە بەرهەمدەهێنرێت لای تاک زیاد بکات، پەیوەستداری تێکردەکە بۆ تاکەکە لەو کاتەدا زیاتر دەبێت.

٢-شتەکانی تر هاوتا دەبن، پرۆسەی کۆششکردنێکی کەمتر داوادەکرێت بۆ بەدەستهێنانی ئەو کاریگەرییانەی زیاتر پەیوەستدارترە بە واتایەکی تر تێچووی کۆششێکی زیاتر بۆ پرۆسێسکردنی تێکردەیەک، واتە پەیوەستداریی تێکردەکە بۆ تاکەکە لەو کاتەدا کەمترە.

ئەم تێڕوانینە دەربارەی کاریگەریی درکپێکردن و تێچووی پرۆسێسکردنی تێکردەیەک ئەوە دەردەخات، کە ((مرۆڤ خۆڕسکییانە ئەو تێکردانە وەردەگرێت زیاتر پەیوەستدارترە لە هەر تێکردەیەکی جێگرەوە بۆ تاکەکە لەو کاتەدا، بەمەش خۆڕسکییانە شتەکانی تر هاوتا دەبن و کاریگەرییە ئەرێنییەکانی درکپێکردن، کە بەهۆی پرۆسێسکردنی تێکردەکەوە بەرهەمهێنراوە پەیوەستداریی تێکردەکە زیاتر دەکات. واتە تێچووی پرۆسەی تێکردەکە بەدەستهێنانی کاریگەریی درکپێکردن دیاریدەکات)).(ئەحمەد،٢٠١٣، ٨١)، کەواتە هەمان کاریگەری درکپێکردن دەشێت بە سانایی، یان ئەستەمتر هەڵبهێنجینرێت. بەجۆرێک تا ماندووبوون و کۆششکردن کەمبێتەوە چارەسەری پرۆسەکردنی تێکردەکان لای تاک زیاددەکات، لەمبارەشدا گرنگی بە تێکردەکان لە کاتێکی دیاریکراودا دەدات، بەڵام

تا کۆششی زیاتر بۆ لێکدانەوە و تێگەیشتنی تێکردەیەک هەبێت واتای ئەوەیە تێکردەکە کەمتر بە بایەخ و جێگەی گرنگیپێدان دەبێت، ئەمەش لە بنەڕەتدا دیاریکردنی پەیوەستدارییە لە تیۆری پەیوەستدا. بۆ بەرجەستەکردنی کاریگەریی درکپێکردن و تێچووی پرۆسەی تێکردەیەک. ئەم تیکردانە بە جێگرەوەی یەکتر لە نموونەی (٤١)دا تۆماردەکەین:

٤١) آ – **باوکم گەڕایەوە بۆماڵەوە**

**ب– باوکم چوو بۆ بازاڕ و گەڕایەوە بۆ ماڵەوە.**

لە هەردوو دەربڕاوی(٤١آ، ٤١ ب)دا زانیارییە پەیوەستدارەکە بریتییە لە (گەڕانەوەی باوکم)، بەڵام ڕادە و پلەی پەیوەستداربوونی زانیارییەکە جیاوازە. بەجۆرێک(٤١ آ) لە (٤١ ب)پەیوەستدارترە، چونکە لە (٤١ آ)دا پرۆسەکردنی تێکردەکە پێویستی بە کۆشش و تێچووی کەمتر هەیە، بەمەش کاریگەریی درکپێکردنی گەورەتر بەدەستدەهێنێت و ساناتر هەڵدەهێنجرێت، بەڵام لە(٤١ب)دا پرۆسەکردنی تیکردەکە کۆشش و تێچووی زۆرتر داوا دەکات، بەمەش کاریگەریی درکپێکردن کەمتر دەبێتەوە و سەختتر چنگدەکەوێت. لەمڕوانگەیەشەوە (سپێەر و وڵسن) سێ جۆر لە کاریگەریی درکپێکردن دەستنیشاندەکەن، بڕوانە (Ifantidou,2001,6 ):

**١-کاریگەریی درکپێکردنی گریمانەی بەهێز.**

**٢-کاریگەریی درکپێکردنی ڕەتکردنەوە، یان وەلانان**

**٣-کاریگەریی درکپێکردنی بەخشکەیی دەوروبەریتی.**

کەواتە بەپێی جۆرەکانی کاریگەریی درکپێکردن، زانیارییەکان بە کارلێککردن لەگەڵ گریمانە هەبووەکانی سەبارەت بە دیاردەیەک، یان زانیارییەک و پلەی پەیوەستدارییەکان بە کەسێکەوە لە کاتێکدا بەدەستدەهێنرێت، بۆ ئەمەش هەریەک لەم سیناریۆیانەی خوارەوە نیشاندەدەین:

**سیناریۆی یەکەم**

سەعییەکی زۆرم کردووە و چاوەڕێم بەیانی تاقیکردنەوە ئەنجامبدەین، دەڕۆم بۆ قوتابخانە و تاقیکردنەوە ئەنجام دەدەین. چاوەڕوانی من و زانیارییە نوێیەکە، کە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەیە، بریتییە لە کاریگەریی درکپێکردنی گریمانەی بەهێز.

**سیناریۆی دووەم**

سەعییەکی زۆرم کردووە و چاوەڕێم بەیانی تاقیکردنەوە ئەنجامبدەین، دەڕۆم بۆ قوتابخانە، بەڵام مامۆستا دێت و دەڵێت تاقیکردنەوە ئەنجام نادەین. ئەو گریمانەیەی من کردوومە لەگەڵ ئەنجامنەدانی تاقیکردنەوەدا زانیارییەکی نوێ بەرهەمدەهێنێت، کە ڕەتکراوە و وەلانراوە.

**سیناریۆی سێیەم**

سەعییەکی زۆرم کردووە و چاوەڕێم بەیانی تاقیکردنەوە ئەنجامبدەین و دوای گەڕانەوەم بۆ ماڵەوە لەگەڵ دایکم بچین بۆ سەیرکردنی نمایشێکی شانۆیی، بەڵام پێش ئەوەی بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە دایکم هاتبوو بۆ قوتابخانە بۆئەوەی لە وێوە بچین بۆ سەیرکردنی شانۆگەرییەکە. لێرەدا زانیارییە نوێیەکە بڕیاری من و هاتنی دایکمە بۆ قوتابخانە، کە بریتییە لە کاریگەریی بەخشکەیی دەوروبەرێتی.

خستنەڕووی سیناریۆکان دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا سەرەتا گریمانەی پەیوەستدارەکان دەدرێت دواتر ئەو دەوروبەرەی بۆی گوتراوە دیاریدەکرێت. ئەمە بە واتایەی زانیارییە لە دەوروبەرێکی تایبەتیدا دەدرێن، کە پەیوەندیدارن، واتە دەوروبەرەکان بۆئەوەی توانای پشتڕاستکردنەوەی گریمانەکانی هەبێت دەگۆڕێت، چونکە ئەگەر گریمانەکە لەگەڵ ئەو دەوروبەرەی بۆی هەڵدەبژێرێت نەگونجاوبێت ئەوا کاریگەری درکپێکردن کەمدەبێتەوە و بەدەستناهێنرێت ئەمەش بە تەواوەتی ڕۆڵ و گرنگی دەوروبەرە لە بونیادنان و هەڵهێنجانی واتا لە ئاوەزیی گوێگردا، هەربۆیە (سێپەر و وڵسن) وایدادەنێن گوێگر بە دوای گریمانە و زانیاری پەیوەستداردا دەگەڕێت بۆئەوەی بگاتە واتای قسەکەر، بەمەش مافی چاوەڕوانیی پەیوەستداربوونی هەیە، لێرەشەوە (چەمکی پەیوەستداریی نموونەیی) دادەڕێژن، کە تیایدا مافی گوێگر پەیوەست بە کاریگەری و کۆششکردنەوە بۆ هەڵهێنجانی گریمانەکە دەستەبەردەکات، بەمەش دەربڕاوەکە بەشێوەیەکی نموونەیی لەم کاتەدا بە تاکێکەوە پەیوەست دەبێت، بڕوانە(Ifantidou,2001,64):

١- پاڵنەری ئاشکرا لە دەربڕاوەکەدا هێندەی پرۆسەی کۆششکردنی گوێگر پەیوەستبێت. واتە دەربڕاوەکە ئەوەندە پەیوەستێتی تێدابێت وەڵامدانەوەی گوێگر بەدەستبهێنێت و بتوانرێت هەڵهێنجانی بۆ بکرێت.

٢- پاڵنەری ئاشکرا لە دەربڕاوەکەدا لەگەڵ زۆرترین پەیوەستیی توانا و پەسەندکردنەکانی قسەکەر بگونجێت.

بەپێی برگەی یەکەم پاڵنەری ئاشکرا هێندە پەیوەستدارە، کە گوێگر دەتوانێت بە سانایی بیناسێتەوە و پێشبینیبکات، بەمەش پەیوەستدارییەکە بەشی پرۆسێسکردنەکە دەکات و گوێگر دەتوانێت هەڵهێنجانی بۆ بکات و تێگەیشتن و لێکدانەوەیەکی گونجاو بۆ پرۆسەی پەیوەندیکردنەکە بەدەستدەهێنێت. بۆیە بەپێی برگەی دووەم قسەکەر دەبێت تاقەتی پەیوەندیکردنەکەی هەبێت و توانای بەردەوامبوونی گوێگر هەڵبسەنگێنێت، بۆئەوەی هەمان وزەی پەیوەندیکردن و تێگەیشتن بە گوێگر بدات، بەمەش گوێگر پاڵنەری ئاشکرا دەکاتە بنەمای پێشبینییە لە پێشینەکانی، چونکە مەرج نییە گوێگرەکان خاوەنی هەمان کۆزانیارییبن، یان بتوانن پێشبینییان بۆ تێکردەکان هەبێت، هەربۆیە قسەکەرێک، کە ئامانجی پەیوەندییەکی نموونەیی هەیە دەبێت بەشێوەیەک دەربڕاوەکەی دابڕێژێت، کە گوێگر بە هەڵبژاردنی

پاڵنەری ئاشکرا بە کەمترین پرۆسەی کۆشش پەی بە واتا و مەبەستی قسەکەر ببات و زۆرترین کاریگەریی درکپێکردن بەدەستبهێنێت، بۆ ئەمەش(Wilson,sperber,2012,7) پێشنیازی ڕێکارێکی تێگەیشتن دەکەن، کە گوێگرەکان بۆ لێکدانەوە و هەڵهێنجانی دەربڕاوێک پەیڕەویدەکەن، ڕێکارەکانیش بەمشێوەیە دادەڕێژن:

١-گرتنەبەری کۆششێکی کەم لە لێکدانەوەی کاریگەرییە ئەگەرییەکانی درکپێکردن، تاقیکردنەوەی بیردۆزە لێکدەرەوەییەکان ( نالێلییەکان، ئەنجامەکانی ئاماژەبەندی، بەخشکەیی دەربڕینەکان).

٢-گوێگر دەوەستێت کاتێک پەیوەستبوونی پێشبینییەکانی ڕازیدەکرێت.

کەواتە بە پێی ڕێبازی تێگەیشتن لە تیۆری پەیوەستبووندا، دیکۆدکردنی فۆرمی لۆژیکی (نواندنی سیمانتیک) لە دەربڕاوێکدا کە قسەکەر دەریدەبڕێت، ئاماژە و سەرەتایەک بۆ ناسینەوە و تێگەیشتن، لە مەبەستی قسەکەر لەلایەن گوێگرەوە دابیندەکات. ئەمەش بە واتای ئەوەی، کە هەڵهێنجان و تێگەیشتن لە واتای دەربراوێک لە ناوەڕۆکی ئاشکراوە دەستپێدەکات، پاشان دیکۆدکردنی واتای زمانییە نوێنراوەکە تێدەپەڕنێت و بە بەشداری پرۆسە پراگماتیکییە ئازادەکان پشتبەستوو بە دەوروبەر، واتای پراگماتیکی چنگدەخات، بەمەش مەبەستە بەخشکەییەکە و واتای قسەکەر دەناسێتەوە. بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییەش نموونەی (٤٢) پشبەستوو بە دەوروبەر ڕوون و شیدەکەینەوە:

**٤٢) - باخچەکەیان ئەڵێی بەهەشتە.**

ئەگەر لە نموونەی(٤٢) وردبببینەوە، ئەوا دەبینین وشەی (بەهەشت) وەک میتافۆر بەکارهاتووە و چەند سیما و خەسڵەتێکی وەک( خۆشی، جوانی، فراوانی، دڵگیریی، ئاسوودەیی) دەگرێتەوە. هەریەک لەم سیمایانە ڕەنگە لە باخچەکەدا هەبن و پێوەی پەیوەستبن، ئەمەش وادەکات ڕادە و پلەی بەکارهێنانی وشەی (بەهەشت) لەلایەن قسەکەرەوە چالاک ببێت، ئەم درکپێکردنەش پەیپێبردن بەپێی ڕێکارەکانی تێگەیشتن بۆ دەستگێپداگەیشتن بە بەهێزترین لێکدانەوەی هەڵاوێرکراو چالاکدەکات، بەمەش گوێگر بە مەبەستی قسەکەر و واتای بەخشکەیی دەگات. لێرەشەوە پێشینییەکانی گوێگر لە پەیوەستداربوون ڕازیدەکرێت و بە دوای لێکدانەوەی تردا ناگەڕێت، کەواتە (( لە تیۆری پەیوەستدا دیاریکردنی ناوەڕۆکی ئاشکرا و گەڕاندنەوە، یان هەڵهێنجانی بەخشکەییەکە وەکیەکە کە بەهۆی ڕێسای پەیوەندیی و لە یەکگەیشتنی پەیوەستبوونەوە ئاڕاستەدەکرێت)).(ئەحمەد،٢٠١٣، ٨٦)، ئەم تێگەیشتنەش ئەوە دەردەخات لەڕوانگەی تیۆری پەیوەستەوە کردەی پەیوەندیکردن و لەیەکگەیشتن، کە بریتییە لە ئاوێتەبوونی دیکۆدکردن و لێکدانەوە و هەڵهێنجان، بەهۆی تایبەتمەندی و نیانی درکپێکردن و ئاوەزداریێتی مرۆڤ، لەگەڵ توانای زمانی و فەرهەنگی، کە بەهۆی یاسا و تەرزە ڕێزمانییەکانی زمانێکەوە بەرهەمدارە،

دەستەبەردەبێت، ئەمەش ئەوە دەگرێتەوە کە گوێگر لەڕێی نواندنی سیمانتیکی، یان فۆڕمی لۆژیکی، هەروەک لە پەیوەندیی نێوان پڕاگماتیک و فۆڕمی لۆژیکیدا ڕوونکرایەوە، ناتوانێت لە تەواوی مەبەستەکە بگات لێرەشەوە تیۆری پەیوەست بانگەشەی ئەوە دەکات ئاستی ئاشکرا نواندنی پێکهاتە زمانییە کۆدکراوەکان دەگرێتەوە بە زیادکردنی هەر گریمانەیەکی دەوروبەری و گەیەنراویش بۆ سەر ئەم ئاستە، ئەوا دەربڕاوەکە بەخشکەیی دەگەیەنرێت، بەمەش فۆڕمی ڕستە ناوەڕۆکێکی گەیەنراو لە ئاستی ئاشکرادا بریتییە لە نواندنی بەشی چەمکی، کۆی چەمکی پێکهاتەکانیشی لە دەوروبەردا هەڵدەهێنجرێن. ئەمەش بەو واتایەی هەمەوارکردنەوەی فۆڕمی لۆژیکی کە لە ئاستی ئاشکرادا گەیەنراوە بە ئامانجی ئەوەیە واتا و مەبەستی قسەکەر لە ناوەڕۆکی ئاشکرای دەربڕاوەکەدا دیارییبکرێت ئەمەش لە بەشی دووەمدا دەپشکنین.

## ٢) پەرژینی زمانیی پەیوەست بە مەبەستی پراگماتیکییەوە

پەرژینەکان لە ئەنجامی توانستی ئاخێوەرانەوە دێت، بۆ جێبەجێکردنی کردەیەک لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا بەکاردەهێنرێن. ئەمەش بەهۆی ئەوەی، کە ئاخێوەرانی زمانێک کۆزانیاریی هاوبەشیان دەربارەی ژینگە و ئەزموونکردنی ڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژانەدا هەیە، بەو واتایەی ئاخێوەران زانینیان هەیە دەربارەی ئەوەی، کە لە ئاوەزی هەریەکەیاندا چۆن وێنای بەشێکی زۆر لە دەربڕاوەکان دەکرێت و لێکدانەوەیان بۆ دەکرێت، چونکە لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا ئەزموون و ڕووداوەکان دەبنە باری ئاوەزیی کۆمەڵێکی دیاریکراو. بەم هۆیەشەوە ئاخێوەرانی زمانێک پەرژینەکان وەک ستراتیژێک بە ئاگاییەوە لە دەربڕاوەکانییاندا بەکاردەهێنن. ئەمەش وادەکات ئاخێوەر هەم لە ڕووی ئاخاوتنەوە بە کەسێکی بە توانا بناسێنرێت هەم لە ڕێی دەربڕاوە پەرژینییەکانەوە خۆی لە هەندێک کاردانەوە و ڕووداوی نەخوازرو بپارێزێت، کە بە هەرجۆرێک بێت کاردەکاتە سەر کەسایەتیی ئاخێوەر، بەو واتایەی، کە پەرژینەکان ئەو تواناداریییەیان تێدایە ببنە هێزێکی پارێزەر و قەڵغانی قسەکەر، ئەمەش لە ڕێی ئاوەز خوێندنەوە و نییەتەکانی یەکدییەوە بەدەستدەهێنرێت. هەربۆیە ئاخێوەرانی زمانێکی دیاریکراو درکپێکراوانە پەرژینەکان لە کاتی شیاودا بە ئامانجی پەیوەندیگرتنێکی سەرکەوتوانە بۆ ڕێگریکردن لە کاریگەرییە ئەگەرییە زیانبەخشەکان بەکاردەهێنن، کە بریتیین لە پاراستنی ڕەوتی سروشتیی پەیوەندیکردن، یان خۆگونجاندن لەڕێگەی فۆرم و میکانیزمە زمانییەکانەوە. ئەمەش وادەکات کاتێک لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا بەکاردەهێنرێن ببنەهۆی چالاکبوون و هەڵهێنجانی چەندین بەخشکەیی دەربڕین و لێکدانەوەی جۆراوجۆر، لێرەشەوە گرنگە ئاماژە بەوە بکەین زاراوەی پەرژینەکان هەرچەندە تاڕادەیەک زاراوەیەکی نوێیە، بەڵام لە ئێستای لێکۆڵینەوەی زمانییدا بە تەواوی وەک یەکێک لەو بوارانەی کە توانستی پراگماتیکی دیاریدەکات جێگیربووە، بەجۆرێک مرۆڤ شارەزاییەکانی لەسەر ئاستی ڕێزمان بەهۆی دەربڕاوە پراگماتیکییەکانەوە بەرجەستە دەکات، کە وەک ستراتیژێک بۆ لاوازکردنی هێز، یان ڕاستی دەربڕاوێک کاردەکەن، دادەنرێت. پەرژینەکان بۆ ماوەیەک وەک بابەتی پەراوێز، یان زیادە سەیر دەکران، بەڵام لە ئێستادا جەختدەکرێتە سەر ئەوەی، کە ڕۆڵێکی چارەنوسساز لە گوتاری گوتراو و نوسراودا دەگێڕن . هەربۆیە وەک ئەسپێکتێکی توانستی پراگماتیکی خراونەتە ناو زمانەوانییەوە. بۆ ئەمەش تێڕوانینە جیاوازەکان دەربارەی چەمک و پۆلکردنە جیاوازەکانی پەرژینەکان ڕوون و شیدەکەینەوە.

## ١/٢) پەرژینە زمانییەکان (دابەشکردن و چۆنییەتی کارکردن)

زاراوەی پەرژینەکان زیاتر لە چواردەیەی ڕابردوودا لە زمانەوانیدا گۆڕانکاریی بەرچاوی لە پەسنکردن و شیکردنەوە و کارکردنیاندا بەخۆیەوە بینیوە، لەمڕوانگەیەشەوە (Weinreich,1966,163) بە یەکەم کەس دادەنرێت، کە دەربارەی پەرژینەکان لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا کاتێک باسی لە (کارکردنی مێتا زمانیی "Metalinguistic operators") کردووە، نوسیویەتی دواتر (Lakoff) لە ساڵی (١٩٧٢)دا وەک چەمکی سەرەکیی سیمانتیکی (پەرژینەکان"Hedges")ی بەناوبانگکرد. لەم کارەشیدا سودی لە بەرهەمەکانی (Zadeh) لە ساڵی(١٩٦٥)دا وەرگرتووە. بە پلەی یەکەم (لاکۆف) گرنگی بە تایبەتمەندییە لۆژیکییەکانی دەربڕاوەکان داوە. لەمڕوانگەیەشەوە ئەوەی خستەڕوو، کە هەر هەوڵێک بۆ سنوردارکردنی مەرجی ڕاستیی ڕستەیەکی زمانی سروشتی تەنها بۆ ڕاست، یان هەڵەییە، بە وێناکردنی ئەوەی ڕستەکان دەبێت سنورێکی دیاریکراویان هەبێت، نەک ئەوەی بەشێوەیەکی ناڕوون پێناسەبکرێن. بە پێشنیازکردنی ئەوەی ئەمە بوارێکە شیاوی لێکۆڵینەوەیە (لاکۆف) نوسیویەتی ((بۆ من هەندێک لە سەرنجڕاکێشترین پرسیارەکان بۆ لێکۆڵینەوە لەو وشانەوە دەوروژێن، کە واتاکانیان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ تەمومژ، یان ناڕوونی لەخۆدەگرن. واتە ئەو وشانەی، کە کاریان ئەوەیە شتەکان تەمومژاویتر، یان کەمێک تەمومژاوی بکەن)).(Lakoff,1972,195). لەم تێڕوانینەوە (لاکۆف) زیاتر گرنگی بەتایبەتمەندیی وشەکانی (جۆرێک لە، زیاد لەوە.....)دەدات، کە چۆن ئەم وشانە شتەکان تەمومژاوی، یان ناڕوون دەکەن، کە ئەمەش بۆ توانادارییی ئەم وشانە دەگەڕێتەوە لە دەستنیشانکردنی سنوری کاتیگۆریی چەمکێکدا. بۆ ئەمەش ڕستەکانی نموونەی (١)ی ڕوونکردەوە:

**١) آ- کۆتر جۆرێکە لە باڵندە [ هەڵەیە، ئەو باڵندەیە ]**

**ب- مریشک جۆرێکە لە باڵندە [ ڕاستە، یان نزیکە لە ڕاست ]**

**پ- پەنگوین جۆرێکە لە باڵندە [ ڕاستە، یان نزیکە لە ڕاست ]**

**ت- شەمشەمە کوێرە جۆرێکە لە باڵندە [ هەڵەیە، یان نزیکە لە هەڵە ]**

**ج- مانگا جۆرێکە لە باڵندە [ هەڵەیە ]**

لە نموونەی(١)دا دەردەکەوێت، کە بەهۆی وشەی (جۆرێک لە) دەتوانرێت بەهای ڕاستی دەربڕاوێک ڕەتبکرێتەوە، یان پەسەندبکرێت بەوەی، کە لە (١آ)دا بەوپێیەی (کۆتر باڵندەیەکی تەواوە) وشەی (جۆرێک لە) بەهای ڕستەکە هەڵە دەکات، لەکاتێکدا لە (١ب)دا چونکە (مریشک جۆرێکە لە باڵندە) بەهۆی وشەی (جۆرێک لە) بەهای ڕاستی ڕستەکە دروستدەبێت، بەمەش پەرژینەکان کاریگەرییان لەسەر مەرجی ڕاستیی ڕستە ناوەڕۆکێک دەبێت، کە (پەرژینی ڕستە ناوەڕۆک"Propositional Hedging") ناودەبرێن، دواتر (لاکۆف) پەرژینەکانی وەک بەشێک لە قسەکردنی ئازاد پیشاندا ئەمەش هێنانە ناوەوەی پەرژینەکان بوو بۆ ناو پراگماتیک، بە ڕاگەیاندنی ئەوەی، کە ((پەرژینەکان بەڕێگەی جیاواز کارلێک

لەگەڵ مەرجی گونجان و یاساکانی گفتوگۆدا دەکەن)).(Lakoff,1972,21)، بۆ ئەمەش چەند نموونەیەکی لە پەرژینەکان وەک (بەڕاستی، ڕێکوپێک، وەک بڵێین، زۆربەی شتەکان، بەشێوەیەکی بەرچاو، کەم، زۆر، زۆرجار، زۆرترین، جۆرێک لە، تۆزیک، تا ڕادەیەک، بە باشترین شێوە، هونەرییانە، تەکنیکییانە) خستەڕوو. دواتر (لاکۆف) بەڕوونی ئەوەی پیشانداوە، کە لێکدانەوەی پەرژینەکان وابەستەی دەوروبەرە و کاریگەریی پەرژینەکان دیاردەیەکی پراگماتیکییە نەک سیمانتیکی. بۆ وێنە لێکدانەوەی پەرژینەکە لە نموونەی (٢)دا بە لێکدانەوەی پراگماتیکەوە پەیوەستە:

**٢) - ئایا سارا و دیاکۆ بەشێوەیەکی یاسایی و تەکنیکی هاوسەرگیرییان کردووە؟**

لە نموونەی (٢)دا لێکدانەوەی دەربڕاوەکە بەشێوەیەکی چارەنوسساز بە کۆزانیاریی گوێگر سەبارەت بە (سارا و دیاکۆ)وە پەیوەستە، لەگەڵ کۆزانیاریی دەوروبەری لەبارەی چۆنییەتی تەکنیک و ڕێکارەکانی هاوسەرگیریکردن. پاشان (Fraser,1974,1) چەمکی (ڕاپەڕاندنی پەرژینکراو"Hedged performative")ی ناساند، بە بیرۆکەی ئەوەی کردارەکانی ڕاپەڕاندنی وەک (داوای لێبوردن، بەڵێندان، داواکردن) دەتوانرێت بە (کردارە مۆداڵییەکان)ی وەک (دەبێت، پێویستە، دەتوانم..) پەرژین بکرێن. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر سەرنج لە نموونەی(٣)بدە:

**٣) آ- پێویستە داوای لێبوردن بکەم، کە بەجێمهێشتیت.**

**ب- دەتوانم بەڵێن بدەم، کە جارێکی تر دار نەبڕمەوە.**

**پ- دەبێت داوابکەم، لێرە دابنیشن.**

لە نموونەی (٣)دا کردارە مۆداڵییەکانی (پێویستە، دەبێت، دەتوانم) بوونەتە هۆی لاوازکردنی کردە قسەییەکان، واتە دەستکاری هێزی کردە قسەییەکەیان کردووە و ڕۆڵی (پەرژین) لە ڕستەکاندا دەگێڕن، ئەم تێڕوانینەی (فرایزەر) ئاماژە بە زانیارییە دەوروبەرێتییەکان و سینتاکسییەکان دەکات، لە دیاریکردنی ئەو فۆرمە زمانییانەی، کە کاریگەرییان لەسەر لێکدانەوەی کردارەکانی ڕاپەڕاندن هەیە. لێرەشەوە (Bach,Harnish) ئەوە ڕووندەکەنەوە، کە بنەماکانی فۆرم و ئەرک دەبێت هاوبەشییان پێبکرێت، بۆ دابینکردنی بنەماکانی هەڵهێنجان و دەڵێن ((گریمانەیەکی پەیوەندیکردن بەسە، بۆ ڕوونکردنەوەی ڕاپەڕاندنی پەرژینکراو، ئەمەش بە سادەیی پێویستی گەڕانی گوێگرە بە دوای هۆکاری دەربڕاوی قسەکەردا، بۆیە هێزی پەرژینەکە دەناسێتەوە)).(Bach, Harnish,1979,214)، ئەم تێڕوانینە هۆکاری دەربڕینی دەربڕاوێک، کە پەرژینەکان تیایدا بەشدارە وەک مەبەستێک دەردەخات، کە هەڵهێنجان و لێکدانەوەی دەگۆڕێت بۆ ناو چوارچێوەی پراگماتیک. دوابەدوای ئەم تێڕوانینە (Brown,levinson) ئەوەیان پیشاندا، کە پەرژینەکان نەک تەنها کاریگەرییان لەسەر ڕستە ناوەڕۆکێک هەیە، بەڵکو بەگشتی کاریگەری لەسەر کردەیەکی قسەیی و پابەندنەبوونی قسەکەر دادەنێن ئەمەشیان بە (پەرژینی کردەی قسەیی" Speech act hedging") ناوبرد، لەڕوانگەی (Brown,levinson)ەوە پەرژینەکان بریتین لە ((وشەیەک، یان فرێزێکی

ناوی، کە دەستکاری پلەی ئەندامێتی پریدیکاتێک لە کۆمەڵەیەکدا دەکەن، هەروەها ئەو ئەندامێتییە بەشەکییە، یان تەنها لە ڕوویەکی دیاریکراودا ڕاستە، یان ڕاست و تەواوترە لەوەی کە لەوانەیە چاوەڕوانکراوبێت)).(Brown,levinson,1987,145)، بەمپێیە ئەم نوسەرانە پەرژینەکان وەک دەربڕینێک سەیر دەکەن، کە بە پلەی یەکەم قسەکەر بە یەکێک لە ماکزیمەکانی (گرایس) پابەند ناکات، بۆ ئەمەش پەرژینەکانیان لەسەر ماکزیمەکانی (گرایس) وێناکرد و لێکۆڵینەوەیان لە چۆنییەتی بەکارهێنانیان کرد، لەو تێڕوانینەشەوە نییەت و مەبەستی پەیوەندییە ئاساییەکان زۆرجار هەڕەشەی بنەڕەتین بۆ سەر ڕێساکانی هاریکاری، کە لە کردەی قسەییدا ڕێکدەخرێن و کۆددەکرێن، لە ئەنجامدا پەرژینەکان وەک دوورکەوتنەوە لە پابەندبوون بە گریمانەکانی (هەڕەشەکردن، ئاگادارکردنەوە، سکاڵاکردن) شێوازێکی سەرەتایی و بنەڕەتین بۆ داماڵینی ئەو مەترسییانە، بەوەی هێزی کردە قسەییەکە لاواز دەکەن. بەمشێوەیە چەمکی پەرژینەکان لە بواری پراگماتیکدا بە تەواوی جێگیربوو، کە دواتر چەندجارێک دابەشکراون و چەشن و جۆریان لێ جیاکراونەتەوە.

## ١/٢-١) چەشن و جۆرەکانی پەرژینە زمانییەکان

لەو توێژینەوانەی دەربارەی پەرژینەکان کراون، دەردەکەوێت پەرژینەکان بەسەر چەند چەشن و جۆرێکدا دابەشکراون، ئەم دابەشکرن و جیاکردنەوەیەش پەرژینەکانی زیاتر بردووەتە ناو بواری پراگماتیک و توانستی پراگماتیکییەوە، هەربۆیە گرنگە لەم وەچە پارەدا چەشن و جۆرە جیاکراوەکانی پەرژینەکان لە تێڕوانینە جیاوازەکانەوە بە نموونەی شیکراوە لە زمانی کوردیدا بخەینەڕوو، بۆ ئەم مەبەستەش سەرەتا (Prince, et …al,1982, 83-85 ) گۆڕانکارییان لە چەمکی پەرژینەکاندا کرد و پەرژینەکانیان بەمشێوەیە دابەشکرد:

١-ئەو پەرژینانەی، بەشێوەیەکی دروست تەمومژ، یان ناڕوونی لە ڕستە ناوەڕۆکێکدا دروستدەکەن و کاریگەرییان لەسەر مەرجی ڕاستیی ڕستە ناوەڕۆکی گەیەنراو هەیە، کە (پەرژینی ڕستە ناوەڕۆک) دەگرێتەوە.

٢- ئەو پەرژینانەی، کە پەیوەندیی ڕستە ناوەڕۆکێک و قسەکەر دەستنیشاندەکەن وەک پێوەرێک بۆ پابەندبوونی قسەکەر بە ڕاستیی ڕستە ناوەڕۆکی گەیەنراو، کە (پەرژینی کردەی قسەیی) دەگرێتەوە دادەنرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەم نوسەرانە پەرژینەکانیان بەسەر ئەم دوو چەشندا دابەشکردووە:

**یەکەم/ نزیککەرەوەکان**"Approximators": کار لەسەر دروستیی ڕستە ناوەڕۆکێک و بەشداری لە لێکدانەوەیدا دەکەن، کە بەسەر دوو جۆری لاوەکییدا دابەشدەبن ئەوانیش:

**آ- گونجێنەر**"Adaptors": پەیوەندیی بە ئەندامێتی پۆلێکەوە هەیە، واتە مارکەی وەک(جۆرێک لە، نزیکە لە، هەندێک، کەمێک...) بۆ گونجاندنی زاراوەیەکی هەبوو بۆ نموونەیەکی نوێ دەگرێتەوە. نموونەی (٤)چۆنییەتی پەیوەندییەکە ڕووندەکاتەوە:

٤) **آ- ماڵەکەیان تا ڕادەیەک لێرەوە دوورە.**

**ب- کچەکە لە شەرمدا ڕەنگی کەمێک سوور هەڵگەڕا.**

لە نموونەی(٤)دا وشەکانی (تاڕادەیەک، کەمێک)وەک ئاماژەکردن بە پلەبەندی، یان پێوانەکردن ناتوانرێت بە تەواوی پلەکەیان دەستنیشانبکرێت، بەڵکو وەک نزیکییەک ڕادەی (دوور، سور)ی لە هەردوو دەربڕاوی (٤آ، ٤ب)دا پێدەستنیشاندەکرێت.

**ب- لە دەوری**"Rounder": وەک مارکەیەکی ناڕوونی وەک (بە نزیکەیی، لە دەورری، کەم تا زۆر) لە پەیوەندی لەگەڵ پێوانەیەکدا بەکاردەهێنرێت، وەک لە نموونەی (٥)دا دەردەکەوێت:

٥) **آ- کێشی منداڵەکە نزیکەی ١٧ کیلۆگرامە.**

**ب- نرخی خانووەکە لە دەوری ٢٠-٣٠ دەفتەردایە.**

هەردوو جۆری لاوەکی چەشنی یەکەمی پەرژینەکان کاتێک ڕوودەدەن، کە قسەکەر هەوڵدەدات دۆخێکی ڕاستەقینە لەگەڵ هەندێک دۆخی نموونەیی پەیوەندیدار بە ئامانجێکەوە ببەستێتەوە، کە تێیدا ئاماژە بەوە دەکات دۆخی ڕاستەقینە نزیکە، بەڵام لە دەربڕاوەکەدا نییە. دەکرێت بڵێین ئەمجۆرەی پەرژینەکان لەگەڵ (پەرژینی ڕستە ناوەرۆک)ی لاکۆفدا هاوتایە .

**دووەم/ قەڵغانەکان**"Shields": پەیوەندیی نێوان ڕستە ناوەڕۆکێک و قسەکەر دەگۆڕێت بۆ ئاستی بەخشکەیی دەربڕین لە بەرانبەر پلەی پابەندبوونی قسەکەردا، دەکرێت بە دوو جۆرەوە ئەوانیش:

**آ- قەڵغانی شیمانە**"Plausibility shield": شیمانەی باوەڕێک دەگرێتەوە، کە لەچێوەی دەربڕینی گوماندا خۆی دەنوێنێت، بەم دەستەواژانە وێنادەکرێت (پێموایە، ئەوەندەی دەتوانم بزانم، دەکرێت، ئەوە نابینم) لەم نموونانەی خوارەوەدا دەربڕینی گومان بەهۆی ئەم دەستەواژانەوە ڕووندەکەینەوە:

٦) **آ- پێموایە کارەکەیان تەواو کردبێت.**

**ب- ئەوەندەی بزانم لە وانەکە باش تێنەگەیشتویت.**

بە وردبوونەوە لە نموونەی (٦) ئەوە دەردەکەوێت دەربڕاوەکانی (پێموایە، ئەوەندەی من بزانم) زیاتر، لە چێوەی باوەڕێکدا کاردەکەن. واتە قسەکەر لەسەر بنەمای شیمانە، یان باوەڕ متمانە بەو دەربڕاوانە دەکات، کە لەسەر بنەمای (قەڵغانی شیمانە)مارکە کراون.

**ب- قەڵغانی پاڵپشتیکردن**"Attribution shield": واتە گەڕاندنەوەی باوەڕەکە بۆ کەسێکی تر جگە لە قسەکەر، بەو واتایەی قسەکەر بەو کۆزانیارییەی هەیەتی بەرپرسیارییەتی پەیامەکە بۆ کەسێکی تر دەگەڕێنێتەوە، جگە لە خۆی کە زۆرجار لە ڕێگەی هەڵهێنجانی باوەڕەکەوە دەبێت، بڕوانە نموونەی(٧):

**٧) – بە قسەی ئارا ئایدا نەخۆشبووە، بۆیە نەهاتووە بۆ ئاهەنگەکە.**

کاتێک قسەکەر دەربڕاوێکی وەک نموونەی(٧) دەردەبڕێت، پێیوایە ئەو ڕستە ناوەڕۆکەی قسەی لەسەر دەکرێت ڕاست نییە، بۆ ئەمەش بەرپرسیارییەتی باوەڕەکە دەخاتە ئەستۆی (ئارا) و خۆی پێوە پابەند ناکات. لەمڕوانگەیەشەوە (پرنس و هاوکارانی) ئاماژە بەوە دەکەن، کە مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی باوەڕەکە بەسەر کەسی دیکەدا ناسەپێنێت، تەنها کاتێک ئەم کارە دەکات، کە پێیوابێت ڕستە ناوەڕۆکی دەربڕاو ناڕاستییەکی تێدایە، دواتر (Hubler,1983,157-159) جیاوازیی دوولایەنەی لە پەرژینەکاندا لەژێر ناوی (سوککردن و پەرژینەکان)دا کرد. ئەم کارەشی لەڕوانگەی دووجۆر لە نادیاریکردندا کردووە:

**١-سوککردن**"Understatement": پەیوەندیی بە لایەنی هەستی دەربڕاوەکانەوە هەیە، لەڕێگەی دیارینەکردنی سنوری دەستەواژەیەکەوە سنووردواردەکرێن، کە کاریگەریی لەسەر ناوەڕۆکی دەربڕاوەکە هەیە. لە نموونەی (٨)دا چۆنییەتی سوککردنی دەربڕاوەکە دەخەینەڕوو:

**٨) – ئەم ژوورە کەمێک ساردوسڕە.**

**٢-پەرژینەکان**"Hedge": لە ڕێگەی دیارینەکردنی مەودای قایلبونەوە سنوردواردەکرێن، کە ئاماژە بە هەڵوێستی قسەکەر بەرانبەر بە گوێگر لەبارەی ڕستە ناوەڕۆکی گەیەنراو دەکەن، کە قسەکەر بانگەشەی ڕەوایەتی بۆ دەکات. نموونەی(٩) کارکردنی پەرژینەکە ڕووندەکاتەوە:

**٩) – پێموایە ئەم ژوورە ساردوسڕە.**

بە بەراوردکردنی هەردوو نموونەی (٨، ٩)دەردەکەوێت، لە دەربڕاوی (٨)دا قسەکەر دڵنیایە لە (ساردوسڕیی ژوورەکە) بەڵام لەڕێگەی دیارینەکردنی سنووری وشەی (کەمێک)ەوە کاریگەری کردووەتەسەر ناوەڕۆکی دەربڕاوەکە، لەکاتێکدا لە دەربڕاوی (٩)دا قسەکەر لە ڕێگەی دەستەواژەی (پێموایە)ەوە دەیەوێت هەڵوێستی گوێگر دەربارەی دەربڕاوەکەی بزانێت، لەگەڵئەوەشدا توانای پاشگەزبوونەوەی تێدایە بەوەی، کە لەوانەیە ژوورەکە ساردنەبێت، بەڵام لەڕوانگەی قسەکەرەوە ساردبێت. دەکرێت بڵێین ئەم دابەشکردنەی (Hubler) لەگەڵ دابەشکردنی (پرنس و هاوکارانی) دا دەگونجێت، بەجۆرێک کە (نزیککەرەوەکان) لەگەڵ (سوککردن)ی (هۆبلێر)دا هاوتایە، هەروەها (قەڵغانەکان)یش لەگەڵ (پەرژینەکان)دا دەگونجێت. دواتر(Hyland) بانگەشەی ئەوەیکرد، کە لە نووسینی ئەکادیمیدا پەرژینەکان وەک پێویستییەک سەیردەکرێن، چونکە پەرژینەکان دەبنەهۆی پابەندنەبوون بە بەهای ڕاستیی ڕستە ناوەڕکێک، یان دوورکەوتنەوە لە دەربڕینی پابەندبوونەکە بەو ڕستە ناوەڕۆکەی دەربڕاوە. بۆ ئەمەش(Hyland,1998,162-180) پەرژینەکانی بۆ دوو چەشن دابەشکردووە:

**١-پەرژینی ئاڕاستەکراوی ناوەڕۆک**"Content-oriented hedges": لە بارەی ئەمجۆرە پەرژینەوە (هایلاند) پێیوایە، پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی پەرژینی ئاڕاستەکراوی ناوەڕۆک دوولایەنەیە، بەجۆرێک لە

ڕوویەکەوە پەیوەندیی بە نووسەرەوە هەیە بۆ خستنەڕووی زانیاریی ڕستە ناوەڕکێک، کە لەگەڵ ڕاستیدا بگونجێت، لە لایەکی تریشەوە پەیوەندیی بە خودپاراستن لە کاردانەوەی نەخوازراوەوە هەیە، بەپێی ئەم پاڵنەرانە (هایلاند) پەرژینی ئاڕاستەکراوی ناوەڕۆک دەکات بە دوو جۆرەوە:

**آ-پەرژینی ئاڕاستەکراوی وردیی**"Accuracy-oriented hedges": ئەرکی جەوهەریی ئەمجۆرە پەرژینە ئەوەیە ئاماژە بەوە بکات، کە ڕستە ناوەڕۆکی گەیەنراو لەسەر بنەمای هەڵهێنجانێکی شیمانەییە لە نەبوونی هەندێک کۆزانیارییدا، واتە ئەمجۆرە پەرژینانە داوا لە خوێنەر دەکەن تا ئەو جێگەیەی دەتوانرێت دیارییبکرێت، ئەوەی باسکراوە بە ڕاست لێکدانەوەی بۆ بکات. ئەمجۆرە پەرژینەش دووجۆرە پەرژینی (پاڵپشتیکراو، متمانەپێکراو) هەردوو جۆرەکە هەڵسەنگاندن بۆ بابەتی نووسەر دەکەن، بەوەی زانیارییەکانی ڕستە ناوەڕۆکەکە لەسەر بنەمای بەڵگەی بەردەست ، تا چەند ڕاستن، یان بوون بە ڕاست نیشاندەدەن، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بڕوانە نموونەی(١٠):

**(١٠) - پێدەچێت هەژاری تەنگ بە خەڵک هەڵبچنێت.**

لە نموونەی (١٠)دا دەستەواژەی (پێدەچێت)ئەو ڕوونکردنەوەیە دیاریدەکات، کە دەربڕاوەکە لەوانەیە تەواو دروست نەبێت، بەڵکو لەسەر بنەمای بەڵگەی بەردەست لێبڕین، یان لێکدانەوەی ڕاستبوونییەتی.

**ب-پەرژینی ئاڕاستەکراوی نووسەر**"Writer-oriented hedge": لە ڕوونکردنەوەی ئەمجۆرە پەرژینەدا (هایلاند) دەڵێت ئەمجۆرە پەرژینە بە ئاڕاستەی نووسەر کاردەکات، بۆ کشانەوە لە پابەندبوونی تەواو بۆ ئەو کۆزانیارییەی بانگەشەی بۆ دەکات و بەرپرسیارییەتیەکە دەگوێزێت بۆ سەرچاوەکانی دەرەوەی خۆی بۆئەوەی خۆی لە کاردانەوەی نەخوازراو بپارێزێت، کەوایە ئەرکی ئەمجۆرە پەرژینە گەڕاندنەوەی بەرپرسیارییەتییە بۆ دەرەوەی قسەکەر لە ڕێگەی چەند دەربڕاوێکەوە، کە زیاتر لە فۆرمی بکەر نادیاردا دەردەخرێن. لەسەر بنەمای (پەرژینی ئاڕاستەکراوی نوسەر) لە نموونەی(١١)دا چۆنییەتی خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی دەخرێتەڕوو:

**(١١) - وا پێشبینیدەکرا، کە یاسا سەروەربێت.**

لە نموونەی (١١)دا قسەکەر لە ڕێی بەکارهێنانی دەستەواژەی (وا پێشبینیدەکرا) لە فۆڕمی بکەر نادیاردا بەرپرسیارییەتی ناوەڕۆکی دەربڕاوەکە لە خۆی دوور دەخاتەوە و پێوەی پابەند نابێت.

**٢- پەرژینی ئاڕاستەکراوی خوێنەر**"Reader-oriented hedges": ئەمجۆرە پەرژینە بە ستراتیژی نێوان کەسی دادەنرێت، بەوەی کارلێکی نێوان نوسەر و خوێنەرە بەجۆرێک نووسەر بە بەکارهێنانی ئەمجۆرە پەرژینانە دەیەوێت خوێنەر، یان گوێگر بۆ ناو دەقەکە ڕابکێشێت. ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی دیدگای خوێنەر لەبەرچاو گیراوە، بەوپێیەی نووسەر دەیەوێت خوێنەران لە پەرەپێدانی باسەکەدا هاوبەشبن،

واتە پەرژینی ئاڕاستەکراوی خوێنەر لە کاتێکدا وێنادەکرێت، کە نووسەر هاوبەشی و ئاگاداریی خۆی بۆ ئامادەبووان دەردەبڕێت. بۆ ئەمەش سەرنج لە نموونەی (١٢)بدە :

**١٢) - من باوەڕم وایە بەڵگەی تەواوم بۆ پشتگیریکردنتان پێشکەشکردووە .**

لە نموونەی (١٢)دا نووسەر، یان قسەکەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەستەواژەی (من باوەڕم وایە)وە ئەو گریمانەیەی ئاڕاستەی خوێنەر، یان گوێگر کردووە، کە بەتەواوی پشتگیرییان دەکات. بەمەش خوێنەران بەرەو هەڵوێستی خۆی، یان دەقەکە ڕادەکێشێت. دواتر (Caffi) لە سالآنی (١٩٩٩، ٢٠٠١، ٢٠٠٧)دا چەمکی (پەرژینەکان)ی لە چێوەی (ئامێرە هێورکەرەوەکان"Mitigation devices")دا فراوانتر کردووە. پێیوایە، کە ئامێرە داشکێنەرەکان کاریگەرییە نەخوازراوەکان لەسەر گوێگر کەمدەکەنەوە، بۆ ئەمەش (Caffi,2007,98-99) زۆربەی دەربڕاوە پەرژینییەکانی دەستنیشانکرد و لەسەر بنەمای تێڕوانینی خۆی (پەرژینەکان) ی بەسەر سێ چەشندا دابەشکرد:

**١-هەژگ**"Bushes" **:** دەربڕاوی فەرهەنگین، کە پابەندبوون بە ناوەڕۆکی ڕستە ناوەڕۆکی گەیەنراو کەمدەکەنەوە و ناڕوونی لە لێکدانەوەی دەربڕاوەکەدا دروستدەکەن و کاریگەرییان لەسەر بەهای ڕاستیی ڕستە ناوەڕۆکی گەیەنراو دەبێت، کە هەردوو جۆری (گونجێنەر، لە دەوری) لەخۆدەگرێت.

٢-**پەرژین**"Hedges" **:**[١٦] دەربڕاوی فەرهەنگین، پانتاییەکەیان کردەی قسەیی و لاوازکردنی هێزەکەی بە کەمکردنەوەی پابەندبوونی قسەکەر دەگرێتەوە، کە بە بەهای ڕاستیی ڕستە ناوەڕۆکی گەیەنراوەوە پەیوەست نین.

**٣-قەڵغان**"Shields " **:**[١٧]ئامێرێکن بۆ دوورکەوتنەوە لە خۆبەخشین بە دەربڕاوەکە. واتە دوورکەوتنەوە لە گێڕانەوەی دەربڕاوەکە بۆ قسەکەر و بەدیهێنەری گۆڕینی بەرپرسیارییەتی دەربڕاوەکەن، بەوەی کە پابەندبوونەکە بۆ کەسێکی تر جگە لە قسەکەر دەگێڕێتەوە، یان سەرچاوەی مارکەکراوی دەربڕاوەکە دەسڕێتەوە. دەکرێت بگوترێت، کە (هێورکەرەوەکانی کافی) هەمان چەمکەکانی (پرنس، فرایدەر، بۆسک)یان گرتووە و لە ژێر ناوی جیاوازدا بەکارهێنراون، بەجۆرێک (هەژگەکان لەگەڵ نزیککەرەوەکان) دەگونجێن، کە کاریگەری دەخەنەسەر بەهای ڕستە ناوەڕۆکی گەیەنراو و دەکەوێتە سنوری سیمانتیکەوە، لەکاتێکدا (پەرژینەکان لەگەڵ قەڵغانی شیمانە)دا دەگونجێن، کە پابەندنەبوونی قسەکەربە کردە قسەییەکەوە دەگرێتەوە و کاریگەریی لەسەر هێزی کردە قسەییەکە هەیە، هەروەها (قەڵغانەکانیش

-----------------------------------

١٦ - زاراوەی (پەرژین) لێرەدا دیارییکراوە و پەرژین وەک شا زاراوەیەک بۆ هێجەکان لە زمانی کوردیدا ناگرێتەوە، بەڵکو زاراوەکە ئاماژە بۆ ئەو دەربڕاوە فەرهەنگییانە دەکات، کە پەیوەستدارە بە کەمکردنەوەی هێزی پابەندبوونی قسەکەر بەو کردەیەی لەو ساتەدا قسەکەر جێبەجێیدەکات.

١٧- سەبارەت بە قەڵغانەکان (Caffi,2007,115-116) چەند جۆرێکی دەستنیشان کردووە، ئەوانیش:

آ-قەڵغانە نیشانەییەکان"Deictic Shields" ب-قەڵغانە وەرگیراوەکان"Quotational Shields" پ-قەڵغانە بابەتییەکان"Topical Shields"

لەگەڵ قەڵغانی پاڵپشتیکردن)دا بەراورددەکرێن، چونکە سەرچاوەی دەربڕاوەکە، یان پابەندبوونەکە بۆ کەسێکی تر جگەلە قسەکەر دەگێڕێتەوە. بەمەش هەردوو جۆری (پەرژینەکان، قەڵغانەکان) وەک دیاردەیەکی پراگماتیکی بەچەند شێوازێک کاردەکەن و دەکەونە سنوری بەخشکەیی دەربڕینەوە.

## ٢-١/٢) چۆنییەتی کارکردنی پەرژینە زمانییەکان

بەکارهێنان و کاریگەریی پەرژینەکان ئەو توانا درکپێکراوەیە، کە ئاخێوەرانی زمانێک بۆ چۆنییەتی گەیشتن، بە لێکدانەوە و هەڵهێنجانی واتای دەربڕاوێک بەکاریدەهێنن، ئەمەش بەو واتایەی پەرژینەکان دەبنە هۆکاری ئەوەی، کە دەربڕاوەکە واتایەکی زیاتر لە واتا بە کۆدکراوە سیمانتیکییەکەی بگەیەنێت، کە پەیوەستە بە دەوروبەر و کۆزانیاریی دەوروبەریی ئاخێوەرانی زمانێکەوە، لێرەشەوە چۆنییەتی کارکردنی پەرژینەکان لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا دەبێتە جێگەی سەرنج و گرنگیپێدان، لەمبارەیەوە (Cleman) دەڵێت (( هیچ سنورێک بۆ ئەو دەربڕاوە زمانییانە نییە، کە دەتوانرێت وەک پەرژین هەژماربکرێن. بەمەش هەر دەربڕاوێک دەتوانرێت بەپێی دەوروبەری پەیوەندیکردن، یان دەق وەک پەرژین بەدەستبهێنرێت)).(Cleman,1997,6)، لەم تێڕوانینەوە تێدەگەین، کە پەرژینەکان چینێکی کارای کراوە پێکدەهێنن، کە پەیوەستن بە کاریگەرییەکانی گوتارەوە، ئەمە وادەکات پەرژینەکان لەژێر چەند ناوێکی تردا خۆیان بنوێنن کە ئەمانەن:

**١-ناڕوونی**"Vagueness" [١٨]: تایبەتمەندییەکی جەوهەری زۆرێک لە پەیوەندییە مرۆییەکانە، چونکە ((لە زماندا زۆربەی دەربڕاوەکان ناڕوونن، بەمەش تایبەتمەندییە ناڕوونەکانی زمان لەلایەن ئاخێوەرانەوە بۆ مەبەستی جۆراوجۆر بەکاردەهێنرێن)).(Kaltenbock,et…..al, 2010,35)، کەواتە بەکارهێنانی دەربڕینێکی ناڕوون، کە هەموو ئەو دەربڕاوانە دەگرێتەوە، واتایەکی ناڕوون یان چەند واتایەکییان هەیە، ڕەنگە چەند پاڵنەرێکی هەبێت، کە تێگەیشتن و هەڵهێنجانی پشتبەستووە بە دەوروبەر و چوارچێوەی دەربڕاوەکەوە، بۆ ئەمەش سەرنج لە نموونەی (١٣) بدە:

**١٣) - کوڕەکە زۆر زیرەکە.**

لە نموونەی (١٣)دا ئایا (کوڕەکە بە تەواوی زیرەکە، یان لە بنەڕەتدا زیرەک نییە و وەک توانج بەکارهاتووە) بەمپێیە کاتێک دەوترێت واتای دەربڕاوێک ناڕوونە، ڕوونکردنەوەی واتاکەی پێویستی بە دەوروبەر هەیە، لە زمانی کوردیدا زۆرترین هاوەڵناوەکان ناڕوونن و واتایەکی دیاریکراویان نییە، وەک (باش، خراپ، خۆش) نازانرێت ڕادەکەیان چەندە. هەربۆیە دەوروبەر و کۆزانیاریی هاوبەش بنەمای لێکدانەوەی دەربڕاوە ناڕوونەکانی هەرزمانێکە. ناڕوونی لە زماندا لە زۆرباردا دەبێتە هۆی هێنانە ئارای بەخشکەیی دەربڕین.

-----------------------------------

١٨ - بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی پەیوەندی ناڕوونی بە بەخشکەیی دەربڕینەوە، بڕوانە: (Channell, Joanna (1994,١٨

**٢-خۆدزینەوە**"Evasion": کاتێک ڕوودەدات، کە مرۆڤ چەند ڕێگەیەکی جۆراوجۆر بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی خۆی لە بابەتێک بدزێتەوە، یان ڕای تەواوی خۆی بەڕوونی دەربارەی بابەتێک دەرنەبڕێت، واتە ((خۆدزینەوە بەندە بەو زانیارییانەی، کە قسەکەرەکە پێشکەشی دەکات، ئەو زانیارییانەشی کە گوێگر لێکدانەوەی بۆ دەکات)).(Kaltenbock, et…..al,2010,27) ، کەواتە چۆنییەتی خۆدزینەوە لە دەوروبەرێکدا پەیوەستە بە هەڵهێنجانی گوێگر بۆ ئەو دەربڕاوەی کە قسەکەر دەریدەبڕێت،بڕوانە نموونەی(١٤):

١٤) آ- **ئایدا: لە ڕێکخستنی دۆسییەکاندا یارمەتیم دەدەیت؟**

ب- **ئارا : دەبێت ڕاوێژ لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەم بکەم.**

لە نموونەی (١٤)دا (ئایدا) لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕستەی پرسیارییەوە داوایەکی ئاڕاستەی (ئارا) کردووە، بەڵام (ئارا) بە پاساوی (ڕاوێژکردن لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەیدا) لە چێوەی دەربڕاوی (ب)دا خۆی لە داواکارییەکەی (ئایدا) دەدزێتەوە و جێبەجێناکات.

**٣-شێوازی ناڕوون**"Equivocation": بریتییە لە بەکارهێنانی وشەیەک، کە دەتوانێت زیاد لە واتایەک بگەیەنێت، یان شێوازی قسەکردنێکە، کە بە مەبەست ڕوون نییە بۆ ئەوەی کەسانی دیکە سەر لێشێواو بکات و ڕاستییەکان بشارێتەوە، واتە ((جۆرێکە لە کۆنترۆڵکردنی زانیاری بە مەبەستی پاراستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، لەکاتێکدا بژاردەکانی تری پەیوەندیکردن لە دۆخەکەدا دەبێتە هۆی دروستبوونی دەرئەنجامە نەرێنییەکان)).(Bavelas, et….al,1990,137) ، بەپێی لێکدانەوەکان شێوازی ناڕوون فۆڕمێکی قسەکردنی ناڕاستەوخۆیە بۆ دوورکەوتنەوە لە ململانێ لە پڕۆسەیەکی پەیوەندیکردندا بەکاردەهێنرێت، لەمڕوانگەیەشەوە نموونەی (١٥) دەخەینەڕوو:

١٥) - **ئێمە هاتووین بۆ ئەوەی خاکی عێراق بپارێزین.**

ئەگەر لە نموونەی (١٥) وردببینەوە دەبینین لەکاتێکدا پرسیار لە کاربەدەستێکی (ئەمریکی) دەکرێت، بەوەی کە (ئایا لە عێراق ناڕۆن و دەمێننەوە؟) کاربەدەستەکە بەشێوازێکی ناڕوون بەهۆی وشەی (بپارێزین)ەوە وەڵامدەداتەوە، بەمەش خۆی لە کاردانەوە و ڕووبەڕووبوونەوە دەپارێزێت.

**٤- هێورکەرەوە زمانییەکان**"Mitigation": ئەو فۆرمە زمانییانەن، کە دەبنە هۆی کەمکردنەوەی هێزی ڕستە ناوەڕۆکێک و پابەند نەبوون بەو شتەی کە دەردەبڕێت، بە واتایەی ((ئەم هێورکەرەوە زمانییانە ڕۆڵێکی سەرەکی لە کەمکردنەوە، یان زیادکردنی مەودای نێوان قسەکەر و گوێگر لەلایەک و نێوان قسەکەر و دەربڕاوەکەدا لەلایەکی ترەوە دەگێڕێت)).(Caffi,2007,6) ،کەوایە ئەرکی جەوهەری هێورکەرەوەکان دیاریکردنی پلەی بەرپرسیارییەتی قسەکەرە بە دەربڕاوەکەیەوە، کە ئەمەش بە تەواوی توانستی قسەکەر پیشاندەدات، بۆ ڕزگاربوون لە هەرجۆرە بەرپرسیارییەتییەک. بۆ ئەم ڕاستییەش بڕوانە نموونەی (١٦):

**١٦) - پێدەچێت هەڵبژاردنی هەرێمی کورستان ئەنجامبدرێت.**

لە نموونەی (١٦)دا قسەکەر بیروبۆچوونی خۆی دەربارەی (هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان) دەربڕیوە، هەروەها بە بەکارهێنانی (پێدەچێت) بە دەربڕاوەکەیەوە پابەند نابێت و خۆی لە بەرپرسیارییەتی دووردەخاتەوە. بەپێی ئەو شیکردنەوانەی دەربارەی چۆنییەتی کارکردنی پەرژینەکان خرانەڕوو دەردەکەوێت، لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا پەرژینەکان وەک دیاردەیەکی پڕاگماتیکی لە سنووری واتای بەخشکەییدا شیکراونەتەوە و بنکۆڵکراون.

## ٢/٢) بەخشکەیی دەربڕینی پەرژینی زمانیی

بەخشکەیی دەربڕین، وەک یەکێک لە دیاردە پڕاگماتیکییەکان، لە پڕۆسەی ئاخاوتندا لە ڕێی کردەکانی گەیاندنەوە دەنوێنرێت، کە ڕاستەوخۆ لە شیکردنەوەی دەربڕاوەکەوە دەرناکەوێت، بەڵکو واتایەکی درکپێکراوە، کە لە پشت فۆرمە زمانییەکەوە حەشاردراوە. لە سەرەتادا (گرایس) چەمکی (بەخشکەیی دەربڕین)ی وەک شێوازێکی نوێ بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ (واتا)دا لە گفتوگۆدا ناساند، بەجۆرێک لە بنەرەتدا (گرایس) دیاردەی (تیۆری بەخشکەیی دەربڕین)ی بە مەبەستی پەیوەندیی نێوان ئەو واتایەی لە ئاوەزی قسەکەردا هەیە و لە دەربڕاوێکدا دەریدەبڕێت، لەگەڵ ئەو واتایەی، کە بەخشکەیی دەربڕاوەکە دەیگەیەنێت پەرەپێدا. بەوپێیەی لە پەیوەندیی زارەکیدا قسەکەر لەو واتایە تێدەپەڕێت، کە لە ڕستە تایبەتییە دەربڕاوەکەدا بەکاریدەهێنێت. لێرەشەوە دەکرێت بڵێین ((بەخشکەیی دەربڕین پێکهاتەی شاراوەی پێشنیازکراوی مەبەستدارن لە کۆی گشتیی دەربڕاوێکدا، کە قسەکەر بەشێوەیەکی پەنهانی دەیخاتە هەگبەی ڕستەیەکی کۆدکراوەوە، کە بە فۆرمی ئاخاوتنەکەوە پەیوەست نییە، بەڵکو گوێگر بە لێکدانەوەی بۆ مەبەستەکانی قسەکەر لێیان تێدەگات بەڵام ئەو بنەمایەنین، کە دەربڕاوەکەی لەسەر بە ڕاست یان درۆ حوکم دەدرێت)).(مەحمود،٢٠٢١)، کەواتە واتای بەخشکەیی دەربڕین، ئەو واتایەیە لەودیو واتای فۆرمە زمانییەکەوە هەڵوەستەی لەسەر دەکرێت، کە لە لێکدانەوە و شیکردنەوەی دەربڕاوێکدا گوێگر لەسەر بنەمای بناغە و کۆزانیاریی هاوبەشی لەگەڵ قسەکەردا هەڵیدەهێنجێنێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە (گرایس)هەوڵیداوە جیاوازیبکات لە نێوان واتای ئەو دەربڕاوەی، کە قسەکەر لەسەر ئاستی (چی دەوترێت؟) وەک ڕستە ناوەڕۆکێکی ئاشکرا دەریدەبڕێت، لەگەڵ ئەو واتایەی هەر بە هەمان دەربڕاو (چی بەخشکەیی دەردەبڕێت؟) دەیگەیەنێت. بۆ ئەمەش با لە نموونەی(١٧)بڕوانین:

**١٧) آ- ئەرێ لە کوردستان ژیان چۆن بەڕێ دەکەن؟**

**ب- کورە ئاشی نەزانە خودا دەیگێڕێت.**

ئەگەر لە دەربڕاوەکانی نموونەی (١٧) وردبینەوە، دەبینین لە دەربڕاوی (١٧آ) دا قسەکەر پرسیاری لە (چۆنییەتی ژیان لە کوردستان کردووە) لە بەرانبەردا گوێگر لە دەربڕاوی (١٧ب)دا لە بری وەڵامدانەوەی پرسیاری قسەکەر بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ، وەک ئەوەی قسەکەر چاوەڕێیدەکات، کە دەشێت (باش، یان

خراپ)بێت، بەڵکو گوێگر بە دەربڕینی (ئاشی نەزانە خودا دەیگێڕێت) ئەوە ڕووندەکاتەوە (کوردستان شوێنێکی بێسەرەوبەرەیە و یاسا تیایدا پەیڕەو ناکرێت). بەمشێوەیە ئەم دەربڕینە وەک وەڵامدانەوەیەکی ناڕاستەوخۆ، کە لەسەر ئاستی ئاشکرا بەرهەمهێنراوە بە قسەکەر دەگات. (گرایس) ئەم ئاڕاستەیەی لە شیکردنەوە کردووە بە بنەما بۆ داڕشتنی دوو جۆر لە پرسیار کە بریتین لە:

((پرسیاری یەکەم/ چۆن هەندێک کەس دەتوانێت هەندێک واتا بگەیەنێت، یاخود بەخشکەیی دەرببڕێت؟

پرسیاری دووەم/ ئەو واتایە چییە، کە دەردەبڕێت، یاخود بەخشکەیی دەردەبڕێت؟)).(قادر،٢٠١٢، ٢٦٥).

گرایس بۆ داڕشتنی بنەمایەک بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکە هەوڵیداوە خودی یاسای بەخشکەیی دەربڕین بەمشێوەیە بخاتەڕوو:((ئەگەر (p) و دواتر (q)مان هەبوو، کاتێک (p) واتای ڕەسەنی دەربڕاوەکە بنوێنێت، (q)یش واتا بەخشکەیی دەربڕاوەکە بنوێنێت، ئەوا ئەوەی قسەکەر دەیڵێت بریتییە لە بنەمای بەخشکەیی دەربڕینەکە، ئەگەرنا قسەکە هیچ بەخشکەیی دەربڕینێک ناگەیەنێت و هەڵە دەبێت)). (سەرچاوەی پێشوو،٢٦٦). بەمپێیەش بەجێبەجێکردنی یاساکەی گرایس بەسەر نموونەی (١٧)دا، ئەوا دەبینین، کە (١٧ب) دەتوانرێت وەک (p)یەک دابنرێت، کە بەخشکەیی واتای (q)ی بۆ قسەکەر دەربڕیوە، کە (کوردستان شوێنێک نییە، بەکەڵکی ژیانکردن بێت) لەسەر ئەم بنەمایەش ئەوە دەردەکەوێت، کە (p)ەکە، بنەمای هەڵهێنجانی (q)بووە، بۆیە پرۆسەی بەخشکەیی دەربڕینەکە و هەڵهێنجانی لەلایەن گوێگرەوە بە تەواوی جێبەجێبووە. لەسەر بنەمای ئەوەی ڕوونکراوەتەوە دەردەکەوێت، کە چەند زانیارییەک لە کردەی پەیوەندیکردندا بە مەبەست دەکرێن بە ژێرەوە. ئەمە وایکرد گرایس (ڕێساکانی هاریکاریکردن) [١٩]دابنێت، کە دواتر (ماکزیمەکان)ی ئاخاوتنی لێبکەوێتەوە، بەجۆرێک بەشداربووانی ئاخاوتن لە ڕێی جفرە و لێکدانەوەوە پەیوەست بە ڕێسا و ماکزیمەکانی ئاخاوتن دەتوانن ئەو زانیارییانەی، لە دەربڕاوێکدا کۆدنەکراون، یان بە فۆڕم نەگەیەنراون شیبکەنەوە. ئەم ڕێسایەش لەلایەن گرایسەوە بەمشێوەیە داڕێژراوە ((بەشداری گفتوگۆی خۆت بەو شێوەیە بکە، کە پێویستە لەو قۆناغەی ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدات ئەمەش بەهۆی پەسەندکردنی بابەتەکان یان ڕوونیی قسەکردنەکانەوە دەبێت)).(Grice,1975,45)، کەواتە بیرۆکەی سەرەکی (گرایس) ئەوەیە، کە گفتوگۆ چالاکییەکی هاوبەشە، بەجۆرێک بۆئەوەی گفتوگۆیەکی تێگەیشتوو بەردەوامبێت هەر لایەنێک وایدادەنێت، کە ئەوی دیکە هەوڵدەدات بەشێوەیەکی واتادار بەشداربیکات. بۆ ئەمەش (گرایس) چوار ماکزیمی ئاخاوتنی (چۆنێتی، چەندێتی، پەیوەستبوون، شێواز)ی لە چێوەی ڕێساکاندا بەمشێوەیە خستەڕوو:

-----------------------------------

١٩- بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر خودی (ڕێساکانی هاریکاریکردن) و چۆنیەتی جێبەجێکردن و بەزاندنییان سوود لە: مەحمود، ئاڤێستا (٢٠٠٩، ٧٠-٧٢) ببینە.

**آ- ماكزیمی چۆنێتی**"Quality maxim ":

دەتوانرێت ماكزیمی چۆنێتی وەک ڕاستی بەپێی پێویست پێناسەبکرێت، واتە دەربڕینەکان دەبێت لەسەر بنەمای ڕاستی و دروستیبن ((تەنها ئەوە بڵێ کە ڕاستە و بەڵگەت بۆی هەیە شتیک مەڵێ کە گومانت لێی هەیە و خۆی لە بەردەم بەڵگەکاندا بۆ ناگیرێت و دەکەوێت)).(مەحمود،٢٠٠٩، ٧٠)، کەواتە لە گفتوگۆدا چاوەڕواندەکرێت قسەکەر شتێک بڵێت، کە پێیوایە ڕاستەقینەیە، بەمەش گوێگر وا بیردەکاتەوە قسەکەر شتێک ناڵێت، کە دڵنیابێت لە ڕاستیدا هەڵەیە.

**ب- ماكزیمی چەندێتی**"Quantity Maxim":

ماكزیمی چەندێتی پەیوەندیی بە پێدانی زانیارییەکانەوە هەیە وەک ئەوەی پێویستە، واتە هاوبەشەکانی ئاخاوتن بە بڕی ئەو زانیارییەی لەکاتی پەیوەندیکردندا ئاڵوگۆڕیدەکەن، پابەندن. بەمەش دەبێت ئاخاوتنەکە لە شێوەی ((پەیوەندییەکەت، با بەجۆرێک بێت زیاد لە پێویست کردەی جێبەجێکردنی نەوێت)).(سەرچاوەی پێشوو ، ٧١) بێت. بەمپێیە بڕی ئەو زانیارییەی لە کردەیەکی ئاخاوتندا دەدرێت دەبێت پێویستی قسەکەر و گوێگر دابین بکات واتە زانیاریی کەمتر، یان زیاتر دابین نەکەن و پرۆسەی لێکگەیشتنەکە ئاڵۆز نەکەن.

**پ- ماكزیمی پەیوەستبوون**"Relevance Maxim":

ئەم ماكزیمە بەو واتایە دێت، ئاخاوتنەکە دەبێت پەیوەندیی بەو بابەتەوە هەبێت، کە باسیدەکرێت، چونکە ((وا چاوەڕواندەکرێت قسەکەران زانیاری لەسەر شتێک بدەن، کە پەیوەندیی بەو شتانەوە هەبێت پێشتر وتراوە)).(cutting,2002,35)، کەوایە ماكزیمی پەیوەستبوون بنەمایەکی گرنگی پرۆسەی ئاخاوتن و لێکتێگەیشتنە، چونکە قسەکەر و گوێگر بە بابەتێکی دیاریکراوەوە پەیوەست دەکات و لەو پێناوەشدا بەردەوامی بە کردەی ئاخاوتنەکە دەدەن.

**ت- ماكزیمی شێواز**"Manner Maxim":

شێوازی دەربڕینی ئاخاوتن، وەک یەکێک لە ماكزیمەکانی گرایس هۆکارە بۆ دروستبوونی ئاخاوتنێکی نموونەیی و تێگەیەنراو، بۆ ئەمەش گرایس بەکارهێنانی شێوازێکی دروستی بۆ ئاخاوتن لە چوار خاڵدا کورتکردوەتەوە، بڕوانە(عەلی،٢٠١٤، ١٦):

- دووربکەوەرەوە لە شاراوەیی
- دووربکەوەرەوە لە لێڵی.
- ئازا و بوێربە.
- ڕێکخراوبە.

ئەم ماکزیمە پەیوەندیی بە فۆڕمی قسەکردنەوە هەیە، کە قسەکەران وەک شێواز بۆ دەربڕینەکانیان بەکاریدەهێنن، واتە پێویستە قسەکەران بەشێوەیەکی ڕوون و ڕێکخراو زانیارییەکانیان لە چێوەی پرۆسەی ئاخاوتنەکەدا بگەیەنن. لەڕوانگەی گرایسەوە ڕێساکانی هاریکاریکردن و ماکزیمەکانی ئاخاوتن کۆنترۆڵی ئەوە دەکەن، کە چۆن دەبێت کەسێک بەشێوەیەکی دیاریکراو قسەبکات. بەمەش قسەکەر و گوێگر دەتوانن پەیامی دەربڕاوەکانیان بگەیەنن، بەڵام لە بارێکدا کە هاوبەشەکانی گفتوگۆ ئەم ڕێسا و ماکزیمانە جێبەجێناکەن، ئەوا لادان لە ڕێساکانی هاریکاریکردن و ماکزیمەکانی ئاخاوتندا دەکەن ئەم لادان و پابەندنەبوونەش (بەخشکەیی دەربڕین) [٢٠]دەهێنێتە ئاراوە. لەمڕووەوە تەرزی گشتی بۆ بەرهەمهێنانی (بەخشکەیی دەربڕین) بەشێوەیەکی لۆژیکی، کە لە (مەحمود،٢٠٢١)ەوە وەرگیراوە پشتبەستوو بە پێناسەکەی (گرایس) وەک ئەم ڕێکخستنەی خوارەوە دەخەینەڕوو:

**S** کرۆکێکی دەربڕیوە، کە **P** یە
هیچ هۆکارێک نییە، کە وابکات **S** ڕەچاوی پێوانەکانی ئاخاوتن بکات.
**S** هیچ ناکات بۆ ئەوەی **H** بیر لە **q** نەکاتەوە.
**S** دەزانێت، کە **H** دەزانێت، کە پێویست دەکات **H** بیر لە **q** بکاتەوە
**S** هیچی نەکردووە، بۆ وەستاندنەوەی **H** ، کە بیر لە **q** نەکاتەوە
**S** هەوڵدەدات **H** بیر بکاتەوە، یان ڕێی پێدەدات بیر لە **q** بکاتەوە
بەمەش **S** بەخشکەیی **q** دەردەبڕێت.

خستنەڕووی ئەم یاسا لۆژیکییەی (بەخشکەیی دەربڕین) ئەوە نیشاندەدات، لەکاتێکدا قسەکەران سوود لە توانای خۆیان لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا وەردەگرن. گوێگرەکانیش دەتوانن وەک دەرئەنجامی هەڵهێنجانێکی ئاوەزی چەندین (بەخشکەیی) لەسەر بنەمای دەربڕاوە ڕەسەنەکە، کە (P)یە هەڵبهێنجێنن.لە نموونەی (١٨)دا بەرهەمهێنانی (بەخشکەیی دەربڕین)کان پەیوەست بە پێناسەکەی (گرایس) دەخەینەڕوو:

**(١٨) آ- غەم مەخۆ، کورسی تاسەر بۆ کەس نییە.**

**ب- <+ زۆرداری هەر کۆتایی دێت.**

**<+ ڕۆژێک ستەم لێکراوان سەر دەکەون.**


-----------------------------------

٢٠- لە باسکردنی بەخشکەیی دەربڕیندا (Davis) پێیوایە کەسێک بەخشکەیی (q)دەردەبڕێت، ئەگەر مەبەست یان واتای (q)بەوتنی شتێکی تر ئاماژە پێبکات. تەنها لەو کاتەشدا بەشێوەیەکی دروست ئەو(q) پەیوەستدەکات، کە بەرپرسیارییەتی پرۆسەی پەیوەندیکردنەکە بەخستنەڕووی واتاکانی خۆی بۆ ئامادەبووان بەجێبهێنێت. بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە سوود لە: (Davis, Wayne(2007,1665-1672 ببینە.

**<+ دەسەڵات هەموو کات لای یەک کەس نییە.**

**<+ کورسیی دەسەڵات ستەم بە دوای خۆیدا دەهێنێت.**

لە نموونەی (١٨) دا ئەگەر سەرجەم لێکدانەوەکانی (١٨ب) وەک بەخشکەیی واتە (q) دابنرێن، ئەوا دەبینین قسەکەر تەنها بە دەربڕینی دەربڕاوی (١٨آ)، کە دەتوانرێت وەک (P) یەک، واتە واتای ڕەسەنی دەربڕاوەکە، کە فۆڕمی لۆژیکی دەربڕاوەکەشە لە ئاستی ئاشکرادا وەربگیرێت، دەتوانێت چەندین بەخشکەیی بە دوای خۆیدا بهێنێت. بەمپێیەش هەموو (q)ەکان، وەک بەخشکەیی لەسەر بنەمای (١٨آ)، کە بریتییە لە(P) هەڵدەهێنجێنرێت، لەگەڵئەوەشدا قسەکەر هیچ ناکات بۆ ئەوەی گوێگر لە مەودایەکدا لە بیرکردنەوە لە (q)بوەستێت، بۆیە (P)یەکە چەندین بەخشکەیی بەدوای خۆیدا هێناوە. لەڕوانگەی ئەو ڕوونکردنەوانەی لەسەر (بەخشکەیی دەربڕین) خرانەڕوو دەتوانین بڵێین ئاکامی کۆی ئاماژەکان لە دەربڕاوێکدا بریتییە لە ((ئەوەی دەوترێت، کە بەپێی سیستەمی زمانی لەسەر بنەمای ناوەڕۆکی مەرجی ڕاستەقینە بەکۆددەکرێت لەگەڵ ئەوەی بەخشکەیی دەردەبڕێت، کە پشت بە چالاکی ئاوەزی دەبەستێت، بە پێچەوانەی ئەوەی دەوترێت لەسەر بنەمای هەڵهێنجانە)).(ئەحمەد،٢٠١٣، ١٦٤). بەمپێیە سەرەکیترین بیرۆکەی(گرایس) دابەشکردنی لایەنەکانی واتایە لە نێوان واتای سیمانتیک و پڕاگماتیکدا و جیاوازیکردنە لە نێوان واتای (باو و ناباو) لە دەربڕاوێکدا. بۆ ئەمەش (کۆی ئاماژەکان لە دەربڕاوێکدا)، کە لە (مەحمود،٢٠٠٩، ٩٠) لە چێوەی هێڵکارییدا بەمشێوەیە وێناکراوە دەردەخەین:




هێڵکاریی ژمارە (١)
کۆی ئاماژەکان لە دەربڕاوێکدا

هێڵکاریی ژمارە(١) ئەوە دەردەخات، کە هەردوو جۆری واتای بەخشکەیی (باو و ناباو) پەیوەستن بە لایەنی (مەرجی ڕاستیی و ناڕاستیی)ەوە، لەکاتێکدا ((واتای بەخشکەیی باو ئەو واتایەیە، کە قسەکەرانی زمانێک، لەسەری ڕێککەوتون و دەچێتە چێوەی سیمانتیک و مەرجی ڕاستییەوە واتای بەخشکەیی ناباو لایەنێکی مەرجی ناڕاستییە لە واتادا و لەگەڵ واتای کۆدکراو ناچوونیەکە و بەهۆی پرۆسە پراگماتیکییەکانەوە هاندراوە)).(ئەحمەد،٢٠١٣، ١٦٤)، لەم گۆشەیەوە تێدەگەین قسەکەر و گوێگر خۆیان مەبەست و واتایەکی تر بۆ دەربڕاوەکانیان پشتبەستوو بە کۆزانیاریی هاوبەش و بناغەی هاوبەشی نێوانیان دایدەنێن. ئەمەش وایکرد گرایس دووجۆر واتای (بەخشکەی ناباو) جیابکاتەوە ئەوانیش بریتین، لە (تایبەتی، گشتی) لە شیکردنەوەی دیاردەی(بەخشکەیی دەربڕین)دا پەرژینەکان وەک دیاردەیەکی تری پراگماتیکی دەردەکەون ئەم دیاردەیەش بە وردیی پەیوەست بە ماکزیمەکان تاوتوێ دەکەین.

## ١-٢/٢) پەرژینی زمانیی لە ڕوانگەی بەخشکەیی دەربڕینی گرایسەوە

باسکردن و بنکۆڵکردنی بەخشکەیی دەربڕین و ڕێساکانی هاریکاری گرایس سەرنجمان بەرەو دیاردەیەکی تری پراگماتیکی ڕادەکێشێت، کە بەهۆی هەندێک فۆرم و دەستەواژەی زمانییەوە وەک (ڕەنگە، وابزانم، بە دڵنیایی، لە ڕاستیدا، وا دەردەکەوێت)ەوە سەرهەڵدەدات ئەم دیاردەیەش، بە (پەرژینەکان"Hedges") ناودەبرێت. قسەکەر ئەم فۆرم و دەربڕاوانە وەک جۆرێک لە بەخشکەیی دەربڕین و بەزاندنی ماکزیمەکانی (گرایس) بەکاردەهێنێت، کە لەگەڵیشیدا توانای پاشگەزبوونەوە، خودپاراستن، پابەندنەبوون، بە ناوەڕۆکی دەربراوەکە دەبەخشێت، بەمپێیە دەکرێت بڵێین، کە ((پەرژینەکان بریتین لەو ستراتیژییانەی، کە خەڵک لە کردەی پەیوەندیکردندا، بۆ خۆپاراستن و دوورکەتنەوە لە مەترسی پشتیان پێدەبەستێت کە بە تەواوی لە گفتوگۆی ڕۆژانەدا دەبینرێن، بەڵام هەندێکجار ئێمە درکیان پێناکەین)).(AL-Mudhafar,2014,8) ، لە لایەکی دیکەشەوە دەشێت قسەکەر (پەرژینەکان) لە خزمەتی ماکزیمەکانی گرایسدا بەکاربهێنێت، بۆئەوەی قسەکانی زیاد لە پێویست، بە واتای زیادە بارنەکرێن واتە واتای سەربار نەخرێتە سەر ناوەڕۆکی دەربڕاوەکە و بۆ مەبەستی دیکە بەکاربهێنرێت ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ((قسەکەر و گوێگر هۆشیاریی و زانینی تەواویان دەربارەی ماکزیمەکان هەیە و لە هەمانکاتیشدا خزمەتی دەکەن)).(محمود،٢٠٠٩، ٨٤)، کەواتە ماکزیم و ڕێکارەکانی گفتوگۆ لای قسەکەر و گوێگر زانراون و کۆزانیاریی هاوبەشیان دەربارەیان هەیە، هەربۆیە لە هەندێک باریشدا قسەکەر، بە مەبەست بەهۆی (پەرژینەکان)ەوە خۆی لەم ماکزیمانە لادەدات، چونکە قسەکەر وا تێدەگات کە گوێگرەکانیان حوکمی هاوبەشپێکردنیان لە ئاخاوتندا بەسەردا دەسەپێنن، کەواتە دەکرێت (پەرژینەکان) وەک وابەستە و پابەندبوون بە ماکزیمەکان، یان وەک لادان و بەزاندنی ماکزیمەکانی (گرایس) لەسەر ئاستی بەخشکەیی بەکاربهێنرێن، بۆ ئەمەش (پەرژینەکان) لەسەر بنەمای ماکزیمەکانی (گرایس) بەمشێوەیە وێنادەکەین:

**آ-پەرژینی چۆنێتی**"Quality hedges":

پەرژینەکانی چۆنییەتی، بۆ جەختکردنەوە لەسەر پابەندبوونی قسەکەر، بە ڕاستیی دەربڕاوەکە بەکاردێن، قسەکەر لەڕێگەی بەکارهێنانی دەربڕاوەکانی (لەڕاستیدا، بێگومان، بەدڵنیایی، ڕاشکاوانە، بەئامانەتەوە) باوەڕە تایبەتییەکانی خۆی، لەسەر متمانەپێکردنی زانیارییەکان پیشاندەدات، چونکە ((هەموو ئەو فۆرم و دەربڕاوانەی، کە وەک پەرژین کاردەکەن لە پەیپێبردنی بەهای ڕاستیی ئەو ڕستە ناوەڕۆکەی، کە لە دەربڕاوەکەدا کۆدکراوە بەشدارن)).(AL-Mudhafar,2014,12)، واتە کاتێک ڕاستی دەربڕاوێک بپشکنرێت و پشتڕاستبکرێتەوە، قسەکەر ئەم پەرژینانە وەک ئەوەی ڕاستییەکەیە بەکاردەهێنێت بۆئەوەی پیشانیبدات تەنها ئەوەی ڕاستییە و بەڵگەی بۆی هەیە دەیڵێت، بەمەش پەرژینەکان دەبنە ئاماژەیەک، بۆ پابەندبوونی قسەکەر بە ڕاستی ئەو زانیارییانەی، کە لە دەربڕاوەکەدا دەیگەیەنێت و هاوبەشیپێدەکات نموونەی (١٩) چۆنییەتی بەکارهێنانی پەرژینەکان بە مەبەستی پابەندبوونی قسەکەر بە ڕاستی زانیارییەکانییەوە ڕووندەکاتەوە:

**(١٩) آ- لە ڕاستیدا سەربەخۆیی دادگاکان دادپەروەری بەدیدەهێنێت!**

**ب-بە دڵنیاییەوە پێتانده‌ڵێم جیاوازیی چینایەتی، لە هەرێمی کوردستاندا تەواو زەقبووەتەوە.**

ڕستەکانی نموونەی (١٩) کە بە دەربڕاوەکانی (لەڕاستیدا، بەدڵنیاییەوە) پەرژینکراون، قسەکەر بۆ ڕەنگدانەوەی خواستی خۆی، بە پێشکەشکردنی زانیاریی ڕاست و دروست، وەک پەرژینێکی چۆنێتی، بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو گریمانەیەی، کە خاڵی جەختکردنەوەی قسەکەر ئاگادارکردنەوەی گوێگرە بەکاریاندەهێنێت، واتە قسەکەر بە دروستیی ئەو زانیارییانەی، کە لە دەربڕاوەکەیدا دەیگەیەنێت، پابەندە. لە لایەکی ترەوە دەشێت قسەکەر پەرژینەکانی چۆنێتی، بۆ پابەند نەبوون، بە بەرپرسیارییەتی دەربارەی ڕاستی دەربڕاوەکە بەکاربهێنێت، لەمبارەدا ((فۆرم و دەربڕاوە پەرژینییە چۆنێتییەکان، لەلایەن قسەکەرەوە وەک خاڵی ئاگادارکردنەوە و تێبینین بۆ گوێگر سەبارەت بە وردیی دەربڕاوە سەرەکییەکە)).(Yule,1996,38)، لەسەر بنەمای ئەم تێڕوانینە، قسەکەر پەرژینەکان وەک پێوەرێک بەکاردەهێنێت، بۆئەوەی ئاماژە بەوە بکەن ئەوەی کە دەیڵێت ڕەنگە بە تەواوی دروست نەبێت، بەوەی کە بەڵگەی پێویستی، بۆ پشتگیریکردنی قسەکانی نییە. لێرەشەوە قسەکەر بانگەشەی زانیارییەکانی ناو دەربڕاوەکە، لە سەرچاوەیەکی نادیارەوە بە بەکارهێنانی پەرژینەکانی (گوێم لێبووە، بیستوومە، وا پێشنیازکرا) دەکات، بەمجۆرە دەتوانرێت متمانەی ڕاستیی ناوەڕۆکی هەر دەربڕاوێک کەمبکرێتەوە و قسەکەریش، بە بەهای دروستی دەربڕاوەکەوە پابەند نەبێت، هەندێکجاریش بۆئەوەی ناکۆکی، لەلایەن گوێگرەوە لەسەر ڕاستی و وردیی دەربڕاوەکە دروست نەبێت، قسەکەر بە بەکارهێنانی پەرژینەکانی (ئەگەر، لەوانەیە، پێموایە، بە تێگەیشتنی من، باوەڕم وایە، گریمانە دەکەم، وابزانم) ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەو زانیارییانەی بانگەشەی بۆ دەکات تەنها پێشبینی و لێکدانەوەی قسەکەر خۆیەتی، کە دەبێتەهۆی

هەڵهێنجانی چەندین بەخشکەیی، لەسەر بنەمای دەربڕاوە سەرەکییەکە. بەمپێیە ئەم پەرژینە چۆنێتییانە وەک بۆچونێکی کەسی، کە دەکرێت ڕاست، یان هەڵە بێت وەردەگیرێن، بۆ ئەمەش لە نموونەی(٢٠)دا بۆچوونە کەسییەکان، بە بەکارهێنانی پەرژینەکانی چۆنییەتی دەخەینەڕوو:

**٢٠) آ- پێموایە پێویستە حکومەت پشتگیری لەو ڕێکخراوانە بکات، کە کارەکانیان لە پێناو پاراستنی بەهاکانی کۆمەڵگەی کوردیدان.**

**ب- <+ ڕێکخراوەکان لە کۆمەڵدا بوونییان هەیە.**

**<+ حکومەت وەکیەک پشتگیری لە ڕێکخراوەکان ناکات.**

**<+ بەهاکانی کۆمەڵگەی کوردی لە ژێر مەترسیی لە ناوچووندان.**

**<+ هەندێک لە ڕێکخراوەکان پارێزگاری لە بەهاکانی کۆمەڵگەی کوردی دەکەن.**

**<+ کاری هەندێک لە ڕێکخراوەکان هەڕەشەن بۆ سەر بەهاکانی کۆمەڵگەی کوردی.**

بە وردبوونەوە لە نموونەی (٢٠) دەردەکەوێت قسەکەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی دەستەواژەی (پێموایە)ەوە باشترین زانیارییەکانی خۆی پەسندەکات، لە هەمانکاتیشدا بەهای ڕاستیی دەربڕاوەکە لەئەستۆناگرێت، چونکە دەستەواژەی (پێموایە) پەرژینێکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە قسەکەر دیدێکی کەسی لەبارەی بابەتەکەوە پێشکەشدەکات. بەمەش باری پەشیمانبوونەوە بۆ بەخشکەییەکە دەڕەخسێنێت هەروەها یارمەتی هەڵهێنجانی چەندین بەخشکەیی تر دەدات وەک لە (٢٠ب)دا دەردەکەوێت، بەم کارەش بەرپرسیارییەتی بەهای ڕاستیی دەربڕاوەکە ڕەتدەکاتەوە و پێوەی پابەند نابێت.

**ب-پەرژینی چەندێتی**"Quantity hedges":

لە گفتوگۆکاندا وتنی ئەوەی لە لایەن گوێگرەوە زانراوەبە پێویست دانانرێت، بەڵام بۆ ئەوەی جەخت لەسەر ڕەوایەتیی زانیارییەکان بکرێتەوە، یان زانیارییە کۆنەکان بە زانیارییە نوێیەکانەوە ببەسترێتەوە قسەکەر بە بوونی هۆشیاری دەربارەی ماکزیمی چۆنێتی، پەرژینە چەندێتییەکانی وەک (پێدەچێت بزانن، بۆ هەمووان ڕوونە، وەک دەزانرێت، زۆرێک لە ئێوە ئاگادارن، ئاشکرایە) لە کاتێکدا بەکاردەهێنێت، کە پێشبینی ئەوە دەکات گوێگر ئەو زانیارییانە دەزانێت، کە بڕیارە ئەو (قسەکەر)باسیبکات. بەمەش ئەرکی ئەم پەرژینانە دەبێتە جۆرێک لە هاوسۆزیکردنی زانیارییەکانی ناو دەربڕاوەکە بۆ جەختکردنەوە و پشتڕاستکردنەوەی ڕەوایەتیی بەهای زانیارییەکان لە ئێستادا، بەم کارەش لە لایەکەوە مارکە لە زانیارییە کۆن و زانراوەکان دەدات، لە لایەکی تریشەوە زانیارییە زانراوەکان وەک بناغەیەک بۆ دەربڕینی زانیارییە نوێیەکانی خۆی بەکاردەهێنێت.بۆ ئەمەش بڕوانە نموونەی (٢١):

**٢١) - لای هەمووان ئاشکرایە، کە بارودۆخی هاووڵاتیان چۆنە، هەربۆیە بڕیارمانداوە باشکردنی گوزەرانی هاووڵاتیان لە ئەولەویەتی کارەکانماندا بێت، لەو پێناوەشدا ئەوەی لە دەستمان بێت دەیکەین.**

لەکاتێکدا سیاسەتمەدارێک، یان بەرپرسێکی باڵا بەهۆی دەستەواژەی (لای هەمووان ئاشکرایە) جەخت لەسەر زانیارییەکان دەکاتەوە دەیەوێت مارکە لە کێشە و گیروگرفتەکانی هاووڵاتیان بدات بەوەی، بوونیان هەیە و زانراون، لە هەمانکاتیشدا ڕەوایەتی و دروستی بە دەربڕاوەکە دەبەخشێت و دەیکات بە بنەمایەک بۆ دەربڕینی زانیارییە نوێیەکانی لە چێوەی دەربڕاوەکەدا. جیاواز لەوەی، کە پەرژینەکانی چەندێتی جەخت لەسەر ڕەوایەتی زانیارییەکی پێشینە و زانراو دەکەنەوە، کە قسەکەر پێوەی پابەندە، پەرژینە چەندێتییەکان دەشێت ئاماژە بەوە بکەن، کە زانیارییەکان وەک ئەوەی چاوەڕواندەکرێت بە وردیی پێشکەشنەکراون، لەمبارەدا قسەکەر پەرژینە چەندێتییەکانی (بەکورتی، پێویستە بیر لەوە بکەینەوە، لە بنەڕەتدا، ئەوەندەی من بزانم ، تا ئەو شوێنەی من ئاگام لێیە) بەکاردەهێنێت بۆئەوەی خۆی لە بەرپرسیارییەتی ناوەڕۆکی دەربڕاوەکە دووربخاتەوە. واتە ((قسەکەر زانیاریی تەواو، یان پێویست بە گوێگر نادات، چونکە نایەوێت گوێگر وێنەیەکی ڕوون و تەواو لەسەر بابەتی باسکراو بزانێت)).(Cutting,2002,40)، بەمپێیەش قسەکەر لە ماکزیمەکانی (گرایس) لادەدات و پەناگەیەک بۆ هەڵهێنجانی بەخشکەیی لە قسەکانیدا دەدۆزرێتەوە و بە زانیارییەکانی ناو دەربڕاوەکەوە پابەند نابێت، بۆ ئەمەش لە نموونەی(٢٢)دا لە وەڵامی پرسیاری پێشکەشکارێکدا دەربارەی (کەیسێکی کوشتنی ژنان) خانمە چالاکوانێک لە چاوپێکەوتنێکدا بە بەکارهێنانی پەرژینی چەندێتی بەمشێوەیە وەڵامدەداتەوە:

**(٢٢) - پێشکەشکار: خاتوون ئێوە تاوانباری ئەم کەیسەتان دۆزییەوە؟**

**خانمە چالاکوان: ئەوەندەی من ئاگادارم کەیسەکە لە دادگا لێکۆڵینەوەی لە بارەوە دەکرێت. ئێمە لە هەوڵی تەواوداین بۆ ئەوەی تاوانباری سەرەکیی ئەم کارە نامرۆڤانەیە بە سزای ڕەوای خۆی بگات.**

لە نموونەی(٢٢)دا پرسیاری پێشکەشکارەکە ڕوون و ئاشکرایە بەوەی (ئایا تاوانباری ئەم کەیسە کێیە، یان کەسی تاوانبار دۆزراوەتەوە؟)، بەڵام لە وەڵامدا خانمە چالاکوانەکە بە پێدانی بڕی زۆرتری زانیاری، بەهۆی پەرژینی چەندێتی (ئەوەندەی من ئاگادارم) لەوەی، کە پێشکەشکارەکە چاوەڕێی دەکات وەڵامی پرسیارەکە دەداتەوە. بەمەش خانمە چالاکوان زانیارییەکی ورد، یان پێویست، کە دەشێت (بەڵێ، یان نەخێر)بێت، بە پێشکەشکارەکە نادات و خۆی لە بابەتەکە دەدزێتەوە، بۆیە دەکرێت چەند بەخشکەییەک لە دەربڕاوەکەوە هەڵبهێنجێنرێت:

**+> نازانرێت بکوژەکە کێیە.**

**+> بکوژی ژنەکە دەستگیرنەکراوە.**

**+> ژنەکە خۆی نەمردووە، بەڵکو کوژراوە.**

**پ-پەرژینی پەیوەستبوون**"Relevance hedges":

ئەرکی سەرەکیی پەرژینەکانی پەیوەستبوون ئەوەیە ئاماژە بەوە بکەن، کە قسەکەر شتێک دەڵێت بە بابەتی باسکراوەوە پەیوەندیدار نییە، یان قسەکەر دەیەوێت بابەتی سەرەکیی گفتوگۆکە بگۆڕێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە گۆڕینی بابەتەکان لە ئاخاوتنەکاندا لە ڕێگەی پەرژینەکانی پەیوەستبوونەوە دیاریدەکرێت، بەمشێوەیە ((دەتوانرێت پەرژینەکانی پەیوەستبوون لە ناوەندی قسەکانی ئاخێوەراندا ببینرێنەوە، کاتێک لە گفتوگۆدا هەندێک زانیاریی ناپەیوەندیدار باسدەکرێت)).(Yule,1996,38)، لەمڕوانگەیەوە زۆرجار قسەکەر پەرژینەکانی پەیوەستبوون بەکاردەهێنێت، بۆئەوەی خۆی لە باسێک دووربخاتەوە، کە شیاوی مشتومڕ بێت، یان لەگەڵ خواستی ئەو (قسەکەر)دا نەیەتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش قسەکەر دوای لادانێک، بە چەند دەربڕاوێکی وەک (لە لایەکی ترەوە، بە هەرحاڵ، باشە، بە هەر شێوەیەک بێت، ببورن بابەتەکە دەگۆڕم، با واز لەو باسە بهێنین، هەرچۆنێک بێت) بابەتی سەرەکیی گفتوگۆکە دەهێنێتە دواوە و دەیگۆڕێت بۆ بابەتێکی تر، کە جیاواز بێت لە بابەتی باسکراو و پێوەی پەیوەست نابێت. ئەم لادانەش لە ئاستی ئاشکرای دەربڕاوەکەدا دەکرێت، بۆ زانیاریی زیاتر لە نموونەی (٢٣)دا چۆنییەتی بەکارهێنانی پەرژینی پەیوەستبوون ڕووندەکەینەوە:

**٢٣) - ئارا : دەزانیت نەبوونی ئازادیی ڕادەربڕین بە واتای لێسەندنەوەی زمانە!**

**- ئایدا : با واز لەو باسە بهێنین، بیستوومە ئەمڕۆ پێشانگایەکی گەورە بۆ کتێب دەکرێتەوە. دێیت بەیەکەوە بڕۆین؟**

لە ئاخاوتنی نموونەی(٢٣)دا (ئارا) چاوەڕێی وەڵامدانەوە، یان هاوسۆزیکردنی بیروڕاکانییەتی لە لایەن(ئایدا)وە، بەڵام (ئایدا) بە بەکارهێنانی (با واز لەو باسە بهێنین) لە ئاستی ئاشکرای دەربڕاوەکەدا، بابەتەکە بۆ بابەتێکی دیکە دەگۆڕیت، کە بە بیروڕاکانی (ئارا)وە پەیوەست نییە. بەمەش خۆی لەو مشتومڕە لادەدات، لەگەڵئەوەشدا بەهۆی دەربڕاوی (بیستوومە)وە، کە لادانە لە پێدانی بڕی زانیاریدا پەرژینێکی بە دەوری قسەکانیدا کێشاوە، کە دەتوانێت لە ڕاستی ناوەڕۆکی دەربڕاوەکەی (لە ئەگەری نەکرانەوەی پێشانگای کتێبەکەدا) پاشەکشە بکات و پێوەی پابەند نەبێت.

**ت-پەرژینی شێواز**"Manner hedges":

ئەم پەرژینە پەیوەندیی بە شێوازی پێشکەشکردنی دەربڕاوەکانەوە هەیە، بۆ ئەمەش قسەکەر پەرژینەکان بۆ جەختکردنەوە لەسەر چاودێریکردنی ماکزیمی شێواز بەکاردەهێنرێت. لەمڕووەوە (Carter,McCarthy) دەڵێن ((قسەکەر بۆئەوەی گونجاوترین شێواز بۆ دەربڕینەکانی هەڵبژێرێت، وشە یان دەستەواژەیەکی شیاوتر بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری واتای دەربڕاوە سەرەکییەکە زیاد دەکات)).(Carter,McCarthy,2006,220)، پشتبەستوو بەم تێڕوانینەش قسەکەر بە زیادکردنی پەرژینەکان، دەربڕینەکانی بەشێوازێکی ڕوون و ڕێکخراو بۆ گوێگر ڕووندەکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش دەربڕاوەکانی

وەک (بزانە چی دەڵێم، دەزانن مەبەستم چییە، ڕوونتر بڵێم، بەشێوازێکی سادە بۆتان باسدەکەم) بەکاردەهێنێت. بەم تێگەیشتنەوە دەتوانین بڵێین قسەکەر کاتێک ئەمجۆرە پەرژینە بەکاردەهێنێت دەیەوێت بزانێت، ئایا دەربڕاوەکەی ئەوەندە ڕوونە، کە گوێگر لێی تێدەگات؟، یان لێی تێناگات. بەمەش پەرژینەکانی شێواز لە ڕوانگەی قسەکەرەوە دەبنە مەبەستدارییەک بۆ ئەوەی قسەکانی وەک خۆی بێ زیادە، یان کەموکورتی بە گوێگر بگات. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر سەرنج لە نموونەی(٢٤)بدە:

**٢٤) - مەبەستمە بڵێم، کە بە دڵنیایی دەرگای قوتابخانە نوێیەکە، بە ڕووی منداڵانی گوندەکەدا دەکەینەوە.**

نموونەی(٢٤)سەرنجمان بەرەو شێوازی قسەکردنی (کاربەدەستێک) لەکاتی قسەکردنی بۆ خەڵکی گوندێک کە (چاوەڕێی کردنەوەی قوتابخانە دەکەن)ڕادەکێشێت، بەوەی پێدەچێت خەڵکی گوندەکە پێشتر پەیمانی خزمەتگوزاریی و کردنەوەی قوتابخانەیان پێدرابێت. لەمڕوانگەیشەوە ئەو کاربەدەستەی، کە قسە بۆ خەڵکەکە دەکات لە ڕێی دەستەواژەی (مەبەستمە بڵێم) وەک پەرژینێکی شێواز لە ئاستی ئاشکرادا بە ڕوونی دەربڕاوەکەی، کە (کردنەوەی قوتابخانەکەیە) بە ئامادەبووان دەگەیەنێت. لێرەوە پێویستە ئاماژە بەوە بکەین، کە زۆرجار قسەکەر بە مەبەست، بۆئەوەی وا دەربکەوێت کە بە ماکزیمەکانی (گرایس)ەوە پەیوەستە و بە دەربڕاوەکەیەوە پابەندە (پەرژینەکان) بەکاردەهێنێت، ئەمەش زیاتر لە پەرژینی شێوازدا دەبینرێتەوە، لە هەمانکاتیشدا دەشێت قسەکەر (پەرژینەکان) وەک لادان لە ماکزیمەکانی (گرایس) بەکاربهێنێت، بۆئەوەی هەم خۆی لە بەرپرسیارییەتی دەربڕاوەکەی بدزێتەوە و پێوەی پابەندنەبێت هەم دەربڕاوەکەی تەنها یەک لێکدانەوە وەرنەگرێت، چونکە بوونی چەند لێکدانەوەیەک بە واتای ونبوونی ڕاستیی تەواوی دەربڕاوەکەیە. دوابەدوای ماکزیمەکانی (گرایس) چەندجارێک ئەم مازکزیمانە بە چەند شێوەیەک دەستکاریکراون و کەمکراونەتەوە، بۆ ئەمەش (گرایسە نوێیەکان) وەک یەکەم هەوڵی ئەم دەستکاریکردنە دەخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

## ٢/٢-٢) پەرژینی زمانیی پەیوەست بە بەخشکەیی دەربڕینی گرایسە نوێیەکانەوە

لە سەر بنەمای ئەوەی، کە دەربارەی بەخشکەیی دەربڕین خرایەڕوو، دەکرێت تیۆری (بەخشکەیی دەربڕین)ی گرایس وەک بنەمای سەرەکیی پراگماتیک سەیربکرێت. بەوپێیەی هەریەک لە ڕێبازە سەرەکییەکانی تر بیرۆکەکانی (گرایس) وەک خاڵی دەسپێک بۆ پەرەپێدانی چوارچێوەیەکی تیۆری نوێ بەکاردەهێنن، بەجۆرێک هەریەک لەو تیۆرییانە چەندجارێک هەوڵی پێداچوونەوە و دووبارە داڕشتنەوەی (ماکزیمەکانی ئاخاوتن)،یان داوە، کە لە چێوەی (ڕێساکانی هاوکاری)ی (گرایس)دان، لەمڕووەوە (گرایسە نوێیەکان)لە چێوەی تیۆرییەکی نوێدا پێداچوونەوەیان بۆ تێڕوانینەکانی (گرایس) کرد و هەندێک لایەنی (ماکزیمەکانی ئاخاوتن)یان بە مەبەستی زیاتر گونجاندنی لەگەڵ تێگەیشتنە نوێیەکان بۆ بەخشکەیی دەربڕین دەستکاریکرد. پەیوەست بە پەرژینە زمانییەکانیش، کە بابەتی

سەرەکیی لێکۆڵینەوەکەمانە (گرایسە نوێیەکان) بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا ئەم بابەتەیان باسنەکردووە، بەڵام دوای خستنەڕووی ڕێساکان، دەکرێت پەرژینەکان لەسەر بنەمای بەخشکەیی دەربڕینی گرایسە نوێیەکانەوە بپشکنین. بۆ ئەمەش دوو لە کاریگەرترین مۆدێلی گرایسە نوێیەکان، کە بریتین لە مۆدێلەکانی (Levinson ، Horn) دەخەینەڕوو:

## ١-پێڕەوی ڕێساکانی هۆڕن

بۆ ڕێکخستن و ئابوریکردنی زانیارییە زمانییەکان و نەهێشتنی ئەو سنوردارکردنانەی، کە لە لایەن ڕێساکانی هاوکاریکردنی(گرایس)ەوە دانراون(Horn,1984,11-42) پێشنیازی لاوەنانی ئەم ڕێسایانەی کرد و سەرلەنوێ لە دوو ڕێسای سەرەکیدا داڕشتەوە:

**آ-ڕێسای Q /** ئەوەندە قسە بکە، کە دەتوانیت"Say as much as you can":

ئەم ڕێسایە سەرە ئاڕاستەی گوێگر دەکات بۆ ئەوەی بەکەمترین زانیاری، کە لە قسەکەرەوە دەردەچێت لە مەبەستەکەی تێبگات. بەمەش لەم ڕێسایەدا بەشی یەکەمی ماکزیمی چەندێتی (با بەشداریکردنت ئەوەندە زانیاری تێدابێت، کە داوات لێکراوە)، لەگەڵ دووبەشی سەرەتای ماکزیمی شێواز دووربکەوە لە (شاردنەوە و لێڵی) لەیەکدران، ئەم ڕێسایە گرەنتی ئەوە دەکات کە ناوەڕۆکی دەربڕاوێک، یان بەهێزترین لێدوان بدرێت بەسە و پێویست بە لێکدانەوەی زیاتر ناکات و دەتوانرێت بە شێوەی پێڕەوبەندانە بۆ هاندانی بەخشکەیی سنوری سەرەوە بەکاربهێنرێت.واتە ((کاتێک قسەکەرێک P، کە واتای ڕەسەنی دەربڕاوێکە دەردەبڕێت، ئاماژە بە هەموو ئەو شتە لە P دا دەکات، کە دەیزانێت)).(Horn,1984,13)، لەسەر بنەمای ئەم تێڕوانینەبێت پێویستە قسەکەر هەموو ئەو کۆزانیارییەی لەسەر شتێک هەیەتی لە دەربڕاوەکەیدا دەریببڕێت، چونکە گوێگر پێیوایە قسەکەر بەهێزترین کۆزانیارییەکانی لە دەربڕاوەکەدا پێدەگەیەنێت. بۆ ڕوونکردنەوەی چۆنییەتی هاندانی بەخشکەییە بەهێزەکانی سنوری سەرەوە، با لە نموونەی(٢٥) بڕوانین:

**٢٥) آ- قاوەیەکی گەرمم بۆ بهێنە. p**

**ب- +> نەسارد نە شلەتێن، بەڵکو قاوەیەکی گەرم. q**

لە نموونەی(٢٥)دا قسەکەر دەربڕاوی (٢٥آ)، کە واتای ڕەسەنی دەربڕاوەکەیە وتوە، ئەم دەربڕینەش دەربڕاوی (٢٥ب)وەک بەخشکەیی لەخۆدەگرێت، بەوپێیەی (٢٥آ) تەواو زانیاری گەیەنەرە، چونکە وشەی (گەرم)ی وەک (بەخشکەیی پێوانەیی بەهێز) بۆ داواکاریی قسەکەر تێدایە، بەجۆرێک هەر لەڕێگەی (٢٥آ)ەوە مەبەستی قسەکەر دەناسرێتەوە، واتە واتای دەربڕاوە ڕەسەنەکە هێندە بەهێزە واتای بەخشکەییەکەی بە ڕوونی لە ئاستی سەرەوە تێدا دەرکەوتووە و پێویست بە لێکدانەوەی زیاتر ناکات. لەڕوانگەی ڕوونکردنەوەی نموونەی(٢٥)ەوە ئەوە دەردەکەوێت، کە بەخشکەییەکان بەپێی ئەم ڕێسایە

بەهۆی بەکارهێنانی فۆرمێکی بەهێز، یان زانیاری پڕاوپڕ لەلایەن قسەکەرەوە سەرهەڵدەدات، کە زیاتر لەسەر بنەمای بەخشکەییە پێوانەییەکان وێناکراوە و وەرگرتنیان پشت بە پێوەرە زمانییەکان دەبەستێت، ئەمەش وایکرد (هۆڕن) ئەم گشتاندنە وەک هەنگاوێک بۆ بەرەوپێشچوونی تیۆری (پێوانەی چەندایەتی "Quantitative Scale")یەکەی بەکاربهێنێت. بەجۆرێک ئەگەر ئەم پەیوەندییانە لە نێوان دەربڕاوەکاندا هەبن، لەبەرئەوەیە ئەو دەربڕینانەی، کە بەخشکەییە پێوانەییەکان، یان چەندایەتییەکان دەخەنەگەڕ لە پێوەرێکدا ڕێکخراون، چونکە لە پێوانەی چەندایەتیدا ((کاتیگۆرییە دیاریکراوەکانی بوارێک لە ڕووی هێزی سیمانتیک، یان پلەی زانیارییەوە ڕێکخراون)).(Levinson,1983,133)، لەڕوانگەی ئەم تێڕوانینەوە دەکرێت بڵێین زاراوەی بەهێز زاراوەی بێهێز، یان لاواز بەدوای خۆیدا دەهێنێت، یان ئینتەیڵی دەکات زاراوە لاوازەکەش بەخشکەیی نەرێکردنی زاراوە بەهێزەکە دەگرێتەوە، ئەم گشتاندنەش (Horn,1984,21) بەم یاسایەی خوارەوە ڕووندەکاتەوە:

**1- S(x) ⟶ W(x)**

**2- W(x) + > - S(x)**

لە پێوەری چەندایەتیدا < S, W > بەکاردەهێنین، بەشێوەیەک کە:

S = زاراوەی (بەهێز"Strong")

W = زاراوەی (لاواز"Weak")

نیشانەی ⟵ بریتییە لە (ئینتەیڵ، گرتنەوە)

چۆنییەتی ڕوونکردنەوە و جێبەجێکردنی یاساکەی سەرەوە لە نموونەی (٢٦)دا دەخەینەڕوو:

**(٢٦) ا- ئایدا هەموو چیرۆکەکانی نەخوێندەوە.**

**ب- +> ئایدا هەندێک چیرۆکی خوێندەوە.**

**+> ئایدا هەندێک چیرۆکی نەخوێندەوە.**

بە وردبوونەوە لە نموونەی (٢٦) ئەوە دەردەکەوێت، کە < هەموو، هەندێک> ئینتەیڵی پێوانەیین، بەشێوەیەک واتای (هەندێک) لە ناو واتای(هەموو)دا هاتووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە (هەموو) وەک تایبەتمەندییەکی زانراو زانیاریی زیاترە، یان بەهێزترە لە (هەندێک)، کەواتە (هەموو) وەک زاراوەیەکی بەهێز (هەندێک)ی وەک زاراوەیەکی لاواز لەخۆگرتووە، هەروەها(هەندێک)یش بەخشکەیی زاراوەی (هەموو)ی ڕەتکردووەتەوە. تێگەیشتن لە بەهای ئەم پێوەرانەش بەهۆی باری ئاوەزیی و کۆزانیاری هاوبەشی ئاخێوەرانەوە دەجوڵێنرێن. لێرەوەشەوە (هۆڕن) لە تیۆری پێوانەییدا بەشێوەیەکی گونجاو لەسەر بنەمای (ناوەڕۆکی زانیاری پەیوەست بە بەهای سیمانتیک) پەسنی بەشێک لە فەرهەنگ دەکات. بە واتایەکی تر بەهای هەر پێوانەیەک بەهۆی پەیوەندیی نێوان کاتیگۆرییە دیاریکراوەکانی بوارێکەوە

دەبێت، کە پەیوەندیی پتەویان بە سروشت و مەودای بەخشکەییەکانەوە هەیە و بەهێزترین بەخشکەیی بۆ لاوازترین بەخشکەیی لەخۆدەگرێت. بڕوانە(Horn,2004,16):

**< نایاب، زۆرباش، باش>**

**< بەدڵنیاییەوە، لەوەدەچێت، ڕەنگە>**

**< هەموو، زۆرینە، هەندێک، کەمێک>**

**< عاشقیەتی، خۆشیدەوێت، حەزیلێیەتی>**

**<هەمیشە، زۆرجار، هەندێکجار، کەمجار>**

هەر لە چێوەی(ڕێسای Q)دا، کە زیاتر لەسەر بنەمای بەخشکەییە پێوانەییەکان وێناکراوە (هۆڕن) تێبینی ئەوەیکرد، هەندێک دەربڕینی لۆژیکی لە نێو فەرهەنگی زمانە سروشتییەکاندا بە لێکسیم ناکرێن، لەکاتێکدا وشە و فۆڕم بۆ پێوانە گشتگیرە ئەرێنییەکانی <هەموو، هەندێک، هیچ> هەیە، بەڵام هیچ وشە و فۆڕمێک بۆ پێوانە نەرێنییەکانی <هەموونا، هەندێک نا، هیچ نا> نییە، بەڵکو بەهۆی دەستەیەک لە جێگرەوەی پەیوەست بە دەربڕاوەکە نەرێکردنەکە ئەنجامدەدرێت. ئەمەش ئەو ڕۆڵ و کاریگەرییەیە، کە (ڕادەکان، یان پێوانەکان)[٢١] لە زماندا دەیگێڕن. لێرەشەوە تەرزی ناهاوسەنگی و بۆشایی لێکسیکی لە فەرهەنگدا دەردەکەوێت. بۆ ئەم ڕاستییەش لە دەربڕاوەکانی نموونەی(٢٧) بڕوانە:

**٢٧) آ- هەموو دانیشتوانی شارەکە ئەو کارەساتەیان بە ئاماژەی بەئاگاهێنانەوە زانی.**

**ب- زۆربەی دانیشتوانی شارەکە ئەو کارەساتەیان بە ئاماژەی بەئاگاهێنانەوە زانی**

**پ- هەندێک لە دانیشتوانی شارەکە ئەو کارەساتەیان بە ئاماژەی بەئاگاهێنانەوە نەزانی.**

**ت- هیچ کەس لە دانیشتوانی شارەکە ئەو کارەساتەی بە ئاماژەی بەئاگاهێنانەوە نەزانی.**

نموونەی(٢٧) ئەوە دەردەخات، کە ڕادە پێوانەییەکان بیرۆکە و زانیاریی جیاوازمان پێدەبەخشن ئەمەش بەهۆی ئەو کۆزانیارییەوەیە، کە ئاخێوەرانی زمانێک دەربارەی ڕادە پێوانەییەکان هەیانە، بۆ نموونە (هەموو) لە دەربڕاوی (٢٧آ)دا وەک بەخشکەیی بەهێز (زۆربە) کە ناکاتە (هەموو) لە (٢٧ب)دا لەخۆدەگرێت، بەوپێیەی کە (هەموو) وەک تایبەتمەندییەکی زانراو دەسەڵاتی بەسەر کۆی ڕستەکەدا

-----------------------------------

٢١- لە شیکردنەوەی نرخی سیمانتیکی ڕادە، یان پێوانەکان لەڕوانگەیەکی لۆژیکییانەوە دووجۆر ڕادەمان هەیە، کە ڕادەی گشتین و واتای چەمک و گشتێتی دەنوێنن هەردووجۆرەکەش بریتین لە:

آ-ڕادەی گشتی(هەموو، گشت، سەرجەم)کە بەهێمای(∀) ئاماژەی بۆ دەکرێت، کە واتا و نرخ و ڕاستییەکەی بریتییە لە قەبارەی گشتی دەقی.

ب-ڕادەی هەبوونیی(هەندێک) کە بە هێمای( ∃) ئاماژەی بۆ دەکرێت واتا و نرخ و ڕاستییەکەی بریتییە لە نیوەی قەبارەی دەقی ئەم چەشنە ڕادەیە لە شێوەی چەند فۆڕمێکدا دەنوێنرێت، وەک(کەمێک/نەختێک/تۆزێک، چەن کەسێک، زۆر).،بۆ زانیاری زیاتر لەسەر خودی ڕادە پێوانەییەکان بڕوانە: قادر،کاروان(٢٠١٢، ١٨٠-١٨٨).

هەیە، بەڵام (زۆربە) وەک بەخشکەیی لاوازتر هەمبەر بە (هەموو) نەرێی (هەموو)دەکات، لە هەمانکاتیشدا (زۆربە) وەک بەخشکەیی بەهێزتر(هەندێک)کە لە (٢٧پ)دا هاتووە لەخۆدەگرێت، لەکاتێکدا (هەندێک لە دانیشتوانی شارەکە ئەو کارەساتەیان، بە ئاماژەی بەئاگاهێنانەوە نەزانی)دەشێت وەک (هەندێک لە دانیشتوانی شارەکە ئەو کارەساتەیان، بە ئاماژەی بە ئاگا هێنانەوە زانی) لێکبدرێتەوە، هەروەها لە (٢٧ت)دا (هیچ) وەک بڕێکی زانراو هێز بە بەخشکەییەکە دەبەخشێت و بەشداری ڕادەکە بریتی دەبێت لە تایبەتمەندیی بەتاڵ وەک ئەوەی ئایا (کارەساتەکە هێندە گران نەبووە، تا هیچ کەس لە شارەکەدا گرنگی پێنەدات، یان لە بنەڕەتدا کارەساتەکە دڵتەزێن بووە، بەڵام لەگەڵئەوەشدا خەڵکی بێ باکبوون و گوێیان پێنەداوە، لە بەر هەر هۆکارێک بێت) ئەمەش وەک زانیارییەکی شاراوە لە بڕی (هیچ)دا دەبێتە لایەنی لاوازیی بەخشکەییەکە. لێرەشەوە درکپێکراوانە لە لێکدانەوەی نموونەکانەوە ئەوە دەردەکەوێت، کە بەپێی ڕێسای (Q) گرنگی بەو زانیارییە دەدرێت، کە قسەکەر بەهۆی ڕادە پێوانەییەکانەوە لە دەربڕاوێکدا دەریدەبڕێت و ئاڕاستەی گوێگری دەکات.

**ب-ڕێسای R** / زیاد لە پێویست قسە مەکە"Say no more than you must":

ئەم ڕێسایە سەرە ئاڕاستەی قسەکەر دەکات، کە تیایدا ماکزیمی پەیوەستبوون، بەشی دووەمی ماکزیمی چەندێتی (بەشداریکردنەکەت زیاد لەو زانیارییانە نەبێت، کە داوات لێکراوە) لەگەڵ دووبەشی کۆتایی ماکزیمی شێواز (بوێر و ڕێکخراوبە) لەیەکدران، کە یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی قسەکەر بەکەمترین کۆشش و ماندوبوون فۆڕمە زمانییەکان دەربڕێت، کە بەشێوەیەکی سیستماتیکی بۆ بەخشکەیی سنوری خوارەوە بەکاردەهێنرێت. واتە ((کاتێک قسەکەرێک P، کە واتای ڕەسەنی دەربڕاوێکە دەردەبڕێت، ئاماژە بەP و زیاد لەوەش، کە لە P دا دەربڕاوە دەکات)).(Horn,1984,14)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەو دەربڕاوەی دەربڕاوە، کورتە و بەهێزترین دەربڕاو نییە، بەهۆیەوە گوێگر بۆ ناسینەوەی کەمترین کۆشش بۆ لێکدانەوە و پڕکردنەوەی بابەتە ونبوەکان بانگهێشتدەکرێت. کەوایە ئەم ڕێسایە بە پێچەوانەی (ڕێسای Q) کەمکردنەوەی قسەکردن و بەهێزکردن، یان زەنگینکردنی پڕاگماتیک و پاڵنەری کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێت زیاد لەوەی زمانەوانی بێت، لێرەشەوە بەپێی (ڕێسای R) بەخشکەییەکان زیاتر لە شێوەی جوانیی دەربڕین و کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆدا دەردەبڕێت. بۆ ئەمەش بڕوانە نموونەکانی (٢٨، ٢٩):

**(٢٨ - ئێرە شوێنی وەستانی ئۆتۆمۆبێل نییە.**

**<+ ئۆتۆمۆبێلەکەت لێرە لاببە.**

**(٢٩ - دەزانیت، منداڵی ئێستا خراپی لێ بەسەرهاتووە؟**

**<+ منداڵی ئەم زەمانەیە بە گوێی کەس ناکات.**

لە هەردوو نموونەی(٢٨، ٢٩)دا، بەخشکەیی دەربڕینەکە لەسەر (بنەمای R) لە شێوەی کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆدا دەرکەوتووە. لە دەربڕاوی (٢٨) دا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ قسەکەر لە ڕێی فۆڕمی

(ئێرە شوێنی وەستانی ئۆتۆمۆبێل نییە) داواکارییەکی کردووە، کە بەخشکەیی واتای (ئۆتۆمۆبێلەکەت لێرە لاببە) دەگەیەنێت. هەروەها لە دەربڕاوی (٢٩)دا قسەکەر بە پێی ئەو بارودۆخەی، کە لەگەڵ گوێگر هەیەتی ناڕاستەخۆ ئەوە دەردەبڕێت، کە (منداڵەکەی خۆی، یان منداڵی گوێگر دەشێت کارێکی نەشیاوی کردبێت) بەمەش بەخشکەیی واتاکەی بۆ (٢٩) دەربڕیوە. بەمشێوەیە بەپێی ئەم ڕێسایە هەر (p) یەک واتایەکی زیاتر لەخۆدەگرێت، کە پێویستە گوێگر بە کەمترین کۆشش و ماندوبوون بە بەکارهێنانی مەودای فۆرمە زمانییەکان لە ڕێی لێکدانەوەی مەبەستەکەیەوە بیناسێتەوە. لەسەر بنەمای ئەوەی دەربارەی ڕێساکان خرایەڕوو ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە هەردوو ڕێساکە بەردەوام لە کارلێکدان و پێویستییان بە ڕوانگەی قسەکەر و گوێگرە. (هۆڕن) ئەم کارلێککردنەی لە ژێر ناوی (دابەشکردنی ئەرکی پڕاگماتیک"The division of pragmatic labor")دا ناساند، بۆ ئەمەش دەڵێت (( دەربڕاوێکی مارکە لێنەدراوی سادە، یان کەمتر کۆششی بوێت زیاتر بەردەستە، تا بەکارهێنانی دەربڕاوێکی مارکە لێدراوی ئاڵۆز بۆ گەیاندنی پەیامێکی مارکە لێدراو)).(Horn,1984,22)، پشتبەستوو بەم تێڕوانینە دەردەکەوێت، کە دابەشکردنەکە لە نێوان گوزارشتە مارکە لێدراو و مارکە لێنەدراوەکاندایە، بەجۆرێک هەرچی دەربڕاوە مارکە لێنەدراوەکانە، کە بەخشکەییەکان و جێگرەوە سەرەکییەکان دەگرێتەوە لەلایەن (ڕێسای R)ەوە هاندەدەرێن، لەکاتێکدا دەربڕاوە مارکە لێدراوەکان بەهۆی (ڕێسایQ )ەوە بەهێز دەکرێن، بەڵام لە هەندێک باردا دەشێت دەربڕاوێکی مارکە لێنەدراوی سادە، یان پێویستی بە هەوڵێکی کەمتر هەبێت بۆ لێکدانەوە لە دەربڕاوێکی مارکە لێدراوی ئاڵۆز زیاتر تێگەیەنراوتر و بەردەستبێت. بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم تێڕوانینە سەرنج لە نموونەی(٣٠)بدە:

**٣٠)  آ-  ئارا ڕێگەکەی چاککردەوە.**

**ب-  بەهۆی ئاراوە ڕێگەکە چاککرایەوە.**

ئەگەر سەیری نموونەی(٣٠)بکەین دەبینین، کە بەکارهێنانی کرداری (چاککردەوە) وەک دەربڕاوێکی مارکە لێنەدراو، لە (٣٠آ)دا بەخشکەیی لەسەر بنەمای (ڕێسایR) ئەوە دەردەبڕێت، کە بەشێوەیەکی سادە (چەشنباو) ڕێگاکە چاککراوەتەوە، لە کاتێکدا لە دەربڕاوی(٣٠ب)دا بە بەکارهێنانی(بەهۆی) وەک دەربڕاوێکی (هۆیی) دەبێتە هۆی بەخشکەیی دەربڕین لەسەر بنەمای (ڕێسایQ) بە دەربڕاوێکی مارکە لێدراو هەژمار دەکرێت، بەوەی دەکرێت (ئارا بەهۆی دەرکردنی بڕیارێکەوە/ پارە تەرخانکردن/ هاوکاریکردن بوبێتە  هۆی چاککردنی ڕێگاکە). لە ڕوونکردنەوەی دەربڕاوەکانەوە دەردەکەوێت، کە هەڵهێنجانی (٣٠آ) بەشێوازێکی سادە و چەشنباو دەبێت هەرچەندە، بە دەربڕاوێکی مارکە لێنەدراو هەژماردەکرێت، بەڵام هەڵهێنجان و لێکدانەوەی (٣٠ب) بە ئاڵۆز و ناچەشنباو دادەنرێت سەرەڕای ئەوەی کە مارکە لێدراوە، چونکە پێویستی بە هەڵهێنجانێکی درێژتر هەیە، بەوپێیەی لەوانەیە گوێگر پرسیاری ئەوە بکات (چۆن ئارا بووەتەهۆی چاککردنی ڕێگاکە)ئەمەش شێوازی کارلێکردنی هەردوو بنەماکە

پیشاندەدات، کە تەواوکەری یەکترن و وەک بەرجەستەکردنی گرژیی بنەڕەتی لە نێوان ئاشکرایی تەواو و ئابووریی زماندا سەیردەکرێت. بەمەش دەردەکەوێت، کە (ڕێسایQ)وەک میکانیزمی بلۆککردن ڕۆڵدەبینێت. هەموو ئەو دەرکردانە بلۆک دەکات، کە دەکرێت بەهۆی دەرکردە زمانییە جێگرەوەکانی ترەوە ئابوورییانە دەردەبڕێت. کەواتە ئەم ڕێسایە دەربڕاوە سینتاکسییە جیاوازەکان بەراورد دەکات، لە بەرانبەردا (ڕێسایR) کە بنەماکەی قسەکەرە لە کۆمەڵێک لێکدانەوەی پێکەوە بەستراوی هزرییانە دەکۆڵێتەوە، ئەمەش بە واتای ئەوەی قسەکەر لە دەربڕاوێکی سینتاکسیدا بەراوردی لێکدانەوە جیاوازەکان دەکات.

## ٢-پێڕەوی ڕێساکانی لڤنسن

لڤنسن وەک یەکێک لە (گرایسە نوێیەکان) سەرنجی لەسەر (بەخشکەیی ئاخاوتەیی گشتگیر) قاڵدەکات، کە تاڕادەیەک جێگیرە و بە دەروبەرەوە پەیوەست نییە، هەروەها پێیوایە (گرایس) هەڵهێنجانەکان بە بەشێک لە واتای باوی وشەکانەوە دەبەستێتەوە، بەڵام لە بنەڕەتدا بریتییە لە شیکردنەوەی پەیوەندییەکانی واتای لۆجیکی و پەسنکردنی جیاوازی پێڕەوبەندی بنەڕەتی بەکارهێنان. بەمەش بەخشکەییە گشتیگیرەکان بریتی دەبن لە هەڵهێنجانە پێشوەختەکان، لێکدانەوە ئاساییەکان، یان پەسەند کراوەکان، کە بەرهەمی (کۆتوبەندەکان"Heuristics")ن لە قۆناغی سەرەتایی پرۆسێسکردنی زماندا بەکاردەهێنرێن و لەگەڵ پرۆسەکانی دیکۆدکردنی واتای سیمانتیکدا پەیکاڵدەبن و بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی تێدەپەڕن، مەگەر بەشێوەی بەخشکەیی، یان بە ئاشکرا هەڵبوەشێنرێنەوە. لێرەشەوە (لڤنسن) گریمانەی سێ ئاستی واتایی دەکات، کە بریتین لە:

((**آ-واتای بەکۆدکراو**"Incoded meaning": ئەو واتایە پێکدەهێنن، کە بە واتای سیمانتیکی ناودەبرێن.

**ب-واتای جۆریی دەربڕاو**"Utterance type meaning": ئەو واتایە دەگرێتەوە، کە لەگەڵ بەخشکەیی ئاخاوتنی گشتی گرایسدا ڕێکدەکەوێت.

**پ-واتای قسەیی دەربڕاو**"Utterance token meaning": هەڵهێنجانێکی بانگهێشتکراوە، کە پشت بە دەوروبەر دەبەستێت)).(ئەحمەد،٢٠١٣، ٢١٥).

لەڕوانگەی ئاستە واتاییەکانەوە دەردەکەوێت، لە ناوەڕۆکی دەربڕاوەکانەوە بەشێوەیەکی گونجاو بەهۆی کۆتوبەندەکانەوە واتای (جۆریی دەربڕاو، قسەیی دەربڕاو)دەستدەکەوێت، کە وادەکات بە سانایی پەی بە مەبەستەکان ببرێت و هەڵوێستەکان بناسرێنەوە و فراوانبکرێن. بۆ ئەمەش (Levinson,1987,67) سێ کۆتوبەندی، لە چێوەی ڕێساکانی (چەندێتی، ڕاپەڕاندن، شێواز)دا خستەڕوو:

**آ-ڕێسای Q /** ئەوەی نەگوتراوە، گرنگ نییە"What isn't said isn't":

بەپێی ئەم ڕێسایە قسەکەر پێویستە شتێک نەڵێت، کە کەمتر بێت لەوەی کۆزانیاریی دەربارەی هەیە، چونکە گوێگر پێیوایە قسەکەر ئەوەی وتوویەتی بەهێزترینە بەپێی ئەوەی کۆزانیاریی لەسەری هەیە، ئەمەش پەیوەندیی بەیەکەم ماکزیمی چەندێتی گرایسەوە هەیە (با بەشداریکردنت ئەوەندە زانیاریی تێدابێت، کە داوات لێکراوە) ئەم ڕێسایە کاتێک بەکاردەهێنرێت، کە دەستەیەکی بەرچاو لە دەربڕینی پێوانەیی دژبەیەک هەبێت، کە لەڕووی هێزەوە جیاوازبن و قسەکەر بەهێزترین جێگرەوە لە ڕووی زانیارییەوە هەڵبژێرێت، کە لەگەڵ ڕاستییەکان یەکدەگرێتەوە. لەکاتێکدا هەڵبژاردنی دەربڕینێکی لاواز لە دەستەکەدا قسەکەر ئاماژە بەوە دەکات، ئەگەر دەربڕینێکی هاوتای بەهێز جێگەی بگرێتەوە ئەوا ڕاست نییە. بۆ چۆنییەتی ڕوونکردنەوەی ڕاستنەبوونی جێگرەوە بەهێزەکان (**S**) بە جێگرەوە لاوازەکان (**W**) بڕوانە نموونەی(٣١):

**(٣١) آ- بەشێک لە کەسایەتییە سیاسییەکان بەرتیل وەردەگرن.**

**ب- هەموو کەسایەتییە سیاسییەکان بەرتیل وەردەگرن**

ئەگەر سەرنج لە دەربڕاوەکانی نموونەی (٣١) بدەین دەبینین هەریەکەیان پێوانەیەکیان لە خۆگرتووە، بەجۆرێک لە (٣١آ) دا پێوانەی (بەشێک) ئاماژە بە نیوەی دەقەکە دەکات واتە (نیوەی کەسایەتییە سیاسییەکان)، بەڵام لە دەربڕاوی (٣١ب)دا پێوانەی (هەموو) کە کۆی چەمکی ڕستەک دەخاتە ژێر هەژموونی خۆیەوە، واتە کۆی دەقەکە. هەربۆیە ئەگەر دەربڕاوی (٣١ب) وەک جێگرەوەیەکی بەهێز لە بری (٣١آ) وەک جێگرەوەیەکی لاواز دابنێین، ئەوا لە ڕووی زانیارییەوە لەگەڵ ڕاستییەکان یەکناگرێتەوە و هەڵە دەبێت، ئەم ڕێسایەش لەسەر بنەمای دەربڕینە دژ بەیەکەکانی پێوانەی (هۆڕن) < **S, W** > وێنا کراوە. بەمشێوەیە ئەگەر یەکێک ئەندامیکی لاوازی پێوانەیەکی دژ هەڵبژێرێت ئەوا، بەپێی ئەم ڕێسایە ئەو ئەنجامە هەڵدەبژێرێت کە بەهێزەکە کاری پێناکرێت. ئەمەش بریتییە لە (پێوانەی بەخشکەیی) کە (Gazdar) لە ساڵی (١٩٧٩)دا ئەمجۆرە بەخشکەییەی بە (بەخشکەیی ڕستیلەیی) خستووەتەڕوو. ئەم بەخشکەییەش کاتێک ڕوودەدات، کە ڕستەیەک (ڕستیلەیەکی) جێگیرکراوی تێدابێت. (گرایس) ئەمجۆرە بەخشکەییە بە لادان و بەزاندنی ماکزیمی چەندێتی پەسندەکات، چونکە قسەکەر دەتوانێت لە دەربڕاوەکەی پەشیمان بێتەوە لەبەرئەوەی ((لە دژایەتییەکانی نێوان دەربڕینێکەوە وەرگیراوە و هێندەی بڕی کۆزانیاریی قسەکەر نییە)).(Walaszewska,2015,14)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە واتای بەخشکەیی دەربڕاوە سەرەکییەکە (P) نادیاریکراو دەبێت، بەمەش قسەکەر بەخشکەیی (Pq&p~q) دەردەبڕێت هەروەک لە نموونەی(٣٢)دا دەردەکەوێت:

**(٣٢) - دەرمانەکانت بخۆ، هەرچەندە ڕەنگە سودیشان نەبێت.**

**<+ قسەکەر نازانێت، کە دەرمانەکان سودییان هەیە یان سودییان نییە.**

نموونەی (٣٢) ئەوە دەردەخات، کە قسەکەر دڵنیانییە لەوەی، دەرمانەکان (سودییان هەیە، یان سودییان نییە) لە هەردوو بارەکەدا قسەکەر دەربڕاوی (هەرچەندە ڕەنگە) وەک پەرژین بەکاردەهێنێت و بەرپرسیارییەتی دەربڕاوەکە هەڵناگرێت، لە هەر بارێکیاندا دەتوانێت لە بۆچوونەکەی پەشیمانببێتەوە، چونکە ڕستەکە لەسەر زانیارییەکی چەسپاو دانەمەزراوە و ڕاستیی و هەڵەیی تێدا دەرناکەوێت.

**ب-ڕێسایI/** ئەوەی بە سادەیی دەردەبڕێت بە سادەیش دەنوێنرێت

:"What is simply described, is stereotypically exemplified"

ئەم ڕێسایە پەیوەندی بە بەشی دووەمی ماکزیمی چەندێتی (گرایس)ەوە هەیە (با بەشداریکردنەکەت زیاد لەو زانیارییانە نەبێت، کە داوات لێکراوە)، واتە کەمترین زانیاریی زمانیی بەرهەمبهێنە، کە بۆ گەیشتن بە ئامانجە پەیوەندیدارەکانت بەسبێت، بەو واتایەی ((بەکارهێنانی دەربڕینێکی سیمانتیکیی گشتی لەلایەن قسەکەرەوە، گوێگر هاندەدات بۆ ئەوەی لێکدانەوەیەکی (چەشنباو"Stereotypically") بەرهەمبهێنێت)).(Huang,2009,126)، کەواتە پێویستە گوێگر ناوەڕۆکی زانیاریی قسەکەرەکە فراوانبکات، بۆ دۆزینەوەی تایبەتترین لێکدانەوە تا دەگات بە خاڵی مەبەستی قسەکەر. لێرەشەوە دەکرێت بڵێین تا هەڵهێنجانەکان لە شیکردنەوەی دەربڕاوەکاندا زیاتر فراوانبکرێن هەڵهێنجانێکی چەشنباو بەدەستناهێنرێت، بەمپێیە ئەم ڕێسایە بە ڕێسایەکی بەهێز دادەنرێت و بنەمای چەندین دیاردەی زمانیی وەک تەسککردنەوە، یان لێکدانەوەی دەربڕینێکی گشتی بە واتایەکی تایبەتترە لە واتا گشتییەکەی، سەرنج لە نموونەی(٣٣)بدە.

**٣٣) - ڕۆمانەکەی ئەوان بە کەڵکم هات.**

شیکرنەوەی سیمانتیکییانەی دەربڕاوی نموونەی(٣٣)بەخشکەییانە مەبەستەکەی لە (ئەو ڕۆمانەی ئەوان نوسیویانە/ خوێندویانەتەوە/ کڕیویانە/ فرۆشتویانە/ خواستویانە) تەسکدەکرێتەوە. هەروەها (لڤنسن) لە ڕوانگەی ڕێسای دووەمەوە هێزی ئامرازە لێکدەرەکان وەک ئاماژەدان بە زنجیرەی کاتی و هۆیی، یان لە گەیاندنی بەخشکەیی پێکەوەییدا، یان لە پەسەندکردنی هاوئاماژەییدا، کە گوزارشت لە بەخشکەیی چەشنباو دەکەن و دەبنە پشتگیرێکی باشی پەیوەندیکردن، ڕووندەکاتەوە. بۆ ئەمەش لە دەربڕاوەکانی نموونەی (٣٤)دا ڕۆڵی لێکدەرەکان لە هەڵهێنجانی بەخشکەیی چەشنباودا دەردەخەین:

**٣٤) - ئارا هات و ئایدا تاقیکردنەوەکەی ئەنجامدا.**

**آ- ئارا هات دواتر ئایدا تاقیکردنەوەکەی ئەنجامدا.(p پاشان +> q )**

**ب- ئارا هات و بووە هۆی ئەوەی کە ئایدا تاقیکردنەوەکە ئەنجامبدات.(p بۆیە+> q )**

**پ- ئارا هات بۆ ئەوەی ئایدا تاقیکردنەوەکە ئەنجامبدات.(p بەمەبەستی ئەوەی ببێتەهۆی+>q )**

ئەگەر لە هەریەکێک لە دەربڕاوەکانی نموونەی (٣٤) ڕابمێنین دەبینین، کە (ڕێسای I) ڕێگەمان پێدەدات ناوەڕۆکی دەربڕاوێک، کە کەمترین زانیاری لەخۆگرتبێت دەوڵەمەندبکەین، بەوەی کە زۆربەی

هەڵهێنجان و لێکدانەوە جۆرییەکان لەسەر بنەمای کۆزانیاریی دنیایی بەدەستهاتوو وەردەگیرێن، بەمەش دەتوانرێت کۆمەڵێک لێکدانەوەی بەرفراوان لە ژێر ئەم ڕێسایەدا کۆبکرێنەوە.

**پ-ڕێسای M/** ئەوەی بە نائاسایی دەوترێت ئاسایی نییە، یان پەیامێکی مارکە لێدراو ئاماژە، بە بارودۆخێکی مارکە لێدراو دەکات" What is said in an abnormal way, isn't normal, or marked message "indicates marked situation":

بەهۆی سروشتی ڕێساکەوە (Levinson,2000,136-137) ماکزیمی قسەکەر و پەیوەستبوونی سروشتی گوێگر لەم ڕێسایەدا جیادەکاتەوە:

**١-ماکزیمی قسەکەر:** ئاماژەدانە بە بارودۆخێکی نائاسایی، یان نا چەشنباو بەهۆی بەکارهێنانی دەربڕینە مارکەلێدراوەکانەوە، کە بە پێچەوانەی هەموو ئەوانەیە قسەکەر بۆ پەسنکردنی گەیاندنێکی ئاسایی، یان بارودۆخێکی نا چەشنباو بەکاریدەهێنێت.

**٢-پەیوەستبوونی گوێگر:** ئەوەی بە نائاسایی دەوترێت، ئاماژە بە بارودۆخێکی نائاسایی دەکات، یان پەیامە مارکەلێدراوەکان ئاماژە بە بارودۆخێکی ئاسایی دەکەن.

ئەم ڕێسایە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە یەکەم و چوارەم ماکزیمی شێوازی (گرایس)ەوە هەیە (دوور بکەوە لە لێڵی، کورتبڕ و ڕێکخراوبە)، کە لەبنەڕەتدا پێچەوانەی (ڕێسایI)یە، بەوەی کە دەربڕاوێکی مارکە لێنەدراو لێکدانەوەیەکی چەشنباو هەڵدەگرێت، لەکاتێکدا ئەگەر دەربڕاوێکی مارکەلێدراو بەکاربهێنرێت، ئەوا ئەم دەربڕاوانە خواستی دوورکەوتنەوە لە لێکدانەوەی چەشنباو دەکەن. لەمبارەیەوە (Huang) دەڵێت ((دەربڕینێکی مارکەلێدراو بەبێ بوونی هۆکار بەکارمەهێنە )).(Huang,2009,126). ئەم بۆچوونە بە واتای ئەوەیە کاتێک قسەکەر دەربڕینێکی مارکەلێدراو بەکاردەهێنێت، دەیەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە، کە شتێکی نائاسایی لە دەربڕاوەکەیدا هەیە و خواستی ئەوە دەکات سەرنجی گوێگری تێدا قاڵبکات، لەڕوانگەی ڕوونکردنەوەی ڕێساکانەوە دەردەکەوێت، کە ناکۆکی لەنێوانیاندا هەیە، بەجۆرێک لە یەکەمدا ئەگەر قسەکەرێک شتێک نەڵێت ئەوا هیچ کێشەیەک دروستناکات و گرنگ نییە، لەکاتێدا لە دووەمدا ئەگەر شتێک بە سادەیی دەرببڕێت، پێویستە بە ئاسایی وەربگیرێت و کەرەستەکانیشی سادەن، لەگەڵئەوەشدا ڕێساکە پێماندەڵێت پێویستە لێکدانەوە ئاسایی و چەشنباوەکان وەربگرین، بەڵام (ڕێسای M) پێماندەڵێت بە دوای لێکدانەوە چەشنباوەکاندا بگەڕێین و سەرنج دەخاتەسەر فۆرمی دەربڕینێک بەو واتایەی، کە بەکارهێنانی دەربڕینێکی مارکەلێدراو لەبری دەربڕینێکی مارکەلێنەدراو ئەوە دەگەیەنێت، کە دەربڕاوە مارکە لێدراوەکان لێکدانەوەیەکی فراوانی تەواو ئاسایی و چەشنباو هەڵدەگرن. لەمڕوانگەیەوە لێکدانەوەی چەند دیاردەیەک دەکەونە ژێر ئەم ڕێسایەوە. پەیوەست بەمبارەش لە نموونەکانی(٣٥ ،٣٦ ،٣٧) وردببەرەوە:

**٣٥)   آ-   ڕەنگە ئیلیا حەزی لەو خواردنە نەبێت.**

**ب-   ڕەنگ نییە ئیلیا حەزی لەو خواردنە نەبێت.**

ئەگەر لە دەربڕاوەکانی نموونەی(٣٥) وردببیتەوە ئەوا دەبینیت، کە لە دەربڕاوی (آ)دا (دەکرێت ئیلیا حەزی لە خواردنەکە بێت، یان حەزی لە خواردنەکە نەبێت) ئەمەش بەپێی (ڕێسایI ) ئەگەرێکی چەشنباوە، بەڵام لە (ب)دا بەهۆی بوونی جووت نەرێییەوە ئاماژە بۆ دوورکەوتنەوە لە ئەگەرە چەشنباوەکە دەکرێت و بەخشکەیی ئەوە پێشاندەدرێت کە (زۆر نزیکە ئیلیا حەزی لە خواردنەکە بێت) ئەمەش ئەگەرێکی چەشنباو نییە.

**٣٦)   -  کە ئارا و ئایدا قسەیان دەکرد ئەوان ڕۆشتن.**

لە زمانی کوردیدا (جێناوەکان) جیا لەوەی هەڵگری واتای سیمانتیکین، هەڵگری زانیاریی دنیاییشن هەربۆیە دەتوانرێت بە هەردوو واتای چەشنباو و ناچەشنباو بەکاربهێنرێن. بەمپێە دەربڕاوی(٣٦) سەرنجمان بۆئەوە ڕادەکێشێت، ئایا جێناوی (ئەوان) هاو ئاماژەیە لەگەڵ (ئارا و ئایدا)؟ کە بکەری ڕستەکەن، ئەی ئەگەر هاو ئاماژە نەبێت مەبەستی لە (ئەوان) کێیە؟ لێرەشەوە دەردەکەوێت، کە جێناوەکان خاوەنی واتای ناچەشنباون، کە دەکرێت بەخشکەیی قسەکەر بۆ دەربڕینی نییەت و مەبەستی جیاواز بەکاریانبهێنێت.

**٣٧)   آ-   ئایدا خەڵاتی پێشبڕکێی وێنەکێشانەکەی بەدەستهێنا.**

**ب-  ئایدا بەهۆی ئاراوە خەڵاتی پێشبڕکێی وێنەکێشانەکەی بەدەستهێنا.**

لەنموونەی(٣٧)دا هەردوو واتای (چەشنباو و ناچەشنباو) بە سانایی دەبینرێت و درکی پێدەکرێت، لەکاتێکدا دەربڕاوی (آ) دەربڕاوێکی ئاسایی و چەشنباوە، بەڵام لە دەربڕاوی (ب)دا کاتێک دەوترێت (ئایدا بەهۆی ئاراوە خەڵاتەکەی بەدەستهێنا) کردەی (بەهۆی) پێشبینی زنجیرەی ڕووداوەکان تێکدەدات، چونکە دەشێت (ئایدا) خەڵاتەکەی بەهۆی (ئارا)وە بەدەستهێنابێت، بەوەی (ئارا وێنەکەی بۆ کێشابێت، یان یارمەتی دابێت لە کێشانەکەیدا) واتە بە هەر جۆرێکبێت (ئایدا) خۆی خەڵاتەکەی بەدەستنەهێناوە. ئەمەش لێکدانەوەیەکی نائاسایی و ناچەشنباوە، کە لەڕوانگەی (ڤنسن)ەوە بابەتێکی کارپێکراوی هەڵگەڕاوەی ئاوەزدارێتییە، کە لە ڕاستیدا بوونی مەبەستێک، یان نییەتێک چ لە هەڵسوکەوت چ لە هزریی مرۆڤدا  بۆ ئەو کردانەی مەبەستەک کاریگەرییان لەسەری هەیە، دەگوێزنەوە. ئەمەش دەبێتە ڕێککەوتنێکی ناوەکی و شاراوە بۆ پەیوەندییەکی سەرکەوتووانە، بەمەش دەردەکەوێت، کە خستنەڕووی ڕێساکانی (گرایسە نوێیەکان)بیرێکی سەرەکییمان  دەربارەی (پەرژینەکان) پێدەبەخشێت. لەسەر بنەمای ئەم زانیارییانە دەردەکەوێت، کە گرایسە نوێیەکان  لە یەکەم هەوڵیاندا بۆ دامەزراندنی تیۆرییەکی نوێ ماکزیمەکانی(گرایس)یان کەمکردووەتەوە و لە گۆشەیەکی جیاوازەوە هەم ماکزیمەکانیان داڕشتووەتەوە هەم دیاردەی (بەخشکەیی دەربڕین)یان خستووەتەڕوو، بەجۆرێک لەلایەک گرنگییان بە فۆڕمی لۆژیکی

داوە و لەلایەکی دیکەشەوە گرنگییان بە توانای ئاوەزی مرۆڤ بۆ تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی ئاخاوتن داوە، کە تیایدا هەردوو ڕوانگەی قسەکەر و گوێگر لەبەرچاو گیراوە. هەرچەندە لە تیۆرییەکەیاندا بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا باسیان لە (پەرژینەکان، یان بەڵگە زمانییەکان) نەکردووە، کە خودی بابەتی سەرەکیی توێژینەوەکەمانە، بەڵام بە خستنەڕووی شێوازی دارشتنەوەی نوێی ماکزیمەکان، کەم تا زۆر دەتوانین (پەرژینەکان) لەسەر بنەما و ڕێسای (گرایسە نوێیەکان) وێنا بکەین، بە جۆرێک یەکێک لە گرنگترین ڕێسا دیار و بەرچاوەکان کە تەواو لەگەڵ خودی (پەرژینەکان) یەکدەگرێتەوە بریتییە لە (ڕێسایQ) واتە (ڕێسای چەندێتی) کە (هۆڕن) بە ڕوونی لە تیۆری (پێوانەی چەندێتی)دا خستوویەتیە بەرباس و لێکۆڵینەوە، دواتریش وەک بنەمایەک (لڤنسن) لە دارشتنەوەی یەکەم ماکزیمی تیۆرییەکەیدا پشتی پێبەستوون، کە تیایدا پێوانە چەندایەتییەکان بەپێی بەهاو پلەی ئەندامێتییان لە کاتیگۆرییە دیاریکراوەکانی بوارێکدا، کە لەبەهێزەوە بۆ لاواز ڕێکخراون دەبنە بنەمای بەخشکەیی دەربڕین و دەتوانرێت وەک پەرژینێکی زمانی، بە لەبەرچاوگرتنی پلەی بەهێزیی و لاوازییان بۆ خۆپاراستن و دوورکەوتنەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی نەخوازراو بەکاربهێنرێن. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین، کە بەخشکەییە لاوازەکان زیاتر وەک پەرژین کاردەکان و هێزی دبلۆماسییەت و ستراتیژی بەکارهێنانی زمان بە قسەکەر دەبەخشن، چونکە زۆرترین هێزی پاشگەزبوونەوە و پاساوهێنانەوە، بەهۆی کاراکردنی دەستە بەخشکەییە جێگرەوەکانەوە لەخۆدەگرن. بۆ ئەمەش با لە نموونەی(٣٨) وردببینەوە:

**(٣٨ – هەندێک لە خوێندکارانی پۆلی سێیەم خەریکی کات بەفیرۆدانن.**

**<+ هەموو خوێندکارانی پۆلی سێیەم خەریکی کات بەفیرۆدان نین.**

**<+ هەندێک لە خوێندکارانی پۆلی سییەم خەریکی کات بەفیرۆدان نین.**

لە نموونەی(٣٨)دا قسەکەر بەهۆی بەکارهێنانی بەخشکەیی لاوازی (هەندێک)ەوە مەبەستێکی تەواو بە گوێگر نادات و ئەوە ئاشکرا ناکات، کە (کام خوێندکاری پۆلی سێیەم خەریکی کات بەفیرۆدانە و کامە خوێندکاریش خەریکی کات بەفیرۆدان نییە)، بۆیە قسەکەر درکپێکراوانە بە بەکارهێنانی (هەندێک) تێڕوانین و بۆچوونی خۆی دەردەبڕێت و ئەو پرسیارەش لای گوێگر بەجێدەهێڵێت، کە کام خوێندکارە کات بەفیرۆدەدات؟ لەهەمانکاتیشدا توانای پاشگەزبوونەوە و پاساوهێنانەوەی لەکاتی پێویستدا بۆ پەیامەکەی هەیە، ئەمەش لەلایەک توانستی قسەکەر پیشاندەدات بۆ چۆنییەتی مامەڵەکردن لە بارودۆخەکاندا، لەلایەکی دیکەشەوە خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوە دەپارێزێت. جگە لەمەش هەر لە چێوەی (پێوانەی چەندایەتیدا) دەتوانرێت (بەخشکەیی ڕستیلەیی) کە بەهۆی فۆرمە ئەگەرییەکانەوە، کە بەپێی پلەی بەهێزیی و لاوازییان ڕێکخراون وەک(پەرژین) بەکاربهێنرێن، چونکە خودی ڕستەکە زانیارییەکی چەسپاو لە خۆناگرێت و ڕاستیی و هەڵەیی تێدا دەرناکەوێت ئەمەش وا دەکات، کە قسەکەر بە سانایی هەڵیبوەشێنێتەوە و لێی پاشگەز ببێتەوە. بۆ سەلماندنی ئەم تێڕوانینەش بڕوانە نموونەی (٣٩):

**٣٩) - ئەگەر خەڵک وریا نەبێت، لەوانەیە حکومەت ئەم خۆپیشاندانە بە لاڕێدا بەرێت.**

**<+ قسەکەر نازانێت خەڵک وریایە یان وریا نییە هەروەک چۆن ناشزانێت، کە حکومەت خۆپیشاندانەکە بە لارێدا دەبات یان نایبات.**

ئەگەر لە نموونەی(٣٩) وردببینەوە بۆماندەردەکەوێت، کە قسەکەر لەڕێی هەردوو بەخشکەیی لاوازی (ئەگەر، هەندێک)ەوە، کە لە چێوەی ڕستەیەکی ئەگەریدا بەکاریهێناون، خودی ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت، کە زانیارییەکان چەسپاو نین و لە هەر کاتێکیشدا بێت قسەکەر دەتوانێت لێی پاشگەزبێتەوە و پێوەی پابەند نەبێت، چونکە قسەکەر بە دڵنیایی دەربڕاوەکەی نەگەیاندووە. بەپێی ئەوەی دەربارەی (ڕێسای چەندێتی) کە وەک بنەمایەک بۆ (پەرژینەکان)کاردەکات خرایەڕوو دەردەکەوێت، کە هەموو فۆڕمە جیاوازەکانی تری وەک (هەمیشە، زۆرجار، هەندێکجار، کەمجار) و(پێویستە، دەبێت، دەتوانین) کە پلەی جیاوازییان لە ڕووی هێزەوە هەیە، قسەکەر وەک (پەرژین) لە بارودۆخە جیاوازەکاندا بەکاریان بهێنێت، جگە لە (ڕێسای چەندێتی) دەتوانین پەرژینەکان بە (ڕێسای شێوازM )ەوە پەیکاڵبکەین، چونکە ئەم ڕێسایە دەڵێت (لێکدانەوەیەکی ناچەشنباو بە دەربڕینێکی مارکەلێدراو بەکاربهێنە). ئەم ڕێسایە لە باری پەرژینەکاندا گوێگر هاندەدات، کە دەربڕاوەکانی قسەکەر وەک هەڵبژاردنێکی مارکەلێدراو بناسێتەوە، بەوپێیەی ئەو فۆڕمە لۆژیکییەی دەربڕاوەکەی پێ نوێنراوە ئەو زانیارییانە دەشێوێنێت، کە لە ڕاستیدا لەلایەن قسەکەرەوە دەناسێنرێن. ئەمەش وەک ستراتیژێک قسەکەر بەکاریدەهێنێت بۆئەوەی ڕێگری لە گۆڕانکاریی نەخوازراو لە (وێنەی خودیی)[٢٢]لای گوێگر بکات. لە نموونەی (٤٠) دا بەکارهێنانی فۆڕمی (پێموانییە) کاریگەریی نەخوازراوی دەربڕاوەکە کەمدەکاتەوە:

**٤٠) - پێموانییە بە باشی ئیشەکەم کردبێت وادیارە من ئیشکەرێکی باش نیم.**

لە نموونەکەدا بەڕوونی دیارە قسەکەر بەهۆی پەرژینی (پێموانییە) نایەوێت ئەو ڕاستییە دەرببڕێت، کە (ئیشێکی خراپی کردووە) بۆئەوەی ئەو مەودایە بۆ گوێگر بهێڵێتەوە، کە بڵێت (پێموانییە ئیشەکە خراپ بێت)، یان (پێموایە ئیشەکەت باشە)، یان (ئیشەکەت زۆر خراپ نییە)، یان (ئەوە ڕای خۆتە گەرنا ئیشەکەت باشە) لێرەوە دەردەکەوێت، کە قسەکەر بۆیە دەربڕاوەکەی بەمشێوەیە دەردەبڕێت بۆئەوەی پێویستی بە تێچووی پرۆسێسکردنی زیادە هەبێت و دواجار گوێگر بە هەڵهێنجانی چەندین بەخشکەیی بگاتە ئەو لێکدانەوەیەی کە قسەکەر جێگرەوەیەکی (دژە ئابوریکردن)ی لە ڕێی پەرژینەکانەوە بە لەبەرچاوگرتنی

-----------------------------------

٢٢-پاراستنی وێنەی خودیی لە چەمکی(ڕوخسار"Face") ی(Brown, Levinson) واتە قسەکەر چۆن بۆ گوێگر دەردەکەوێت وەرگیراوە، هەروەها یەکێک لە بانگەشە گرنگەکانی (Hayashi) لە (مۆدێلی دوانەیی ڕوخسار " Dual model of face")دا ئەوەیە ڕووخسار دەتوانرێت بە دوو ئاستی پلەبەندی نیشانبدرێت، کە بریتین لە (ڕوخساری درکپێکراو، ڕوخساری سۆزداریی) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:

A- Hayashi, Takuo (2009 a,15-31) B- Brown, Levinson (1987,122)

پاراستنی (وێنەی خودی) لە دەربڕاوەکاندا بەکارهێناوە، بەم درکپێکردنەشەوە دەتوانین بڵێین (پەرژینەکان) لەڕوانگەی (گرایسە نوێیەکان)ەوە بە پلەی یەکەم لەسەر بنەمای (پێوانە چەندێتییەکان)، کە بەهۆی پلەی بەهێزیی و لاوازییان ڕێکدەخرێن، کە خودی پەرژینەکانە. هەروەها لەسەر بنەمای (ڕێسای شێوازM )ی (لڤنسن) کە لێکدانەوەیەکی ناچەشنباوە، جیا لەوەش کەم تا زۆر دەتوانرێت پەرژینەکان پەیوەست بە ڕێساکانی دیکەوە وێنابکرێن. دوابەدوای (گرایسە نوێیەکان) جارێکی تر ماکزیمەکانی ئاخاوتن لەلایەن تیۆرزانانی پەیوەستەوە وەک بنەمای تیۆرییەکی درکپێکردن داڕێژرانەوە.

## ٣/٢) بەخشکەیی دەربڕین و پەرژینی زمانیی لە ڕوانگەی تیۆری پەیوەستەوە

### ٣/٢-١) بەخشکەیی دەربڕین و تیۆری پەیوەست

(تیۆری پەیوەست)[٢٣]وەک تیۆرییەکی درکپێکردن لەسەر بنەمای هەڵهێنجان بۆ واتا و لێکدانەوە دامەزراوە. ئەم تیۆرییە پێیوایە واتای زمانی خۆکارانە ئەوە دیاریناکات، کە دەبێت  قسەکەر مەبەستی چی بووبێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە واتای سیمانتیکی بە واتایەکی لاواز سەیردەکرێت و ناتوانێت هەموو ئەو بیرکردنەوانە کۆدبکات، کە مرۆڤ بیری لێدەکاتەوە، بەڵکو واتای سیمانتیکی ئەو نیشانەیەیە، کە دەتوانرێت واتا ئەگەرییەکانی تری لێوە هەڵبهێنجێنرێت. بۆ ئەمەش ئەم تیۆرییە لە پەیوەندی لەگەڵ (بەخشکەیی دەربڕین)دا دەتوانرێت وەک ڕێبازێکی بچوککەرەوە سەیربکرێت، لەبەر دوو هۆکار:

١- هەموو ئەو ماکزیمانەی کە لەلایەن گرایسەوە بۆ (بەخشکەیی دەربڕین) پێشنیازکراون، بۆ یەک بنەمای پەیوەستداربوون کەمدەکاتەوە.

٢- هەموو جۆرەکانی (ئەوەی دەوترێت، بەخشکەیی باو، بەخشکەیی ناباو، بەخشکەیی گشتگیر) لە چێوەی دوو پۆلی واتا (ئاستی ئاشکرا، ئاستی بەخشکەیی)دا باسدەکات.(Sperber,Wilson,Carston) چەمکی (واتای ئاشکرا) یان وەک تەواوکەری چەمکی (بەخشکەیی)گرایس ناساند بۆئەوەی نیشانیبدەن، کە هەڵهێنجانە پڕاگماتیکییەکان نەک تەنها بەشدارن لەوەی، کە ئاماژەی پێدەکرێت، بەڵکو بەشدارن لەوەی، کە بەڕوونی دەگەیەنرێت بۆ ئەمەش (کارستۆن) چەمکی (ئاشکرا) بەمشێوەیە پەسندەکات ((ڕستە ناوەڕۆکێکە، لەلایەن دەربڕاوێکەوە بەشێوەیەکی  پڕاگماتیکی لەسەر بنەمای فۆرمێکی لۆژیکی کە دەربڕاوەکە کۆدیدەکات بونیادنراوە)).(Carston,2000,10)، کەواتە ناوەڕۆکی هەر دەربڕاوێک لە ئاستی ئاشکرادا، کە لە قاڵبی فۆرمێکی لۆژیکیدا دەگەیەنرێت تێکەڵەیەکە، لە پێکهاتەیەکی زمانیی کۆدکراو، لەگەڵ ماددەیەکی پڕاگماتیکی هەڵهێنجراو، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە جۆرەها پڕۆسەی پڕاگماتیکی جیاواز لە پەرەپێدانی ئەوەی کە لەلایەن دەربڕاوێکەوە کۆددەکرێت بەشدارن. لەلایەکی ترەوە واتای (بەخشکەیی

-----------------------------------

٢٣- بۆ زانیاری دەربارەی تیۆری پەیوەست بڕوانە پاری چوارەمی بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە، لاپەڕەی(٤٨-٥٥).

دەربڕین) وەک واتایەکی ناڕوون بریتییە لە ((هەر فۆرمێکی تری ڕستە ناوەڕۆکێک، کە لە ڕێگەی دەربڕاوێکەوە دەگەیەنرێت ناوەڕۆکەکەی لە ماددەیەکی تەواو پڕاگماتیکی هەڵهێنجراو پێکدێت)).(Carston,2000,10)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە لە تیۆری پەیوەستدا (بەخشکەییەکان) بە پلەی یەکەم لە ڕووی پەیوەندییەکانیان بە چەمکێکی دیکەوە پێناسەدەکرێن. بەمپێیە هێزی ڕوونکردنەوەی تیۆرییەکەیان لەسەر پێدانی شێوە بە چەمکی (پەیوەستداریتی) وەک پاڵنەر بۆ پرۆسەکانی درکپێکردن تایبەتمەند دەکرێت، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت ئەوە ڕوونبکرێتەوە چۆن زانیارییەکان لەڕوانگەی ئاوەزییەوە نوێنەرایەتی دەکرێن و بەشێوەی هەڵهێنجان پرۆسەدەکرێن. بەمپێیەش دەربڕاوەکان و پاڵنەرە ئاشکراکان دەبنە جۆرێکی تایبەتی تێکردە کە گریمانەی پەیوەستدار بە خۆیانەوە دەهێنن، کە وەک دەرئەنجام لە زانیارییە نوێیەکان و کاریگەریی دەوروبەرێتییەکان پێکەوە وەرگیراون. بەمپێیەش شتەکانی تر یەکسان دەبن تا کاریگەرییەکانی درکپێکردن زیاتربن و هەوڵ و تێچووی پێویست بۆ پرۆسێسکردن و وەرگرتنیان کەمتربێت، پەیوەندی تێکردەیەک بە تاکێکەوە لەو کاتەدا زیاتر دەبێت، بەمەش دەتوانین بڵێین مرۆڤ خۆڕسکییانە ئەو تێکردانە وەردەگرێت، کە زیاتر پەیوەستدارترن. لە نموونەی (٤١)دا چۆنییەتی پەیوەستداری تێکردەیەک بە تاکێکەوە ڕوونکراوەتەوە:

**٤١) - ئەگەر ئایدا لە تاقیکردنەوەکەدا سەرکەوتووبوو، دەیبەم بۆ خۆشترین گەشت.**

لە نموونەی(٤١)دا زانیارییە نوێیەکە بریتییە، لە (خۆشترین گەشت)کە وەک بەخشکەیی دەوروبەرێتی دەبێتە بەڵگە بۆ سەرکەوتنی (ئایدا)، بەمجۆرە جگە لەوەی شتەکانی تر هاوتا دەبن کاریگەریی درکپێکردنی ئەرێنی زیاتر و پەیوەستداریی زیاتریش بۆ (ئایدا) ئەو زانیارییە نوێیەیە لەو کاتەدا. بەمپێیەبێت کاریگەریی درکپێکردن بۆ تاکێک، لەکاتێکدا بریتییە لە بڕی کۆشش و تێچووی ئاوەزی، لەگەڵ (بزاوتێک"Stimuli") کە کاریگەری درکپێکردنی ئەرێنی بەرهەمدەهێنێت، ئەم کاریگەرییەش لە بڕی پرۆسێسکردنی کۆششی داواکراو جیاوازە، بەجۆرێک تا تێچووی کۆششی داواکراو کەمتربێت، ئەوا تێکردەکە بە تاکێکەوە زیاتر پەیوەستدارتر دەبێت، کەواتە ((پەیوەندی پاڵنەرە ئاشکراکان بەجۆرێکە، کە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی چاوەڕوانییە تایبەتییەکانی پەیوەندیداربوون بەرزدەکەنەوە. بەمەش گوێگر بۆئەوەی ناوەڕۆکی مەبەستی قسەکەر دیاریبکات ستراتیژی تێگەیشتن بەکاردەهێنێت، کە تێگەیشتنی دروستە زمانییەکان لە پرۆسەی دیکۆدکردنەوە بۆ هەڵهێنجان دەگۆڕێت. ئەم هەڵهێنجانانەش دەشێت بە واتای تەسکتر، یان فراوانتر لە واتا دیکۆدکراوەکەی بێت هەریەک لەم چەشنانەش، بە بەکارهێنانی ئازاد ناودەبرێت و بەشێکە لە پێکهاتە چەمکییە کۆدکراوە زمانەوانییەکان و کاریگەرە دەوروبەرێتییەکان)).(ئەحمەد،٢٠١٣، ١٥١)، کەوایە پرۆسەکانی هەڵهێنجان نەک هەر فۆرمێکی لۆژیکی تەواو دەکەن، بەڵکو زیاتر وردتر و ڕێکیدەخەن، بۆئەوەی مەبەستی گوێگر لە ئاستی ئاشکرادا دیاریبکەن، بەمەش ڕۆڵی پرۆسە پڕاگماتیکییە ئازادەکان وەڵامدانەوەی کۆدکراوە زمانییەکانن بۆ پێویستیی

بەشداریکردنی دەوروبەر، کە بەتەواوی پاڵنەرێکی پراگماتیکی (لەسەرەوە بۆ خوارەوە) واتە لە یەکەم هەڵهێنجانەوە تا کۆتا هەڵهێنجان، بەهۆی گەڕانی پەیوەندیکاران بە دوای لێکدانەوەی پەیوەستاردا هەیە، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بڕوانە بەکارهێنانی وشەی (سوڕ) لە نموونەی (٤٢)دا بە واتا بنەڕەتی و دیکۆدکراوەکەی، لەگەڵ واتا هەڵهێنجراوەکەی بەهۆی پرۆسە پراگماتیکییەکانەوە:

**٤٢) - چییە ئەڵێی سەرت سوڕ دەخوات!**

لە نموونەی (٤٢)دا وشەی (سوڕ) بە واتا بنەڕەتییەکەی کە (بوونی نەخۆشی) لەخۆدەگرێت بەکۆدکراوە، لەم چەمکە گشتییەوە پەیوەندیی بە واتا تەسکراوەکەی بە کاریگەریی دەوروبەرێتی لەو کاتەدا هەڵدەهێنجرێت، کە دەشێت مەبەست لەوە بێت (کەسێک لە شتێک، یان بیرۆکەیەک تێنەگات، یان ئاگای لە بابەتێک نەبێت) کراوە، ئەمەش واتا تەسکراوەکەی وشەی (سوڕ) لە دەربڕاوەکەدا دەگەیەنێت، کەواتە تەسککردنەوە پرۆسەیەکە تێیدا وشەیەک واتایەکی دیاریکراوتر لە مەودای کرۆکە واتا کۆدکراوە زمانییەکەی دەگەیەنێت، بەمەش پارێزگاری لە سیما پێتییەکانی وشەکە دەکرێت، بەڵام لەبەرئەوەی لە نموونەکەدا وشەی (سوڕ) لە دروستەیەکی واتایی نادیاریکراو، یان لێڵدا نوێنراوە بووەتەهۆی ئەوەی وەک بەکارهێنانێکی ئازادانە لە هەمان دروستەدا تەسکبرێتەوە. فراوانکردنیش وەک جۆرێک لە بەکارهێنانی ئازادانە قسەکەر بۆ دەربڕینی مەبەستەکەی وشەیەک بەشێوەیەکی گشتگیرتر و فراوانتر لە واتا زمانییە کۆدکراوەکەی بەکاردەهێنێت، کە تیایدا هەندێک لە تایبەتمەندییە نێو زمانییەکان لە ئایتمەکە نزیکدەکاتەوە و وەک بەشێک لە کرۆکە واتاکەی بەشداری پێدەکات، بەپێی ئەم ناساندنە بیرۆکەکە، لەباری فراوانکردندا ئەوەیە بەلایەنی کەمەوە دەبێت یەکێک لە واتا بەرهەمهێنراوەکان، یان گریمانەکراوەکان بۆ جێبەجێکردنی چەمکەکە بەسەر شتەکان، یان ئاماژەکاندا کەمبکرێتەوە، کە سنوری چەمکی کۆدکراو دەبەزێنن دیاریدەکرێت، بریتین لە نزیککردنەوە و بەکارهێنانی فۆرمە ئازادەکانی وەک (خوازەیی، زیادەڕۆیی، میتافۆر)، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر سەرنج، لە نموونەی (٤٣)بدە:

**٤٣) - ئەم کچە بەرازە!**

بە وردبوونەوە لە وشەی (بەراز) لە نموونەکەی سەرەوەدا مەبەستە پراگماتیکییەکەی وەک (زیادەڕۆیی) فراوانکردنی وشەیە، چونکە وشەی (بەراز) ناوی ئاژەڵێکە کە بە (بەهێزی بەرانبەر، بە دەوروبەر و ژینگە، بەوەی هیچ شتێک کاری تێناکات) ناسراوە. لەبەرئەوەی لە فراوانکردندا پارێزگاری لە واتا پێتی وشەکە ناکرێت، لەو تێڕوانینەشەوە (کچ) بە تەواوی نامیهرەبان و بێسۆز نییە تا هیچ شتێک کاری تێنەکات، بۆیە هەندێک لە سیما دەرەکییەکانی وایکردووە، کە بەهای واتایی وەک زیادەڕەوییەک پێبدرێت و لە هەندێک دەوروبەردا بۆ مەبەستێکی دیاریکراو بەکاربهێنرێت. کەواتە تەسککردنەوە و فراوانکردن وەک بەکارهێنانی ئازادانەی تێکردە زمانییەکان هەمان پرۆسەی دروستەی واتان، لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا لەسەر ئاستی بەخشکەیی، لە لایەن گوێگرەوە بە پرۆسەی هەڵهێنجانی پراگماتیکی

بەشێوەیەکی سەرهێڵی بەهۆی گریمانە بەخشکەیی دەوروبەرییەکانەوە دروستدەکرێن، لەڕوانگەی ئەوەی خرایەڕوو دەردەکەوێت، کە هەڵهێنجانە پراگماتیکییەکان نەک تەنها لە (ئاستی بەخشکەیی) دا بەشدارن، بەڵکو لە (ئاستی ئاشکرا)شدا بەشداریی کارایان هەیە، بەڵام ئەم بەشداریکردنە بەپێی ئاستی ئاشکرایی دەربڕاوەکە دەگۆڕێت، بەجۆرێک ((تا بەشداریی ڕێژەی دیکۆدکردن زیاتر بێت و بەشداریی هەڵهێنجانی پراگماتیکی کەمتر بێت ئاستی ئاشکرایی دەربڕاوەکە زیاتر دەبێت، بە پێچەوانەشەوە تا بەشداری ڕێژەی دیکۆدکردن کەمتر بێت و بەشداری هەڵهێنجانی پراگماتیکی زۆرتر بێت ئاستی ئاشکرایی دەربڕاوێک کەمتر دەبێتەوە)).(Sprber,Wilson,1995,182)، بەم تێگەیشتنەوە دەتوانین بڵێین کە (ئاستی ئاشکرا) هەرگیز بە تەواوی ڕوون نییە، بەڵکو تەنها بابەتی پلەی پەیوەستداریی دەربڕاوێکە، کە پشت بە نادیاری سیمانتیکی پێکهاتەکان دەبەستێت کە لە هەڵهێنجانی لایەنەکانی تێگەیشتندا پێشکەشدەکرێن، کەواتە جگە لە بەشداریی ڕێژەی دیکۆدکردن کە تیۆری پەیوەست ئاماژەی پێدەکات، نادیاریی و لێڵی پێکهاتە زمانییەکان مەرجە بۆ دیاریکردنی ئاستی ئاشکرایی دەربڕاوێک، لێرەشەوە گوێگر پێویستە دەربڕاوەکە هەڵبهێنجێنێت تا بە تەواوی بە ڕستە ناوەڕۆکی دەربڕاوەکە بگات، هەر ئەمەش وادەکات کە لە تیۆری پەیوەستدا ئاشکرایی دەربڕاوێک بە (بەهێز ،یان لاوازتر)پەسنبکرێت، کەواتە ئاستی ئاشکرایی دەربڕاوێک، لەگەڵ زانیارییە پاشخانەکانی پەیوەست، بە دەوروبەر دەبنە پاڵنەرێک بۆ بونیادنان و گەیشتن بە واتای قسەکەر بە ڕێنموونی چاوەڕوانییەکانی پەیوەستداربوون کە لە لایەن خودی دەربڕاوەکەوە وروژێنراون. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئاستی ئاشکرایی دەربڕاوێک، با سەرنج لە نموونەی(٤٤)بدەین:

**٤٤) – خودا تا کێو نەبینێت بەفری تێناکات.**

بە تێڕوانین لە دەربڕاوی نموونەی(٤٤) دەردەکەوێت ناوەڕۆکی سیمانتیکیی پێکهاتەکان، کە ئاستی نواندنی فۆرمی لۆژیکییە، واتایەکی ڕوون و ئاشکرا بەدەستەوە نادات، چونکە بەشداریی ڕێژەی دیکۆدکردنی سیمانتیکی دەربڕاوەکە لێڵ و کەمترینە، ئەمەش وادەکات پەیوەستداریی دەربڕاوەکە کەمتر ببێتەوە، بۆیە دەربڕاوەکە بە ئاستی ئاشکرایی لاوازتر دادەنرێت و بەشداری لە هەڵهێنجانی پراگماتیکیدا دەکات. لەڕوانگەی (سپێەر و وڵسن)ەوە پەیوەستبوونی پێکهاتەکان لە ئاستی ئاشکرادا گریمانەی پەیوەستدار بەخۆیەوە دەهێنێت و دەبێتە پاڵنەر بۆ درکپێکردنی ئەرێنی دەربڕاوەکە، واتە درکپێکردنی مرۆڤ بۆ فراوانکردن، یان تەسککردنەوەی پەیوەندی ئاراستەکراوە، لەمڕوانگەیەشەوە لێکدانەوەی دەربڕاوی(٤٤) دەمانگەیەنێت بەوەی کە (خودا کێوێک دەبینێت، ئینجا بەفری لێدەبارێنێت) ئەمەش ئەو واتایە نییە چاوەڕوانییەکانی گوێگر تێربکات، هەربۆیە ئەو زانیارییانەی، کە لە دەربڕاوی (٤٤)دا خراونەتەڕوو زۆرترین بەشداری لە هەڵهێنجانی پراگماتیکیدا دەکەن، کە پشتبەستووە بە کۆزانیارییە پاشخانەکانی گوێگر پەیوەست بە دەوروبەر، وەک پاڵنەرێک لە ناسینەوە و گەیشتن بە واتای

مەبەستداری قسەکەر ڕۆڵدەبینێت، بەمەش لێکدانەوە پڕاگماتیکییەکە، لە ئەنجامی دیکۆدکرنی پێکهاتە ڕەسەنەکانی دەربڕاوەکە و هەڵهێنجانی زانیارییەکی دەوروبەری دەبێتە گریمانە بۆ بەخشکەییەکە، لە ئەنجامدا ڕستە ناوەڕۆکەکە بەشێوەیەکی پڕاگماتیکی هەڵهێنجراوە (خودا بارێک دەخاتە سەر شانی کەسێک، کە لە توانایدایە هەڵیبگرێت و ڕووبەڕووی ببێتەوە) بە گوێگر دەگات، کەواتە لەڕوانگەی تیۆری پەیوەستەوە بەخشکەییەکان لە بنەمای دەوروبەرەوە، کە وەک کۆزانیارییەکی ماتە لە یادگەدا هەڵگیراون و لەکاتی پێویستدا بانگهێشتدەکرێنەوە، هەڵدەهێنجێنرێن. هەربۆیە بە (بەخشکەییە دەوروبەرێتییەکان) ناودەبرێن. کەواتە جگە لە پلەی ئاشکرایی دەربڕاوێک بەخشکەییەکانیش ڕۆڵیان لە پرۆسەی تێگەیشتنەکەدا هەیە ئەم بەخشکەییانەش بە (گریمانەکانی بەخشکەیی"Implicated premises" و ئەنجامی بەخشکەیی "Implicated conclusion") دادەنرێن، بڕوانە:(Sprber,Wilson,2012 ,13).

١-بونیادنانی گریمانەیەکی گونجاو سەبارەت بە گریمانە دەوروبەرێتییەکان، کە بە (گریمانەکانی بەخشکەیی) ناودەبرێت.

٢-بونیادنانی گریمانەیەکی گونجاو سەبارەت بە بەخشکەییە دەوروبەرێتییەکان، کە بە (ئەنجامی بەخشکەیی) ناودەبرێت.

بەپێی تیۆری پەیوەست تێگەیشتن پرۆسەیەکی سەرهێڵییە، تیایدا گریمانەکان سەبارەت بە ئاستی ئاشکرا و (گریمانە بەخشکەیی و ئەنجامە بەخشکەیی)ەکان بەشێوەیەکی هاوتەریب لە بەرانبەر پاشخانی چاوەڕوانییەکان لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا پەرەیانپێدەدرێت، کە نەک تەنها گریمانەیەکی گشتیی پەیوەستدار بە پرۆسەی تێگەیشتنەکە دەهێنن، بەڵکو چاوەڕوانیی تایبەتتر سەبارەت بەوەی چۆن دەربڕاوەکە بۆ تاکەکە پەیوەستدار دەبێت ڕووندەکاتەوە. واتە چ ئەنجامێکی بەخشکەیی بە ڕێکارەکانی تێگەیشتن بەدەستدەهێنێت. لە نموونەی (٤٥)دا چۆنییەتی هەڵهێنجانی بەخشکەییەکان ڕوونکراوەتەوە:

٤٥) - **ئایدا : بیستوومە ماڵەکەتان لە شارەوە بۆ بازیان گواستووەتەوە.**

**ئارا : آ- بازیان بۆ بژێویی ئێمە باشترە.**

**ب- بژێویی شار گران و سەختترە.**

**ت- موچەکەم نامانگەیەنێتە سەری مانگ.**

**پ- گواستنەوەمان باشتربوو، تا بتوانین کەمێک پارە پاشەکەوت بکەین.**

لە نموونەی(٤٥)دا، بە پشتبەستن بە دەوروبەری بەخشکەیی گریمانە بەخشکەییەکان، کە لە وەرگرتنی لایەنی ستونی دەربڕاوەکەوە سەدەهەڵدەدەن. لە (٤٥آ)دا گریمانە بەخشکەییەکان کە لە پەیوەستبوونی نێوان (بژێویی، باشتر)دا ڕەنگدەداتەوە ئەوا گوێگر ئەو گریمانەیە پەسەند دەکات، کە گواستنەوەی (ئارا بۆ بازیان) بەهۆی (خراپی باریی داراییەوە بووە) لە (٤٥ب)دا گوێگر بە گرتنەبەری کۆششی کەم لە پەیوەستبوونی نێوان (بژێویی شار، گران)دا بەهۆی دەوروبەری بەخشکەییەوە پێشبینییەکانی لە (ژیانی

شار پارەی زۆری دەوێت) چڕدەکاتەوە، کە پەیوەستە بەو کۆزانیارییە پاشخانەی کە لە بارەی (ژیانکردن لە شار) لە یادگەی (ئایدا و ئارا)دا هەڵگیراوە، کە وەک کۆزانیارییەکی ئەزموونکراو لەو کاتەدا بانگهێشتی دەکاتەوە لە (٤٥ت)دا بەهۆی دەوروبەرێتی بەخشکەییەوە وەک هاندانی گوێگر لە پەیوەستبوونی (موچە، مانگ)دا درک بە مەبەستی قسەکەر دەکات کە (بڕی پارەی پێویستی بۆ ژیانکردن لە شار نییە) لە (٤٥پ)دا ڕازیبونی پێشبینییە درکپێکراوەکانی گوێگر لە پەیوەستبونی نێوان (گواستنەوە، پاشەکەوت)دا بەهۆی دەوروبەری بەخشکەییەوە وا دەکات، کە گوێگر سەرنجی لە (ژیانکردن لە بازیان پێویستی بە پارەی کەمترە)دا قاڵبکات، لێرەوە گوێگر بەهۆی تێڕامان و پەیپێبردن لە جیاوازیی نێوان بژێویی (شار و بازیان)دا دەگاتە ئەوەی، کە (ژیانکردن لە بازیان بۆ ئارا باشترە) بەمەش دەگەینە ئەوەی کە (٤٥آ) وەک گریمانەیەکی دەوروبەرێتی و پاڵنەرێکی بەهێز دەبێتەهۆی هێنانەئارای بەخشکەییە ئەنجامەکانی (٤٥ب، ٤٥ت، ٤٥پ) کە بەهۆی ڕازیبوونی چاوەڕوانییەکانی گوێگر و گرتنەبەری کۆششێکی کەم لەو کاتەدا هەڵهێنجراون، بەم تێگەیشتنەوە دەتوانین بڵێین، کە ئاستی ئاشکرایی و پەیوەستبوونی تێکردەکان ڕۆڵیان لە هەڵهێنجانی پراگماتیکیدا هەیە، لێرەشەوە (پەرژینەکان) وەک بەڵگەیەک لە پلەی ئاشکرایی دەربڕاوێکدا لەڕوانگەی تیۆری پەیوەستەوە شیدەکەینەوە.

## ٢-٣/٢) پەرژینە زمانییەکان و تیۆری پەیوەست

لە تیۆری پەیوەستدا زاراوەی (پەرژینەکان) لە ژێر هەمان ناودا ئاماژەیان پێنەکراوە، بەڵکو بە (بەڵگە "Evidential") یان (زانیارییە زمانییە زیادەکان"Parentheticals") ناسێنراون، کە بەشداری لە پلەی ئاشکرایی دەربڕاوێکدا دەکەن و دەبنە بەڵگەی هەڵهێنجانی ڕستە ناوەڕۆکە پراگماتیکیەکەی دەربڕاوەکە، لە تیۆری پەیوەستدا زۆرجار باسکردنی (بەڵگەکان) بە هۆکاری پیشاندانی (هەڵوێستی قسەکەر "Speakers attitude") دەربارەی ئەو ڕستە ناوەڕۆکەی دەریدەبڕێت بەستراوەتەوە، لەم توێژینەوەیەدا (بەڵگەکان، یان زانیارییە زمانییە زیادەکان) بە زاراوەی (پەرژینەکان) لێکۆڵینەوەیان لە بارەوە کراوە. تیۆری پەیوەست باسێکی گونجاو لە ڕۆڵی هەڵهێنجانی پراگماتیک لە لێکدانەوەی دەربڕاوەکاندا پێشکەشدەکات، بەجۆرێک لە تیۆری پەیوەستدا تێرکردنی چاوەڕوانی گوێگر لە لێکدانەوەی پەیوەستدارێتیدا چڕکراوەتەوە، لە ناسینەوەی ناوەڕۆکی ئاشکراوە تا ناسینەوەی کاریگەرییە مەبەستدارەکانی دەوروبەر و کاریگەرییەکانی درکپێکردن، بەوەی پێشبینییەکانی گوێگر لە پەیوەندیدا چەندە کارلێک لەگەڵ ناوەڕۆکی کۆدکراوی زمانیی و گریمانە بەردەستەکانی دەوروبەر بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکان دەکات. لە چێوەی تیۆری پەیوەستدا دوو تایبەتمەندی دەبینرێت: یەکەمیان ئەو تێڕوانینەی، کە گریمانەکان ڕەنگە لە ڕووی هێزەوە جیاوازبن دووەم: خودی چەمکی پەیوەندیدارێتی نموونەییە، لێرەوە دەتوانین بڵێین گریمانەیەک کە هیچ هێزێکی نییە (واتە گریمانەیەکی تەواو بێ بەڵگە) ناتوانێت هیچ پەیوەندییەک بەدەستبهێنێت، بەوەی کە هێزی گریمانەکان

پەیوەندیی بە دەستکاریکردنی کۆمەڵێک گریمانەی هەبووەوە هەیە بە بەهێزکردن، یان دژایەتیکردن و نەهێشتنیان، یان تێکەڵکردنیان کە لە ڕێیەوە کاریگەرییە دەوروبەرێتییەکان بەدەستدەهێنرێت. پشبەستوو بەم ڕوونکردنەوەیەش دەردەکەوێت گریمانەیەک، کە هیچ هێزێکی نەبێت ناتوانێت بە هیچ کام لەم ڕێگایانە پەیوەندی بەدەستبهێنێت، بەڵام قسەکەرێک کە ئامانجی پەیوەندییەکی گونجاوە دەبێت مەبەستی ئەوە بێت قسەکانی ئەوەندە پەیوەندیدار بێت شایەنی سەرنجی گوێگر بێت، لێرەوە دەبێت قسەکەر چاوەڕێی ئەوە بکات هەندێک لەو گریمانانەی کە لە دەربڕاوەکەیدا دەربڕدراون و بەخشکەیی ئاماژەیان پێکراوە ئەوەندە بەهێزبن (واتە بەڵگەیان لەسەر بێت) کە بتوانێت کاریگەرییە مەبەستدارەکان بەدەستبهێنێت، بۆ ئەمەش تیۆرزانانی  پەیوەست جەختیان لەوە کردووەتەوە کە نەک تەنیا ئەو ڕستە ناوەڕۆکەی کە دەربڕدراوە، بەڵکو هەڵوێستی مەبەستداری قسەکەر بەرانبەر بە ڕستە ناوەڕۆکی دەربڕاو کە لە ڕێگەی پرۆسەی دەوڵەمەندکردنی پراگماتیکەوە وەرگیراوەتەوە هێندەی ڕستە ناوەڕۆکەکە گرنگی خۆی هەیە. بەمشێوەیە زانیارییەکانی ڕستە ناوەڕۆکەکە، کە بە تێرکردنی چاوەڕوانی گوێگر لە پەیوەستداربوون وەرگیراونەتەوە گوێگر هاندەدەن لێکدانەوەی دەستپێڕاگەیشتوو هەڵبژێرێت، کە کاریگەریی گونجاو بەدەستدەهێنێت، بەڵام کاتێک هیچ ڕێنماییەکی زمانیی تایبەت نەدرێت کە ئاماژە بۆ پلەی پابەندبوونی قسەکەر بە ڕستە ناوەڕۆکە دەربڕاوەکەیەوە بکات، بۆ ئەوەی گریمانەی تایبەت بەم پلەی پابەندبوونە بەرەو لێکدانەوەیەکی جێگەی ڕەزامەندیی ئاشکرامان ببات، ئەوا یەکەم لێکدانەوە  تاکە لێکدانەوەی هەڵاوێرکراوە، کە چاوەڕوانیی گوێگر لە پەیوەندیداربوون  تێردەکات و هەموو لێکدانەوەکانی دیکە ڕێگەپێنەدراون، کاتێکیش کە دەستپێڕاگەیشتنێکی بەرز نییە، یان کاتێک دەستپێڕاگەیشتوترین گریمانە ئەو گریمانەی مەبەست نییە، ئەوا ڕەچاوکردنی پەیوەندیدارێتی وادەکات کە ئاماژەی زمانیی زیادە لە ڕستە ناوەڕۆکەکەدا بدرێت بۆ ئەمەش (سپێربەر و وڵسن) چەمکی(ئاشکرایی) وەک لە پاری پێشوودا ڕوونکراوەتەوە، بەمشێوەیە دەناسێنن ((گریمانەیەک کە لە ڕێگەی دەربڕاوێکەوە دەگەیەنرێت ئاشکرایە، ئەگەر و تەنها ئەگەر گەشەسەندنی فۆرمێکی لۆژیکی بێت، کە لەلایەن دەربڕاوەکەوە کۆدکراوە)).(Sperber,Wilson,1995,182)، کەواتە ئەو ڕستە ناوەڕۆکەی، کە لەڕێی فۆڕمێکی لۆژیکییەوە دەربڕدراوە مەرجی ڕاستیی ڕستە ناوەڕۆکەکە دیاریدەکات، لەکاتێکدا چەمکی پلەکانی ئاشکرایی لەسەر بنەمای بەشدارییە ڕێژەییەکانی کۆدکردنەوە و هەڵهێنجانە، کە گەشەسەندنی لۆژیکییەکەیە هەرچەندە بە ڕوونی پەیوەندییان پێوەکراوە، بەڵام هیچ بەشدارییەکیان لە مەرجی ڕاستیی ڕستە ناوەڕۆکەکەدا نییە، بەڵام ڕەنگە قسەکردنێک کەم تا زۆر ڕێنمایی زمانیی پێشکەش بە گوێگر بکات کە مەبەست لێی چیبووە، واتە  تا بڕی کۆدکردنە زمانییەکان زیاتر بێت، ئاستی ئاشکرایی دەربڕاوەکە زیاتر دەبێت، لەمڕوانگەیەشەوە تیۆری پەیوەست هەندێک لە بەڵگەکان بە (بەڵگەی بەهێز) وەک (دڵنیام، ڕاستگۆیانە، بە ڕاشکاوی، بە متمانەوە...) و هەندێکی دیکەشیان بە (بەڵگەی لاواز) وەک

(ڕەنگە، لەوانەیە، پێدەچێت، پێموایە) دەناسێنێت، لەسەر بنەمای ئەم شیکارییە (پەرژینەکان) وەک زانیارییەکی بەڵگەیی، لەلایەنی ئاشکرایی بەرزتر و هەڵهێنجانی پراگماتیکیدا بەشدارن، بۆ ئەمەش با سەرنج لە چۆنییەتی بەکارهێنانی پەرژینەکان و بەشدارییپێکردنیان لە پلەی ئاشکرایی دەربڕاوەکاندا لەلایەن کەسایەتییە سیاسی و حزبییەکانەوە لە نموونەی (٤٦)دا بدەین:

**٤٦)  آ- گەلی کورد مافەکانی خۆی بەدەستدەهێنێت و ئابوریی سەربەخۆ ڕادەگەیەنێت.**

**ب- پێمانوایە گەلی کورد مافەکانی خۆی بەدەستدەهێنێت و ئابوریی سەربەخۆ ڕادەگەیەنێت.**

**پ- دڵنیام گەلی کورد مافەکانی خۆی بەدەستدەهێنێت و ئابوریی سەربەخۆ ڕادەگەیەنێت.**

**ت- ئاشکرایە گەلی گورد مافەکانی خۆی بەدەستدەهێنێت و ئابوریی سەربەخۆ ڕادەگەیەنێت.**

ئاستی ئاشکرایی دەربڕاوەکانی نموونەی(٤٦) بەپێی بڕ و لێڵی پێکهاتە سیمانتیکییەکان، کە بەشداری لە پرۆسەی هەڵهێنجانی پراگماتیکیدا دەکەن جیاوازە، بەجۆرێک هەردوو دەربڕاوی (٤٦پ-٤٦ت) ئاستی ئاشکراییان، بەهۆی دەستەواژەکانی(دڵنیام، ئاشکرایە)ەوە وەک بەڵگەی بەهێز لە (٤٦آ-٤٦ب) بەرزترە، لە کاتێکدا ئاستی ئاشکرایی (٤٦ب)بەهۆی زیادکردنی کۆدکراوی زمانیی (پێموایە)وە لە ئاستی ئاشکرایی (٤٦آ) زیاترە. بەمشێوەیە قسەکردنێک ڕەنگە کۆمەڵێک ڕوونکردنەوە بگەیەنێت، کە بەپێی بڕی ئەو کۆدکردنە زمانییەی تێیدا  بەشدارە هەندێکیان ڕوونترن لە هەندێکی تر، بەمەش هەڵوێستی قسەکەر و پلەی پابەندبوونی بە دەربڕاوەکەیەوە دەگۆڕێت، کەواتە چەمکی ئاستی ئاشکرا و پلەی بەرزی ئاشکرایی (سپێربەر و وڵسن) ئامرازێکی بەسوود بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە دابیندەکەن کە بڕێکی زۆر لە زانیاریی بەڵگەیی (پەرژینەکان)یان تێدایە.

لە ناو تیۆری پەیوەستدا، گشت واتاکانی وشە بە زاراوەی چەمکی شیناکرێنەوە، لەم چوارچێوەیەدا هەندێک دەربڕاو وەک کۆدکردنی زانیاری سەبارەت بە ژمێرەکان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، نەک وەک کۆدکردنی چەمکەکان، یان بەشداریکردن لە بارودۆخی ڕاستیی دەربڕاوەکان. کەواتە واتای وشەیەک، یان بونیادێکی زمانیی وەک (پەرژینەکان) ڕێکارانە قۆناغی هەڵهێنجانی تێگەیشتن بۆ گوێگر سنووردار ، بۆئەوەی چاوەڕوانییەکەی لە پەیوەندیداربووندا تێربکات، بۆ ئەمەش تیۆری پەیوەست چوارچێوەیەکی بەهێز  بۆ پەسنکردنی (پەرژینەکان) لە دوو ڕووی گرنگەوە  دابیندەکات، بڕوانە (Ifantidou,2001,129):

١- پەرژینەکان، توخمە پێکهێنەرەکانی نواندنە چەمکییەکان بە هەمان شێوەی هاوتاکانی بڕگەی سەرەکییان کۆددەکەن، کە ڕەنگە لە خۆیاندا ڕاست، یان هەڵەبن تەنانەت ئەگەر لە مەرجی ڕاستیی ئەو دەربڕاوانەی کە تێیدا ڕوودەدەن بەشدارنەبن، ئەگەر ئەمە وابێت ئەوا تەواو لە تۆن، دەربڕین و باری ئاوەزیی، کە هەموویان سروشتی ناچەمکین جیاوازن، بەوپێیەی بڕگە سەرەکییەکانی وەک زۆربەی ناوەکان، هاوەڵناوەکان ئاوەڵکردارەکان،  وەک چەمکی کۆدکراو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت و مەرجدارن بە ڕاستیی، گریمانەکە ئەوەیە کە سیمانتیک وەک کۆدکردنی تەواوی هەمان چەمک مامەڵە لەگەڵ

(پەرژینەکان) دەکات، لەگەڵئەوەشدا لە زۆر باردا قسەکەرێک بە مەبەست ئەم زانیارییە زمانییە زیادانە بەکاردەهێنێت، بۆئەوەی لە باری ڕاستنەبوونی زانیارییەکەی، یان کاردانەوەیەکی نەخوازراودا توانای پەشیمانبوونەوەی لە دەربڕاوەکەی هەبێت، ئەم ڕاستییەش لە نموونەی(٤٧)دا دەخەینە بەرچاو:

**٤٧) – ئایدا : لەوانەیە سەرۆکوەزیرانی ئەمجارە گرنگی تەواو، بە کەرتی کشتوکاڵ بدات.**

**ئیلیا : ئەوە ڕاست نییە، چونکە سەرۆکوەزیرانی ئەمجارە لەو بوارەدا شارەزا نییە.**

نموونەی (٤٧) ئەوە دەردەخات، کە (ئایدا)بەهۆی دەربڕاوی (لەوانەیە)وە هەمان چەمکی سەرەکی، کە بریتییە لە (سەرۆک وەزیرانی ئەمجارە گرنگی بەکەرتی کشتوکاڵ دەدات)کۆددەکات، لەگەڵئەوەشدا لە باری ڕاستنەبوونیدا بەهۆی پەرژینی (لەوانەیە) دووچاری هیچ ڕووبەڕووبونەوەیەک نابێت. دەتوانرێت ئەمە بەو گریمانەیە ڕوونبکرێتەوە، کە پەرژینەکان ئەو نواندنە چەمکییانە کۆددەکەن، کە خۆیان پابەندی مەرجی ڕاستین، واتە پەرژینەکان بەشداری لە مەرجی ڕاستیی ئەو دەربڕاوەدا ناکەن کە تێیدان، بەڵام دەربڕاوەکان لە بنەڕەتدا دەشێت ڕاست یان هەڵەبن، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی، کە قسەکەر زۆرجار بە مەبەست پەرژینەکان بەکاردەهێنێت.

**٢-** پەرژینەکان لە پەیوەندییەکی ئاشکرادا بەشدارن، نەک بەخشکەییدا مەرجی ناڕاستین و بەشداری لە ڕستە ناوەڕۆکی دەربڕدراودا ناکەن، بەڵکو بەشداری لە ئاستی ئاشکرایی بەرزەکاندا دەکەن. لە کاتێکدا ئاستە ئاشکراییە بەرزەکان بەشداری لە مەرجی ڕاستیی ئەو دەربڕاوانەدا ناکەن، کە دەیانگەیەنن. هەرچەندە ڕەنگە لە خۆیاندا ڕاست، یان هەڵەبن، بە گوێرەی (سپێربەر و وڵسن) ((گریمانەیەک، کە لە ڕێگەی دەربڕاوێکەوە دەگەیەنرێت ڕوونە، ئەگەر و تەنها ئەگەر گەشەکردنی فۆرمێکی لۆژیکی بێت، کە لەلایەن دەربڕاوەکەوە کۆدکراوە)).(Ifantidou,2001,130)، بەم تێگەیشتنەوە دەکرێت بگوترێت گەشەکردن پرۆسەی دەوڵەمەندکردنی فۆرمێکی لۆژیکی کۆدکراوی زمانییە، کە وەک گریمانەیەکی ئاشکرا دەردەخرێت ئەم گریمانە ئاشکرایەش بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لە:

**آ-** ئەو ڕستە ناوەڕۆکەی، کە لە چێوەی دەربڕاوێکدا دەربڕدراوە.

**ب-** ئاستی ئاشکرایی بەرز، کە جێگیرکردنی ڕستە ناوەڕۆکەکەیە بەشێوەی خۆویست لە ژێر (کردەیەکی قسەیی)[٢٤]یان کردەیەکی هەڵوێستی بەدەستدەهێنرێت. لەکاتێکدا مەرجی ڕاستیی دەربڕاوێک تەنیا بە ڕستە ناوەڕۆکی دەربڕدراوەوە پەیوەستە، بەڵام ئاستی ئاشکراییە بەرزەکانی قسەکردن هیچ بەشدارییەک لە مەرجی ڕاستییەکەیدا ناکەن، بەڵکو بەشداری لە هەڵهێنجانی پراگماتیکیدا دەکەن

-----------------------------------

٢٤-پەرژینەکان، یان بەڵگە زمانییەکان لەلایەن تیۆرانانی کردە قسەییەکانەوە وەک نیشاندەری بڕی ئەو بەڵگەیەی کە قسەکەر هەیەتی بۆ ئەوەی دەیڵێت مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی چۆنییەتی کارکردنی (پەرژینەکان) لە تیۆری کردە قسەییەکاندا بڕوانە:(Urmson, James (1963,228

بەمشێوەیە ڕەنگە ئاشکرایی لە دەربڕاوی نموونەی (٤٨)دا لەلایەن (سەرۆکی وەفدی حکومەتی هەرێمەوە) ڕستە ناوەڕۆکەکانی نموونەی (٤٩) لەخۆبگرێت:

٤٨) – **سەرۆکی وەفدی حکومەتی هەرێم: حکومەتی هەرێم و بەغداد لەسەر پرسە چارەنوسسازەکان دەگەنە ڕێککەوتن.**

٤٩) آ– **حکومەتی هەرێم و بەغداد، لەسەر پرسە چارەنوسسازەکان دەگەنە ڕێککەوتن.**

ب– **سەرۆکی وەفدی حکومەتی هەرێم دەڵێت لەوانەیە کە حکومەتی هەرێم و بەغداد لەسەر پرسە چارەنوسسازەکان بگەنە ڕێککەوتن**

پ– **سەرۆکی وەفدی حکومەتی هەرێم جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە حکومەتی هەرێم و بەغداد لەسەر پرسە چارەنوسسازەکان دەگەنە ڕێککەوتن.**

دەربڕاوەکەی (سەرۆکی وەفدی حکومەتی هەرێم) لە دەربڕاوی (٤٨)دا ڕاستە ئەگەر و تەنها ئەگەر (حکومەتی هەرێم و بەغداد لەسەر پرسە چارەنوسسازەکان بگەنە ڕێککەوتن). واتە تەنها ئەگەر ئاشکراییەکە لە (٤٩آ)دا ڕاستبێت، لەهەمانکاتدا دەربڕاوی (٤٩ب) کە پەرژینی (لەوانەیە) لەخۆدەگرێت دەبێتە بەشێک لە ئاستی ئاشکرایی، بەڵام بەشداری لە مەرجی ڕاستیی دەربڕاوەکاندا ناکات، چونکە ((ئاستی ئاشکرایی بەرزتر وەک فۆرمی لۆژیکی و فۆرمی ڕستە ناوەڕۆکی تەواو نواندنی چەمکیین بە تێکەڵەیەک لە کۆدکردنەوە و هەڵهێنجان وەرگیراون)).(Wilson, Sperber, 1993,11)، واتە نابێت گوێگر تەنها نواندنە سیمانتیکییەکەی دەربڕاوەکە کۆدبکاتەوە، بەڵکو دەبێت هەڵهێنجانێک دەرببڕێت بۆ بەدەستهێنانی ئاشکرایی بەرزتری وەک(٤٩پ). واتە دەبێت هەڵهێنجانێکی زیاتر دەربخات سەبارەت بە هەڵوێستی (سەرۆکی وەفدی حکومەتی هەرێم) بەرانبەر بەو ڕستە ناوەڕۆکەی دەریدەبڕێت. لەڕوانگەی (سپێربەر و وڵسن)ەوە، تا پلەی کۆدکردنەوە زیاتربێت، پەیوەندییەکە ئاشکراتر دەبێتەوە. بەمشێوەیە ئاشکرایی دەربڕاوێک بابەتی پلەیە. لەم چوارچێوەیەدا دەتوانرێت هەم ئەو ڕاستییە پەسنبکرێت، کە پەرژینەکان چەمکەکان کۆددەکەن هەم ئەو ڕاستییەی، کە پابەندی مەرجی ناڕاستین. ئەمەش لە نموونەی (٥٠)دا لەبەرچاودەگرین:

٥٠) – **سەرۆکی وەفدی حکومەتی هەرێم پێیوایە حکومەتی هەرێم و بەغداد لەسەر پرسە چارەنوسسازەکان دەگەنە ڕێککەوتن.**

ئەگەر (پێیوایە) مەرجی ناڕاستی بێت، دەتوانرێت بەوە شیکاربکرێت، کە ڕێنماییەکی ئاشکرا بۆ گوێگر دابیندەکات، واتە ئەم ئاستە بەرزە هاوشێوەی ئاستی ئاشکرایی (٤٩پ)یە جیاوازییەکە تەنها لە پلەی بەهێزی بەڵگە زمانییەکەدایە، کە وەک پەرژین کاردەکات و بەشدارە لە بەدەستهێنانی (٥٠)دا بە پێچەوانەی ئاستی ئاشکرایی کەمتری (٤٨). لەڕوانگەی ئەوەی خرایەڕوو دەردەکەوێت، کە (پەرژینەکان) دەبنە هۆکاری دیاریکردنی پلەی پابەندبوونی قسەکەر بە ڕستە ناوەڕۆکی دەربڕاوەوە، بەشێوەیەک تا

پەرژینە زمانییەکە بەهێزبێت قسەکەر زیاتر بە ڕستە ناوەڕۆکی دەربڕاوەوە پابەنددەبێت، بەڵام تا پەرژینە زمانییەکە لاواز بێت  قسەکەر توانای پاشگەزبوونەوەی لە دەربڕاوەکەی هەیە و پێوەی پابەند نابێت. بۆ ئەمەش پەرژینەکە  لە نموونەی (٥١) دا پلەی پابەندبوونی قسەکەر ڕووندەکاتەوە:

**(٥١)    آ-  سەرۆکی ڕێکخراوەکە دراوی ساختەی بەکارهێناوە.**

**ب-  ڕەنگە سەرۆکی ڕێکخراوەکە دراوی ساختەی بەکارهێنابێت.**

**ت-  پێموایە سەرۆکی ڕێکخراوەکە دراوی ساختەی بەکارهێنابێت.**

**پ-  دڵنیام سەرۆکی ڕێکخراوەکە دراوی ساختەی بەکارهێناوە.**

هەریەک لە دەربڕاوەکانی نموونەی(٤٧) سەرەڕای ئەوەی پلەی ئاشکرایی جیاوازیان بەهۆی پەرژینە زمانییەکانەوە هەیە، لەگەڵئەوەشدا هەریەکەیان پلەیەکی پابەندبوونی قسەکەر بە دەربڕاوەکەوە پیشاندەدەن، بەجۆرێک لە دەربڕدراوی (٥١ب)دا پابەندی قسەکەر لە دەربڕاوی(٥١آ) بەهۆی ناڕوونی پێکهاتە سیمانتیکییەکان و کەم دیاریکردن و کۆدکردنی زمانییەوە زیاترە، هەروەها پلەی پابەندبوونی قسەکەر لە (٥١ت)دا لە پلەی (٥١ب) زیاترە، بەوپێیەی پلەی ئاشکرایی (پێموایە)وەک پەرژینێکی زمانیی لە پلەی ئاشکرایی (ڕەنگە) زیاترە. لەگەڵئەوەشدا قسەکەر بەهۆی دەستەواژەکانی (ڕەنگە، پێموایە)ەوە، کە وەک پەرژینێکی لاواز بەدەوری قسەکانیدا کێشاویەتی دەتوانێت لە دەربڕاوەکەی پەشیمانبێتەوە و پێوەی پابەندنەبێت، لەکاتێکدا لە (٥١پ)دا پلەی پابەندبوونی قسەکەر بە دەربڕاوەکەوە لە (٥١ت)زیاترە بەهۆی بەکارهێنانی وشەی(دڵنیام) وەک پەرژینێکی بەهێز، کە ئاستی ئاشکرایی بەرزیی هەیە ئەمەش وادەکات، کە قسەر بە ڕستە ناوەڕۆکە دەربڕاوەکەیەوە پابەندبێت و توانای پەشیمانبوونەوەی لە دەربڕاوەکەی نەبێت، لە لایەکی تریشەوە (ڕستەی ئەگەری) دەتوانێت وەک پەرژنێک کاربکات و توانای خۆدزینەوە و پەشیمانبوونەوە بە قسەکەر ببەخشێت و بە ناوەڕۆکی دەربڕاوەکەیەوە پابەندی نەکات، ئەمەش بەهۆی ناڕوونی و نادڵنیایی دەربڕاوەکەوە دەبێت. بۆ ئەمەش لە نموونەی(٥٢) بڕوانە:

**(٥٢)    -  ئەگەر بەغدا پارە بنێرێت موچە دابەشدەکەین.**

بەسەرنجدان لە دەربڕاوی نموونەی(٥٢)دەردەکەوێت، کە قسەکەر بەهۆی بەکارهێنانی دەربڕاوی (ئەگەر بەغداد پارە بنێرێت) وەک پەرژینێکی لاواز، کە بەشداری لە پلەی ئاشکرایی دەربڕاوەکەدا کردووە وەک مەرجێک بۆ دابەشکردنی موچە دەتوانێت لە ئەگەری (دابەشنەکردنی موچە)دا بە دەربڕاوەکەیەوە پابەندنەبێت، بە پاساوی ئەوەی کە (بەغدا پارەی بۆ دابەشکردنی موچە نەناردووە)، بەمەش قسەکەر دووچاری کاردانەوەی نەخوازراو و بەرپرسیارییەتی نابێتەوە. شایەنی باسە لە نموونەی (٥٢)دا دەردەکەوێت، کە دەشێت بەڵگەیەکی زمانیی لەگەڵ وشەیەک یان دەربڕاوێک واتا پەرژینییەکە بگەیەنێت. بەپێی شیکردنەوەکان دەربارەی  (پەرژینەکان) لەڕوانگەی تیۆری پەیوەستەوە خرایەڕوو دەردەکەوێت، کە تیۆرزانانی پەیوەست پەرژینەکان وەک بەڵگەیەکی زمانیی پەسندەکەن، کە بەشداری لە پلەی

ئاشكرایی دەربڕاوێكدا دەكەن و ڕێكارەكانی هەڵهێنجان و تێگەیشتن دیاریدەكەن، نەک وەک وابەستەبوون و لادان لە ماكزیمەكانی ئاخاوتن، لە ئاستی بەخشكەییدا، چونكە پێیانوایە (پەرژینەکان) دەبنە بەڵگەیەک بۆ دڵنیابوون بەرانبەر بە هەڵوێست و پلەی پابەندبوونی قسەكەر دەربارەی ئەو ڕستە ناوەڕۆكەی دەریدەبڕێت. بەم تێگەیشتنەشەوە دەتوانین بڵێین، كە قسەكەر زۆركات لە بەرژەوەندیی خۆیدا بە مەبەست بۆ گەیشتن بە ئامانجێكی دیاریكراو ئەم پەرژینانە بەكاردەهێنێت. لەمڕوانگەیەشەوە مەبەستەكانی بەكارهێنانی پەرژینە زمانییەكان بەمشێوەیە دەستنیشاندەكەین.

## ٤/٢) مەبەستە پڕاگماتیكییەكانی پەرژینی زمانیی

پەرژینەكان بۆ ئەنجامدانی چەندین مەبەستی پراگماتیكی بەكاردەهێنرێن، كە بە دەوروبەری كۆمەڵایەتی، بۆنە، ئامادەبووان و ئامانجەكانی گوتارەكەوە پەیوەستن، جگە لەوەش شیكردنەوەی مەبەستە پراگماتیكییەكانی (پەرژینەكان) پێویستی بە زانیاری سەبارەت بە پاشخانی قسەكەر هەیە، بەوپێیەی یەک دەستەواژەی پەرژینی دەتوانێت زیاد لە یەک ئەرک، یان واتای پراگماتیكی بەجێبهێنێت، كە جیاكردنەوەیان ئەستەمە. بۆئەمەش ناسینەوە و جیاكردنەوەی ستراتیژییەكانی گفتوگۆ لەلایەن بەشداربووانەوە لە پڕۆسەیەكی پەیوەندیكردندا وەک توانستێكی پڕاگماتیكی بە گرنگیدان بە بەكارهێنانی تایبەتی دەربڕاوە پەرژینییەكان و جەختكردنەوەیان دەبێت. لێرەشەوە پەرژینەكان دەبنە نیشاندەر و ئاماژەیەک، كە یارمەتیدەرن لە دەرخستنی ئەگەریترین واتا لە دەوروبەری گفتوگۆیەكی دیاریكراودا. بەم تێگەیشتنەشەوە دەتوانین بڵێین پەرژینەكان وەک نواندنی مێتازمانی، فۆڕمەكانی هەمەچەشنەی قسەكردنن، كە لە ڕووی پێكهاتەییەوە دەستەواژەیەكە پەیوەندیی بە ڕستەسازی و پڕاگماتیكەوە هەیە و كاریگەریی تەواوی لەسەر هەڵوێستی قسەكەر و تێگەیشتن لە پڕۆسەی پەیوەندیكردندا هەیە، بەجۆرێک بەكارهێنانی وشە و دەستەواژە پەرژینییەكان هەڵبژاردنێكی بە ئەنقەست، یان پەسەندكردنێكی پلان بۆ داڕێژراوە و ئامانجێكە پەیوەستە بە پەیپێبردن و ئاوەزدارێتی مرۆڤەوە، كە قسەكەر لێهاتووانە و بەپێی پێویست لە دەوروبەرێكی دیاریكراودا بە چەند مەبەستێک بەكاریدەهێنێت. لێرەشەوە دەكرێت مەبەستی بەكارهێنانی پەرژینەكان لە پڕۆسەیەكی پەیوەندیكردندا بەسەر دوو تەوەردا دابەشبكەین. هەردوو تەوەرەكەش پەیوەندیی پتەویان بەیەكەوە هەیە و تەواوكەری یەكترن و لە زۆر باردا جیاكردنەوەیان ئەستەم و دژوارە. بۆ ئەم جیاكردنەوەیەش مەبەستی (خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی) كە پنتی سەرەكیی نامەكەیە لەڕوانگەی پڕاگماتیكی دركپێكردنەوە، كە بنەمای هێنانەئارای چەند مەبەستێكی بەكارهێنانی پەرژینەكانە لەڕوانگەی كۆمەڵایەتییەوە، دەخەینەبەر باس و لێكۆڵینەوە .

## ١-٤/٢) خودپاراستن لەبەرپرسیارییەتی لە ڕەهەندی پڕاگماتیکی درکپێکردنەوە

لە ڕەهەندی پڕاگماتیکی درکپێکردنەوە قسەکەر لە کاتێکدا پەرژینەکان بەکاردەهێنێت، کە گومانی ئەوە بکات وێنەکەی لە چاوی گوێگردا لە مەترسیدایە، بەو واتایەی یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەکارهێنانی پەرژینە زمانییەکان بریتییە لە خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی، یان چاککردنەوەی هەڕەشەیەکی سەر کەسایەتی، بەهۆی (هزر خوێندنەوە"Mind reading")[٢٥]وە، کە تێگەیشتنێکی ئاوەزییانەیە و لێکۆڵینەوەیە لە دروستەی قوڵی پێکهاتە زمانییەکان لە ئاوەز و هزری گوێگردا، لەلایەن قسەکەرەوە، واتە چۆن واتا و داتاکان، یان وێنەی کەسیی قسەکەر لە مێشکی گوێگردا دەنەخشێنرێت، هەروەک لە پڕاگماتیکی درکپێکردندا ڕوونکرایەوە. بەمەش (پەرژینەکان) وەک هێزێکی پارێزەر سەیردەکرێن، بە ئامانجی پاراستنی ئەو کۆمەڵە گریمانەیە(X) دەربارەی قسەکەر(S) لای گوێگر(H) هەیە و پەیوەندییان بە وێنەی قسەکەرەوەیە، کە (Goffman) لەساڵی(١٩٦٧)دا لە ژێر ناوی چەمکی (پاراستنی وێنەی خودیی) [٢٦]دا باسیکردووە ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە، کە قسەکەران چۆن سەیری خۆیان دەکەن و چۆن ئارەزووی دەرکەوتنیان لای کەسانی دیکە دەکەن. بەواتایەکی تر ئەو خەسڵەتانە دەگرێتەوە، کە بە قسەکەرانەوە پەیوەستن. بەوپێیەش قسەکەر(S) دڵنیانییە لەوەی کە گریمانەکان (X)ی گوێگر(H) دەربارەی ئەو (قسەکەر) چین، بەڵام (S) کۆزانیاری دەربارەی ئەو بیروباوەڕانەی، کە لە دەوروبەریدا هەیە وەک باری ئاوەزیی بەشداری لە پرۆسەیەکی پەیوەندیکردندا دەکەن چین؟ لێرەشەوە (وێنەی خودیی) پێویستی بە مێتانواندن هەیە، چونکە مرۆڤەکان نوێنەرایەتی بیرکردنەوەی خۆیان و کەسانی دیکەش دەکەن هەربۆیە (پەرژینەکان) بەکاردەهێنن. لەمڕوانگەیەشەوە (Sperber) ئاماژە بەوە دەکات ((مرۆڤەکان هەموویان دەرونناسێکی خۆبەخۆن چەندین جۆری هەڵوێستی ڕستە ناوەڕۆکێک دەگەڕێننەوە بۆ یەکتر وەک باوەڕ، پەشیمانی، ئارەزوو، ترس، مەبەست)).(Sperber,2000,8)، پشتبەست بەم تێڕوانینە ئاخێوەران مێتانواندن بۆ هزر خوێندنەوەی یەکتر لە لێکدانەوەی دەربڕاوێکدا بەکاردەهێنن، لەم ڕێگەیەشەوە قسەکەر هەوڵدەدات کۆنترۆڵی ئەوەبکات چۆن بۆ گوێگر (H)دەردەکەوێت، کە بەشێوەیەکی گشتی ئامانجی وێنەیەکی (ئەرێنی)دەبێت، هەربۆیە چاودێریی ئەو وێنەیە دەکات لای گوێگر بۆی جێگیردەبێت بۆئەوەی لەگەڵ چاوەڕوانییەکانیدا بگونجێت، لێرەشەوە(Marco, Arguedas,2021,75) ئەوە ڕووندەکەنەوە لە کاتێکدا قسەکەر هەوڵدەدات گریمانەکانی گوێگر دەربارەی خۆی (قسەکەر) پێشبینیبکات دوو سیناریۆی ئەگەری سەرهەڵدەدەن:

-----------------------------------

٢٥- هزر خوێندنەوە پشکنینی ئەو لایەنەیە،کە بە مێشکەوە پەیوەستە،بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئەحمەد،تریفە (٢٠١٣، ٧١).

٢٦-بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی (پاراستنی وێنەی خودیی)، بڕوانە:(1967,10-18) Goffman,Erving

**١- S ڕازییە لە X**

**٢- S ناڕازییە لە X**

لە (١)دا قسەکەر لەگەڵ بیرکردنەوە، یان گریمانەکانی گوێگردا هاوڕایە. لەکاتێکدا لە (٢)دا قسەکەر لەگەڵ بیرکردنەوە، یان گریمانەکانی گوێگردا ناتەبا و ناکۆکە. لە هەردوو بارەکەدا قسەکەر ئاواتەخوازە بیرکردنەوەکانی گوێگر لەگەڵ چاوەڕوانییەکانیدا بگونجێت، بۆیە دەیەوێت گریمانەکانی گوێگر بە شێوەیەکی گشتی لە نەرێنییەوە بۆ ئەرێنی بگۆڕێت. بەمەش خۆی لە هەر مەترسییەکی ڕاستەوخۆ دەپارێزێت، چونکە هەتا وێنەیەکی ئەرێنی لای گوێگر بۆ خۆی بەدەستبهێنێت هێندەش لە کاردانەوەی نەخوازراو و بەرپرسیارییەتی دوور دەکەوێتەوە. لێرەشەوە خزمەت بە چەندین مەبەستی ستراتیژیی وەک (بەهێزکردنی پەیوەندییەکان، گەیشتن بە ئامانجی خودیی، هەژمارکردنی بە سەرچاوەی دەسەڵات) دەکات، ئەمەش پەیوەندیی بە دەوروبەر و ئەزموونکردنەوە هەیە، کە لە ئاوەزی ئاخێوەراندا وەک باری ئاوەزی بونیادنراون و دەتوانرێت ئەنجامێکیان لێوەربگیرێتەوە. بۆ ئەمەش با لە نموونەی (٥٣)ڕابمێنین:

**٥٣) – من نامەوێت بەڵێنی گەورەتان پێبدەم، بەڵام دەتوانم بڵێم لە هەوڵداین بۆ ئەوەی وەک لایەنەکانی دیکە گەلەکەمان توشی نەهامەتی نەکەینەوە.**

ئەگەر لە نموونەی(٥٣) وربببینەوە دەبینین ئەو کەسەی، کە قسە بۆ کۆمەڵێک خەڵک دەکات بەهۆی ئاگابوون و کۆزانیاریی پێشینەی دەربارەی ئەزموون و کارو چالاکیی لایەنە سیاسییەکان، کە بەشێکیشە لە باری ئاوەزیی ئامادەبووان. بەوپێیەش قسەکەر خاوەنی هەمان باری ئاوەزییە، بۆیە ئاگاداری گریمانەکانی گوێگرانە دەربارەی گوفتار و لێدوانی کەسایەتییە سیاسییەکان و چۆنییەتی وێناکردنیان، هەربۆیە لە ڕێی بەکارهێنانی پەرژینی زمانی (نامەوێت بەڵێن بدەم، دەتوانم) هەوڵدەدات وێنەی ئەرێنی خۆی لە ئاوەزی ئامادەبوواندا بپارێزێت، بەوەی کە (هاووڵاتیان شایستەی ژیانێکی باشترن هیچیان لە هاووڵاتیانی دنیا کەمتر نییە)، چونکە قسەکەر پێشبینی گریمانەکانی ئامادەبووان دەکات و هەوڵدەدات لە نەرێنییەوە بۆ ئەرێنی بیانگۆڕێت. کەواتە پەرژینەکان هێزێکی پارێزەرن چونکە ئامانجیانە، کە کۆمەڵەیەک گریمانە بەشێوەیەکی گشتی بۆ خراپتر بپارێزن، بۆ ئەمەش ئاخێوەر هەوڵدەدات لەڕێگەی پەرژینەکانەوە وێنەی ئەرێنی خۆی بونیادبنێت، لێرەشەوە میکانیزمی زمانیی ئاماژەپێکراو بڵاودەکاتەوە، ئەگەر پێشبینی مەترسییەکی ئەگەری لە کۆمەڵە بیرکردنەوەیەکی نەخوازراو بۆ سەر دۆخی ئێستا بکات، کەواتە ((پەرژینەکان کاتێک بەکاردەهێنرێن، کە قسەکەر پێشبینی دەرئەنجامە ناپەسەندکراوەکانی کردارێکی داهاتوو دەکات و وەشانێکی کەمکراوەی ئەو کردارە پێش ئەوەی ڕوویدات پێشکەشدەکات)).(Martinovski,et….all,2005,2)، لەم تێگەیشتنەشەوە دەتوانین بڵێین پەرژینەکان لەو بارانەدا بەکاردەهێنرێن کە قسەکەر ترسی ئەوەی هەیە وێنەی خۆی بەهۆی دەربڕاوێکەوە، یان کردارێکی زیانبەخشەوە بکەوێتە مەترسییەوە، لێرەوە دەردەکەوێت پاراستنی وێنەی

خودیی شتێکی ناوەکییە لە پەرژینەکاندا، کە وادەکات ئاخێوەر بە ئاڕاستەی باشکردنی هەر ئەگەرێکی نەخوازراو و دوورکەوتنەوە لە بەرپرسیارییەتی لەکاتی پێویستدا هەنگاوبنێت. ئەم ڕاستییەش لە نموونەی (٥٤)دا دەبینرێت:

**٥٤) - من دەزانم جیاوازی لە نێوان دامەزراندنی خوێندکارە دەرچووەکاندا کراوە، لەگەڵئەوەشدا بەندە، لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ ئەوەی زۆرترین خوێندکاری دەرچوو لەو دامەزراندنە سوودمەندبن، لەوانەیە بەم نزیکانە چەند ناوێکی تریش ڕابگەیەنرێن.**

لە نموونەی(٥٤) دا دەردەکەوێت، لە وەڵامی ناڕەزایی خوێندکاراندا بەرپرسی سیاسی، یان حکومی بە پەرژینی (دەزانم) وەک دەربڕینی هاوسۆزیی و ئاگاداربوون لەو ڕەوشە نالەبارەی، کە ڕوویداوە هەوڵدەدات ناڕەزایی خوێندکارە دەرچووەکان هێوربکاتەوە پێشئەوەی هەر بارودۆخێکی گرژیی لەلایەن خوێندکارانەوە ڕووبدات. لەهەمانکاتیشدا لەڕێی دەستەواژەی (لەگەڵئەوەشدا، لەوانەیە) وەک پەرژینی زمانی و بەڵگە بۆ هەڵوێستی قسەکەر لە ئاستی ئاشکرادا وادەکات، کە گوێگران ئامانجەکانی خۆیانیان لەسەر هەڵبچنن، ئەمەش دەبێتەهۆی پاراستنی وێنەی خودیی (قسەکەر) بەشێوەیەکی ئەرێنی لە ئاوەزیی گوێگراندا، لەگەڵئەوەشدا قسەکەر لەڕێی بەکارهێنانی (لەوانەیە) وەک بەڵگەیەکی لاواز دەتوانێت لە دەربڕاوەکەی پەشیمانبێتەوە و پێوەی پابەندنەبێت، لەمڕوانگەیەوە (Fraser) پێیوایە ((قسەکەر پەرژینەکان بۆ پابەندنەبوونێکی تەواو بە ڕستە ناوەڕۆکی دەربڕاو بەکاردەهێنێت، کە کاریگەری لەسەر لێکدانەوەی مەبەستی قسەکردنەکە دەبێت)).(Fraser,2010,201)، کەواتە بەکارهێنانی پەرژینە زمانییەکان هەڵبژاردنێکی بە مەبەستی قسەکەرە لە دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراودا.

## ٢-٤/٢) مەبەستە کۆمەڵایەتییەکانی پەرژینی زمانیی

پەرژینەکان بۆ مەبەست و ئامانجێکی دیاریکراو بەشێوەیەکی پراگماتیکییانە لە دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا بەکاردەهێنرێت، بەجێگەیاندنی ئەم مەبەست و ئامانجەش بە بەڕێوەبردنی پرۆسەی پەیوەندییەکی سەرکەوتووانەوە بەندە، کە تیایدا پەرژینەکان وەک ستراتیژێک و توانستی پراگماتیکی لە چۆنییەتی بەکارهێنانی زماندا یارمەتیی پاراستنی ئەو پەیوەندییانە لە کارلێکە کۆمەڵایەتییەکاندا دەدەن. لێرەشەوە مەبەستە کۆمەڵایەتییەکانی پەرژینەکان لە چەند خاڵێکدا شیدەکەینەوە:

### ١- کەمکردنەوەی داواکاریی

یەکێک لە مەبەستەکانی بەکارهێنانی جۆرە جیاوازەکانی پەرژینەکان، وەک پەرژینە لاوازەکان، کردارە مۆداڵییەکان، نزیککەرەوەکان، بڕگەکانی تر بەشێوەیەکی سەرەکی ((بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی بانگەشەکانە، بە پیشاندانی جۆرێک لە نادڵنیایی)).(Rababa'h,Abu Rumman,2015,175)، کەواتە لە زۆربارد

ئاخێوەر پەرژینەکان بە مەبەست وەک ستراتیژێک بۆ نەهێشتن و کەمکردنەوەی خواستی بەرانبەر لە دەربڕاوەکانیدا بەکاردەهێنێت، بۆ ئەمەش پەرژینەکان بەمەبەستی نیشاندانی نادڵنیایی و کەمکردنەوەی داواکاریی لەم نموونانەی خوارەوەدا وێنادەکەین:

**٥٥) - لەوانەیە بتوانین زەوی بۆ بەشێک لە فەرمانبەران دابین بکەین.**

لە نموونەی (٥٥)دا قسەکەر جۆرێک لە نادڵنیایی لەڕێگەی بەکارهێنانی پەرژینی (لەوانەیە) بە مەبەست پیشاندەدات، بەوەی دەتوانن (زەوی بۆ بەشێک لە فەرمانبەران دابینبکەن نەک کۆی فەرمانبەران) ئەمەش وادەکات، فەرمانبەران داواکاریی زۆرتریان بۆ وەرگرتنی (پارچە زەوی) لە حکومەت نەبێت. لە زۆربارێشدا نەک هەروا دەکات داواکارییەکە کەم ببێتەوە، بەڵکو دەبێتەهۆی نەمانی داواکارییەکە بەوەی ڕەنگە (گوێگر بڵێت مادام زەوییەکە بۆ بەشێک لە فەرمانبەرانە ئەوا بە دڵنیایی من چانسی ئەوەم نییە زەوییەکە وەربگرم). هەروەها هەندێک دەستەواژەی پەرژینی لەگەڵ دەربڕینی ژمارەییدا بەکاردەهێنرێن، بۆئەوەی نادڵنیایی و پابەندنەبوون بە وردیی ڕستە ناوەڕۆکی دەربڕدراو نیشانبدرێت. لەهەمانکاتیشدا کاریگەریی لەسەر کەمکردنەوەی داواکارییەکان دەبێت، بڕوانە نموونەی (٥٦):

**٥٦) - ساڵی داهاتوو بەرهەمهێنانی گەنم نزیکەی لە ٢٠ ./. بەرزدەکەینەوە.**

لەم نموونەیەدا وشەی (نزیکەی) وەک پەرژینێکی زمانیی بۆ ئەوە بەکارهێنراوە قسەکەر، بە تەواوی لە دەربڕاوەکەی دڵنیانییە، یان نایەوێت ژمارەیەکی دڵنیا بە گوێگر بدات، بۆئەوەی لە ئەگەری جێبەجێ نەکردنیدا بە دەربڕاوەکەیەوە پابەندنەبێت و داواکارییەکان بۆ بەدەستهێنانی گەنم لەو ڕوانگەیەی، کە (بڕەکەی بەرزکراوەتەوە) زۆرتر نەبن.

## ٢- ئاڕاستەکردنی گوێگر

هەندێک لە دەربڕاوە پەرژینییەکان وەک دەستەواژەی ئاڕاستەکردن بەکاردەهێنرێن بۆئەوەی گوێگر بەرەو بەشدارییپێکردن بۆ ئەو بابەتە هانبدات، کە قسەکەر باسیدەکات، واتە ((بەدەستهێنانی ڕازیکردنی گوێگر بۆ دەربڕاوێک)).(Hyland,1998,252)، بەمپێیە قسەکەر بە بەکارهێنانی ئەمجۆرە پەرژینانە وادەکات تەنها خۆی (قسەکەر) بە ڕاستی دەربڕاوەکەوە پابەندنەبێت، بەڵکو گوێگریش بەرەو ئەو پابەندبوونە ڕادەکێشێت، ئەمەش وادەکات دەربڕاوەکەی متمانەپێکراوتر بێت، ئەمجۆرە دەربڕاوە پەرژینیانەش لە فۆڕمەکانی (دەزانن، بۆ هەمووان ڕوونە، ئاشکرایە، ئەگەر) دەردەکەوێت بۆ ئەمەش بڕوانە (٥٧، ٥٨):

**٥٧) - ئەگەر ماوەی ئەم چەند ساڵە تیرۆرستان زیانی گەورەیان بە کەرتی ئابوری نەگەیاندایە دەمانتوانی وەک پێویست خزمەت بە خەڵکی خۆمان بکەین.**

**٥٨) - بۆ هەمووان ڕوونە کە چەندین دەستی ناحەز بۆ مەرامی کەسی دەیانەوێت ئاشتیی هەرێمەکەمان تێکبدەن.**

دەربڕاوەکانی هەریەک لە نموونەکانی(٥٧، ٥٨) سەنجمان بۆ ئەو ڕاستییە ڕادەکێشێن، کە قسەکەر دەیەوێت لە ڕێگەی هەردوو دەربڕاوی (ئەگەر، بۆ هەمووان ڕوونە)ەوە ڕاستیی و دروستیی دەربڕاوەکەی بسەلمێنێت و ئاڕاستەی گوێگری دەکات، واتە بەجۆرێک لە جۆرەکان بەهۆی زانینی باری ئاوەزیی ئاخێوەرانەوە قسەکەر هەوڵدەدات ڕەوایی بە پاساوەکەی بدات بەوەی کە نەک هەر (قسەکەر) ئاگاداری ڕستە ناوەڕۆکی دەربڕاوەکەیە، بەڵکو گوێگرانیش بەرانبەر بە ڕستە ناوەڕۆکی دەربڕاو زانین و هۆشیارییان هەیە و گەواهیدەری ڕاستیی دەربڕاوەکەن.

**٣- ڕاگرتنی ژینگەی پەیوەندیداریتی**

لە پڕۆسەی پەیوەندیکرندا مرۆڤەکان بە نیشاندانی هاوسۆزیی و ڕێزگرتن لە دیدگا و تێڕوانینی یەکدی دەیانەوێت ژینگەیەکی باشتر بۆ پڕۆسەی پەیوەندیگرتنەکە بەدەستبهێنن، بۆیە ((زۆرجار ئاخێوەران پەرژینەکان، یان زمانێکی ناڕوون بۆ نەرمکردنەوەی دەربڕینەکان بەکاردەهێنن، بۆئەوەی بەشێوەیەکی دەستەڵاتدار و جەختکەرەوە دەرنەکەوێت)).(Carter,McCarthy,2006,202)، کەواتە ئاخێوەران لە پێناو بەردەوامیدان بە پەیوەندییەکە و بۆئەوەی گفتوگۆیەکی دوور لە ترس و دڵەڕاوکێ و ڕووبەڕووبەنەوە درێژە پێبدەن، بە مەبەست پەرژینەکان بەکاردەهێنن. بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییەش لە هەردوو نموونەی (٥٩، ٦٠) دا چۆنییەتی بەدەستهێنانی ژینگەیەکی باشی پەیوەندیکردن دەردەخەین:

**٥٩) - باش ئاگادارم کە ژیانێکی سەختتان بەڕێکردووە، بەڵام دەبێت بەردەوام بین بۆ ئەوەی بەسەر نەیارەکانماندا سەربکەوین.**

لە دەربڕاوی (٥٩)دا قسەکەر بە بەکارهێنانی پەرژینی (باش ئاگادارم) وەک جۆرێک لە نیشاندانی هاوسۆزیی و هاوغەمی بۆ بارودۆخ و ژیانی گوێگران هەوڵیداوە کەشێکی هاوسەنگ و لەبار لە نێوان خۆی (قسەکەر) لەگەڵ بەشداربووانی گفتوگۆکەدا فەراهەمبکات، بۆئەوەی هەم مەبەستی دەربڕاوەکە بگەیەنێت هەم بارودۆخی قسەکردنەکە بە ئاقارێکی باشتردا ببات.

**٦٠) - دەتوانم تا ئێوارە لە گەڵتان دابنیشم، بۆ ئەوەی سەرجەم گلەیی و داواکارییەکانتان بگەیەنن.**

بەسەرنجدان لە نموونەی (٦٠)دەبینین قسەکەر بەهۆی دەستەواژەی (دەتوانم) وەک پەرژینێک غەمی دڵسۆزانە و ئاگاداریی خۆی بۆ ئامادەبووان نیشاندەدات، بۆئەوەی وێنەیەکی باشی خۆی بگەیەنێت و ئامادەبووانیش لە کەشێکی خوازراودا ویستەکانی خۆیان، بەبێ بوونی هیچ مەترسییەک بۆ سەر ژیانیان، بگەیەنن. کەواتە پەرژینەکان دەتوانن ژینگەیەکی باشی پەیوەندیکردن لە بارودۆخە جیاوازەکاندا دەستەبەر بکەن و نییەتی پەیوەندیکردن بە باشی بەجێبهێنن.

### ٤- نواندنی ڕێزگرتن

چەمکی ڕێزگرتن پەیوەندی بە دووریی و نزیکی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەوە هەیە، کە لەنێوان قسەکەر و گوێگردا هەیە بۆ چۆنییەتی دەرخستنی ڕێزگرتنەکە لە گفتوگۆکەدا، لێرەشەوە (Brown, levinson) دوو جۆر (ڕوو، یان ڕووخسار)یان جیاکردەوە، کە بریتین لە (ڕووی ئەرێنی"Positive Face" و ڕووی نەرێنی"Negative Face"). لەم دوو جۆرە ڕووەشەوە دووجۆر ڕێزگرتن دیاریدەکرێت ئەوانیش (ڕێزگرتنی ئەرێنی"Positive politeness" و ڕێزگرتنی نەرێنی"Negative politeness"). بەمەش ڕێزگرتنی نەرێنی ((دووریی کۆمەڵایەتی لە نێوان قسەکە ر و گوێگردا دەخاتەڕوو، کە بەشێوازی ناڕاستەوخۆ بەهۆی ڕەنگە، دەکرێت، داوای لێبوردن دەکەم دەنوێنرێت)).(مەحمود،٢٠٠٩، ١٣١)، ئەم تێگەیشتنە ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە باری نەرێنی ڕێزگرتن پەیوەندیی بە دووریی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، کە گرنگی بە ماف و ئازادیی کەسەکان لە هەڵبژاردندا دەدات و پەیوەستە بە بەکارهێنانی پەرژینەکان، بۆیە زۆرکات ئاخێوەران بۆ ئەوەی گوتارێک، دەربڕاوێک، بیرۆکەیەک لە لایەن گوێگرەوە پەسەندبکرێت پەنا بۆ ئەمجۆرە ڕێزگرتنە دەبەن. ئەمەش بەو واتایەی پەرژینەکان فۆڕمی زمانەوانین ئاخێوەران بۆ مەبەستی جوانی دەربڕین بەکاریاندەهێنن، کەوایە پەرژینەکان لە پرۆسەیەکی پەیوەندیکردندا، بۆئەوەی گوێگر ئاسوودەبێت و پەیوەندییەکی ڕێزدارانە بەدەستبهێنێت، بەکاردەهێنرێن. چۆنییەتی ئەمجۆرە بەکارهێنانەش لە نموونەکانی (٦١، ٦٢)دا وردتر ڕووندەکەینەوە:

**٦١) - نیگەران مەبن من پێموایە تەنها چەند شتێک هەن، کە پێویستییان بە چارەسەرکردن بێت.**

لە نموونەی(٦١)دا وا دەردەکەوێت، کە قسەکەر لە کاتی قسەکردنیدا بۆ ئامادەبووان بەهۆی دەستەواژەی (نیگەران مەبن پێموایە) بەشێوەیەکی ڕێزدارانە بوونی(چەند کەموکوڕییەک) پشتڕاستدەکاتەوە. بە واتایەکی تر قسەکەر بە بەکارهێنانی پەرژینەکە ئەوە بە گوێگر دەدات، کە هۆشیارە و تێدەگات (کەمتەرخەمی هەیە و پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە بۆیە هەوڵدەدەین، بە ئاڕاستەی ڕاستی هەنگاو بنێین و کەمتەرخەمی و گرفتەکان چارەسەر بکەین) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە پەرژینەکان دەتوانن لە یەک کاتدا بۆ دەربڕینی ڕێزگرتن و پەسەندکردنی بیروبۆچوونێک بەکاربهێنرێن.

**٦٢) - ئەگەر کەمێک زیاتر خۆتان ماندوو بکەن زووتر کارەکان تەواو دەبن.**

ئەگەر لە نموونەی (٦٢) ڕابمێنین دەبینین لەمیانی قسەکردنی بەڕێوەبەر، یان خاوەنکارێک بۆ ئەو کارمەندانەی، کە لەلای ئیشێک جێبەجێدەکەن، خاوەنکار بەهۆی بەکارهێنانی پەرژینی (ئەگەر کەمێک) بەشێوەیەک ڕێزی تیا نوێنراوە ئەوە بە کارمەندەکان دەڵێت، کە (دەبێت کارەکە زوو تەواوبکەن و زیاتر هیلاک بین بەڵام چونکە بەشێوەیەکی جوان و بەڕێز خاوەنکارەکە دەربڕاوەکەی دەربڕیوە، بۆیە کارمەندەکان هەم نیگەران نابن هەم هەوڵی زیاتر بۆ زوو تەواوبوونی کارەکان دەدەن. لێرەشەوە دەتوانین بڵێین ئاخێوەر بەهۆی ڕێزگرتنەوە، کە لە ڕێی پەرژینەکانەوە بەدەستدەهێنرێت درکپێکراوانە

هەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەپارێزێت هەم دەتوانێت وێنەیەکی ئەرێنی لە هزر و ئاوەزی گوێگردا بونیادبنێت و خۆی لە کاردانەوەی نەخوازراو بپارێزێت.
بە وردبوونەوە و تێڕامان لە مەبەستەکانی بەکارهێنانی پەرژینە زمانییەکان، بەو ڕاستییە کۆنکرێتییە دەگەین، ئاخێوەران دیدگا و تێگەیشتنی ئاوەزدارییان هەیە، کە لەسەر بنەمای ئەزموونکردن و دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتی بەدەستدەهێنرێت. هەر ئەمەشە وا دەکات، کە قسەکەر یان ئاخێوەر لە ڕێی بەکارهێنانی پەرژینەکانەوە بیر لە خودپارێزی بکاتەوە، چونکە ئەگەر ئاخێوەران خاوەنی ئەم تێگەیشتنە ئاوەزدارییە، یان بارە ئاوەزییە نەبن ئەوا بیر لە خودپاراستن ناکەنەوە بەوپێیەی نازانن لە مێشکی گوێگراندا چۆن وێنای خۆیان و دەربڕاوەکانیان دەکرێت، هەربۆیە درکپێکراوانە (پەرژینەکان) وەک بەشێک لە توانستی پڕاگماتیکی، کە شێوازی بەکارهێنانی زمانە بەشێوەیەکی کاریگەر لە بارودۆخە جیاوازەکاندا دەئاخنێنە ناو دەربڕاوەکانییان. لەم درکپێکردنەشەوە ئاخێوەران چەند مەبەستێکی کۆمەڵایەتی لەڕێگەی پەرژینەکانەوە بەدەستدەهێنن، بەمەش پەیپێبراوانە هەم پارێزگاری لە وێنەی ئەرێنیی خۆیان دەکەن هەم لە ڕووبەڕووبونەوەی نەخوازراویش دووردەکەونەوە، ئەمەش پڕاوپڕ بونیادنان و داڕشتنەوەی واتایە لە ئاوەزیی ئاخێوەراندا و تێگەیشتن و هەڵهێنجانی دەربڕاوەکانە لە پڕاگماتیکی درکپێکردندا.

## ٣) بەکارهێنانی مەبەستەکانی پەرژینی زمانیی لە دەقی ڕامیاریدا

پەرژینەکان کاریگەریی دیاریان لە ڕێکخستن و بەکارهێنانی زمان، لە کایە جیاوازەکاندا هەیە، بەشێوەیەک بەکارهێنانی پەرژینەکان پیشاندانی جۆرێکی دیکەی توانست و درکپێکردنی تاکە بەرانبەر چۆنییەتی بەکارهێنانی زمان پەیوەست بە دنیاوە/جیهانەوە. بەوپێیەش سیاسەت و دەقی ڕامیاری (سیاسی) لە بنەڕەتدا کاریگەری و سەرنجراکێشانی خۆی لە توانستی بەکارهێنانی زمان و پەرژینەکانەوە بەدەستهێناوە، کەواتە زمان لە دەقی سیاسیدا بنەما و دەستەڵاتە، لێرەشەوە دەتوانین بڵێین بۆئەوەی لە خودی سیاسەت و دواتریش لە دەقی سیاسی تێبگەین پێویستە لەو زمانە بگەین، کە سیاسییەکان، یان ئەو کەسانەی تێڕوانینێکی سیاسییان هەیە، قسەیپێدەکەن و بەکاریدەهێنن، چونکە زمان ئەو کەناڵەیە تیایدا سیاسەتمەدارەکان و دەقە سیاسییەکان بەهۆیەوە بە خەڵک دەگەن و خەڵکیش پێیاندەگات، بۆیە ئەو فۆڕمەی زمان کە سیاسسەتمەدارەکان، یان کەسانی وابەستە بە ئایدیۆلۆژیا و دید و تێڕوانینێک بەکاریدەهێنن، دەبێتە ناسنامە و وێنای کەسی ئاخێوەر لە ئاوەزی وەرگردا. بەو واتایەی زمانی سیاسی وەک فۆڕمێک و شێوازێک لە بەکارهێنانی زمان پنتی ناسین و نەخشاندنی کەسەکانە لە مێشکی وەرگردا، لەم تێڕوانینەشەوەیە کەسی سیاسی، پەرژینەکان بۆ مەبەستی جۆراوجۆر لە دەربڕاوەکانیدا بەکاردەهێنێت. بەمەش دەردەکەوێت بەجێگەیاندنی مەبەستی ئاخێوەران وەک توانستێکی ناوەکی لە پەرژینەکاندا هەڵگیراوە، کە ئاخێوەر درکپێکراوانە بەپێی دەوروبەری دیاریکراو لە کاتی شیاودا بانگهێشتیاندەکات و دەستپێداگەیشتنی بۆیان هەیە. ئەمەش بریتییە لە (بەکارهێنانی زمان بۆ مەبەستی تایبەتی"Language for specific purposes") ئەم تێگەیشتنەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە سیاسەت لە ژێر کاریگەریی بەکارهێنانی زماندایە، کە بە (درکپێکردنی سیاسییانە "Political cognition")ی بەکارهێنانی زمان ئاماژەی بۆ دەکرێت. کەواتە کەسی سیاسی لە زۆرباردا زمان و پەرژینەکان وەک نمایشێک بۆئەوەی هەستێکی ئەرێنی بەرانبەر بە بیروڕا و ئایدیۆلۆژیاکەی دروستبکات، بەکاردەهێنێت. بەمشێوەیەش زمان دەبێتە ئامرازێک بۆ بە بەهاکردنی ناسنامەی کەسی و دەتوانرێت بە قازانجی سیاسی وەک ڕێگەیەکی تایبەت، بۆ شێوە داڕشتنی ئایدیۆلۆژیایەک نمایندەبکرێت، لەو ڕوانگەیەشەوە کۆمەڵگا ئەو پانتاییەیە، کە زمانی تێدا بەکاردەهێنرێت، کەواتە پەیوەندییەکی تەواوی بە ناسنامەی نەتەوەیی و کلتورییەوە هەیە، بەمەش سیاسەت و دەقی سیاسی دەبنە بەشێک لە (درکپێکردنی کۆمەڵایەتی"Socio cognitive") کە لە فۆڕمە هەمەجۆرەکانی پێکهێنان و داڕشتنی گوتاری سیاسیدا ڕەنگدەداتەوە. لێرەشەوە ئەوە ڕووندەبێتەوە کە ((تەنها سیاسەتمەداران، یان کەسانی خاوەن پێگە و دەستەڵات لە سیاسەت و پرۆسەی سیاسی و دەقی سیاسیدا بەشدارنین، بەڵکو وەرگرە جیاوازەکانی وەک (جەماوەر، هاووڵاتی، تاک، چاودێر، دەنگدەر، خۆپیشاندەر، ڕێکخراو، گروپ) زۆربەیان لە چالاکییە سیاسییەکاندا بەشدارن)).(Verba, et….al,1993,453,)، بەمەش چالاکیی سیاسی، یان

سیاسەت درێژبوونەوەی بەرفراوانی بازنەی گوتاری سیاسیی هەمەجۆر دەگەیەنێت، کە لە پاری دواتردا لە  جیاکردنەوەی پەرژینەکاندا دەبینرێتەوە.

## ١/٣) جیاکردنەوەی پەرژینی زمانیی لە دەقە ڕامیارییەکاندا

لە چوارچێوەی شیکردنەوەکانی بەشی دووەمی ئەم نامەیەدا، خستنەڕووی وشە و دەربڕاوە پەرژینییەکان، لەڕوانگەی تیۆرییە جیاوازەکانی بەخشکەیی دەربڕینە، بۆ چەند مەبەستێکی دیاریکراو. لەم بەشەدا بە مەبەستی ئەنجامدانی لایەنی کارەکییانەی نامەکە، پەرژینەکان لە دەقە ڕامیارییەکانی زمانی کوردیدا جیادەکرێنەوە و پەیوەست بە ئاستی ئاشکرا و بەخشکەییەوە شیکردنەوەیان بۆ دەکرێت، هۆکاری ئەم هەڵبژاردنەی وشە و دەربڕاوە پەرژینییەکان، بریتییە لە ڕۆڵ و گرنگیی بوارەکە لە ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی ژیانی ڕۆژانە و سەلماندنی بەربڕشتیی زمانی کوردی، کە لە توانایدایە هێندە وشە و دەربڕاوی پەرژینی، بە مەبەستی پیشاندانی توانستی پراگماتیکی بۆ ئاخێوەرانی زمانەکە بەگشتی و کەسایەتییە سیاسییەکان بە تایبەتی، دەستەبەربکات. بۆ ئەمەش لە شیکاری دەقی ڕامیاریدا دەبێت هەموو ئەو دەقانە لەبەرچاوبگیرێن، کە بەجۆرێک لە جۆرەکان پەیوەستن بە کاری سیاسییەوە، چونکە مرۆڤەکان نەک هەر وەک تاک، بەڵکو وەک ئەندامی کلتوری و کۆمەڵایەتی بەشداری لە دەقی ڕامیاریدا دەکەن، بەمەش شێوازی هەمەجۆر و گۆڕاو لەڕووی بارودۆخەوە پەیوەندی گرێدراو و تایبەتییان بە بواری سیاسەتەوە هەیە و لە داڕشتەی دەقەکاندا بەشدارییپێدەکرێت. پەرژینەکانیش وەک بەشێکی کاریگەر لە دەقی ڕامیاریدا، لە سەرجەم بارودۆخەکاندا نمایندەی چەند لایەنێکی دەقێکن، کە مەودای بەرفراوانی بازنەی گوتاری هەمەجۆری ڕامیاری دەگرێتەوە، بەوپێیەش تەنها بڕیاردەران و کەسانی خاوەن پێگەی دەستەڵات لە پرۆسەی سیاسیدا بەشدارن نین، کەوایە گوتاری سیاسی چینێکە لە مەودای کۆمەڵایەتی، بۆ ئەم مەبەستەش (١٦) دەقی ڕامیاری لە پێگە ئەلکترۆنییەکانەوە بە مەبەستی وردێتی و زانستی بەپێی پێویست وەردەگرین و بەخشتەیەک جۆرە جیاوازەکانی پەرژینەکان جیادەکەینەوە، تا دواتر لە پارەکانی داهاتودا  شیکردنەوەیان لەسەربکەین، بۆ ئەمەش دەقە ڕامیارییەکان لەسەر بنەمای تێڕوانینی(Van Dijk, 2003,208-210) وەردەگرین، کە دووجۆر ئایدۆلۆژیای سیاسی بۆ جیاکردنەوەی دەق و دەربڕاوە سیاسییەکان دیاریدەکات، دواتر پەرژینە زمانییەکان بەرجەستە دەکەین:

١- **ئایدیۆلۆژیای پیشەییانە** "Professional ideologies": هەموو ئەو سیاسەتمەدارانە دەگرێتەوە، کە بنەمای کارکردنیان سیاسەتە و بریتین لە کەسانی باڵادەستی حکومی و  ئەو پارتە سیاسییانەی جومگەکانی بەڕێوەبردنی وڵاتیان لە دەستدایە و توانای بڕیاردانیان هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش دەق و گوتارەکانیان زیاتر فۆرمێکە لە گوتاری دامەزراوەیی، کە تیایدا پەرژینەکان وەک ستراتیژێک بۆ مەبەستێک و پیشاندانی توانستی بەکارهێنانی زمان بەکاردەهێنرێت. پەیوەست بە دەقی ڕامیاری لەسەر

بنەمای ئایدیۆلۆژیای پیشەییانە لە زمانی کوردیدا  وشە و دەربڕاوە پەرژینییەکان، لە دەقەکانی (١ بۆ ٨)دا دیاریدەکەین. کە توانای ئاوەزداریی تاکی کورد بۆ بەکارهێنانی پەرژینەکان بەپێی دەوروبەر و پلە و پێگەیەکی دیاریکراو دەردەخات.

**-دەقی یەکەم/ دەقی چاوپێکەوتنی بافڵ تاڵەبانی لەگەڵ عێراق ئۆیڵ ڕیپۆرت.**

 بافڵ تاڵەبانی دەربارەی پەیوەندیی نێوان یەکییەتی و پارتی لە وەڵامی پرسیاری چۆن پەیوەندییەکانتان گەیشتە ئەم قۆناغە؟ لەلایەن پێشکەشکارەکەوە بەمشێوەیە وەڵامدەداتەوە: بافڵ تاڵەبانی: تۆ دەزانیت ئێمە و پارتی لەڕووی مێژووییەوە دوو حزبی جیاوازین، کەواتە دوو ئامانجی جیاوازمان هەیە، جیاوازە، ئایدیۆلۆژیامان جیاوازە و تەنانەت پێکهاتەی حزبەکانیشمان زۆر لێکچوو نین! ئەوەشی کە دەیبینین ئێستا بریتییە لە تێکچوونی  پەیوەندییەکان و چەند شێوازێکی کاردانەوە لە پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەگەر بمەوێت راستگۆشبم لەگەڵت نازانم سەچاوەی ئەمجۆرە ڕەفتارکردنە چییە؟ بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە من  وابیردەکەمەوە کە ئێمە لای خۆمانەوە وەک یەکێتی هەوڵی تەواوەتیماندا لەگەڵ پارتی، دوای ئەو کێشانەی کە لە یەکێتی تووشمانبوو، بەرنامەیەکی باشمان هەبوو بۆ پەرەدان بە پەیوەندییەکانمان، بۆ نموونە تەنیا ساڵی رابردوو چەندینجار مەکتەبی سیاسییەکەمانم ناردووە بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ مەکتەبی سیاسیەکەیان،  لە بەرانبەردا ئەوان تەنیا جارێک یان دووجار مەکتەبی سیاسیەکەیان ناردووە بۆ سلێمانی. ئەوەشی پەیوەندیی بە خۆمەوە هەیە، تەنیا ساڵی رابردوو (١٥بۆ ١٦) جار کاک مەسعودم بینیوە، لە بەرانبەریشدا وەک دیارە سەردانکردنەوە لە کاک مەسعود نابینین! چەند جارێک سەردانی کاک نێچیرڤانم کردووە! چەند جارێک سەردانی کاک مەسرورم کردووە! بەڵام کاردانەوەیەکی ئەوتۆم نەبینی، لەبەرانبەر ئەمانەدا من پێموایە کێشەکە لە گۆڕانی حکومەتەوە دەستیپێکرد، حکومەتەکەی مەسرور بارزانی، نەوەک مەسرور خۆی. با ئەمە روونبکەمەوە، من بە دیاریکراوی مەبەستم مەسرور بارزانی نییە. ئەم حکومەتە زۆر جیاوازە لەو حکومەتانەی کە پێشتر بینیومانن و هەبوون. ئەم حکومەتە بە سیاسی کراوە. ئەمەش کاریگەرییەکەی باشی نییە. دوێنێ بەرێکەوت چاوم بە یەکێک لە وەزیرەکانم کەوت، پێی وتم: کاتێک کە بەڕێوەبەری گشتی بووم زۆر خۆزگەی ئەوەم دەخواست ببمە وەزیر. ئێستا لەم کابینەیەدا وەزیرم، بەڵام خۆزگە دەخوازم نەبوومایە! ئەمە هەمووی بەهۆی زیاد لە پێویست بە سیاسیکردنی ئەم حکومەتە و بە ناوەندیکردنی هەموو شتێکەوەیە لەنێو ئەم حکومەتەدا.  ئەگەر بگەڕیینەوە بۆ ساڵەکانی پێشووتر ئەوە بەتەواوەتی پێچەوانە بوو سیستمێکی نا ناوەندی هەبوو، پارێزگاکان کێبڕکێیان دەکرد لە جێبەجێکردنی پرۆژە و گەشەسەندندا و چێژیان دەبینی لە گەشەسەندنی ئابووری. ئەو ساڵانە ساڵی زێڕین بوون ئێستاش پێچەوانەکەی ڕوودەدات ، لەبەرئەوە پێموایە حکومەت بە سیاسی کراوە. ئێستاش وا دەردەکەوێت کە کاتی نەمابێت بۆ ئەنجامدانی هیچ شتێک بە تەواوەتی هیچ شتێک! بۆ ئەنجامدانی خزمەتگوزاریی، بۆ

ئەنجامدانی چاکسازی. مەبەستم ئەوەیە چوار ساڵی تەمەنی خۆی تەواو کردووە، ئەم کابینەیە حکومەتی کاربەڕێکەرە ئێستا. ئێمە وەک یەکێتی ئێستاش پۆستمان هەیە کە پڕنەکراوەتەوە! ئەم پۆستانە دەبوو لە سەرەتای پێکهێنانی حکومەتەوە پڕبکرێنەوە، بەڵام تا ئێستاش نەمانتوانیوە پڕیبکەینەوە! هەمانشت بۆ گۆڕانیش دروستە،نامەوێت لەبری ئەوان قسە بکەم، بەڵام پێموایە کە دۆخەکە بۆ ئەوانیش هەمانشتە.

https://www.awene.com/detail?article=77565 _.

| پەرژینە زمانییە بەکارهاتووەکان | پاتبوونەوەی پەرژینەکان |
|---|---|
| دەزانیت | ١ |
| نازانم | ١ |
| وا بیردەکەمەوە | ١ |
| چەندینجار | ١ |
| چەندجارێک | ٢ |
| وەک دیارە | ١ |
| پێموایە | ٣ |
| نەوەک | ١ |
| مەبەستم نییە | ١ |
| ئەگەر | ١ |
| وا دەردەکەوێت | ١ |
| مەبەستم ئەوەیە | ١ |
| نامەوێت | ١ |

خشتەی ژمارە (١)
جیاکردنەوەی پەرژینە زمانییەکان لە دەقی یەکەمدا

**-دەقی دووەم/ ئایا پێتانوایە پێویستان بەوە بێت لەگەڵ بزوتنەوەی گۆڕان ڕێککەوتنامەی دەباشان زیندوو بکەنەوە؟**

فەرید ئەسەسەرد: ئێمە دوو ڕێککەوتننامەمان لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان هەیە یەکێکیان لە چوارچێوەی سلێمانییە، کە ئەویش پەیوەندیی بە ئیدارەی پارێزگای سلێمانیەوە هەیە. ئەوە بە دڵنیاییەوە هەندێکی جێبەجێکراوە و هەندێکیشی جێبەجێنەکراوە. ڕەنگە ماوەکەشی بەسەردا تێپەڕیبێت، کە ڕەنگە پێویستی بە پێداچوونەوە و هەموارکردنەوە بێت. ئەمە لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕاندا لەم کۆبوونەوەی دواییدا باسکراوە. ئەوەی دیکەیان کە پێی دەگوترێت ڕێککەوتنامەی دەباشان، یان ڕێککەوتننامەی سیاسیی

نێوان یەکێتی و گۆڕان بەداخەوە نەتوانرا جێبەجێبکرێت. بڕیارێکمان نییە بۆئەوەی بگەڕێینەوە سەر ئەو ڕێککەوتنە، پێموایە گۆڕان خۆشی بڕیارێکی لەوبارەوە نییە، بەڵام ئەوەی کە لە چوارچێوەی پارێزگای سلێمانییە بەدڵنیاییەوە ئێمە بە گونجاوی دەزانین جێبەجێبکرێت، بە هەندێک دەستکارییەوە کە پێویست بێت. ئەوەی تریان دەکرێت ڕێککەوتنێکی تر پەیوەندییەکانمان ڕێکبخاتەوە. دەکرێت بگەڕێینەوە سەر ڕێککەوتنەکەی پێشوو (دەباشان) ئەگەر هەردوو لایان ئیرادەیان هەبێت، دەکرێت لەدەرەوەی ڕێککەوتنە واژۆکراوەکانیش پەیوەندییەکی دۆستانەمان هەبێت. مەرج نییە هەردوولایەن ڕێککەوتنێکی واژۆکراو لە نێوانیاندا هەبێت. هەندێکجار باردوخێک دێتە ئاراوە بێئەوەی ڕێککەوتنێکی دیاریکراو لەنێوانیاندا هەبێت وا لە حیزبەکان دەکات یەک هەڵویستیان هەبێت یان هاوکاری یەکتربکەن. ئەم ئەگەرانە هەمووی هەیە، بەڵام ئەوەی بە لامانەوە گرنگە ئەوەیە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکاندا بەهێزبکەین. بناغەیەکی پتەوتریش بەراورد بە جاران دروستبکەین، هەروەها لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانیش، لەبارەی کۆبوونەوەی نێوان یەکیەتی و پارتی فەرید ئەسەسەرد گوتی: ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەو بابەتە تێپەڕیوە بەراورد بە ڕابردوو، لەوانەیە هەلومەرجەکە گونجاوتر بێت تاوەکو بە شێوەیەکی ئاسانتر و خێراتر کۆببنەوە. لە ماوەی ڕابردوودا توانراوە لە ڕێگەی هەوڵی دیپلۆماسیەوە ئەو بەستەڵەکەی لەنێوانیان هەبوو بتوێتەوە، تەگەرەیەکی گەورە لەبەردەم ئەو کۆبوونەوەیەدا نەماوە و ڕەنگە بەم نزیکانەش کۆبوونەوەکە بکرێت. https://www.rudaw.net/sorani/interview/160720201.

| پەرژینە زمانییە بەکارهاتووەکان | پاتبوونەوەی پەرژینەکان |
|---|---|
| بە دڵنیاییەوە | ٢ |
| هەندێک | ١ |
| ڕەنگە | ٣ |
| پێموایە | ١ |
| ئەگەر | ١ |
| دەکرێت | 2 |
| هەموو | ١ |
| لەوانەیە | ١ |

خشتەی ژمارە (٢)

جیاکردنەوەی پەرژینە زمانییەکان لە دەقی دووەمدا

**-دەقی سێیەم / عیماد ئەحمەد: لە دەروازەی مێژودا ناکۆکیەکان یان دەرفەتەکانمان گەورەترن؟!**

عیماد ئەحمەد لەم نووسینە مەبەستم نییە بڵێم ئێمە لەبەردەم هەڕەشەی شەڕێکی تردایین بەقەد ئەوەی مەبەستمە بڵێم پێویستمان بە تەباییە نەک پەرتبوون، ناکۆکی و جیاوازیەکان هەر چەند بن بایی ئەوە نین گرژی دروست بکرێ و خەڵک دووچاری دڵەراوکێ و نائومێدی ببێ. ئێمە ئەمڕۆ پێویستە خۆمان ڕووبەڕووی بەخۆداچونەوەیەکی رەخنەگرانە بکەینەوە، دواتر خاڵە ناکۆک و کۆکەکان جیا بکەینەوە، ئینجا میکانیزمی چارەسەری خاڵە ناکۆکەکان دەستنیشان بکەین و بڕیاری لەخۆبوردوانە بدەین، چونکە ئەگەر کێشەکانی ناوخۆی خۆمان چارەسەر بکەین و دادپەروەری و حوکمی رەشید بەر قەرار و متمانەی خەڵک مسۆگر بکەین و پەیوەندیی دروست و بەپێی دەستور لەگەڵ بەغدا جێبەجێبکەین ئەو کات دەتوانین بە سەربەرزییەوە خزمەتێکی باش بە خەڵک و کوردستان بکەین و روحی شەهیدەکانمان شادبکەین، لەڕاستیدا ئەگەر لۆژیک زاڵ بکەین وەک گوتمان ئەوەی لە پێشمانە زۆر لەوەزیاترە لەوەی ئێستا لە پێناویدا خەریکە حیسابی بۆ دەکەین.

https://www.kurdsatnews.com/Article_Detail.aspx?authorid=3&Articleid=110

| پەرژینە زمانییە بەکارهاتووەکان | پاتبوونەوەی پەرژینەکان |
|---|---|
| مەبەستم نییە | ١ |
| مەبەستمە | ١ |
| پێویستە | ١ |
| ئەگەر-ئەوکات | ١ |
| دەتوانین | ١ |
| لە ڕاستیدا ئەگەر | ١ |

خشتەی ژمارە (٣)

جیاکردنەوەی پەرژینە زمانییەکان لە دەقی سێیەمدا

**-دەقی چوارەم/ ڕێکەوت زەکی: دوو ئیدارەیی خیانەت نییە**

ڕێکەوت زەکی ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانی لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی وتی بانگەشەی بە دوو ئیدارەییکردنی هەرێم خیانەت نییە، چونکە خۆی هەر لە واقیعدا لە دوای ڕاپەڕینەوە هەرێمی کوردستان دوو ئیدارە بووە، ئەوەی پێیوابووە یەک ئیدارە بووە ئەوە تەنها لە دروشم و بانگەشەدا بووە، ئەگەرنا حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕاستی ئەو دوو ئیدارەیەی لەپێشتر هەبوو ئەم کابینەیەی ئێستا تۆختری کردەوە و زۆر بەجدیتر کاری لەسەر کردووە. ئەمە شەڕ فرۆشتن نییە وەک هەندێک پێمان دەڵێن، بەڵکو ئەمە بێدەنگ نەبوونە لەسەر مافەکانی خەڵکی سلێمانی، من و هاوڕێکانم نوێنەری

خەڵکی سلێمانین، لە ئەنجومەنی پارێزگا ئەگەر ئێمە شەڕ لەسەر مافەکانی خەڵکی سنورەکەمان نەکەین ئەی کێ بیکات. بەبڕوای من دوو ئیدارەیی باشترە. ئەگەر یەک بەراوردی بچووک بکەین لەوکاتەی دوو ئیدارەیی هەبوو سلێمانی گەشاوەتر و پێشکەوتوتر بوو، ئەوکاتە لە سلێمانی نەوت دەردەهێنرا، من پێموایە دوو دراوسێی بە ئاشتی پێکەوە ژیان باشترە لەمجۆرە ژیانەی ئێستا پێکەوە، بەتایبەتی لە بابەتی موچە و خزمەتگوزارییەکاندا، هەروەک ئاماژەم بەدەستوری عیراقی کرد دەستوری عیراقی باسی دوو ئیدارەیی ناکات بەڵکو باسی هەرێمی سەربەخۆ دەکات کە دەتوانێت خۆی ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی عیراقدا بکات، بۆیە ئەگەر حکومەتی هەرێم مامەڵەی بەمجۆرە بێت بە دڵنیایی داوای کۆبونەوەی ئەنجومەنی پارێزگا دەکەین و داوای لامەرکەزییەت دەکەین بە هەرێم بونی سەربەخۆیی سلێمانی لەناو ئەنجومەنی پارێزگا زۆرینەی دەنگ دەهێنێت و پێموانیە دژی زۆربێت، چونکە ئێمە کەباسی ڕێککەوتن لەگەڵ بەغداد دەکەین بۆ موچەی فەرمانبەران و خزمەتی شارەکەیە، خۆ موچەخۆر تەنها هی یەکێتی نییە لەسنوری سلێمانی و هەڵەبجە و گەرمیان و ڕاپەڕین کادیری پارتی و لایەنەکانی تریش موچەخۆرن.

https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=21965

| پەرژینە زمانییە بەکارهاتووەکان | پاتبوونەوەی پەرژینەکان |
|---|---|
| پێموایە | ١ |
| هەندێک | ١ |
| ئەگەر | ٣ |
| بە بڕوای من | ١ |
| بە دڵنیایی | ١ |
| پێموانیە | ١ |

خشتەی ژمارە(٤)

جیاکردنەوەی پەرژینە زمانییەکان لە دەقی چوارەیەمدا

**-دەقی پێنجەم/ئاری هەرسین: ئەگەر یەکێتی لە حکومەت بکشێتەوە دەبێ بەرپرسیاریەتیی ئەنجامەکەشی هەڵگرێت.**

ئەوەی یەکێتی دەیڵێت لە توڕەبوونە و هەڕەشەیە، ئەگەر یەکێتی لە حکومەت بکشێتەوە دەبێ بەرپرسیاریەتی ئەنجامەکەشی هەڵگرێت، کە زەرەرمەندی یەکەم خۆیەتی، هەموو هەوڵێکی پارتی بۆ ئەوەیە سەقامگیریی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بپارێزێت، لە وتارەکەیدا سەرۆک بارزانی لە کۆنگرە جەختی لەوە کردەوە کە دەبێت نێوانمان لەگەڵ هەموو لایەنەکان خۆش بێت و دوای کۆنگرە بەرنامەیەک دادەنرێت بۆ بەسەرکردنەوەی هەموو لایەنە سیاسییەکان. گوتیشی: یەکڕیزیی لایەنە سیاسییەکانی

کوردستان، پێش هەموو لایەنەکانی دیکە ئێمە وەک پارتی لێی بەرپرسین. کێشەکانی نێوان ئێمە و یەکێتی کێشەی سیاسییە هەموو کێشە سیاسییەکان بە گفتوگۆ چارەسەر دەبێت، تاکە ڕێگە بۆ چارەسەری کێشەکان میتۆدی دیپلۆماسی و سیاسییە، ئەوەش بریتییە لە گوێگرتن و ڕێزگرتن لە بۆچوونی یەکتر ئێمە و یەکێتی شتی ناخۆشتر لەنێوانمان هەبووە، ئەوەی ئێستا هەیە ئەوەشیان چارەسەر دەبێت دەربارەی ئەگەری کشانەوە یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە حکومەت، کە شاندێکی ئەو حزبە لەگەڵ لایەنەکان باسیان کردووە، ئاری هەرسین گوتی: ئەوە تورە بوون و هەڕەشەیە، بەڵام یەکێتی خۆیان دەزانن بە کشانەوەیان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەبێت چاوەڕێی چ ئەنجامێکی قورس بکەن بۆ هەرێمی کوردستان، بۆیە شتی واناکەن جەختیکردەوە، ئەگەر یەکێتی بڕیاری کشانەوە لە حکومەت بدات ئەنجامەکە بە دڵی هیچ لایەنێک نابێت، دەشڵێت: ئەگەر یەکێتتی ئەوە بکات، دەبێت بەرپرسیاریەتی ئەوە هەڵگرن کە هەرێمی کوردستان بەرەو چ ئاراستەیەک دەڕوات، ڕەنگە زەرەرمەندی یەکەم یەکێتی نیشتمانی کوردستان بێت و خەڵکی کوردستانیش بە ئەنجامەکەی دڵخۆش نابن.

https://www.kurdistan24.net/ckb/story/227408-

| پەرژینە زمانییە بەکارهاتووەکان | پاتبوونەوەی پەرژینەکان |
|---|---|
| ئەگەر | ٢ |
| جەختیکردەوە | ١ |
| هەموو | ٢ |
| دەزانن | ١ |
| ڕەنگە | ١ |

خشتەی ژمارە(٥)

جیاکردنەوەی پەرژینە زمانییەکان لە دەقی پێنجەمدا

**-دەقی شەشەم/ چنار سەعد عەبدوڵڵا: ئەم ڕۆژانە ڕۆژانی کۆبوونەوە، گفتوگۆ و دانوستاندن دەبن.**

ئەندامێکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی ڕایدەگەیێنێت، ئەگەر گفتوگۆ هەبێت دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەو ناکۆکیانەی لە نێوان پارتی و یەکێتی هەیە، ئەستەم نییە. دەشڵێت، لیژنەی هاوبەش لەنێوان پارتی و یەکێتی پێکهێندراوە، ئەو ڕۆژانە ڕۆژانی کۆبوونەوە و گفتوگۆکردن و دانوستاندن دەبن .لەبارەی ئەو میانڕەوییەی لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوو لەنێوان پارتی و یەکێتی هەبووە، کاریگەریی لەسەر لێکنزیکبوونەوەی ئەو دوو حیزبە. چنار سەعد عەبدوڵڵا دەڵێت: ئێمە لە زۆر قۆناخ بەریەککەوتین دوایی جارێکی دیکە بە ناچاری پەنامان بۆ ئاشتی و میانڕەوی بردووەتەوە، چونکە لە بنچینەدا وەکو پرەنسیپ شەڕ ناکۆکیی کاتییە، ئەوەی کە بەردەوامە ئاشتی و میانڕەویە. بە خۆشحاڵییەوە ئەو ڕۆژانە

ئەو دۆخە ئاسوودەییە دەبینین لە کوردستان، هێزە سیاسییەکان بە دوو لایەنی زۆر گرنگ پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان گفتوگۆ و دانوستاندنیان هەیە بۆ ئەوەی لەسەر ئەو خاڵە ناکۆکانەی کە بووەتە هۆی ئەوەی لە یەکتریان دووربخاتەوە، چارەسەری هاوبەش بدۆزینەوە. سەبارەت بە وادەی کۆبوونەوەی داهاتووی نێوان پارتی و یەکێتیش گوتی: بە بۆچوونی من هەموو لایەک لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە دەبێت کۆبوونەوە بکەن، لیژنەی هاوبەش هەیە، دەبێت بەرنامەی کار دابنێن ئیدی ئەو ڕۆژانە ڕۆژانی کۆبوونەوە و گفتوگۆکردن و دانوستاندن دەبن ئەندامەکەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی لەبارەی هەڵبژاردن و یاسای هەڵبژاردنیشەوە گوتی: ئێمە لەگەڵ ئەوەین هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا بکرێت، بە هیچ شێوەیەک پرۆسەی دیموکراسی لە کوردستان پەکی نەکەوێت، ڕای پارتی روونە پشتگیری ئەوە دەکات ئەو یاسایە وەکو خۆی بڕوات بۆ ئەوەی کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردن دوا نەکەوێت، چونکە بەهۆی هەموارکردنەوەی یاساکان ڕەنگە پرۆسەکە دوابکەوێت، لەلایەکی دیکەوە پێمانوایە ئەمە لە بەرژەوەندیی هەموو پێکهاتەکانی کوردستانە. بەڵام ئەگەر هەر بڕیار وابێت هێزە سیاسییەکان گفتوگۆ بکەن بۆ ئەوەی چارەسەرێکی هاوبەشیان هەبێت، پارتی ڤیتۆی لەسەر هیچ سیستەمێک نییە.https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/3005202217

| پەرژینە زمانییە بەکارهاتووەکان | پاتبوونەوەی پەرژینەکان |
|---|---|
| بە بۆچوونی من | ١ |
| لەگەڵ ئەوەین | ١ |
| ڕەنگە | ١ |
| پێمانوایە | ١ |
| بەڵام ئەگەر | ١ |

خشتەی ژمارە (٦)
جیاکردنەوەی پەرژینە زمانییەکان لە دەقی شەشەمدا

**-دەقی حەوتەم/ چاوپێکەوتنی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ میدیای هەرێمی کوردستان.**

لە میانی دیداری(مەسرور بارزانی) لەگەڵ میدیاکارانی هەرێمی کوردستاندا لە وەڵامی پرسیاری کەناڵی کوردسات نیوز لەگەڵ (هاوڕێ تۆفیق )دا لەبارەی مەترسیی سەر قەوارەی هەرێمی کوردستان (مەسرور بارزانی) وتی ئێمە لە ناوچەیەکدا دەژین، کە پڕە لە کێشە. تەنیا مەسەلە قەوارەی هەرێمی کوردستان نییە، کە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک قەیران بووەتەوە لە ناوچەکەدا. ئەوەی ڕاستیی بێت من هاوڕا نیم، لەوەی مەترسی لەسەر تێکچوونی قەوارەی هەرێمی کوردستان هەبووبێت، چونکە پێموایە

کوردستان خاوەنی نەتەوەیەکی بەئیرادە و بەهێزە کە توانیویەتی ڕووبەڕووی زۆر لەو کێشانەی پێشووتریش ببێتەوە، کە هەوڵی نەهێشتنی کیان و نەتەوە و خەڵکی کوردستانیان داوە. ئێستاش پێموایە گەورەترین کێشە، کێشەی دووبەرەکی و ناتەبایی ڕیزەکانی خودی ناو کوردستانە. ئەگەر کورد بتوانن خۆیان یەکبن و هەموو خەڵکی کوردستان بە حزبە سیاسییەکان و بە بیروبۆچوونە جیاوازەکانیانەوە، کە دەتوانن بۆ باشترکردنی خزمەتگوزاری، یان خزمەتی خەڵکی خۆیان دەتوانن بۆچوونی جیاوازیان هەبێت. بەڵام لەسەر پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان یەکهەڵوێست بن، پێموایە هیچ هێزێک ناتوانێت ئەم قەوارەیە تێکبدات. لەبارەی یەکدەنگیی لایەنەکانەوە مەسرور بارزانی گوتی لە زۆر لایەنی سیاسییەوە دەیبینم، بەڵام بەداخەوە، لەوانەیە هەندێک کەس ئەم قەناعەتەیان نەبێت. پێویستە خەڵکی کوردستان خۆیان دادوەر بن، لەسەر ئەوەی کێ لە خەمی خەڵکی کوردستان و پاراستنی ئەم قەوارەیە؟ کێش دەیەوێت نانی پێ بخوات؟. لەبەر ئەوە من پێموایە مەسەلەی یەکڕیزی و تەبایی هێزە سیاسییەکان، زامنی پاراستنی ئەم قەوارەیە. وابزانم ئێستا هەوڵێکی جددی هەیە، نزیکبوونەوەیەکی باشیش لە نێوان لایەنە سەرەکییەکان هەیە. بەڵام لە هەمانکاتیشدا بیرمان نەچێت، کاتی خۆی، خەڵکی دیکە هەبووە دژی ئەم قەوارەیە کاریان کردووە، لە دەرەوە مرۆڤ خەمی پێ ناخوات، بەڵام لە ناوخۆ خەڵکێک هەبێت بە ناوی نوێنەری کوردستان و خەڵکی کوردستان، داوای تێکدانی ئەم قەوارەیە بکەن، ئەمە جێی داخە. پێویستە خەڵک ئەمەیان لەبەرچاو بێت و لە بیریان نەچێت. پێموایە ئێمە لە بەرەی خەڵکین. ورەمان بەرزە، پشت بە خواو و پشت بە ئیرادەی خەڵکی کوردستان. من ئەو مەترسییە بەم جۆرە نابینم، دەزانم تووشی قەیران بووین، بەڵام بەیەکەوە دەتوانین ئەم قەیرانانە تێپەڕێنین، ئومێدم وایە کاتێکی باشتر چاوەڕێی خەڵکی کوردستان دەکات.

https://www.kurdistan24.net/public/index.php/ckb/story/84459%E2%80%8B%E2%80%8B

| پەرژینە زمانییە بەکارهاتووەکان | پاتبوونەوەی پەرژینەکان |
|---|---|
| ئەوەی ڕاستی بێت هاوڕانیم | ١ |
| پێموایە | ٤ |
| ئەگەر-بەڵام | ١ |
| لەوانەیە | ١ |
| پێویستە خەڵکی کوردستان خۆیان دادوەر بن. | ١ |
| کێ لە خەمی خەڵکی کوردستان و پاراستنی ئەم قەوارەیە؟ | ١ |
| وابزانم | ١ |

| | |
|---|---|
| خەڵکی دیکە | ١ |
| خەڵکێک | ١ |
| بەمجۆرە نابینم | ١ |
| دەزانم | ١ |
| ئومێدم وایە | ١ |

خشتەی ژمارە (٧)
جیاکردنەوەی پەرژینە زمانییەکان لە دەقی حەوتەمدا

**-دەقی هەشتەم/ مەحموود محەممەد گوتەبێژی پارتی: دوای جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆنگرە دەست بە سەردانی لایەنەکان دەکەین.**

پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی(١٤) بڕیاریدا لاپەڕەیەکی نوێ لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان هەڵبداتەوە و سەردانی سەرجەم حیزبەکان بکات (مەحمود محەممەد)گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کاتی دەستبەکاربوونی بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخستنی سلێمانی–هەڵەبجە بە ئەرکان عەلی پەیامنێری ڕووداو لە سلێمانی ڕاگەیاند: ئێمە لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دوو حیزبی ڕکابەرین. هیوامان ئەوەیە واتای ڕکابەریتی لەگەڵ دژایەتی و دوژمنایەتی تێکەڵ نەکرێت. هەندێکجار گوتار دەدرێت یان هەندێک چاوپێکەوتن دەکرێت کە ناچنە خانەی کێبڕکێوە و بە ڕقێک دەچێت کە بتەوێ لە میدیاوە بیگەیەنی بە بەرامبەرەکەت. ئێمە لەسەر کۆمەڵێک بابەت بۆ خزمەتکردنی ئەم وڵاتە ڕکابەری یەکدین، بەڵام ڕەنگە ڕێگەکانمان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان جیاوازبێت. هیوام وایە چۆن ئێمە بڕیاری کۆنگرە و سەرۆک مەسعود بارزانیمان هەیە بۆئەوەی لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدەینەوە، خەڵکیش هەڵدانەوەی ئەو لاپەڕەیەی ئێمە بە شێوازێکی دیکە تێنەگات، بەڵکو وا تێبگات کە لە نیاز پاکیمانەوەیە بۆ خزمەتی ئەم وڵاتە. بڕیاربوو دوای کۆنگرە پارتی سەردانی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بکات، بەڵام تائێستا ئەو سەردانە دەستی پێ نەکردووە. کۆمەڵێک بڕیاری کۆنگرە و کۆمیتەی ناوەندی هەن بۆ خستنە سەرپێی دامەزراوەکان و دەبێت جێبەجێبکرێن. دواتر دەستدەکەین بە سەردانی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، دەمانەوێت بە هەبوونی جیاوازییەکانەوە یەکدی قبووڵ بکەین و بەیەکەوەبوونمان بەو واتایە نییە وەکو یەکمان لێبێت. ئێمە جیاوازین و جیاوازیمان لە چارەسەری کێشەکانە، ئەگەر پارتی و یەکێتی لە هەرێمی کوردستان جیاوازییان هەبێت، نابێت لە بەغدا جیاواز بن. دەبێت هەموو لایەنەکان بە پارتی و یەکێتی و کۆمەڵ و یەکگرتوو و گۆڕان و نەوەی نوێ بەیەکەوە بین بۆئەوەی قورساییەک بدەین بەو پڕۆسە سیاسییەی کورد بەڕێوەی دەبات و ئەو بابەتانەی بۆ هەرێمی کوردستان و ژیانی خەڵک گرنگن، جێبەجێبکەین،

دەكرێت لە هەرێمی كوردستان لە بارەی هەندێک بابەت بۆچوونی جیاوازمان هەبێت و لەسەر چارەسەری هەندێک كێشەی ناوخۆیی جیاواز بین، بەڵام لە بەغدا دەبێت جیاوازیمان لەگەڵ خەڵكێک بێت كە دژی مافەكانی ئێمەن، تا ئێستا كولتووری چارەسەركردنی كێشە لە عێراقدا نەبووە، بەڵكو كولتووری كەڵەكەكردنی كێشەكان لەسەر یەكدی و هەڵگرتنیان بۆ كاتێكی دیكە باو بووە. هیوامانوایە ئەم كولتوورە كۆتایی پێ بهێندرێت و لەو رێككەوتنە سیاسییەی لەگەڵ لایەنە سیاسییەكان كردوومانە ئەم كێشانەی هەن چارەسەریان بكەین. ئەگەر ئومێدێكیش هەڵدەچنین، لەسەر ئەو رێككەوتن و گفتوگۆیانەیە كە كردوومانن و واژۆیان لەسەركراوە. پێویستە ئەوانەی لە خەمی یەكپارچەیی عێراق و خەڵكی عێراقن، لەكاتێكی دیاریكراودا كۆتایی بەم كولتوورە بهێنن و ئەم كێشانە چارەسەر بكەن.

https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0412202211

| پەرژینە زمانییە بەكارهاتووەكان | پاتبوونەوەی پەرژینەكان |
|---|---|
| هیوامانوایە | ٣ |
| هەندێک | ٣ |
| كۆمەڵێک | ١ |
| دەمانەوێت | ١ |
| دەكرێت | ١ |
| ڕەنگە | ١ |
| ئەگەر | ١ |
| ئەوانە | ١ |

خشتەی ژمار(٨)

جیاكردنەوەی پەرژینە زمانییەكان لە دەقی هەشتەمدا

**٢-ئایدۆلۆژیای كۆسیاسییانە**"Socio political ideologies":

ئەمجۆرە ئایدیۆلۆژیایە بەشێوەیەكی گشتی دەكرێت بە ئایدۆلۆژیای ئەو كەسانە دابنرێت، كە خاوەن و بڕیارنین و دەسەڵاتیان بە دەستەوە نییە. ئەمانەش بریتین لە (جەماوەر، هاووڵاتی، تاک، چاودێر، دەنگدەر، پیاوانی ئاینی، ڕۆشنبیر، ئەكادیمی، خۆپیشاندەر، ڕێكخراو، گروپ، ئەندامی پارتە سیاسییەكان)، بەڵام دەشێت كاریگەرییان لەسەر پرسە چارەنوسسازەكان هەبێت، بەمەش دەق و دەربڕاوەكانیان ڕەنگدانەوەی ڕووداوەكان و شێوازی مامەڵەی باڵا دەستەكان (سیاسەتمەدارەكان) دەبێت. پەیوەست بە كۆمەڵی كوردییەوە ئەمجۆرە زیاتر لە فۆڕمی (ئۆپۆزسیۆن)دا دەردەكەوێت هەرچەندە جیاكردنەوەی هەردوو جۆرەكەی ئایدیۆلۆژیا، كە بنەمای شێوە داڕشتنی دەق و گوتارەكاندا تاڕادەیەک دژوارە، چونكە

بنەما بنەڕەتییەکانی (ئایدیۆلۆژیای پیشەییانە) لەگەڵ (ئایدیۆلۆژیای کۆسیاسییانە) هەندێکجار بەریەکدەکەون ئەمە وادەکات جیاکردنەوە و کێشانی هێڵێک لە نێوانیاندا ئەستەمبێت. بەمەش ئایدیۆلۆژیا و دەق و سیاسەت سێگۆشەیەک پێکدەهێنن، کە شیکاری بارودۆخییانە لەخۆدەگرێت بەوەی ڕەنگە کەسێک، کە جومگە سەرەکییەکانی دەسەلاتی بە دەستە، وەک چاودێر، یان دەنگێکی ناڕازیی لە دەق و گوتارەکانیدا خۆی نمایندەبکات. ئەم دیاردەیەش پەیوەست بە کۆمەڵگەی کوردیی زۆر بە سانایی و ڕوونی دەبینرێت، هەربۆیە هێندەی توانیبێتمان پەیوەست بە (ئایدیۆلۆژیای کۆسیاسییانە) چەند دەقێکمان لە دەقەکانی (٩ بۆ ١٦)دا جێگیرکردووە، کە تیایدا دەربڕاوە پەرژینییەکان لای ئەمجۆرە ئایدۆلۆژیایە لە زمانی کوردیدا جیادەکەینەوە.

**-دەقی نۆیەم/موسەنا ئەمین: حکومەتێک موچەی پێدابین نەکرێت بۆچی هەیە؟**

موسەنا ئەمین: ئەرکی حکومەتی هەرێمە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم دابین بکات، ئەگەر مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم بخرێتە سەر بەغدا، بە واتای هەڵوەشاندنەوەی هەرێم دێت، چونکە پێدانی مووچە سەرەتاییترین ئەرکی حوکمڕانیی هەر حکومەتێکە. دەستوور ڕێگە بەوە نادات مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم ڕاستەوخۆ لە بەغداوە بدرێت، بەڵام دەستوور ئەوە ڕەچاودەکات کە پێویستە مووچە گرەنتی بکرێت، پێدانی مووچە سەرەتاییترین ئەرکی حوکمڕانییە، هەردوو حکومەت پێویستە ئەرکی مووچەی مووچەخۆران بگرنە ئەستۆ، بەڵام هەردوو حکومەت خۆیان لەم بابەتە دەدزنەوە، حکومەتی هەرێم لەژێر ناونیشانی درۆینەی نەبوونی داهات، لەکاتێکدا داهات بە زیادیشەوە هەیە بەڵام خەرج ناکرێت، حکومەتی ناوەندیش خۆی لە بەرپرسیارێتی دەدزێتەوە بە بیانووی ئەوەی ئەم پرسە پەیوەندیی بە حکومەتی هەرێمەوە هەیە و پێویستە خۆی لە داهاتی خۆی مووچە دابین بکات، پێویستە هەردوو حکومەتی هەرێم و ناوەند بابەتی مووچە ببەنە دەرەوەی شەڕی بودجە، ئەگەر فەرمانبەرانی هەرێم لە بەغداوە مووچە وەربگرن بە مانای هەڵوەشاندنەوەی هەرێم دێت، چونکە ئەرکی حکومەتی هەرێم بریتییە لە قەوارەیەکی سیاسی و کارگێڕی و دارایی، کاتێک فەرمانبەرانی هەرێم ڕاستەوخۆ لە بەغداوە مووچە وەربگرن چ ئەرکێکی حوکمڕانی دەمێنێت، لێرە خەڵک ئێستا خۆی ئاوو کارەبا بۆ خۆی دابین دەکات، خەریکە هەموو ئەرکەکانی حوکمڕانی ئەکەوێتەوە سەر خەڵک بۆیە دەپرسم ئیتر خەڵک ئیشی چییە بە حکومەت؟ حکومەتی بۆچییە؟ بۆیە حکومەتێک موچەی پێدابین نەکرێت و نەتوانێت وڵات پێشبخات بۆچی هەیە؟

https://politicpress.com/86389

| پاتبوونەوەی پەرژینەکان | پەرژینە زمانییە بەکارهاتووەکان |
|---|---|
| ١ | ئەگەر – بە واتای |
| ١ | ئەگەر– بە مانای |

خشتەی ژمارە (٩)
جیاکردنەوەی پەرژینە زمانییەکان لە دەقی نۆیەمدا

**-دەقی دەیەم/ ئەبوبەکر کاروانی: هەرێم و پێوەرەکانی حوکمڕانیی دروست.**

یەکێ لەئەرکەکانی فەیلەسوفی سیاسی گەڕانە بەدوای باشترین شێوازو فۆرمی حوکمڕانیی دروستدا، بۆئەوەی حکومەت لەسەر بنەمایەکی دروست دابمەزرێت و لەوێشەوە توانای باش ئەنجامدانی ئەرکە گشتیەکانی هەبێت. ئەرستۆش لەم چوارچێوەدا ناوێزە نییە. ئەرستۆ دوو پێوەر بۆ دەستنیشانکردنی حوکمڕانیی بنەمادروست دەخاتەڕوو:

ا- شوێنگە و پایەی بەرژەوەندیی گشتی و سوودەکانی خەڵک لە لای حوکمڕانان، واتە تاچ ڕادەیەک توانای بەدیهێنانی ئەوانیان هەیە و کۆمەڵ لەمڕووەوە ڕەزامەندە.

ب- بوون و نەبوونی هاووڵاتی، واتە تاکەکان بەدەر لە ئینتیمای دینی، نەتەوەیی، نەژادی، چینایەتی و کۆمەڵایەتی، خاوەن ماف و ئەرکی وەک یەک بن، سەرچاوەی ڕەوایەتی و دەسەڵات بن وبەشداری لە ژیانی سیاسیدا بکەن و بەسەر حوکمڕانانەوە چاودێربن. بەمجۆرە ئەو مودێلە لە حوکمڕانی وەک تاکی خاوەن ماف و کەرامەت و سەرچاوەی دەسەڵات و هاووڵاتیی ئازاد و یەکسان، مامەڵە لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگەدا دەکات، هەروەها ئامانجی سیاسەتکردنی بەدیهێنانی سود و قازانجی خەڵکی و بەرژەوەندی و چاکەی گشتی بێت، نەک بەرژەوەندی وسوودی نوخبەی حوکمڕان، بەحوکمڕانی بنەما دروست لە قەڵەم دەدرێت، پێچەوانەکەشی بنەما نادروستە، چونکە، ئەو حوکمڕانییەی خەمی گەورەی گەڕانبێت بەدوای بەرژەوەندی دەسەڵاتداراندا، لەسەر حسابی چاکە و بەرژەوەندیی گشتی، بە لادەر لە قەڵەم دەدرێت، تۆوی زۆرداریی سیاسیشی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە. چونکە کانت گووتەنی مرۆڤ و گروپی مرۆیی، کە لێرەدا کۆمەڵگەی سیاسی پێکدەهێنن، لە ئامانجەوە بوونەتە ئامراز، هەردۆخێکیش مرۆڤ تیایدا لە ئامانجەوە بوو بە ئامراز بە نائەخلاقی پێناسە دەکرێت .لەمڕووەشەوە ئەرستۆ سەیری هەندێ فۆرمی حوکمڕانی و ڕووکەشی سیاسی ناکات، بۆ نموونە گرنگ نییە تاکێ حوکمبکات یان نوخبەیەک یاخود تەنانەت زۆرینەی خەڵکیش، چونکە گرنگ جەوهەر و بوون و نەبوونی پێوەرەکانی حوکمڕاینی دروستە نەک ناو و شکڵ و شێوە.گەر لەمڕوانگەوە سەیری دۆخی خۆمان بکەین، دەبینین لە هەرێمدا ،زۆرینەی خەڵک لە نوخبەی حوکمڕان ناڕازین و پێیانوایە بەرژەوەندیی خۆی خستۆتە پێش بەرژەوەندی گشتی و خەڵکییەوە و سوودی خراپ لە پۆستی گشتی و پێگەی حوکمڕانی وەردەگرێت،

سامان و ئیمتیازاتەکانیش لەسەر بنەمای ئینتیما بۆ نیشتیمان و ژیان لەسایەی دەسەڵاتێکی هاوبەشدا، بەوجۆرەی سەرەتای هاووڵاتێتی دەیخوازێت دابەشناکرێت! تاکەکان لە سۆنگەی جیاوازیی ئایدۆلۆژیی، ناوچەیی، حیزبی و سیاسی وپێگەی کۆمەڵایەتییەوە، لە بەردەم یاساو سوودوەرگرتن لە دەرفەتەکاندا یەکسان نین! بەڕووکەش نەبێت سەرچاوەی دەسەڵات نین، واتە هاووڵاتی بە ناوەڕۆکە سیاسی و قانونی و مەدەنییەکەی هێشتا نەخەملێوە. لێرەشەوە ئێمە خاوەنی حوکمڕانییەکی بنەما دروست نین و پێویستیمان بە گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیی سیاسیی نوێ و دووبارە بیناکردنەوەی سیستم هەیە.
https://www.xendan.org/detailwtar.aspx?jimare=5982&nuser=1203

| پەرژینە زمانییە بەکارهاتووەکان | پاتبوونەوەی پەرژینەکان |
|---|---|
| گەر لەمڕوانگەیەوە | ١ |
| پێیانوایە | ١ |

خشتەی ژمارە (١٠)
جیاکردنەوەی پەرژینە زمانییەکان لە دەقی دەیەمدا

**-دەقی یازدەیەم/ هۆشیار عەبدوڵا: کۆمپانیاکان لە هەرێم بزنسی خۆیان دەکەن نەک تیجارەتی کوردایەتی.**

باسکردنی ئەوەی کۆمپانیاکان ئیرادەیان بەرزە و ورەیان بە ساروخ ناڕوخێ نەک هەر قسەیەکی سیاسی نییە، بەڵکو قسەیەکی لۆژیکیش نییە. کۆمپانیاکان بزنس و وەبەرهێنان دەکەن، ئەوەش ژینگەیەکی ئارامی دەوێ، کۆمپانیاکان ئامادە نین ژیانی خۆیان بخەنە مەترسییەوە لە هیچ کوێ، لەبەر هیچ کەس، کاتێکیش ئەمە بکەن ڕەنگە تەنها بە پاڵنەر و دەسکەوتی مادیی زیاتر بیکەن، کە لە مەشیاندا عێراق ناگۆڕنەوە بە هەرێم. خۆ ئەگەر پاڵنەرێکی سیاسیش هەبێت لە پشت کۆمپانیا گەورە فرە ڕەگەزەکانەوە، دیسان دوای بڕیارەکەی دادگای فیدڕاڵی پشتیوانیی عێراق دەکەن نەک لایەنی دۆڕاوی ئەو کەیسە، ئەگەر تا ماوەیەکیش بە دیار هەندێ بەرژەوەندییەوە ڕیسک و موجازەفە بکەن، ئەکید تا سەر نایکەن. یەکێتی و پارتی لە ئێستادا تەنانەت ناتوانن سۆزی زۆرینەی خەڵکی کوردستان بە گوتاری قەومی و تیجارەتی کوردایەتی بۆ پرسی نەوت بجوڵێنن، جا نۆرەی کۆمپانیاکانە. کۆمپانیاکان هەر لێرە نا لە هەموو جێگایەک بازرگانی و بزنس دەکەن، کە سیاسەتیش بکەن لایەنگری براوەن نەک دۆڕاو بۆ ئەوەی دیسان بەرژەوەندییان نەکەوێتە مەترسیەوە، ئەمە ئەلف و بێی دونیای سەرمایەدارییە کە دەبوو کاک قوباد بە ئەزمونی ساڵانی ڕابردووی ژیانی سیاسی و ئیداریی خۆی بەتایبەتی لە ئەمریکا ئەمەی لە زۆر کەس باشتر بزانیایە. https://www.xendan.org/detailwtar.aspx?jimare=5842&nuser=1280

| پاتبوونەوەی پەرژینەکان | پەرژینە زمانییە بەکارهاتووەکان |
| --- | --- |
| ١ | ڕەنگە |
| ٢ | ئەگەر |

خشتەی ژمارە (١١)
جیاکردنەوەی پەرژینە زمانییەکان لە دەقی یازدەیەمدا

**دەقی دوازدەیەم/ ڕێبین هەردی: گەر خیانەتی براکان نەبێت، چۆن فرۆکەیەکی تورکی دەتوانێت ئۆتۆمبێلێک لە سلێمانیدا بپێکێت؟**

نوسەر و چاودێری سیاسی(ڕێبین هەردی) وتارێکی لەژێر ناونیشانی، (کوردبوون) نوسیوە و ئاماژە بەوە دەکات تورکیا دوژمنە سەرسەختەکەی کوردە، کە لەگەڵئەوەشدا دەیان و سەدان جار دەستی ڕێککەوتن و برایەتیی بۆ ڕاکێشراوە، بەڵام ئەنجامەکەی هەمیشە پەلامار و نکوڵیکردن بووە لە مافەکانی. ئەردۆگان وتویەتی باشترین کورد ئەوەیە کە مردووە، کەوابوو پێچەوانەکەشی دەبێت ڕاست بێت، خراپترین کورد ئەوانەن کە ماون. کاتێک کەسێک ئەمە بڕوایەتی دەوڵەتێکی گەورەی بەو هەموو چەک و تفاق و لەشکرەوە دەکەوێتە دەست، دەبێت چاوەڕێبکەین چ تاوان و دەستدرێژییەک ئەنجامدەدات. مێژووی بەرگریی کوردیش بەو چەک و کەرەسە کەمانەی لەبەردەستی دایە، لە هەموو ڕوویەکەوە جێگەی شانازیەکی گەورەیە. ئێمە لەو گەلانەین کە شانازی بەو بەرگرییەوە دەکەین کە گەرچی ڕەنگە زۆربەی شەڕەکان بدۆڕێنین و سەدان و هەزرانمان شەهید بن، بەڵام شانازی دەکەین کە هەر بەردەوامین و ئیرادەی مانەوە و بەرگریمان بە درێژایی دەیان و سەدان ساڵ نەشکاوە...براوە نین، بەڵام لەناو نەچووین و هەموو ئەو زەبرە کوشەندانەش بەر گەلەکەمان کەوتووە، نەیتوانیووە وای لێبکات دەست لە داواکاریی مافەکانی هەڵبگرێت...ئەم مێژووە بە هەموو تاڵی و ناخۆشیەکانییەوە جێگەی شانازین. ئەوە ڕەفتاری داگیرکەر نییە بێزار و تووڕەت دەکات، ئەوە ترسی باڵادەستیی چەک و کەرەسەی ئەو نییە کە نائومێدت دەکات، تەنانەت ئەوە بێدەنگیی دنیاش نییە، کە سەیرکەری ئەو هەموو تاوان و کوشتارەن و هیچ ناڵێن، ئەوەی لە ناخەوە زۆر لە ناخەوە تووڕە و نائومێدت دەکات، نەک بێدەنگی بەڵکو هاوکاری ئەو کوردانەیە، کە دەستی داگیرکەر زیاتر و زیاتر بۆ کوشتار دەکەنەوە، ئەوەی کوشەندەیە خیانەت و ناپاکی ئەو برا و کەسانەی خۆتە، کە هەرگیز چاوەڕێ نەبوویت ناپاکیت لێبکەن، ئەمەشە هەموومان نائومێد و بێزار و تووڕە دەکات، گەر ناپاکی و خیانەتی براکان نەبێت، لە کوێ و چۆن فرۆکەیەکی تورکی دەتوانێت سەیارەیەکی لە سەیرانگەیەکی دەوری سلێمانیدا بکاتە ئامانج و ئامانجەکەش بپێکێت؟ گەر سیخوڕی خۆی نەبێت، ئەو ماشینە چۆن دەبینرا و دەکرایە ئامانج؟

چاوەڕوانییەکانی ئێمە گەورە نییە...کەس داوای خستنە خوارەوەی فڕۆکەکان ناکات، کەس داوای ڕێگەگرتن لە بۆمباران ناکات (چونکە دەزانین بە ئێمە ناکرێت)، داواکەی ئێمە زۆر سادەتر و کەمترە هیچ نەبێت هاوکاریی مەکەن، سیخوڕەکان بدۆزنەوە و ڕێگە لە ناپاکیی ناوخۆمان بگرن بێدەنگیشبن قەینا بەس کە قسەتان کرد، شەرمەزار و ڕووڕەشمان مەکەن، هیچی تر نا.
https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=27632

| پەرژینە زمانییە بەکارهاتووەکان | پاتبوونەوەی پەرژینەکان |
|---|---|
| گەرچی ڕەنگە | ١ |
| گەر | ١ |

خشتەی ژمارە(١٢)
جیاکردنەوەی پەرژینە زمانییەکان لە دەقی دوازدەیەمدا

**- دەقی سیازدەیەم ڕەحمان غەریب: دوای بایکۆت و نیگەرانی**

لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا هاوڵاتییان بە ئازارەوە باسی گرانبوونی نەوتی سپی دەکەن، کە چۆن بە ناچاری ئەم زستانە بۆ گەرمکردنەوەیماڵەکانیان پەنا بۆ دارستانەکان دەبەن، سەرەتای(١٩٩١) هەر وامان کرد. لە ئاستی زمانی سیاسییش یەکێتی و پارتی بە کەیفەوە گەڕانەوە سەرەتای ئەدەبیاتی ململانێی (مەلایی و جەلالی) هەوڵی بە خەبەرکردنەوەی وەحشەکەی ناو هەناوی کوردایەتی. تەماشا لەناو ئەم جوگرافیا بچوکەی هەرێمی کوردستان، چۆن مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، جارێک وەک تراژیدیا و دووەمینجاریش وەک گاڵتەجاڕی، بەو مانایە بێت ئێمە لە باری کۆمەڵایەتی و سیاسی، گاڵتەجاڕییەکە دوبارەدەکەینەوە، بەڵام نازانین بگرییەین یان پێبکەنیین؟ پرۆسەی سیاسی، ئەوەی پارتی ناوی ناوە بایکۆت، یەکێتییش نیگەرانی، توندڕەوی، هەر ڕۆژە و بە ئارایشت و بەرگێکەوە خۆی نمایشدەکات، کادیری پارتی و یەکێتی چونکە لە هونەری مومکیندا سەعیی جوانیان نەکردووە، زۆر بە زوویی عەیب و عاری سیاسییان ئاشکرا دەبێت، لەم نمایشانەیاندا ڕەنگە ببنە مایەی دەستخۆشییەکی کاتی لە بڕیار بەدەستێکەوە، بەڵام بۆ مێژوو تەریقبونەوەیەک قەرزار دەبن. بڵاوکردنەوەی ڤینی سیاسی ژەهرە کوشندەکەیە، شەربەتی مێوژی سەرگەڵو نییە بەبێ ترس بینۆشیت، ڕەنگە لە مەودای بینراودا ببێتە مایەی لایکباران و دڵبارانکردن لە فەیسبوک، بەڵام لەمەودای دورتر مێژوی شەخسی خۆیان ژەهراوی دەکەن، ئەمە ئەگەر جیاوازیی (مێوژ)و (مێژوو) بزانن. گەڕانەوەی گوتار و دیالۆگ بۆ ئەدەبیاتی سیاسیی قۆناغی سەرهەڵدانی باڵی (میم سین) و (بارزانیی باوک)، وەک ئەوەی لە قسەو کرداری هەندێ سەرکردە و کادیری پێشکەوتوی پارتی و یەکێتی بە ڕوونی هەستی پێدەکرێت، بنەما نیین بۆ گفتوگۆ، دورتریش

برۆین: زەمینە خۆشکردنە بۆ سوتانی کارتی دەستی ئەوانەش کە دەیانەوێت پاپۆڕەکە نوقم نەبێت. کە سیاسی بویت مەبەست لە سیاسەت وەک چاکەی گشتی پێویستە هەست بە گرنگی، یان گەورەیی زمانی سیاسی بکەیت، دیالۆگ و دەرکەوتنەکان بۆ کردنەوەی پەنجەرەی گفتوگۆ بێت چاوت لە دەرفەت بێت و دەرفەت بڕەخسێنی، نەک زمانەکەت نوقمی بوغزی سیاسی بکەیت. لە بارودۆخی ئاڵۆز و توندبوونی ململانێی سیاسی، یاریزانی سیاسیی باش کەمتر لە دیمەنەکە دەردەکەون، ڕەنگە هۆکاری ئەمە نەبوونی دیدگایەکی هاوبەش یان دووریی مەودای نێوان دوو حزبەکە بێت، ئیدی گۆڕەپانەکەیان بۆ ئەوکەسانە جێهێشتوە کە جارێ فێری یارییەکە نەبوون، بەزۆری گۆڵ لە تیپەکەی خۆی دەکات. هەقە ئەوانەی جگە لە یاری پلەیستەیشنی (مەلایی و جەلالی) وازییەکی تر نازانن، دەتوانن تەماشاکاربن ئەوەش ناکەن با وەک گوێگرێکی بەڕێز بچنە مەجلیسی هاووڵاتیان، مەبەستم مەجلیسی ئەو بەدبەختانەیە کە نەزمی نوێ گەرمی نەکردنەوە و یادەوەرییان دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی ڕەوی ١٩٩١.

https://www.sharpress.net/op-detail.aspx?jimare=212826.

| پەرژینە زمانییە بەکارهاتووەکان | پاتبوونەوەی پەرژینەکان |
|---|---|
| ڕەنگە | ٣ |
| هەندێ | ١ |
| ئەوانە | ١ |
| مەبەستم | ١ |

خشتەی ژمارە(١٣)

جیاکردنەوەی پەرژینە زمانییەکان لە دەقی سیازدەیەمدا

**دەقی چواردەیەم/ عەبدوڵای مەلا نوری: درۆی چاکسازی و خانەنشینیەکەی من!**

**سەرۆکی پەرلەمان ئەمڕۆ، لەم لێدوانەیدا بۆ ڕوداو دەڵێت: (بۆ مێژو قسە دەکەم، یاسای چاکسازی پارە بۆ حکومەت ناگەڕێنێتەوە، بەڵکو دەبێە بارگرانی)**

بەمپێیە یاسای بە ناو چاکسازی نەک پارە ناگێڕێتەوە بەڵکو خەرجیەکانی سەر حکومەت زیاد دەکات! ئەمە لە کاتێکدا لە سەروبەندی گفتوگۆکردنیدا دەوترا لانی کەم مانگانە سەد ملیۆن دۆلار بۆ خەزێنەی حکومەت دەگەڕێنێتەوە! سەرۆکی حکومەتیش دوێنێ لە پەرلەماندا وتی: یاسای چاکسازی لە مانگی حەوتەوە چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، کەچی هەر خۆی وتی: قەرزەکانی سەر حکومەت ملیارێک دۆلار زیادی کردووە! لە ٢٧ ملیارەوە بوە بە ٢٨ ملیار دۆلار! ڕاستییەکەی یاسای بە ناو چاکسازی هەر لە بنەمادا درۆیەکی گەورە بوو، هەموو شتێک بوو بەس چاکسازی نەبوو! لە لایەک بۆ ئەوە بوو کە وای پیشانبدەن حکومەتەکەی مەسرور بارزانی ئەهلی چاکسازییە! لە لایەکی ترەوە بۆ ئەوە بوو

گوشاری جەماوەری لە سەر لایەنە پێکهێنەرەکانی حکومەت کەم بکەنەوە، چونکە خەڵک لەو کاتەدا پێی دەوتن کوا چاکسازیەکەتان؟ ! ئەگەر نا بە چەند ڕۆژێک پێش پەسەندکردنی ڕێکەکوتن کرابوو، کە هیچ لایەنێک لە دەرچوونی ئەو یاساییە زەرەرمەند نابێ. لەو کاتەدا زۆربوون ئەوانەی بە شانو باڵی یاسەکەدا هەڵیاندەدا، جارجاریش هەندێک خەڵکی دڵساف و زۆرجاریش کەسانێکی ڕقلەدڵ پۆستێکیان دەکرد و وێنەکی منیان دادەناو دەیانوت: عەبدوڵای مەلا نوری ئامادە نییە دەستبەرداری موچەکەی بێت ! لە ئاستی گشتیشدا هیچ کەسێک نەبوو بڵێ: ئەرێ گەر ئەم یاسایە هێندە باشە خێرە ئەو پەرلەمانتارانەی دەسەڵات کە دەنگیان پێداوە، وەک چاکسازی بە خەڵکیان فرۆشتەوە ئامادە نەبوون یەکەم جار لە سەر خۆیانی جێبەجێبکەن؟ ! کەسێک نەبوو بپرسێت گەر ئەم یاسایە دەستکەوتە بۆ حکومەت، ئەی خێرە لایەنە پێکهێنەرەکانی حکومەت لە پێشدا وەزیر و پەرلەمانتارەکانی خۆیان ناچار ناکەن فۆرمی ڕەتکردنەوە پربکەنەوە؟! بە هەر حاڵ لەو کاتەدا دۆخێکی هێندە پڕ لە چەواشەکاری دروستکرابوو، وەهمی بنیاتنانی دونیایەکی پڕ لە دادپەروەری لە سەر ئەو یاسایە خرابووە مێشکی خەڵکەوە، ئەگەر یەکێکی وەک من ڕەخنەیەکی جدیی لەو یاسایە بگرتایە یەکسەر پێی دەوترا دژی چاکسازییە و لە موچەکەی خۆی دەترسێ ! ڕۆژ هات و ڕۆژ چوو، سوپاس بۆ خوا، سیحری درۆی یاسای چاکسازی لە سەر دەستی سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی حکومەت بەتاڵ کرایەوە. دەرکەوت ئەوانە ئەهلی چاکسازی نین وەک حوت وەهان، چەند خۆیان بجوڵێنن زیاتر دەخۆن ! جا ئەگەر چاکەخوازن، نەچووە بچێت لێرەدا من پێشنیازێک دەخەمەڕوو: ئەگەر لایەنەکانی دەسەڵات راستدەکەن، ئەگەر حکومەت بە ڕاستی بەدوای چاکسازیەوەیە، با کاربکەن بۆ ئەوەی لەم مانگی (دە)یەدا دانیشتنی پەرلەمان تەرخان بکرێت بۆ ڕێکخستنەوەی موچەی خانەنشینی پلە باڵاکان و بیکەن بە «بریار» تەنها ئەوانە خانەنشین بکرێن، کە ئەم دوو مەرجەیان تێدایە. یەکەم: ١٥ ساڵ خزمەتی فعلی لە فەرمانگە حکومیەکاندا هەبێت. دووەم: ٦٣ ساڵ تەمەنی تەواو کردبێ. ئەو دوو مەرجە هەمان مەرجی خانەنشینبوونی فەرمانبەرانی ئاساییە. با پەرلەمانتارانی سەرجەم خولەکانیش بگرێتەوە و ئەوەی ئەو دوو مەرجەی تێدا نەبوو خانەنشین نابێ. کارێکی لەم جۆرەش پێویستی بە هەڵای میدیایی و منەتکردن بە سەر خەڵکدا نییە.با حکومەت پڕۆژەکە بنێرێتە پەرلەمان و هانی پەرلەمانتارەکانیشیان بدەن دەنگی پێبدەن، زۆر ئاسانە .لەمڕووەوە هەموو پشتیوانتانین . https://nasnews.com/kurd/view.php?cat=17047

| پەرژینە زمانییە بەکارهاتووەکان | پاتبوونەوەی پەرژینەکان |
| --- | --- |
| ئەوانە | ١ |
| گەر | ١ |

خشتەی ژمارە(١٤)

جیاکردنەوەی پەرژینە زمانییەکان لە دەقی چواردەیەمدا

**-دەقی پازدەیەم/ یوسف محەمەد سادق: پەرلەمانی کوردستان دوای ٢٠٢٢/١١/٦**

هەڵبژاردن وەک گرێبەستی نێوان دەنگدەر و هەڵبژێردراو مەرجدارە بەو کاتەی بۆی دیاریکراوە و بەو بەڵێنانەی هەڵبژێردراو داویەتی بە دەنگدەر، کە لەو ماوەیەدا کار بکات بۆ بەدیهێنانیان. هەر بۆیەش لە دوای تەواو بوونی ماوەی یاسایی ئەنجومەن و پۆستە هەڵبژێردراوەکان، شەرعییەت لە دەست ئەدەن و درێژکردنەوەیان ناشەرعییە و دژی بنەما جێگیرەکانی دیموکراسییە. پێشتر لە وتارێکدا باسمان لەمە کرد و پێویستی بە دووبارە کردنەوە نییە، بە بڕوای ئێمە هەڵوێستی گونجاو و دروست لەگەڵ دۆخی پەرلەمانی کوردستان دوای تەواوبوونی ماوە یاساییەکەی لە کۆتا ڕۆژ کە ٥/ ١١/ ٢٢، دەستکێشانەوەیە لە ئەندامێتی و کشانەوەیە لێی بێ گوێدانە ئەوەی کێ جێگا پڕ ئەکاتەوە یان دوای ئەوە چی لە پەرلەمان دەگوزەرێ، چونکە لە بنەڕەتدا بە داخەوە ئێستا پەرلەمانی کوردستان کراوەتە دەزگایەکی ژێر فەرمان (تحت الطلب) و کەی بیانەوێ کۆی ئەکەنەوە و چییان بوێ بەو زۆرینە ساختەیەی هەیانە، تێیئەپەڕێنن، هۆکارەکانی ئەمەش زۆرن کە ئێستا کاتی باس کردنیان نییە کاتیەتی هەموو هێز و کەسایەتییە چاکسازیخوازە ڕاستەقینەکانی هەرێم، دابڕانێکی تەواو دروستبکەن لەگەڵ ڕژێمی حوکمڕانیی ئێستای هەرێم و چیی تر ڕێنەدەن وەک کۆمبارسی شانۆگەرییەک مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ کە دەرهێنەرەکەی خێزانە باڵادەست و دەسەڵاتدارەکانی هەرێمن. پێویستە هەمووان پێداگربین لەوەی ئەو ڕژێمە ڕتوشکراوەی ئێستای هەرێم چیتر تەماهیی لەگەڵ ناکرێ و تەنها بە مەرجی هەڵبژاردنێکی بێ ساختەکاری بە سەرپەرشتی و چاودێریی نێودەوڵەتی و دوور لە دەستێوەردانی چەکداری و بە ڕەخساندنی هەلی یەکسان بۆ هەمووان دەتوانرێت شەرعییەت بۆ دامەزراوەکانی هەرێم بگەڕێنرێتەوە .

هەڵبەت پێویستە ئەوانەی خۆیان بە ئۆپۆزسیۆنی ئەم ڕژێمەی هەرێم ئەزانن، دوور بکەونەوە لە موزایەدەکردن بەسەر یەکەوە و وازبێنن لە دروستکردنی شەڕی ڕاگەیاندنی لابەلا. لێگەڕێن هەر یەکەو هەڵوێستی خۆی بۆ هاووڵاتییان ڕوون بکاتەوە و با خەڵک بڕیاردەر بن لە ڕاستیی و دروستیی هەڵوێستە جیاوازەکان لەم بارەیەوە. ئەوەی لە چەند ڕۆژی ڕابردوو ڕوویدا لە شەڕی نێوان بەشێک لەوانەی ڕایانگەیاندووە کە بایکۆتی پەرلەمان ئەکەن و ئەوانەی لەوانەیە بە نیازی مانەوە بن تیایدا و، دواتریش ڕاکێشانی پرسی تەندروستیی برای بەڕێز دکتۆر کازم فاروق بۆ ناو ئەم شەڕە، کارێکی ئێجگار نادروست بوو هەمووان پێی بریندار بوین . هەموومان لە ناخی دڵمانەوە هیوای سەلامەتی و تەندروستییەکی باش بۆ د. کازم ئەخوازین کە پێش ئەوەی پەرلەمانتار بێت، دکتۆرێکی لێهاتوو و دڵسۆزی نەخۆشەکانی بوو، دواجاریش لە پەرلەمان دەستیکێشاوەتەوە و داوای کردوە بگەڕێنرێتەوە سەر پیشەکەی پێشووی.

https://nasnews.com/kurd/view.php?cat=44866

| پەرژینە زمانییە بەکارهاتووەکان | پاتبوونەوەی پەرژینەکان |
|---|---|
| بە بڕوای ئێمە | ١ |
| بەشێک لەوانە | ١ |
| ئەوانە | ١ |
| لەوانەیە | ١ |

خشتەی ژمارە (١٥)
جیاکردنەوەی پەرژینە زمانییەکان لە دەقی پازدەیەمدا

**-دەقی شازدەیەم/ بێشەرمیی سیاسی تا دواهەمین سنوور**

مەریوان وریا قانع: لە پەیوەندیدا بە سیاسەتی هەرێمەوە، من تا ئێستا دەیانجار پێم لەسەر دوو خاڵی ترسناک داگرتووە، کە بەداخەوە ئەوەی ڕۆژانە لە هەرێمدا ڕووئەدات هەردووکیان بۆ جاری سەدهەمین، دەسەڵمێنێت. یەکەمیان ئەوەیە کە شتێک بەناوی «شەرمی سیاسیی» و «شەرمی ئەخلاقی»یەوە لەناو سیاسەتی هێزەکانی هەرێمدا نەماوەتەوە. هیچ حەرامێکی نەتەوەیی، نیشتیمانیی و ئینسانی نەماوە ئەم هێزانە نەتوانن ژێرپێینێن، یان سڵ لە شکاندنیان بکەنەوە. دووهەمیان ئەوەیە شتێک بەناوی «مەسەلەی کورد» یان «مەسەلەی کوردستان»ەوە لە سیاسەتی ئەم حوکمڕانانەدا بوونی نەماوە، ئەوەی هەیە سیاسەتی پاراستنی پێگە و سود و قازانجی ئەو خێزان و بنەماڵە و نوخبە حوکمڕانەیە کە وڵاتەکە و دانیشتوانەکەی وەک موڵکی شەخسیی خۆیان دەبینن و بەکاردەهێنن. هەموومان دەزانین لەناو پراگماتیزمی سیاسیدا دەشێت هەندێک کار و کردەوە ئەنجامبدرێت کە هێزەکان لەناچاریدا ئەنجامیبدەن. لۆژیکی کەمکردنەوەی زیان و پاراستنی ژیان وابکات هەندێک تەنازولات و هەندێک مساوەماتی تایبەت بکرێت کە لەگەڵ هەندێک پرنسیپی ئەخلاقیدا نەیەتەوە، بەڵام ئەمە شتێکە تەواو جیاواز لەوەی کۆی هەموو سنوورە ئەخلاقییەکان ببەزێنیت و شتێک ئەنجامبدەیت، بە تایبەتی بە شێوەیەک ئەنجامیبدەیت، کە بچێتە خانەی داڕمانێکی ئەخلاقیی سەرتاسەری و ئیهانەکردنێکی گەورەوە بەو کۆمەڵگایەی حوکمڕانی بەسەریەوە. یادکردنەوەی قاسم سولەیمانی لە هەرێم بەو شێوەیەی بینیمان، دەچێتە خانەی داڕمانی ئەخلاقی و بەزاندنی هەموو سنوورەکان. ئەوەی سیاسییەکانی هەرێم ئەنجامیدەدەن پراگماتیزمی سیاسی نییە، بەڵکو نیشاندانی کۆیلایەتییەکی تەواو و خۆ بە ڕەعیەتکردنی وڵاتانی دراوسێیە. ئەمانە وەک هێزی سیاسیی میلەتێک ناجولێنەوە کە لانیکەمی ڕێزی بۆ مێژووی خۆی و بۆ مێژووی برینەکانی هەبێت، بەڵکو وەک گوردانێکی بچوکی ئەو دەوڵەتانە و وەک فەیلەقێک لە فەیلەقەکانیان دەجولێنەوە. یادکردنەوەی قاسم سلێمانی، لە ناچارترین شێوەیدا،

دەکرا لە ڕێگای ناردنی بروسکەیەوە بوایە، نەک بەو شێوە پڕ ئیهانەکارییەی لە هەرێمدا نییشاندرا. هەر سیاسەتێک شەرمی سیاسی و ئەخلاقی و مەسەلەی گشتیی کۆمەڵگا و میللەتی، تیانەما، وەک سیاسەتەکانی هەرێمی لێدێت. هەرێمەک بووە بە باخچە و کێڵگەی کۆمەڵێک خێزان و بنەماڵەی سیاسیی، کە خەمی ئەوەیان نییە پێ بەسەر کەرامەتی دەستەجەمعیی هەموو خەڵکەکەیدا بنێن.


https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=11803

| پەرژینە زمانییە بەکارهاتووەکان | پاتبوونەوەی پەرژینەکان |
| --- | --- |
| دەیانجار | ١ |
| هەمووومان دەزانین | ١ |

خشتەی ژمارە (١٦)

جیاکردنەوەی پەرژینە زمانییەکان لە دەقی شازدەیەمدا

دوای جیاکردنەوەی پەرژینەکان کە لە خشتەکانی (١-١٦)ی پاری یەکەم، پەیوەست بە دەقەکانی هەردوو گروپی (آ ، ب) دا نوێنراوە بۆمان دەردەکەوێت پەرژینێکی زمانی دەتوانێت، لە چەند فۆڕمێکی جیاوازدا بەکاربهێنرێت لەمڕوانگەیەشەوە بۆ دەرخستنی چالاکترین پەرژینی بەکارهاتوو لە بەر زۆری ژمارەی فۆڕمی پەرژینە زمانییەکانی هەمان واتا تەنها فۆڕمە بنەڕەتییەکانی پەرژینەکە بۆ دیاریکردنی چالاکترین پەرژینی بەکارهێنراو لەم چارتەی خوارەوەدا وەردەگرین.




چارتی ژمارە (١)

چالاکترین پەرژینی بەکارهێنراو لە دەقەکانی گرووپی (آ و ب) دا

## ٢/٣) ئاستە واتاییەکان پەیوەست بە واتای ئاشکرا و بەخشکەییەوە لە دەقی رامیاریدا

تیۆری پەیوەست واتا بۆ دوو ئاست دابەشدەکات، ئاستی واتای (ئاشکرا و بەخشکەیی). ئاستی ئاشکرا، کە بریتییە لە نواندنی فۆڕمی لۆژیکی و پلەی ئاشکرایی دەربڕاوەکەش دیاریدەکات، پەیوەستە بە بەشداریی ڕێژەی دیکۆدکردنی پێکهاتە زمانییەکان و پلەی ئاشکراییان، کە بە بەشداریی هەڵهێنجانی پڕاگماتیکی واتە بە کاریگەریی دەوروبەر وەرگیراونەتەوە، یان نوێنراون. بەمەش (پەرژینە زمانییەکان) وەک بەڵگەیەکی زمانیی دیکۆدکراو بە مەبەست و بە ئاگاییەوە، لە ئاستی ئاشکرای دەربڕاوێکدا، لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا، بەشدارییان پێدەکرێت، بەوپێیەش پەرژینەکان، وەک پێکهاتەیەکی دیکۆدکراو، خاوەنی واتای ئاشکراو بەخشکەیین، کەواتە تا پلەی ئاشکرایی پەرژینێک بەرزتر بێت، کە لە فۆڕمە لۆژیکییە نوێنراوەکەدا بەشدارە، ئاستی ئاشکرایی دەربڕاوەکە زیاتر دەبێت، چونکە پێکهاتەی پەرژینەکە لە ڕووی سیمانتیکەوە ئاشکرا و نالێڵە ئەمجۆرە پەرژینانەش (بەڵگە زمانییانە) بەپێی تیۆری پەیوەست بە بەڵگەی بەهێز دادەنرێن، بەم تێڕوانینەش پلەی ئاشکرایی دەربڕاوێک پەیوەست بە پەرژینە زمانییە بەهێزەکان، لە نموونە بەکارهاتووەکانی دەقی (دووەم، پێنجەم)دا دەخەینەڕوو:

١) – **بە دڵنیاییەوە هەندێکی جێبەجێکراوە و هەندێکی جێبەجێنەکراوە.**

٢) – **جەختیکردەوە ئەگەر یەکێتی بڕیاری کشانەوە لە حکومەت بدات ئەنجامەکە بە دڵی هیچ لایەنێک نابێت.**

بە وردبوونەوە لە هەردوو نموونەی(١، ٢) دەردەکەوێت بەکارهێنانی پەرژینەکانی (بە دڵنیاییەوە، جەختیکردەوە)، کە خاوەن ئاستی ئاشکرایی بەرزن، قسەکەر زیاتر بە دەربڕاوەکەیەوە پابەنددەکەن و بوار بۆ خۆدزینەوە و پاشگەزبوونەوە لە دەربڕاوەکە ناهێڵنەوە، چونکە لە ڕووی پێکهاتنەوە ڕوونن و بۆ گوێگر تێگەیەنراوتر دەردەکەون، بەڵام هەتا پێکهاتەی سیمانتیکیی پەرژینەکە لێڵ و ناڕوون بێت پلەی ئاشکراییەکەی لاوازە و ئاستی ئاشکرایی کۆی دەربڕاوەکەش لاوازتر دەکات، ئەم پەرژینانەش بە بەڵگەی لاواز ناودەبرێن، هەربۆیە لەمبارەدا زیاتر بەشداری لە هەڵهێنجانی پڕاگماتیکیدا دەکات و بە ئاراستەی بەخشکەیی هەنگاودەنێت، لەسەر ئەم بنەمایەش ئاخێوەر دەتوانێت لە دەربڕاوەکەی پەشیمانببێتەوە و پێوەی پابەندنەبێت، بەمەش بوار بۆ لێکدانەوەی جیاواز و بەخشکەیی دەهێڵێتەوە. ئەمەش ئەو پانتاییەیە کە ئاخێوەران، بە تایبەتی کەسایەتییە سیاسەکان، زمانی تێدا بەکاردەهێنن. لەسەر ئەم بنەمایەش با لە بەکارهێنانی پەرژینە لاوازەکان لە دەربڕاوەکانی دەقی (یەکەم، پازدەیەم) ڕابمێنین:

٣) – **پێمواية کێشەکان لە گۆڕانی حکومەتەوە دەستی پێکرد.**

٤) – **ئەوانەی لەوانەیە بە نیازی مانەوە بن لە پەرلەماندا.**

بەکارهێنانی پەرژینە لاوازەکانی (پێمواية، لەوانەیە) لە نموونەکانی (٣، ٤)دا، کە بەهۆی لێڵی و ناڕوونیی پێکهاتەکەیانەوە ئاستێکی ئاشکرایی لاوازیان هەیە، وادەکات قسەکەر بە ڕاستی و دروستی

دەربڕاوەکەیەوە پابەندنەبێت، بەجۆرێک لە دەربڕاوی نموونەی (٣)دا ئاخێوەر بە ڕاستی و ڕاشکاوانە دانیبەوەدا نەناوە (کێشەکە لە گۆڕانی حکومەتەوە دەستیپێکردووە) بۆیە بە بەکارهێنانی پەرژینی لاوازی (پێموایە) ئەو مەودایە دەهێڵێتەوە، لە ئەگەری کاردانەوەیەکی نەخوازراودا لە دەربڕاوەکەی پەشیمانببێتەوە. هەروەها بەکارهێنانی پەرژینی لاوازی (لەوانەیە) لە نموونەی (٤)دا بۆ ئەوەیە قسەکەر نایەوێت بە دڵنیایی بڵێت ئەوانەی کە ئاماژەی پێکردوون لە پەرلەماندا دەمێننەوە، یان نامێننەوە، بەمەش لە ڕوودانی هەر ئەگەرێکدا خۆی لە بەرپرسیارییەتیی دەربڕاوەکەی دەدزێتەوە. لێرەشەوە دەردەکەوێت کە پەرژینەکان پەیوەست بە پلەی ئاشکرایی و بەخشکەییانەوە بە مەبەست دەئاخنرێنە ناو دەربڕاوەکانەوە و لە پڕۆسەیەکی پەیوەندیکردندا بەشدارییان پێدەکرێت. پەیوەست بەم بنەمایەش پەرژینە زمانییە بەکارهاتووەکانی دەقەکانی پاری یەکەم، لەڕوانگەی پلەی ئاشکرایی و بەخشکەییانەوە بۆ چەند مەبەستێک لەلایەن کەسایەتییە سیاسییەکانەوە، لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا بەکارهێنراون، بەجۆرێک پەرژینەکانی (بێگومان، لە ڕاستیدا، بە دڵنیایی، بە تەئکید، بەجدی، مەبەستم ئەوەیە، جەختکردنەوە) بەڵگەی بەهێزن و ئاستی ئاشکرایی دەربڕاوەکەیان زیاتر کردووە، پەیوەست بە ناواخن و پێکهاتەی سیمانتیکیانەوە قسەکەر زیاتر بە دەربڕاوەکەیەوە پابەنددەکەن، کە دەشێت بۆ چەند مەبەستێکی جیاواز بەپێی پێویستی بەکاریانبهێنێت، لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین مەرج نییە هەر دەربڕاوێک ئەم بەڵگە بەهێزانەی تێدا بێت بە تەواوی ڕاستبێت و قسەکەر بە دەربڕاوەکەیەوە پابەندبکەن، چونکە لە زۆر باردا بە تایبەتی لای کەسانی سیاسی دەکرێت بۆ بەهێزکردنی پێگە وەک بەشێک لە پیشاندانی ڕاستگۆیی، یان هەڕەشەکردن بەکاربهێنرێن، بەو واتایەی هەرچەندە ئەم بەڵگە زمانییانە بەڵگەی بەهێزن ئاستی ئاشکرایی دەربڕاوەکە بۆ گوێگر ڕوون و جەختکەرەوە دەردەخات، بەڵام دەشێت قسەکەر بە مەبەست بەکاریانبهێنێت و هیچ پەیوەندییەکیان بە ڕاستی و هەڵەیی دەربڕاوەکەوە نەبێت، بۆ ئەمەش سەرنج لە نموونەی (٥) پەیوەست بە (دەقی چوارەم) بدە:

**٥) – ئەگەر حکومەتی هەرێم مامەڵەی بەمجۆرە بێت بە دڵنیایی داوای کۆبوونەوەی ئەنجومەنی پارێزگا دەکەین و داوای لامەرکەزییەت دەکەین.**

ئەگەر بە وردی سەرنج لە دەربڕاوی نموونەی (٥) بدەین، ئەوا ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە پەرژینە ئاشکراییە بەرزەکانی وەک (بەدڵنیایی) بەشدارە لە ئاستی ئاشکرایی دەربڕاوەکەدا، بەڵام وەک پێکهاتەیەک بەشدارنییە لە مەرجی ڕاستەقینەی دەربڕاوەکەدا وەک ئەوەی (گرایس) ئاماژەی پێدەکات، چونکە ئەم پەرژینە لەلایەن ئاخێوەرەوە، بە مەبەستی (هەڕەشەکردن لەلایەنی بەرانبەر) بەکارهێنراوە، بە ئامانجی گۆڕینی شێوازی مامەڵەکردنی حکومەت، لەگەڵ پارێزگای سلێمانیدا، بەو واتایەی بەکارهێنانی پەرژینییەکە بە ڕاستی و هەڵەیی دەربڕاوەکەوە پەیوەست نییە، بەڵکو لێکدانەوە و هەڵهێنجانی پەرژینەکە لە ئاستی ئاشکرادا، پەیوەستە بە کۆزانیاری دەربارەی بارودۆخی سلێمانیی و

شێوازی مەمەڵەکردنی حکومەت لەگەڵ پارێزگاکەدا، واتە پشبەستووە بە کۆزانیاری و گریمانە دەوروبەرێتییەکانەوە دەربارەی بارودۆخەکە، ئەمەش ئەو بۆچوونەی (تیۆری پەیوەست)[٢٧] پشتڕاستدەکاتەوە، کە پەرژینەکان، توخمە پێکهێنەرەکانی نواندنە چەمکییەکان، لە ئاستی ئاشکرایی دەربڕاوێکدا کۆددەکەن، مەرجی ناڕاستین و بەشداری لە ڕستە ناوەڕۆکی دەربڕاودا ناکەن.

پەرژینە بەهێزەکان کەمتر بوار بۆ پەشیمانبوونەوە و خۆدزینەوە دەڕەخسێنن هەربۆیە وا دەردەکەوێت زیاد لەوەی بۆ مەبەستی خودپارێزیی بەکاربهێنرێن بۆ مەبەستە پڕاگماتیکییەکانی تر بەکاربهێنرێن، لەکاتێکدا پەرژینە زمانییەکانی وەک (لەوانەیە، ئەگەر، ڕەنگە، پێموایە، بە بڕوای من، وابزانم، پێدەچێت، وا بیردەکەمەوە) بە بەڵگە و پەرژینی لاواز دادەنرێن. لە بەکارهێنانی ئەمجۆرە پەرژینانەدا زیاتر بوار بۆ پابەندنەبوون و پەشیمانبوونەوەی ئاخێوەر بە دەربڕاوەکەیەوە دەڕەخسێنرێت، ئەمەش وایکردووە ئاخێوەر و سیاسییەکانی زمانێک زیاتر بۆ بە مەبەستی خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی لە دەوروبەرە جیاوازەکاندا بەکاریانبهێنن، بەو واتایەی ئەم پەرژینانە بە ئاگایی و هۆشیارییەوە لە سەر بنەمای کۆزانیاریی پێشینە و ئەزموونکردن، پەیوەست بە خوێندنەوەی باری ئاوەزیی ئاخێوەران لە دەربڕاوەکاندا بەشدارییان پێدەکرێت. شایەنی باسە لە زمانی کوردیدا ئەم پەرژینانە لە ڕووی فۆڕمی زمانییەوە بەشێکیان دەکرێت لە تاکە وشەیەک پێکبێن و بەشێکی دیکەیان بە فرێز، یان ڕستەیەک واتا بەخشکەییە پەرژینییەکەی دەرببڕێت، ئەمەش لە پەرژینە جیاکراوەکانی پاری یەکەمدا دەردەکەوێت، بەجۆرێک جیا لەو پەرژینە بەهێز و لاوازانەی لە پارەکەدا خراونەتەڕوو دەشێت جێناو، یان ڕستەیەکی پرسیاریی وەک پەرژین، بەتایبەتی لەو کاتەدا کە ناوهێنان، یان پرسیارێک ڕێگەپێدراو نییە پەیوەست بە دەوروبەر بەکاربهێنرێن. بڕوانە نموونەی بەکارهێنانی ڕستەیەکی پرسیاری لە (دەقی حەوتەمدا):

**٦) – پێویستە خەڵکی کوردستان خۆیان دادوەربن کێ لە خەمی خەڵکی کوردستان و پاراستنی ئەم قەوارەیە؟**

لە دەربڕاوی نموونەی (٦)دا ئاخێوەر لە بەکارهێنانی ئەم ڕستە پرسیارییەدا وەک پەرژینێک، هەم خۆی و پارتەکەی لە بەرپرسیارییەتی تێکچوونی هەرێمی کوردستان دەپارێزێت، هەم خۆی لە ناوهێنانی کەسانێک، کە بەرپرسیاردەبن بەرانبەر هەرێمی کوردستان دووردەخاتەوە. لەم تێگەیشتنەشەوە دەتوانین بڵێین پەرژینە زمانییەکان هەڵوێستی قسەکەر بەرانبەر بە دەربڕاوەکەی پیشاندەدەن، بەجۆرێک ئاستی ئاشکرایی پەرژینەکە ڕاستەخۆ پلەی پابەندبوونی ئاخێوەر بە دەربڕاوەکەیەوە دەردەخات، بۆ ئەمەش ئاخێوەران درکپێکراوانە پەرژینەکان پەیوەست ئاستی ئاشکرایی و بەخشکەییەوە بە چەند مەبەستێک بەکاردەهێنن.

-----------------------------------

٢٧-بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی بەشداریکردنی پەرژینەکان لە ئاستی ئاشکرا و بەخشکەییدا، لەڕوانگەی تیۆری پەیوەستەوە،بڕوانە:پاری (٣/٢-٢)ی بەشی دووەمی ئەم نامەیە،لاپەرەی (٩٤-١٠٠).

## ٣/٣) مەبەستە بەخشکەییەکانی پەرژینی زمانیی لە دەقی ڕامیاریدا

لەم پارەدا کارەکییانە کار لەسەر جۆر و شیکردنەوەی مەبەستە بەخشکەییەکانی ئەو پەرژینانە کراوە، کە لە دەقەکانی پاری یەکەمدا جیاکراوبوونەوە، بۆ ئەم مەبەستەش هەر پێنج جۆری مەبەستە بەخشکەییەکانی پەرژینەکانمان بە پێنج پار دیاریکردووە، تیایدا پەرژینەکان بە دوو گروپ شیکردنەوەیان بۆ کراوە، بەجۆرێک گروپی (آ) بە ناوی ( ئایدیۆلۆژیای پسپۆڕییانە) جیاکراونەتەوە، کە دەقەکانی(١ بۆ ٨)ی پاری یەکەمی لەخۆگرتووە ، گروپی (ب) بە ناوی (ئایدیۆلۆژیای کۆمەڵایەتی سیاسیانە) جیاکراونەتەوە و دەقەکانی (٩ بۆ ١٦) دەگرێتەوە.

پەیوەست بە ناوەڕۆکی نامەکەوە لەم پارەدا تەنها ئەو پەرژینانە جیاکراونەتەوە و ڕاڤەکراون، کە دەچنە ئاستی واتای ئاشکرا و بەخشکەییەوە، واتە ئەو پەرژینانەی، کە بەشداری لە هەڵهێنجانی پراگماتیکدا، لە هەردوو ئاستی ئاشکرا و بەخشکەییدا دەکەن، چونکە ئاستی ئاشکرا وەک نواندنی فۆرمێکی لۆژیکی (سیمانتیکی) دەشێت پەرژینەکان تێیدا بەشداربن، بەڵام لێرەدا پەرژینەکان دەبنە پەرژینێکی سیمانتیکییانە و ناچنە سنووری نامەکەی ئێمەوە، بۆیە بەپێی جۆری مەبەستەکان جیانەکراونەتەوە و شینەکراونەتەوە لێرەشەوە مەبەستە بەخشکەییەکانی پەرژینە زمانییەکان لە دەقەکاندا بەمشێوەیە جیادەکەینەوە.

### ٣/٣-١) مەبەستی خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی[٢٨]

یەکێک لە مەبەستە گرنگ و کاریگەرەکانی بەکارهێنانی پەرژینە زمانییەکان بریتییە لە (خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی) قسەکەر بەهۆی تێگەیشتن لە باری ئاوەزیی بەشداربووانی پرۆسەیەکی پەیوەندیکردن درکپێکراوانە پەرژینەکان بۆ ئەم مەبەستە بەکاردەهێنێت، بەمەش خۆی لە کاردانەوەی نەخوازراو و بەرپرسیارییەتی دەپارێزێت، بۆئەم ڕاستییەش چەند نموونەیەک لە دەقەکانی پاری یەکەم وەردەگرین.

**٣/٣-١-١) مەبەستی خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی لە دەقەکانی گروپی (آ) دا.**

دیاریکردن و دەستنیشانکردنی مەبەستی خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی، لە کۆمەڵێک نموونەی دەقەکانی گروپی (آ)دا، کە تایبەتبوون بە دەقەکانی (ئایدیۆلۆژیای پیشەییانە)بەمشێوەیە بەرجەستە دەکەین:

**دەقی یەکەم**

**-نازانم سەرچاوەی ئەمجۆرە ڕەفتارکردنە چییە؟**

**نازانم:** قسەکەر(نازانم)ی وەک پەرژینێک بە مەبەستی (خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی)بەکارهێناوە، بەوپێیەی نەیویستووە ڕاستەخۆ هۆکاری ڕەفتارکردنەکە ئاشکرا بکات و پێیەوە پابەندبێت.

-----------------------------------

٢٨- بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی لایەنی تیۆریی مەبەستی خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی،بڕوانە پاری (٢/٤-١) ی بەشی دووەمی ئەم نامەیە لاپەڕەی (١٠١-١٠٣).

**-من وا بیردەکەمەوە ئێمە هەوڵی تەواوماندداوە.**

**وابیر دەکەمەوە:** لەم دەربڕاوەدا (وا بیر دەکەمەوە) بە مەبەستی (خودپاراستن لەبەرپرسییارییەتی) بەکارهاتووە، چونکە ئاخێوەر بەهۆی پەرژینەکەوە بەرپرسیارییەتی ناکۆکیی نێوان هەردوو حزبەکە دەخاتە ئەستۆی لایەنی بەرانبەر، بەوەی خۆی لەوە دەپەرێنێتەوە، کە ئەمان هۆکاری کێشە و ناکۆکییەکە بن، ئەمەشی لە دەقەکەدا بە بەڵگە هێنانەوە دووپاتکردووەتەوە.

**-چەندینجار مەکتەبی سیاسییەکەمانم ناردووە بۆ کۆبونەوە لەگەڵ مەکتەبی سیاسییەکەیان.**

**چەندینجار:** قسەکەر پەرژینی (چەندینجار)ی بە مەبەستی (خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی)بەکارهێناوە، چونکە وەک دووپاتکردنەوە ئەو بەرپرسیاریەتییەی لەسەر شانی خۆی لابردووە و چەندجارێک دەستپێشخەریی بۆ ئاشتەوای لەگەڵ لایەنی بەرانبەر کردووە، بەمەش هەم وێنەیەکی ئەرێنی لە ئاوەزیی گوێگردا بونیاددەنێت، هەم خۆی لە هۆکاری ناکۆکییەکە دەپارێزێت.

**-چەندجارێک سەردانی کاک نێچیرڤانم کردووە!**

**چەندجارێک:** وەک پەرژینێک بۆ مەبەستی (خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی) بەکارهاتووە، بۆئەوەی بەرپرسیارییەتی تێکچوونی دۆخەکە بۆ لایەنی بەرانبەر، کە (پارتییە) بگێڕدرێتەوە، بەمەش بە بەکارهێنانی پەرژینەکە خۆی لە بەرپرسیارییەتی دۆخەکە لادەدات.

**-چەندجارێک سەردانی کاک مەسرورم کردووە!**

**چەندجارێک:** جارێکی تر بەکارهێنانی پەرژینی (چەندجارێک) بۆ(خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی)یە، چونکە بەسەرنجدان لە دەربڕاوەکە دەردەکەوێت، قسەکەر بە سەردانیکردنی بەرپرسانی باڵادەستی حزبی ڕکابەر، کە (پارتییە) بەرپرسیارییەتی ناکۆکی نێوان (یەکێتی و پارتی) بۆ لایەنی بەرانبەر دەگەڕێنێتەوە و خۆی لە بەرپرسیارییەتی ئەو ناکۆکییە دووردەخاتەوە، لە هەمانکاتیشدا ژمارەی سەردانەکان بە تەواوی بۆ گوێگر ئاشکرا ناکات.

**-من پێموایە کێشەکە لە گۆڕانی حکومەتەوە دەستپێیکرد.**

**پێموایە:** پەرژینێکە بە مەبەستی (خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی) بەکارهاتووە بەوەی ئەمە تێڕوانینی قسەکەر خۆیەتی و دەشێت گۆڕانی حکومەت سەرچاوەی گرفتەکان بێت، ئەمەش وەک (هایلاند) ئاماژەی بۆ کردووە، لە پەرژینی ئاڕاستەکراوی ناوەڕۆکدا، قسەکەر لە ڕێی بەکارهێنانی (پێموایە)ەوە دەربڕاوەکەی جەختکەرەوە نابێت و لە هەرباریێکدا توانای پاشگەزبوونەوەی هەیە بەمەش بەرپرسیارییەتی دەربڕاوەکە ناگرێتە ئەستۆ.

**-نەوەک مەسروور خۆی.**

**نەوەک:** بە مەبەستی(خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی) بەکارهاتووە، چونکە لە برگەی پێشتردا کە دەڵێت(کێشەکە لە گۆڕانی حکومەتەوەیە) حکومەتەکەش (بەڕێز مەسرور) سەرۆک وەزیرانییەتی، بۆیە

به ناڕاستەخۆ ئاماژە بە (بەڕێز مەسرور) دەکات، بەڵام بە بەکارهێنانی (نەوەک)وەک پەرژینێک ناچێتە ژێرباری بەرپرسیارییەتی تاوانبارکردنی (بەڕێز مەسرور) بەرانبەر بە ناکۆکییەکان.

**- بە دیاریکراوی مەبەستم مەسرور نییە.**

**مەبەستم نییە:** بۆ مەبەستی (خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی)بەکارهاتووە، چونکە نایەوێت خودی کێشەکە تەنها بە (مەسرور)ەوە ببەستێتەوە هەربۆیە پەرژینەکە وەک پەرژینی ئاڕاستەکراوی نووسەر کە (هایلاند) باسی دەکات بەکاردەهێنێت، بۆ ئەوەی خۆی لە بەرپرسیارییەتی دەربڕاوەکە بکشێنێتەوە و بۆ سەرچاوەکانی دەرەوەی خۆی، بەمەش جگە لە مەسرور ئاماژە بۆ کەسی دیکەش دەکات، کە دەستیان لەو ناکۆکییەدا هەیە.

**-لەبەرئەوە پێموایە حکومەت بە سیاسی کراوە.**

**پێموایە:** قسەکەر پەرژینی(پێموایە)ی بە مەبەستی(خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی) بەکارهێناوە، چونکە لەهەر کاتێکدا، کە مەترسی لە ئارادا بێت، ئەم پەرژینە توانای پاشگەزبوونەوە بە قسەکەر دەبەخشێت.

**-مەبەستم ئەوەیە چوار ساڵی تەمەنی خۆی تەواوکردووە.**

**مەبەستم ئەوەیە:** قسەکەر درکپێکراوانە (مەبەستم ئەوەیە)ی وەک پەرژینێک ،بە مەبەستی (خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی) بەکارهێناوە بەوەی دەڵێت هیچ شتێک کاتی نەماوە، چونکە حکومەت کاتەکەی تەواوبووە، واتە تەواوبوونی کاتی حوکمڕانییەکە، بۆ خۆلادان لە بەرپرسیارییەتیی دەربڕاوەکە لە ڕێی بەکارهێنانی(مەبەستم ئەوەیە) دەگەیەنێت، ئەمەش بەکارهێنانی پەرژینی ئاڕاستەکراوی نووسەرە لەڕوانگەی (هایلاندەوە)، بۆ گەڕاندنەوەی بەرپرسیارییەتییەکە بۆ دەرەوەی خۆی.

**-پێموایە دۆخەکە بۆ ئەوانیش هەمان شتە.**

**پێموایە:** ئەم پەرژینە بۆ مەبەستی(خودپاراستن لە بەرپرسیاریەتی)یە، چونکە قسەکەر (پێموایە) بۆ دەربڕین لە دیدگا و تێڕوانینی خۆی بەکاردەهێنێت، لە هەر بارێکیشدا لایەنی بەرانبەر بۆچوونێکی پێچەوانەی ئەم بۆچوونەی ئاخێوەری بڵاوکردەوە، ئەوا بە سانایی قسەکەر دەتوانێت لە دەربڕاوەکەی بکشێتەوە و پێوەی پابەند نەبێت، بە وردبونەوە لە شیکردنەوە واتاییەکانی ئەم پەرژینانە و بەکارهێنانییان بەمەبەست لە دەقەکاندا، زەنگینی توانستی پراگماتیکی کەسیی سیاسی دەردەخات.

**دەقی دووەم**

**-ڕەنگە ماوەکەشی بەسەریدا تێپەڕیبێت.**

**ڕەنگە:** قسەکەر پەرژینی(ڕەنگە)ی بۆ(خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی) بەکارهێناوە، چونکە وا دەردەکەوێت زانیاریی تەواوی لەسەر کاتی بەسەرچوونی ڕێککەوتنامەکە نییە، بۆیە بە بەکارهێنانی (ڕەنگە) وەک پەرژینی ئاڕاستەکراوی ناوەڕۆک هەم زانیارییەکەی دەخاتەڕوو، هەم مەودای پاشگەزبوونەوە لە دەربڕاوەکەی دەهێڵێتەوە لە ئەگەری بەسەر نەچوونی کاتی ڕێکەوتنامەکەدا.

**-ڕەنگە پێویستی بە پێداچوونەو و هەمووارکردنەوە بێت.**

**ڕەنگە:** بەڵگە و پەرژینێکی لاوازە بەکارهێنانەکەشی بۆ مەبەستی (خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی)یە بەوەی بوار بۆ پەشیمانبوونەوە دەڕەخسێنێت. بەمەش لە لایەک زانیارییەکەی دەخاتەڕوو لەلایەکی دیکەشەوە بە دەربڕاوەکەیەوە پابەند نابێت، چونکە ئەگەر ڕێککەوتنامەکە هەموار نەکرێتەوە قسەکەر بە دەربڕاوەکەیەوە پابەند نابێت، ئەمەش بەکارهێنانی پەرژینی ئاڕاستەکراوی ناوەڕۆکە.

**-پێموایە گۆڕان خۆشی بڕیارێکی لەو بارەیەوە نییە.**

**پێموایە:** وەک پەرژینێکی زمانی بە مەبەستی(خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی)بەکارهاتووە، چونکە ئەگەر (گۆڕان)بڕیارێک لە بارەی ڕێککەوتنامەکەوە بدات قسەکەر بە سانایی دەتوانێت لە دەربڕاوەکەی پەشیمانبێتەوە، بە پاساوی ئەوەی کە دەربڕاوەکە گوزارشت لە بیر و تێڕوانینی خۆی دەکات.

**-بە هەندێک دەستکارییەوە.**

**هەندێک:** وەک بەخشکەیی پێوانەیی کە ناکاتە هەمووی قسەکەر بە مەبەستی (خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی) بەکاریهێناوە، چونکە ئەگەر هەموو ڕێکەوتنامەکە هەمواربکرێتەوە بە واتایە دێت لە بنەڕەتدا ڕێککەوتنامەکە باش نەبووە، ئەمەش ئەو پرسیارە لای گوێگر دروستدەکات (ئەی بۆ ئەو ڕێککەوتنامەیەیان کردووە یان چوونەتە ژێر باری ڕێککەوتنامەیەکی ئاوهاوە) بۆیە ئاخێوەر درکپێکراوانە(هەندێک) بۆ هەمووارکردنەوەی ڕێککەوتنامەکە بەکاردەهێنێت، کە لەوانەیە لە بنەڕەتیشدا ڕێککەوتنامەکەیان بە دڵ نەبێت و پێوەی پابەند نەبن.

**-ئەوەی بە لامانەوە گرنگە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هەموو لایەنەکان بەهێزبکەین.**

**هەموو:** لەم دەربڕاوەدا (هەموو) وەک بەخشکەیی دەربڕینێکی پێوانەیی بەهێز ئاستی ئاشکرایی بەرزی هەیە، قسەکەر بۆ مەبەستی (خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی) بەکاریهێناوە، بەوەی کە خۆی دەپارێزێت ئەگەر تەنها ناوی لایەنێکی دیاریکراو بهێنێت، بە واتای تەنها ئەو لایەنەیان بۆ گرنگە و لایەنەکانی تر جێگەی بایەخیان نین یان پێگەیان لاوازە، ئەمەش ڕووبەڕووی کاردانەوەی نەخوازراوی دەکاتەوە.

**-لەوانەیە هەلومەرجەکە گونجاو بێت تا بەشێوەیەکی ئاسانتر کۆببینەوە.**

**لەوانەیە:** پەرژینێکی لاوازە بۆ مەبەستی (خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی) بەکارهاتووە، چونکە بوار بۆ پەشیمانبوونەوە لە دەربڕاوەکە دەڕەخسێنێت، بەوەی قسەکەر دڵنیانییە لەوەی هەلومەرجەکە گونجاوە یان نا بۆئەوەی کۆببنەوە،لە ئەگەری نەکردنی کۆبوونەوەکەدا بە دەربڕاوەکەیەوە پابەند نەبێت.

**-ڕەنگە بەم نزیکانەش کۆبوونەوە بکرێت.**

**ڕەنگە:** قسەکەر پەرژینی(ڕەنگە)ی بە مەبەستی (خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی) بەکارهێناوە، چونکە دەتوانێت لە دەربڕاوەکەی پەشیمانببێتەوە بەوەی بە دڵنیایی نەیوتووە کۆبوونەوە دەکرێت، یان ناکرێت.

**دەقی سێیەم**

**-لەم نووسینە مەبەستم نییە بڵێم ئێمە لەبەردەم هەڕەشەی شەڕێکی تردایین.**

**مەبەستم نییە:** لەم دەربڕاوەدا (مەبەستم نییە)بۆ مەبەستی (خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی)یە، چونکە قسەکەر بە بەکارهێنانی پەرژینەکە خۆی لە کاردانەوەی نەخوازراو و بڵاوکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ لە ناو خەڵکدا دەپارێزێت، بۆیە نایەوێت بە ڕاشکاوی بڵێت ئێمە لە بەردەم هەڕەشەدایین، بەمەش هەم زانیارییەکەی دەخاتە ڕوو، هەم خۆی لە بەرپرسیارییەتی دووردەخاتەوە.

**دەقی چوارەم**

**-ڕێکەوت زەکی دەڵێت ئەمە شەڕ فرۆشتن نییە وەک هەندێک پێمان دەڵێن، بەڵکو ئەمە بێدەنگ نەبوونە لەسەر مافەکانی خەڵکی سلێمانی.**

**هەندێک:** بەکارهێنانی ئەم پەرژینە بە مەبەستی (خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی)یە، بەوەی کە ناوی هیچ کەس و لایەنێکی نەهێناوە کە پێیان دەڵێن شەڕ دەفرۆشن، بەمەش خۆی لە بەرپرسیارییەتی و کاردانەوەی نەخوازراو پاراستووە.

**-لە ئەنجومەنی پارێزگا ئەگەر ئێمە شەڕ لەسەر مافەکانی خەڵکی سنورەکەمان نەکەین ئەی کێ بیکات؟**

**ئەگەر:** بە مەبەستی (خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی) بەکارهاتووە، بەوپێیەی ئەگەر قسەکەر و هاوکارانی لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بەرانبەر بە مافەکانی خەڵکی سلێمانی بێدەنگ بن، ئەوا توشی لێپێچینەوە و بەرپرسیارییەتی دەبن، بۆیە خۆیان لەسەرزەنشتکردن و بەرپرسیارییەتی دەپارێزن، بەمەش بەرپرسیارییەتییەکە دەگۆڕێت بۆ سەرچاوەکانی دەرەوەی خۆی، ئەمەش لە پەرژینی ئاڕاستەکراوی نووسەردا دەبینرێتەوە.

**-بەبروای من دوو ئیدارەیی باشترە.**

**بەبروای من:** وەک پەرژینێک بە مەبەستی (خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی)بەکارهاتووە، چونکە لە هەر بارێکدا قسەکەر دەتوانێت لە دەربڕاوەکەی پاشگەزببێتەوە، بە پاساوی ئەوەی دیدگا و تێڕوانینی خۆیەتی.

**-من پێموایە دوو دراوسێی بە ئاشتی پێکەوە ژیان باشترە لەمجۆرە ژیانەی ئێستا پێکەوە.**

**پێموایە:** بەکارهێنانی (پێموایە) لە لایەن قسەکەرەوە بۆ مەبەستی(خود پاراستن لە بەرپرسیارییەتی)یە چونکە قسەکەر بە ناوی خۆیەوە قسە دەکات و تێڕوانینی خۆی دەردەبڕێت، کە دەشێت ڕاست، یان هەڵە بێت، بەمەش لەلایەک دەربڕاوەکەی دەخاتەڕوو، لەلایەکی دیکەشەوە لە هەر بارودۆخێکی نەخوازراودا دەتوانێت لە دەربڕاوەکەی پەشیمانببێتەوە.

**- هەرێمبوونی سەربەخۆیی سلێمانی لەناو ئەنجومەنی پارێزگا زۆرینەی دەنگ دەهێنێت و پێموانیە دژی زۆربێت.**

**پێموانیە:** بە مەبەستی(خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی) بەکارهاتووە، بەوپێیەی قسەکەر لەڕوانگەی خۆیەوە وا بیردەکاتەوە زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەگەڵ بە هەرێمبوونی پارێزگای سلێمانیدان، هەروەها بەهۆی پەرژینی (پێموانیە)ەوە گوزارشتن لەم بیرکردنەوەیەی خۆی دەکات و دەتوانێت لە ئەگەری هەڵەبوونی بیرکردنەوەکەیدا بەرپرسیارییەتی دەربڕاوەکە هەڵنەگرێت.

**دەقی پێنجەم**

**-هەموو هەوڵێکی پارتی بۆ ئەوەیە سەقامگیریی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بپارێزێت.**

**هەموو:** مەبەست لە بەکارهێنانی هەموو وەک بەخشکەیی دەربڕینی پێوانەیی لەلایەن قسەکەرەوە، وەک پەرژینێک بۆ (خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی)یە، چونکە قسەکەر بە بەکارهێنانی (هەموو) خودی خۆی و پارتەکەشی لە تێکچوونی بارودۆخی هەرێمی کوردستان دەپارێزێت، بەوەی ئەمان تەنها سەقامگیری هەرێمی کوردستانیان دەوێت و لەگەڵ هیچ ئەگەرێکی تردا نین.

**- دەبێت نێوانمان لەگەڵ هەموو لایەنەکان خۆش بێت.**

**هەموو:** بەکارهێنانی بەخشکەیی گشگیری(هەموو) وەک پەرژینێک لە لایەن قسەکەرەوە مەبەستی (خودپاراسن لە بەرپرسیارییەتی)یە بۆ ئەوەی ناوی هیچ لایەنێک بە دیاریکراوی نەهێنێت هەرچەندە خودی وتارەکە لەسەر ناکۆکی نێوان پارتەکەی قسەکەر و (یەکیەتی)یە کە بووەتەهۆی وروژاندنی پرسی کشانەوەی یەکییەتی لە حکومەت، بەڵام قسەکەر بە ئاگاییەوە بە بەکارهێنانی(هەموو لایەنەکان) خۆی لەو بەرپرسیاریەتییە دەپارێزێت، کە تەنها لایەنی گرنگ بۆ ئەوان یەکیەتییە و لایەنەکانی تر لە پرسی حکومەتدا هیچ گرنگی و بایەخێکیان نییە.

**-ئەگەر یەکێتتی ئەوە بکات دەبێت بەرپرسیاریەتی ئەوە هەڵگرن کە هەرێمی کوردستان بەرەو چ ئاراستەیەک دەڕوات.**

**ئەگەر:** وەک پەرژینێکی لاواز قسەکەر بە مەبەستی(خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی) دەربڕاوەکەی بەکاریهێناوە، لەهەمانکاتیشدا بە وریاییەوە بەرپرسیارەتییەکە دەخاتە ئەستۆی لایەنی بەرانبەر، کە (یەکییەتی)یە، لە ئەگەری ڕوودانی هەر دەرئەنجامێک بۆ قەوارەی هەرێمی کوردستان، ئەمەش لە پەرژینی ئاڕاستەکراوی نوسەردا لای (هایلاند) دەبینرێتەوە.

**-ڕەنگە زەرەرمەندی یەکەم یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بێت.**

**ڕەنگە:** قسەکەر(ڕەنگە) وەک پەرژینێکی لاواز بۆ مەبەستی (خودپاراسن لە بەرپرسیارییەتی) بەکاردەهێنێت، چونکە توانای پاشگەزبوونەوەی لە دۆخێکی نەخوازراودا پێدەبەخشێت، لەگەڵئەوەشدا

جارێکی تر بە بیرهێنانەوەی دەرەنجامە خراپەکانە بۆ یەکییەتی لە ئەگەری کشانەوەی لە ئیدارەدانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

**دەقی شەشەم**

**-بە بۆچوونی من هەموو لایەک لەسەر ئەوە رێککەوتوون کە دەبێت کۆبوونەوە بکەن.**

**بە بۆچوونی من:** قسەکەر وەک پەرژینێک بە مەبەستی (خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی) لە دەربڕاوەکەیدا بەکاریهێناوە، چونکە لە ئەگەری نەکردنی کۆبوونەوەکەدا قسەکەر بە سانایی دەتوانێت خۆی لە بەرپرسیارییەتی بدزێتەوە و پێوەی پابەندنەبێت.

**- ئێمە لەگەڵ ئەوەین هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا بکرێت.**

**لەگەڵ ئەوەین:** ئەم پەرژینە بۆ مەبەستی (خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی) لەلایەن قسەکەرەوە بەکارهێنراوە. قسەکەر بەهۆی پەرژینەکەوە پارتەکەی لە هۆکاری(پەککەوتنی پرۆسەی دیموکراسی) دووربخاتەوە و بیپارێزێت، لە ئەگەری نەکردنی هەڵبژاران لەکاتی خۆیدا بەرپرسیارییەتیەکەی لەسەر شانی خۆیان لابردووە.

**- بەهۆی هەمواركردنەوەی یاساکان ڕەنگە پرۆسەکە دوابکەوێت.**

**ڕەنگە:** ئاخێوەر پەرژینی(ئەگەر)ی بۆ(خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی) خستووەتە ناو دەربڕاوەکەیەوە و بەرپرسیارییەتی دواکەوتن یان دوانەکەوتنی هەڵبژاردن لە خۆی و پارتەکەی دووردەخاتەوە و درکپێکراوانە بە هەمواركردنەوەی یاساکانەوە دەیبەستێتەوە، بەمەش بەرپرسیارییەتییەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ دەرەوەی خۆی، ئەمەش بەکارهێنانی پەرژینی ئاڕاستەکراوی نووسەرە.

**- پێمانوایە ئەمە لە بەرژەوەندی هەموو پێکهاتەکانی کوردستانە.**

**پێمانوایە:** بۆ مەبەستی (خودپارستن لە بەرپرسیارییەتی)بەکارهاتووە، چونکە ئەگەر یاساکە، کە قسەکەر مەبەستییەتی لە بەرژەوەندیی هەموو پێکهاتەکانی کوردستان نەبوو، قسەکەر دەتوانێت خۆی لە بەرپرسیارییەتی دەربڕاوەکەی بەوەی تێڕوانینی خودیی و ڕێکخراوەیی دووربخاتەوە.

**دەقی حەوتەم**

**-ئێستاش پێموایە گەورەترین کێشە، کێشەی دووبەرەکی و ناتەبایی ڕیزەکانی خودی ناو کوردستانە.**

**پێموایە:** وەک پەرژینێک بۆ مەبەستی (خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی) لە دەقەکەدا لەلایەن قسەکەرەوە بەکارهاتووە، بەوەی وەک کەسێکی سیاسەتمەدار و شارەزا دەیەوێت دووبەرەکیی و ناتەبایی پارتەکانی هەرێمی کوردستان بگەڕێنێتەوە بۆ لایەنەکانی تر و خودی خۆی (قسەکەر) و پارتەکەی وەک سەرچاوەیەک لە دووبەرەکییەکە دووربخاتەوە.

**-لەوانەیە هەندێک کەس ئەم قەناعەتەیان نەبێت.**

**لەوانەیە:** قسەکەر بەمەبەستی(خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی)بەکارهێناوە، بەوەی نایەوێت بەدڵنیای بڵێت کێ ئەم قەناعەتەی هەیە، هەربۆیە (لەوانەیە) وەک پەرژینێک بۆ پیشاندانی جۆرێک لە نادڵنیایی و پابەند نەبوونی بە دەربڕاوەکەیەوە پیشاندەدات.

**-پێویستە خەڵکی کوردستان خۆیان دادوەر بن لەسەر ئەوەی کێ لە خەمی خەڵکی کوردستان و پاراستنی ئەم قەوارەیە؟ کێش دەیەوێت نانی پێ بخوات؟.**

**کێ لە خەمی خەڵکی کوردستان و پاراستنی ئەم قەوارەیە:** ئاخێوەر ئەم ڕستەیەی وەک پەرژین بە مەبەستی (خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی) تێکچوونی قەوارەی هەرێمی کوردستان بەکارهێناوە، چونکە قسەکەر دەیەوێت بڵێت ئەوە ئێمەین غەمی ئەم قەوارەیەمانە، ئەوە لایەن و خەڵکی ترە دەیەوێت ئەم قەوارەیە تێکبدات، ئەمەشی بە دەربڕاوی (کێش دەیەوێت نانی پێ بخوات؟) پشتڕاستکردووەتەوە و بە وریاییەوە بەرپرسیارییەتی تێکچوونی قەوارەکەی خستووەتە سەر شانی لایەنەکانی تر، ئەمەش لە پەرژینی ئاڕاستەکراوی نووسەر لای (هایلاند) ئاماژەی بۆکراوە.

**- وابزانم ئێستا هەوڵێکی جددی هەیە، نزیکبوونەوەیەکی باشیش لە نێوان لایەنە سەرەکییەکان هەیە.**

**وابزانم:** وەک پەرژینێک قسەکەر بە مەبەستی(خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی) بەکاریهێناوە، بۆئەوەی ئەگەر لایەنەکان نزیک نەبوونەوە، یان نێوانیان تێکچوو قسەکەر بە دەربڕاوەکەیەوە پابەند نەبێت.

**-کاتی خۆی خەڵکی دیکە هەبووە دژی ئەم قەوارەیە کاریانکردووە لە دەرەوە مرۆڤ غەمی پێناخوات.**

**خەڵکی دیکە:** قسەکەر ئەم فرێزە ناوییەی بۆ مەبەستی(خودپاراستن لەبەرپرسیارییەتی) بەکارهێناوە، بەوەی لە ڕێی ئەم فرێزەوە نەیویستووە ناوی وڵاتێک یان کەسایەتییەکی دەرەوەی هەرێم ببات، هەوڵی لە ناوبردنی هەرێمی کوردستانیان داوە، بەمەش زانیارییەکەی خۆی دەردەبڕێت و لە هەمانکاتیشدا خۆی لە کاردانەوەی نەخوازراو دوورخستووەتەوە، ئەمەش پەرژینی ئاڕاستکراوی ناوەڕۆکە.

**-بەڵام لە ناوخۆ خەڵکێک هەبێت، بەناوی نوێنەری هەرێمی کوردستان داوای تێکدانی ئەم قەوارەیە بکەن، ئەمە جێگەی داخە.**

**خەڵکێک:** قسەکەر ناوی خەڵکی وەک پەرژنێک بۆ (خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی) بەکارهێناوە، بەوەی کە بەڕوونی ناسنامەی ئەو کەسانەی لەناوخۆدا خواستییان تێکدانی هەرێمی کوردستانە ناهێنێت، بەمەش دەتوانێت لە هەرباریکدا بێت لە دەربڕاوەکەی پەشیمانبێتەوە.

**-من ئەو مەترسییە بەمجۆرە نابینم دەزانم تووشی قەیران بووین.**

**بەمجۆرە نابینم:** مەبەست لە بەکارهێنانی ئەم پەرژینە (خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی)یە چونکە قسەکەر نایەوێت بوونی مەترسی پشڕاستبکاتەوە و ئەو بەرپرسیارییەتیە بهێنێتە سەرشانی خۆی و سەچاوەی مەترسیەکە ڕوونبکاتەوە.

**دەقی هەشتەم**

**-هیوامانوایە واتای ڕکابەرێتی لەگەڵ دژایەتی و دوژمنایەتی تێکەڵ نەکرێت.**

**هیوامانوایە:** بۆ مەبەستی (خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی)یە، قسەکەر لە ڕێی بەکارهێنانی پەرژینی (هیوامانوایە) دەیەوێت چەمکی ڕکابەریەتی لە چەمکی دوژمنایەتی جیابکرێتەوە، چونکە لێرەدا قسەکەر بە جەختکردنە سەر چەمکی ڕکابەرایەتی خۆی لە چەمکی دوژمنایەتی دەپارێزێت، بە واتای ئەوەی ئێمە دوژمنایەتی ناکەین، بەڵکو وەک پارتێکی کارای هەرێمی کوردستان ڕکابەرایەتی دەکەین، بەمەش چەمکی دوژمنایەتی لە خۆی و پارتەکەی دووردەخاتەوە.

**-هەندێکجار گوتار دەدرێت یان هەندێک چاوپێکەوتن دەکرێت کە ناچنە خانەی کێبڕکێوە.**

**هەندێک:** وەک بەخشکەیی دەربڕینی پێوانەیی بۆ مەبەستی (خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی)یە، قسەکەر نایەوێت سەرجەم چاوپێکەوتن و گوتارەکان بە بڵاوکردنەوەی ڕق و کینە تۆمەتبار بکات و بەرپرسیارییەتیەکەی هەڵبگرێت، بەڵکو بە بەکارهێنانی(هەندێک) بواری پاشگەزبوونەوە لە دەربڕاوەکەی دەڕەخسێنێت و پێوەی پابەند نابێت.

**-ئێمە لەسەر کۆمەڵێک بابەت بۆ خزمەتکردنی ئەم وڵاتە ڕکابەری یەکدین.**

**کۆمەڵێک:** بەخشکەیی دەربڕینی پێوانەییە بۆ مەبەستی (خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی) بەکارهاتووە چونکە قسەکەر نایەوێت بڵێت ئێمە لەسەر هەموو شتێک ڕکابەرین، بەڵکو بە بەکارهێنانی(کۆمەڵێک) (هەموو)ی ڕەتکردووەتەوە و بواری پێکەوەگونجانی هێشتووەتەوە بەمەش هەم زانیارییەکەی دەربڕیوە کە کێشەیان هەیە، هەم خۆی لە دروستبوونی گرژیی و ناکۆکی پاراستووە.

**- بەڵام ڕەنگە ڕێگەکانمان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان جیاوازبێت.**

**بەڵام ڕەنگە:** پەرژینێکی لاوازە و بە مەبەستی (خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی) بەکارهاتووە چونکە بوار بۆ پاشگەزبوونەوە، لە ئەگەری ڕێککەوتن و چارەسەرکردنی ڕێگەکان بەیەکەوە لەگەڵ لایەنەکانی دیکە دەڕەخسێنێت، بەمەش هەم بوونی جیاوازی دەخاتەڕوو، هەم بە دەربڕاوەکەیەوە پابەندنابێت.

**- دەکرێت لە هەرێمی کوردستان لە بارەی هەندێک بابەت بۆچوونی جیاوازمان هەبێت**

**هەندێک:** بەخشکەیی دەربڕینی پێوانەیی یە وەک پەرژین بۆ مەبەستی(خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی) یە قسەکەر دەیەوێت ئەوە ڕوونبکاتەوە، کە لە (هەموو) بابەتێکدا جیاواز نین، بەڵکو لە زۆر بابەتدا هاوڕان بەڵگەش بۆ ئەوە حکمڕانی و بڕێوەبردنی وڵاتە بەیەکەوە.

**-لەسەر چارەسەری هەندێک کێشەی ناوخۆیی جیاواز بین.**

**هەندێک:** بۆ مەبەستی(خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی) بەکارهاتووە، چونکە لە چارەسەری هەموو کێشەکاندا جیاواز نین، بەڵکو لە چارەسەی (هەندێک) کێشەدا ناکۆکن و ڕێکناکەون بەمەش خۆی لەو بەرپرسیارییەتییە دووردەخاتەوە کە لە چارەسەکردنی هەموو کێشەکاندا جیاوازبن، چونکە ئەگەر لە

چارەسەری هەموو کێشەکاندا جیاوازبن دەرگا لەسەر ئەو پرسیارە دەکاتەوە چۆن بەیەکەوە وڵات بەڕێوەدەبەن، بەمەش خۆی لەو کاردانەوە دەپارێزێت، ئەمەش پەرژینی ئاڕاستەکراوی ناوەڕۆکە.

**- پێویستە ئەوانەی لە غەمی یەکپارچەیی عێراق و خەڵکی عێراقن.**

**ئەوانە:** جێناوی نیشانیە (ئەوانە) وەک پەرژینێک بۆ مەبەستی (خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی) بەکارهاتووە، چونکە ئەگەر لە داهاتوودا یەکرێزی عێراق تێکچوو ئەوا ئاخێوەر و پارتەکەی وەک یەکێک لەوانە هەژمار بکرێن کە غەمی یەکپارچەیی عێراقیان بووە و لەو تێکچوونە بەرپرسیارنین.

**٣/٣-١-٢) مەبەستی خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی لە دەقەکانی گروپی(ب)دا:**

دەقەکانی گروپی(ب) بریتین لەو دەقانەی، کە خاوەن (ئایدیۆلۆژیای کۆسیاسیانەن) و سەرجەم دەقەکانی(٩-١٦)ی پاری یەکەم لەخۆدەگرێت، کە تیایدا ئەو پەرژینە جیاکراوانەی پەیوەست بەم مەبەستە بەکارهێنراون شیدەکەینەوە:

**دەقی نۆیەم**

**-ئەگەر مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم بخرێتە سەر بەغدا، بە واتای هەڵوەشاندنەوەی هەرێم دێت .**

**ئەگەر-بە واتای:** ئەم پەرژینە بە مەبەستی(خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی)بەکارهاتووە، بەو واتایەی نوسەر حکومەتی هەرێمی لە هەڵوەشانەوە ئاگادارکردووەتەوە، ئەگەر موچە دابینەکات و بخرێتە سەر بەغداد، بەمەش خۆی هەم لە سەرزەنشتکردن و هەم لە بەرپرسیارییەتی پاراستووە، بەوەی پێشتر حکومەتی لە ئاکامی خراپ بەڕێوەبردن ئاگادار کردووەتەوە، ئەمەش پەرژینی ئاڕاستەکراوی وردییە.

**-ئەگەر فەرمانبەرانی هەرێم لە بەغداوە مووچە وەربگرن بە مانای هەڵوەشاندنەوەی هەرێم دێت.**

**-ئەگەر- بە مانای:** ئاخێوەر(ئەگەر)ی بۆ مەبەستی(خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی)لە دەربڕاوەکەدا بەکارهێناوە، چونکە دڵنیا نییە لەوەی کە موچە دەخرێتە سەر بەغداد یان نا، لە هەمانکاتیشدا هۆشیاریی و بەرچاوڕوونی بە هەرێم داوە و لە ئەگەری هەڵوەشانەوەی هەرێمدا خۆی لە بەرپرسیارییەتیەکە دوورخستۆتەوە. بەمەش زانیارییەکەی لە چێوەی دەربڕاوێکدا خستووەتەڕوو، لەهەماناکتیشدا بە دەربڕاوەکەیەوە پابەند نابێت.

**دەقی دەیەم**

**-زۆرینەی خەڵک پێیانوایە بەرژەوەندیی خۆی خستۆتە پێش بەرژەوەندیی گشتی و خەڵکییەوە و سوودی خراپ لە پۆستی گشتی و پێگەی حوکمڕانی وەردەگرێت.**

**پێیانوایە:** قسەکەر (پێیانوایە)ی وەک پەرژینیک بە مەبەستی (خودپاراستن لە بەرسیارییەتی) بەکارهێناوە، چونکە دەیەوێت خۆی لەو بەرپرسیارەتییە دووربخاتەوە، کە بڵێت (حکومەت خراپ

حوکمڕانی دەکات) بەمەش هەم دەربڕاوەکەی دەردەبڕێت هەم بەرپرسیارەتییەکە بۆ خەڵک دەگەڕێنێتەوە، ئەمەش بەکارهێنانی پەرژینی ئاراستەکراوی ناوەڕۆکە لای هایلاند.

**دەقی سیازدەیەم**

**-زەمینە خۆشکردنە بۆ سوتانی کارتی دەستی ئەوانەش کە دەیانەوێت پاپۆڕەکە نوقم نەبێت.**

**ئەوانە:** جێناوی نیشانیە بۆ مەبەستی(خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی) بەکارهاتووە، چونکە قسەکەر نایەوێت، ناوی ئەو کەسانە بهێنێت، کە بەرپرسیارن لە دروستبوونی ئەو گرژییەی لەنێوان یەکییەتی و پارتیدایە و شەڕەکە بە کارمەندە تازەکانیان دەکەن، بەمەش خۆی لە بەرپرسیارییەتی دەپارێزێت.

**-ڕەنگە هۆکاری ئەمە نەبوونی دیدگایەکی هاوبەش یان دوری مەودای نێوان دوو حزبەکە ئیدی گۆڕەپانەکەیان بۆ ئەوکەسانە جێهێشتوە کە جارێ فێری یارییەکە نەبون بەزۆری گۆڵ لە تیپەکەی خۆی دەکات.**

**ڕەنگە:** پەرژینێکی زمانییە بۆ(خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی) بەکارهاتووە، واتە قسەکەر دەیەوێت هۆکاری ئەمجۆرە ڕەفتارە لە خودی کادرانی یەکیەتی و پارتی دووربخاتەوە و بەرپرسیارییەتییەکە بخاتە ئەستۆی سیاسییە باڵا دەستدەکانەوە، بەمەش قسەکەر خۆی لە کاردانەوەی نەخوازراویی کادرەکان دەپارێزێت.

**دەقی چواردەیەم**

**-ئەوانەی بەشانو باڵی یاساکەدا هەڵیاندەدا.**

**ئەوانە:** ئەم جێناوە وەک پەرژینێک بە مەبەستی(خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی) لەلایەن قسەکەرەوە بەکارهاتووە، چونکە قسەکەر نایەوێت ناوی ئەو کەسانە بهێنێت، کە لەگەڵ یاساکەدا بوون، بەمەش خۆی لە بەرپرسیارییەتی دەربڕاوەکەی دەدزێتەوە، لە هەمانکاتیشدا بەرپرسیارییەتی خراپی یاساکە بۆ ئەوانە دەگەڕێنێتەوە، کە لەگەڵ یاساکە بوون.

**دەقی پازدەیەم**

**-بە بڕوای ئێمە هەڵوێستی گونجاو و دروست لەگەڵ دۆخی پەرلەمانی کوردستان دوای تەواوبوونی ماوە یاساییەکەی لە کۆتا ڕۆژ کە ٥/ ١١/ ٢٢، دەستکێشانەوەیە لە ئەندامێتی و کشانەوەیە لێی بێ گوێدانە ئەوەی کێ جێگا پڕ ئەکاتەوە یان دوای ئەوە چی لە پەرلەمان دەگوزەرێت.**

**بە بڕوای ئێمە:** ئاخێوەر بۆ مەبەستی(خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی)بەکاریهێناوە، چونکە ئاخێوەر دەستکێشانەوە لە ئەندامییەتی پەرلەمان بە هەڵوێستێکی باش لە ئەگەری تەواوبوونی ماوە یاساییەکەی لە قەڵەم دەدات، بەڵام لە ڕێی(بە بڕوای ئێمە) نایەوێت دەربڕاوەکەی زۆر جەختکەرەوە بێت ئەمەش بۆ

ئەوەی خۆی بە دوور بگرێت لە هەر کاردانەوەیەکی نەخوزراو لەلایەن ئەو ئەندامانەی پەرلەمانەوە کە هێشتا دەستیان لە کار نەکێشاوەتەوە، بەوەی کە ئەمە تێڕوانینی باوەڕی قسەکەر خۆیەتی.

**-شەڕی بەشێک لەوانەی ڕایانگەیاندووە کە بایکۆتی پەرلەمان ئەکەن .**

**بەشێک:** ئاخێوەر ئەم بەخشکەیی دەربڕینە پێوانەیەی وەک پەرژین بە مەبەستی (خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی) بۆ ئاماژەدان بەوەی کە ئەوانەی وتویانە بایکۆت دەکەین مەرج نییە هەموویان ڕاستبکەن و بایکۆتی پەرلەمان بکەن بەکارهێناوە، بەمەش (بەشێک)ی بۆ خۆی لە بەرپرسیارییەتی لە ئەگەری ناوهێنانی ئەوانەی کە ئەو شەڕەیان کردووە پاراستووە.

**-ئەوانەی لەوانەیە بە نیازی مانەوە بن تیایدا.**

**ئەوانە:** ئاخێوەر جێناوی (ئەوانە)ی وەک پەرژینێک بۆ(خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی) بەکارهێناوە، چونکە نەیویستووە بە ئاشکرا ناوی ئەوانە بهێنێت، کە دەیانەوێت لە پەرلەماندا بمێننەوە، بەوپێیەی قسەکەر لە سەرەتادا ئاماژە بەوە دەکات کە هەڵوێستی گونجاو کشانەوەیەوە لە پەرلەمان لەم سۆنگەیەوە پەیپێبراوانە (ئەوانە) بەکاردەهێنێت و خۆی دووردەخاتەوە لە ناوهێنان کە ڕووبەڕووی بەرپرسیارییەتی دەکاتەوە.

**- ئەوانەی لەوانەیە بە نیازی مانەوە بن تیایدا.**

**لەوانەیە:** وەک پەرژینێکی لاواز بۆ مەبەستی (خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی) لە لایەن ئاخێوەرەوە بەکارهێنراوە، چونکە نایەوێت بەدڵنیایی بڵێت ئەو کەسانەی کە بە(ئەوانە) ئاماژەی پێکردوون لە پەرلەماندا دەمێننەوە یان نامێننەوە هەربۆیە (لەوانەیە)بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی لە هەرکاتێکدا بتوانێت لە دەربڕاوەکەی پەشیمانببێتەوە.

## ٣/٣-٢) مەبەستی کەمکردنەوەی داواکاریی[٢٩]

بەکارهێنانی پەرژینەکان بۆ مەبەستی کەمکردنەوەی داواکاریی بۆ ئەوەیە داواکاریی گوێگران، یان ئامادەبووان زیاد لە توانای قسەکەر نەبێت، هەربۆیە قسەکەر بە ئاگاییەوە پەرژینەکان بۆ ئەم مەبەستە بەکاردەهێنزێت، بەکارهێنانی ڕادەی ئەم مەبەستەش لە دەقە وەرگیراوەکاندا بەمجۆرە دەردەخەین.

### ٣/٣-٢-١) مەبەستی کەمکردنەوەی داواکاریی لە دەقەکانی گروپی (آ) دا:

بە تێڕوانین لە دەقەکانی گروپی(آ) کە دەقەکانی (ئایدیۆلۆژیای پیشەییانە) لەخۆدەگرێت دەبینین ئەم مەبەستە کەمتر لە مەبەستی خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی بەکارهاتووە ،بەمشێوەیە:

---

٢٩- بۆ ئەوەی زیاتر دەربارەی مەبەستی کەمکردنەوەی داواکاریی بزانیت،بڕوانە پاری (٢/٤-٢)ی بەشی دووەمی ئەم نامەیە لاپەڕە(١٠٣-١٠٤)

**دەقی حەوتەم**

**-ئەوەی ڕاستییبێت من هاوڕا نیم، لەوەی مەترسی لەسەر تێکچوونی قەوارەی هەرێمی کوردستان هەبووبێت.**

**ئەوەی ڕاستیبێت من هاوڕا نیم:** بۆ مەبەستی (کەمکردنەوەی داواکاریی) وەک پەرژینێک لە دەربڕاوەکەدا بەکارهاتووە، چونکە قسەکەر دەیەوێت لە ڕێی پەرژینەکەوە مەترسی تێکچوونی قەوارەی هەرێم برەوێنێتەوە و داواکاریی زۆرتر بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی ئەو مەترسییە چۆنە و کێ هۆکاری مەترسییەکەیە نەکرێت، ئەمەش پیشاندانی ئەوەیە، کە پەرژینەکان لەڕوانگەی ئاوەز خوێندنەوەی ئاخێوەرانەوە لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا بەکاردەهێنرێن.

**دەقی هەشتەم**

**-دەمانەوێت بە هەبوونی جیاوازییەکانەوە یەکدی قبووڵ بکەین و بەیەکەوەبوونمان بەو واتایە نییە وەکو یەکمان لێبێت.**

**دەمانەوێت:** بەکارهێنانی ئەم پەرژینە بۆ مەبەستی(کەمکردنەوەی داواکاری)یە، قسەکەر دەیەوێت بڵێت ئێمە دەمانەوێت یەکدی قبوڵ بکەین، بەڵام نامانەوێت وەک یەکمان لێبێت، بۆیە داواکاریی زیاترمان لێمەکەن چونکە لە بنەڕەتدا ئێمە جیاوازین.

### ٣/٣-٢-٢) مەبەستی کەمکردنەوەی داواکاریی لە دەقەکانی گروپی (ب) دا:

ئەم دەقانە کە خاوەن (ئایۆلۆژیای کۆ سیاسییانەن) واتە بڕیاردەر نین و جومگە سەرەکییەکانی وڵاتیان بە دەستەوە نییە هەروەک لە پاری یەکەمدا باسکرا، لە کۆمەڵگەی کوردیدا زیاتر لە چێوەی (ڕێکخراو، پارتی ئۆپۆزسیۆن)دا دەردەکەون هێندەی مەبەستییان زیادکردنی داواکارییە لە دەسەڵات هێندە مەبەستییان کەمکردنەوەی نییە هەربۆیە مەبەستی کەمکردنەوەی داواکاریی لە دەقەکانی(٩-١٦)دا بەدیناکرێت.

## ٣/٣-٣) مەبەستی ئاڕاستەکردنی گوێگر[٣٠]

مەبەستی ئاڕاستەکردنی گوێگر وەک یەکێک لە مەبەستەکانی بەکارهێنانی پەرژینەکان زیاتر بریتییە لە ڕێنموونیکردن، هاندان، یان بیرهێنانەوەی کۆزانیارییەک لەلایەن قسەکەرەوە بۆ گوێگر، بەمەش هەم گوێگر سەرنجی لە دەربڕاوەکەی قسەکەردا قاڵدەکات هەم قسەکەر وەک زانیاریی گەیەنەر و متمانەپێکراوتر دەردەکەوێت، ئەمەش بەڕوونی لە پەرژینی ئاڕاستەکراوی خوێنەر، یان گوێگری(هایلاند) دەردەکەوێت. پەیوەست بەم مەبەستەش سەرنج لە پەرژینە جیاکراوەکانی دەقەکان دەدەین.

-----------------------------------

٣٠- بۆزانیاری زیاتر دەربارەی مەبەستی ئاڕاستەکردنی گوێگر،سودببینە لە پاری (٤/٢-٢) ی بەشی دووەمی ئەم نامەیە، لاپەرەی (١٠٤-١٠٥)

**٣/٣-٣-١) مەبەستی مەبەستی ئاڕاستەکردنی گوێگر لە دەقەکانی گرووپی (آ) دا:**

پەرژینە بەکارهاتووەکان بۆ مەبەستی ئاڕاستەکردنی گوێگر لە گرووپی(آ)دا بریتین لە دەقەکانی(١-٨) کە زیاتر بۆ وریاکردنەوە و بەئاگا هێنانەوەی لایەنی بەرانبەرە بەمجۆرە ڕوون و شیدەکەینەوە:

**دەقی یەکەم**

**-تۆ دەزانیت ئێمە و پارتی لە ڕووی مێژووییەوە دوو حزبی جیاوازین.**

**دەزانیت:** وەک پەرژینێکی زمانیی، قسەکەر بەمەبەستی(ئاڕاستەکردنی گوێگر)بەکاریهێناوە، بۆ ئەوەی پیشانیبدات، کە گوێگریش خاوەنی هەمان زانیارییە و ئاگاداری جیاوازی نێوان هەردوو حزبی یەکیەتی و پارتییە، واتە گوێگر لە ڕێگەی پەرژینەکەوە بۆ ناو دەقەکە ڕادەکێشێت.

**-وەک دیارە سەردانکردنەوە لە کاک مەسعود نابینین!**

**وەک دیارە:** بە مەبەستی (ئاڕاستەکردنی گوێگر)لە دەربڕاوەکەدا بەکارهاتووە بەوەی کە بۆ ئێوە و بۆ هەمووان دیار و ئاشکرایە کاک مەسعود سەردانی نەکردووینەتەوە، بەمەش گوێگر بۆ ناو دەقەکە ڕادەکێشێت، چونکە خاوەنی هەمان باری ئاوەزییە و ئاگاداری ڕووداوە یەکلەدواییەکەکانن.

**-ئەگەر بگەڕینەوە بۆ ساڵەکانی پێشوو.**

**ئەگەر:** وەک پەرژینێک بە مەبەستی(ئاڕاستەکردنی گوێگر) بەکارهاتووە، چونکە گوێگر ئاگاداری ساڵانی پێشتر دەکات، کە هەموو شتێک لە ئێستا باشتربووە، بەمەش زیاتر سەرنجی گوێگر بۆ ناو دەربڕاوەکانی ڕادەکێشێت، هانیدەدات دان بە ڕاستیی دەربڕاوەکەیدا بنێت.

**-وا دەردەکەوێت کە کاتی نەمابێت بۆ ئەنجامدانی هیچ شتێک.**

**وا دەردەکەوێت:** بە مەبەستی (ئاڕاستەکردنی گوێگر) بەکارهاتووە بەکارهێنانی ئەم مەبەستەش بەهۆی دەربڕاوی (حکومەت ماوەکەی خۆی تەواوکردووە) لە دەقەکەدا گەیەنراوە، بەوەش ئەو زانیارییەی پشتڕاستکردووەتەوە، کە کات بۆ هیچ شتێک نەماوە و ئاڕاستەی گوێگری کردووە.

**دەقی دووەم**

**-بەدڵنیاییەوە هەندێکی جێبەجێکراوە و هەندێکی جێبەجێ نەکراوە.**

**بەدڵنیاییەوە:** پەرژینێکە ئاستی ئاشکرایی بەرزی هەیە مەبەست لە بەکارهێنانی(ئاڕاستەکردنی گوێگرە) بەوپێیەی گوێگریش هەمان کۆزانیاریی دەربارەی ڕێککەوتنامەی نێوان(یەکیەتی و گۆڕان)هەیە، کە وەک خۆی جێبەجێنەکراوە بۆیە قسەکەریش هەمان زانیاری وەک بیرهێناوەیەک بۆ ئاگاداریی گوێگر دووپاتدەکاتەوە.

**-ئەوەی لە چوارچێوەی پارێزگای سلێمانییە بە دڵنیاییەوە بە گونجاوی دەزانین جێبەجێبکرێت.**

**بە دڵنیاییەوە:** پەرژینێکی ئاشکرایی بەرزە قسەکەر بە مەبەستی(ئاراستەکردنی گوێگر) بەکاریهێناوە، دەیەوێت لایەنی بەرانبەر، بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنامەکەی پارێزگای سلێمانی هانبدات، بەوەی کە دەیانەوێت ئەو ڕێککەوتنامەیە بۆ پارێزگای سلێمانییە جێبەجێبکرێت، چونکە گوێگر خاوەنی هەمان ئەو کۆزانیارییەیە، کە یەکییەتی پارێزگای سلێمانی لا مەبەستە و ڕێککەوتنەکەش لە چێوەی پارێزگاکەدا بە قازانجی خۆیەتی.

**-دەکرێت بگەڕێینەوە سەر ڕێککەوتنەکەی پێشوو (دەباشان) ئەگەر هەردوولایان ئیرادەیان هەبێت.**

**دەکرێت:** وەک پەرژینێک مەبەستی لێی (ئاراستەکردنی گوێگرە) قسەکەر دەیەوێت لایەنی بەرانبەر بۆ گەڕاندنەوەی سەر ڕێککەوتنامەکەی پێشوو هانبدات و بۆ ناو دەقەکەی ڕابکێشێت، بەمەش بەرپرسیارییەتی دەخاتە ئەستۆی لایەنی بەرانبەر، بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنامەکە.

**دەقی سێیەم**

**- مەبەستمە بڵێم پێویستمان بە تەباییە نەک پەرتبوون.**

**مەبەستمە:** ئاخێوەر بە مەبەستی(ئاراستەکردنی گوێگر)بەکاریهێناوە بەوپێیەی پەرژینی (مەبەستمە کە فۆرمێکی مەبەستم وایە)دەگەیەنێت لە ناو خۆیدا ئاراستەکردن و ڕێنمونی تێدایە بۆ ئەو کۆزانیارییەی کە ئاخێوەر دەریدەبڕێت و گوێگر پەیپێدەبات.

**-ئێمە ئەمڕۆ پێویستە خۆمان ڕووبەڕوی بەخۆداچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانە بکەینەوە.**

**پێویستە:** ئاخێوەر بە مەبەستی (ئاراستەکردنی گوێگر) ئەم پەرژینەی بەکارهێناوە، بۆ ئەوەی ئەو باوەڕە بە گوێگر و هەموو لایەنەکان بدات، کە بەخۆداچوونەوە و گفتوگۆ چارەسەری کۆی کێشەکان دەکات نەک ململانێ و دژایەتیکردنی یەکتر.

**-ئەگەر کێشەکانی ناوخۆی خۆمان چارەسەر بکەین، ئەوکات دەتوانین بە سەربەرزییەوە خزمەتێکی باش بە خەڵک و کوردستان بکەین.**

**ئەگەر-ئەوکات**: وەک پەرژینێکی لاواز بە مەبەستی(ئاراستەکردنی گوێگر) بەکارهێنراوە، چونکە قسەکەر دەیەوێت، هانی لایەنەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە لە ناوخۆدا هەیانە بدات،بەمەش سەرنجی گوێگر بۆ دەربڕاوەکە ڕادەکێشێت و بەرپرسیارییەتی کێشەکان دەخاتە ئەستۆی هەموو لایەنەکان.

**دەقی چوارەم**

**-ئەگەر یەک بەراوردی بچووک بکەین ئەوکاتەی دوو ئیدارەیی هەبوو سلێمانی گەشاوەتر و پێشکەوتوتر بوو.**

**ئەگەر:** قسەکەر (ئەگەر)ی بە مەبەستی (ئاڕاستەکردنی گوێگر) بەکارهێناوە، بۆ ئەوەی بیری گوێگر بە بەراوردکردنی ئێستا و ڕابردووی سلێمانییەوە قاڵبکات و بەرپرسیارییەتی دۆخی ئێستای سلێمانی بخاتە ئەستۆی لایەنی بەرانبەر، کە مەبەستی(پارتییە) بەمەش سەرنجی گوێگر بۆ ئەو زانیارییەی کە دەریدەبڕێت ڕادەکێشێت و دەیکاتە گەواهیدەری ڕاستی و دروستیی دەربڕاوەکەی.

**- بۆیە ئەگەر حکومەتی هەرێم مامەڵەی بەمجۆرە بێت،بە دڵنیایی داوای کۆبونەوەی ئەنجومەنی پارێزگا دەکەین.**

**ئەگەر:** بۆ مەبەستی (ئاڕاستەکردنی گوێگر) وەک پێدانی زانیارییەک و ئاگادارکردنەوەیەک بەکارهاتووە، بەوەی کە ئاڕاستەی گوێگر و لایەنی حکومی کردووە، کە ئەم مامەڵەکردنە لەگەڵ پارێزگای سلێمانی نەگونجاوە و لێکەوتەی خراپ بە دوای خۆیدا دەهێنێت.

**بە دڵنیایی:** وەک پەرژینێکی بەهێز ئاستی ئاشکرایی بەرزی هەیە قسەکەر بە مەبەستی (ئاڕاستەکردنی گوێگر) بۆ ئاگادارکردنەوەی لایەنی بەرانبەر، بۆ ئەو زانیارییەی کە لە دەقەکەدا خستویەتیەڕوو بەکاریهێناوە، وەک کاردانەوەیەک ئاڕاستەی لایەنی حکومی کردووە و گوێگریش بە سەرنج و جێی بایەخەوە لە دەربڕاوەکەی دەڕوانێت.

**دەقی پێنجەم**

**-ئەگەر یەکێتی لە حکومەت بکشێتەوە دەبێت بەرپرسیاریەتی ئەنجامەکەشی هەڵگرێت.**

**ئەگەر:** بەکارهێنانی پەرژینی (ئەگەر) بە مەبەستی (ئاڕاستەکردنی گوێگر)ە،کە لێرەدا مەبەست لە (یەکییەتییە) بۆ ئەو دەرەنجامەی لە ئەگەری کشانەوەی (یەکییەتی لە حکومەت) ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، کە بێگومان دەرەنجامێکی خراپی دەبێت و توشی لێپێچینەوە و بەرپرسیارێتی دەکات، ئەمەش لەسەر بنەمای هەڵهێنانێکی شیمانەییە، پەیوەستە بە پەرژینی ئاڕاستەکراوی وردیی هایلاندەوە.

**-یەکێتی خۆیان دەزانن بە کشانەوەیان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەبێت چاوەڕێی چ ئەنجامێکی قورس بکەن بۆ هەرێمی کوردستان.**

**دەزانن:** پەرژینێکە بۆ (ئاڕاستەکردنی گوێگر) بەکارهاتووە، قسەکەر دەیەوێت بە بەکارهێنانی (دەزانن) ئەو دەرەنجامە بەبیر (دەسەڵاتدارانی یەکییەتی) بهێنێتەوە، کە خۆشیان کۆزانینیان هەیە دەربارەی و ئاکامی باشی نابێت و قورس بۆیان دەکەوێتەوە.

**-دەبێت یەکییەتی بەرپرسیاریەتی ئەوە هەڵگرن کە هەرێمی کوردستان بەرەو چ ئاراستەیەک دەڕوات.**

**دەبێت:** ئەم پەرژینە لەلایەن قسەکەرەوە بە مەبەستی (ئاڕاستەکردنی گوێگر) بەکارهاتووە، قسەکەر دەیەوێت گوێگر ئاگاداربکاتەوە، لەوەی ئەگەر هەرێمی کوردستان بە ئاڕاستەیەکی خراپ بەهۆی یەکییەتییەوە هەنگاو بنێت، ئەوا دەبێت بەرپرسیارییەتیەکەی هەڵبگرن، ئەمەش جۆرێک لە هەڕەشە و خۆسەپاندنی تێدایە.

دەقی حەوتەم

**-چونکە پێموایە کوردستان خاوەنی نەتەوەیەکی بەئیرادە و بەهێزە کە توانیویەتی ڕووبەڕووی زۆر لەو کێشانەی پێشووتریش ببێتەوە، کە هەوڵی نەهێشتنی کیان و نەتەوەو خەڵکی کوردستانیان .**

**پێموایە:** ئەم پەرژینە بۆ مەبەستی (ئاڕاستەکردنی گوێگر) بەکارهاتووە، بەجۆرێک ئاخێوەر دەیەوێت لە ڕێی پەرژینەکەوە هانی خەڵک بدات بۆ ئەو شتەی کە مەبەستییەتی ئەویش (پارێزگاریکردنە لە قەوارەی هەرێمی کوردستان) لەهەنکاتیشدا ئەو بەرپرسیارییەتییە دەخاتە سەرشانی خەڵک بەوەی کە دڵسۆز و بە ئیرادەیە دەبێت قەوارەکە بپارێزێت.

**-پێموایە هیچ هێزێک ناتوانێت ئەم قەوارەیە تێکبدات.**

**پێموایە:** مەبەست لە بەکارهێنانی (پێموایە) بریتییە لە (ئاڕاستەکردنی گوێگر) قسەکەر پشتبەستوو بە پەرژینەکە بە ڕوونی ئەو زانیارییە بە گوێگر و هێزەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت ئەو توانایەیان نییە قەوارەی هەرێمی کوردستان تێکبدەن، هەروەها لە گەیاندنی پەیامەکەشدا جۆرێک لە توندی دەبینرێت بەمەش دەیەوێت سەرنجی گوێگر بە لای خۆی و دەربڕاوەکەیدا ڕابکێشێت.

**-پێویستە خەڵکی کوردستان خۆیان دادوەر بن.**

**پێویستە خەڵکی کوردستان خۆیان دادوەر بن:** قسەکەر ئەم دەربڕاوەی بە مەبەستی(ئاڕاستەکردنی گوێگر) بەکارهێناوە و دەیەوێت لە ڕێیەوە سەرنجی خەڵکی بۆ لای دەربڕاوەکەی ڕابکێشێت و هانیبدات، بۆ گەواهیدانی ئەوەی کێ لە غەمی خەڵکی کوردستانە، بۆ ئەم مەبەستەش بەرپرسیارییەتی حوکمدانەکە دەخاتە ئەستۆی خەڵک.

**-لەبەرئەوە من پێموایە مەسەلەی یەکڕیزی و تەبایی هێزە سیاسییەکان زامنی پاراستنی ئەم قەوارەیە.**

**پێموایە:** بە مەبەستی (ئاڕاستەکردنی گوێگر) بەکاریهێناوە، بۆئەوەی باشترین بژاردە بۆ پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان بە گوێگر بگەنێت و گەواهیدەری ڕاستیی دەربڕاوەکەی بن بەوەی، کە گوێگر و خەڵکیش خاوەنی هەمان باوەڕ و باریی ئاوەزین دەربارەی تەبایی و یەکڕیزیی، کە هەمیشە دەستکەوتی باشتر و سەرکەوتن بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

دەقی هەشتەم

**-هیوام وایە چۆن ئێمە بڕیاری کۆنگرە و سەرۆک مەسعود بارزانیمان هەیە بۆئەوەی لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدەینەوە، خەڵکیش هەڵدانەوەی ئەو لاپەڕەیەی ئێمە بە شێوازێکی دیکە تێنەگات.**

**هیوام وایە:** مەبەست لە بەکارهێنانی ئەم پەرژینە (ئاڕاستەکردنی گوێگر)ە ، چونکە قسەکەر دەیەوێت ئەو زانیارییە بە گوێگر بدات، کە قسەکەر و پارتەکەی پابەندی بڕیاڕی سەرکردایەتین و نایەوێت خەڵکی تر لێکدانەوەی جیاواز بۆ هەڵوێستەکەیان بکەن، بەمەش خەڵک هاندەدات بۆ ڕەخنەگرتن لەو پارتانەی

که پابەند نین بە بڕیارەکانی سەرکردایەتی حزبەکانیانەوە بێ سەرەوەبەرەییان پێوە دیارە، بۆ ئەمەش دەربڕاوێکی جەختکەرەوە  بە گوێگر ڕادەگەیەنێت.

**- دەکرێت لە هەرێمی کوردستان لە بارەی هەندێک بابەت بۆچوونی جیاوازمان هەبێت و لەسەر چارەسەری هەندێک کێشەی ناوخۆیی جیاواز بین.**

**دەکرێت:** مەبەست لەم پەرژینە (ئاڕاستەکردنی گوێگر)ە، قسەکەر مەبەستییەتی ئەو زانیارییە بگەیەنێت بوونی جیاوازییەکان لە ناوخۆدا ئاساییە، بەڵام لە بەغداد دەبێت هەوڵبدرێت ئەم جیاوازییانە نەبنەهۆی لاوازیی پێگەی کورد لە عێراق، بەمەش خەڵک بۆ فشار خستنەسەر حزبەکان بۆ ڕێککەوتن و یەکڕیزیان لە بەغداد هاندەدات.

**- هیوامانوایە ئەم کولتوورە کۆتایی پێبهێندرێت و لەو ڕێککەوتنە سیاسییەی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان کردوومانە ئەم کێشانەی هەن چارەسەریان بکەین.**

**هیوامانوایە:** مەبەستی ئەم پەرژینە (ئاڕاستەکردنی گوێگر) و لایەنە سیاسییەکانە، بۆئەوەی کلتوریی ڕق و کینە و دژایەتی نەهێڵن و هەوڵی چارەسەکردنی کێشەکان بەشێوەیەکی ئاشتییانە بدەن.

**- ئەگەر ئومێدێکیش هەڵدەچنین، لەسەر ئەو ڕێککەوتن و گفتوگۆیانەیە کە کردوومانن و واژۆیان لەسەر کراوە.**

**ئەگەر:** بۆ مەبەستی (ئاڕاستەکردنی گوێگر) بەکارهاتووە، چونکە قسەکەر دەیەوێت ئەوە بە لایەنەکان بگەیەنێت، کە خەڵک ئومێدی بە ڕێککەوتنەکان هەیە، بەمەش سەرنجی خەڵک بۆ پێویستیی ڕێککەوتنی لایەنەکان ئاڕاستە دەکات، بۆیە پێویستە لایەنەکان لە بەرژەوەندیی خەڵکدا واز لە ناکۆکییەکان بهێنن و بە دوای چارەسەری ڕیشەییدا بگەڕێن.

### ٣/٣-٣-٢) مەبەستی ئاڕاستەکردنی گوێگر  لە دەقەکانی گروپی (ب) دا:

مەبەستی ئاڕاستەکردنی گوێگر لە دەقەکانی گروپی(ب)دا مەبەستێکی بنەڕەتی و سەرەکییە، چونکە ئەو کەسانەی خاوەنی ئائدیۆلۆژیای کۆسیاسیانەن ئامانجیان پیشاندانی کەموکورتی و چارەسەرکردنی کێشەکانە، ئەم مەبەستەش پەیوەست بە پەرژینە بەکارهاتووەکان لە دەقەکانی(٩-١٦)دا بەمشێوەیە دەخەینە بەر لێکۆڵینەوە و پشکنین:

**دەقی دەیەم**

**- گەر لەمڕوانگەوە سەیری دۆخی خۆمان بکەین دەبینین لە هەرێمدا زۆرینەی خەڵک لە نوخبەی حوکمڕان ناڕازین.**

**گەر لەمڕوانگەیەوە:** ئاخێوەر بە مەبەستی (ئاڕاستەکردنی گوێگر) ئەم پەرژینەی بەکارهێناوە، بۆ ئەوەی گوزەرانی خەڵک لە ژێر ئەو حوکمڕانییەی، کە هەیە بیگەیەنێت و ئەو زانیارییەش بۆ خەڵک ڕوونبکاتەوە کە حوکمڕانی دروست دەبێت چۆن بێت، بۆ ئەوەی مافی هەمووان تیایدا پارێزراو بێت.

**دەقی یازدەیەم**

**-کۆمپانیاکان ئامادە نین ژیانی خۆیان بخەنە مەترسییەوە لە هیچ کوێ، لەبەر هیچ کەس، کاتێکیش ئەمە بکەن ڕەنگە تەنها بە پاڵنەر و دەسکەوتی مادیی زیاتر بیکەن.**

**ڕەنگە:** بۆ مەبەستی (ئاڕاستەکردنی گوێگر)ە، ئاخێوەر دەیەوێت دۆخی مەترسیداری بازرگانیی و بزنسکردن لە هەرێمی کوردستان وەک بانگەشەیەک، لە بەرانبەر نارەزایەتییەکان دژی دەسەڵاتدارانی هەرێم بە گوێی گوێگردا بدات، ئەم زانیارییەش لای خەڵک زانراوە و هۆشیارییان بۆی هەیە ئەمەش وادەکات دەربڕاوەکەی متمانەپێکراوتر بێت.

**-خۆ ئەگەر پاڵنەرێکی سیاسیش هەبێت لە پشت کۆمپانیا گەورە فرە ڕەگەزەکانەوە دیسان دوای بڕیارەکەی دادگای فیدڕاڵی پشتیوانی عێراق دەکەن نەک لایەنی دۆڕاوی ئەو کەیسە.**

**ئەگەر:** وەک پەرژینێک قسەکەر بۆ مەبەستی (ئاڕاستەکردنی گوێگر) بەکاریهێناوە، بەوەی کە هەر کۆمپانیایەک یان کەسێکی سیاسی لە پشتە، یان بە هۆکارێکی سیاسی ئەم کارە دەکات، لەگەڵئەمەشدا ئەگەر حکومەتی عێراق بڕیارێک لە دژی هەرێم بدات پشت لە هەرێم دەکەن و ڕوودەکەنە عێراق لە پێناو بەرژەوەندیی خۆیاندا.

**-ئەگەر تا ماوەیەکیش بە دیار هەندێ بەرژەوەندییەوە ریسک و موجازەفە بکەن ئەکید تا سەر نایکەن.**

**ئەگەر:** ئاخێوەر ئەم پەرژینە بۆ (ئاڕاستەکردنی گوێگر) بەکاردەهێنێت و دەیەوێت ئەوە بە گوێگر و حکومەتی هەرێم بگەیەنێت، کە ئەم کۆمپانیایانە تەنها لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان لە هەرێم کاردەکەن، بەڵام ئەگەر ئەم بەرژەوەندییەیان لە دەستدا، یان کەوتە مەترسییەوە ئەوا ڕکابەرایەتی هەرێم دەکەن ئەمەشی لە ڕێگەی دەربڕاوی (ئەکید) جەخت لێکردووەتەوە.

**دەقی دوازدەیەم**

**-گەرچی ڕەنگە زۆربەی شەڕەکان بدۆڕێنین و سەدان و هەزارانمان شەهید بن، بەڵام شانازی دەکەین کە هەر بەردەوامین.**

**گەرچی ڕەنگە:** وەک پەرژینێک بە مەبەستی (ئاڕاستەکردنی گوێگر)بکارهاتووە، ئاخێوەر دەیەوێت ئەو زانیارییە بە گوێگر بدات گەرچی ئێمە وەک گەلی کورد ڕەنگە لە ڕووی سەربازییەوە لاوازبین، بەڵام هەمیشە ورەمان بەرزبووە و بەردەوامبووین، بە واتایەکی تر دۆڕاندن تەنها لەڕووی سەربازییەوە نییە

بەڵکو دۆڕاندن لە شەڕدا لە زۆر زەبری ناوخۆی باشتر و کەم ئازارترە ئەمەشی لەدەقەکەدا بەڕوونی دەرخستووە.

**-گەر ناپاکی و خیانەتی براکان نەبێت، لە کوێ و چۆن فرۆکەیەکی تورکی دەتوانێت سەیارەیەکی لە سەیرانگەیەکی دەوری سلێمانیدا بکاتە ئامانج و ئامانجەکەش بپێکێت؟**

**گەر**: ئەم پەرژینە بۆ مەبەستی (ئاڕاستەکردنی گوێگر)بەکارهاتووە، خودی پەرژینەکە ئاڕاستەکردنی ئەو پرسیارەیە کە ئاخێوەر لە دەربڕاوەکەیدا دەیوروژێنێت و دەیخاتە هەگبەی گوێگرەوە، کە چەمکی تاوانبارکردنی لەخۆگرتووە، بەمەش سەرنجی گوێگر بۆ لای خۆی و دەربڕاوەکەی ڕادەکێشێت. بەوەی زانیارییەکەی، لە فۆڕمی پرسیاردا ئاڕاستەی گوێگر کردووە، بۆ ئەوەی گوێگر بیری لێبکاتەوە و گەواهی ڕاستی دەربڕاوەکەی بۆ بدەن.

**دەقی سیازدەیەم**

**-کادیری پارتی و یەکێتی چونکە لە هونەری مومکیندا سەعیی جوانیان نەکردووە، زۆر بە زوویی عەیب و عاری سیاسییان ئاشکرا دەبێت، لەم نمایشانەیاندا ڕەنگە ببنە مایەی دەستخۆشییەکی کاتی لە بڕیار بەدەستێکەوە بەڵام بۆ مێژوو تەریقبونەوەیەک قەرزار دەبن.**

**ڕەنگە:** ئاخێوەر (ڕەنگە)ی بۆ (ئاڕاستەکردنی گوێگر) لە دەربڕاوەکەدا بەکارهێناوە و وەک تەنزێک ئاڕاستەی کادرانی یەکییەتی و پارتیی کردووە، بەوەی هەڵسوکەوتیان نەشیاوە و تەنها لە پێناو بەرژەوەندیی تاکەکەسیدا کاردەکەن و لە مێژوودا لەسەر ئەم کردەوانەیان بە وێنەیەکی نەشیاو لە ئاوەزیی ئاخێوەراندا دەمێننەوە.

**-ڕەنگە لە مەودای بینراودا ببێتە مایەی لایکباران و دڵبارانکردن لە فەیسبوک، بەڵام لەمەودای دورتر مێژوی شەخسی خۆیان ژەهراوی دەکەن.**

**ڕەنگە:** بۆ مەبەستی (ئاڕاستەکردنی گوێگر)ە و جەختکردنەوەیە لەسەر کارە نەشیاوەکانی کادرانی یەکییەتی و پارتی وەک دووحزبی باڵادەست، بەم جەختکردنەوەیەش قسەکەر دەیەوێت دەربڕاوەکەی متمانەپێکراوتر بێت و گوێگریش هەمان زانیاری پشتڕاستبکاتەوە.

**-مەبەستم مەجلیسی ئەو بەدبەختانەیە کە نەزمی نوێ گەرمی نەکردنەوە و یادەوەرییان دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی ڕەوی ١٩٩١:**

**مەبەستم:** ئاخێوەر پەرژینی(مەبەستم)ی بۆ (ئاڕاستەکردنی گوێگر) لە شێوەی ڕەخنەدا بەکارهێناوە، بۆ ئەوەی بە کادرانی هەر دوو حزب بڵێت، کە یەکییەتی و پارتی هێشتا لەو بەرگە کۆن و نائاگاییە نەچوونەتە دەرەوە هەرکات زانییان بارودۆخی ئێستا بە سوودی ئەوان نییە، پەنا دەبەنە بەر باسکردنی ئەو کارەساتانەی کە بەسەر کورددا هاتووە و تا ئێستاش بە زهنی ڕەوەکە بیر دەکەنەوە.

**دەقی چواردەیەم**

**-گەر ئەم یاسایە دەستکەوتە بۆ حکومەت، خێرە لایەنەکانی حکومەت لە پێشدا وەزیر و پەلەمانتارەکانی خۆیان ناچارناکەن فۆرمی ڕەتکردنەوە پڕبکەنەوە؟**

**گەر:** قسەکەر ئەم پەرژینەی بۆ (ئاراستەکردنی گوێگر) بەکارهێناوە، چونکە قسەکەر لە ڕێی بەکارهێنانی پەرژینەکەوە دەیەوێت گوێگر هانبدات دەربارەی ئەو یاسا خانەنشینییەی کە حکومەت دەریکردووە، بەوەی یاسایەکی خراپە، ئەمەشی لە دەقەکەدا پشتڕاستکردووەتەوە،

**دەقی شازدەیەم**

**-من تا ئێستا دەیانجار پێم لەسەر دوو خاڵی ترسناک داگرتووە.**

**دەیانجار:** ئاخێوەر ئەم پەرژینەی بە مەبەستی (ئاراستەکردنی گوێگر) بۆ ئەو زانیارییەی، کە پێی لەسەر داگرتووە بەکارهێناوە ئەویش ئەوەیە کە (لە کوردستان لای دەسەڵاتی سیاسی شتێک بە ناوی مەسەلەی سیاسی و مەسەلەی کورد بوونی نەماوە)ئەمەش وەک کۆزانیارییەک بە گوێگر دەگەیەنێت و متمانەی گوێگر بۆ خودی دەربڕاوەکەی وەک لە دەقەکەدا باسیکردووە بەدەستدەهێنێت.

**-هەمووومان دەزانین لەناو پراگماتیزمی سیاسیدا دەشێت هەندێک کار و کردەوە ئەنجامبدرێت کە هێزەکان لە ناچاریدا ئەنجامیبدەن.**

**هەمووومان دەزانین:** ئەم پەرژینە لەلایەن ئاخێوەرەوە بۆ مەبەستی (ئاراستەکردنی گوێگر)بەکارهێنراوە، چونکە قسەکەر و گوێگر خاوەنی هەمان کۆزانیارین و قسەکەر جارێکی تر ئاراستەی گوێگری دەکات و بە بیری دەهێنێتەوە، بەوەی کە دەکرێت (هەندێکجار لە ناچاریدا لایەنێکی سیاسی تەنازول بکات) بەڵام نەک بەو شێوەیەی کە لە هەرێمی کوردستان ڕوودەدات، بەمەش زیاتر گوێگر بۆ دەقەکەی ڕادەکێشێت و وەک گەواهیدەر بۆ ڕاستی دەربڕاوەکەی بەکاریدەهێنێت.

### ٤-٣/٣) مەبەستی ڕاگرتنی ژینگەی پەیوەندیداریتی[٣١]

بەکارهێنانی پەرژینەکان بە مەبەستی ڕاگرتنی ژینگەی پەیوەندیداریتی بۆ دروستنەبوونی ڕەوشێکی نەخوازراوە لە نێوان بەشداربووانی پرۆسەیەکی ئاخاوتندا، ئەمەش بە پیشاندانی هاوسۆزیی و هاوڕابوون بۆ گوێگر لەلایەن ئاخێوەرەوە بەرجەستە دەبێت. ئەم مەبەستەش لە دەقە وەرگیراوەکانی پاری یەکەمدا ڕووندەکەینەوە و دەخەینە بەرچاو.

### ١-٤-٣/٣) مەبەستی ڕاگرتنی ژینگەی پەیوەندیدارییەتی لە دەقەکانی گرووپی (آ) دا:

دەقەکانی گرووپی (آ) ئەو دەقانەن کە خاوەن ئایدیۆلۆژیای سیاسین واتە ئەو کەسانەی کە خاوەنی ئەمجۆرە ئایدیۆلۆژیایەن و لە دەقەکانیاندا دەینوێنن زۆرجار هەوڵدەدەن ژینگەیەکی ئارام و کەشێکی ئاسوودە بۆ پرۆسەی پەیوەندیکردنەکە برەخسێنن، ئەمەش بە مەبەستی دروستنەبوونی گرژی و

-----------------------------------

٣١-بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی مەبەستی ڕاگرتنی ژینگەی پەیوەندیداریتی،بڕوانە پاری (٢-٤/٢) ی بەشی دووەمی ئەم نامەیە لاپەڕە (١٠٥)

بەلاڕێدا نەبردنی کۆی پرۆسەی پەیوەندیکردنەکە. ئەم مەبەستەش لە پەرژینە بەکارهاتووەکانی دەقەکانی(١-٨)دا شیدەکەینەوە:

**دەقی سێیەم**

**- پەیوەندی دروست و بەپێی دەستور لەگەڵ بەغدا جێبەجێبکەین ئەو کات دەتوانین بە سەربەرزییەوە خزمەتێکی باش بە خەڵک و کوردستان بکەین و ڕوحی شەهیدەکانمان شادبکەین.**

**دەتوانین:** بەکارهێنانی وەک پەرژینێک بۆ مەبەستی (ڕاگرتنی ژینگەی پەیوەندیدارێتی)یە، چونکە ئەگەر لە دەربڕاوەکە وردبینەوە ئەوە دەردەکەوێت ئاخێوەر بە پیشاندانی هاوغەمی بۆ خەڵکی کوردستان و شەهیدەکان دەیەوێت پەیوەندیی نێوان لایەنە سیاسییەکان و خەڵک باشتر بکات و ژینگەیەکی تێگەیشتوو لە نێوانیاندا بونیادبنێت، ئەمەشی لە دەقەکەدا بە دەربڕاوی (پێویستە خۆمان روبەڕوی بەخۆداچوونەوەیەکی رەخنەگرانە بکەینەوە) سەلماندووە.

**-لە ڕاستیدا ئەگەر لۆژیک زاڵ بکەین وەک گوتمان ئەوەی لە پێشمانە زۆر لەوە زیاترە لەوەی ئێستا لە پێناویدا خەریکە حیسابی بۆ دەکەین.**

**لە ڕاستیدا ئەگەر:** بە مەبەستی (ڕاگرتنی ژینگەی پەیوەندیدارێتی) بەکارهاتووە، چونکە قسەکەر لە ڕێی دەستەواژەی (ئەوەی لە پێشمانە) کە بە واتای هاوسۆزیی و غەمخۆری بۆ داهاتوو لە دەبڕاوەکەدا بەکارهاتووە، دەیەوێت ئاماژە بەوە بکات کە بە مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتەکان بە لۆژیکییانە ئەوا دەتوانین داهاتوو مسۆگەر بکەین .

**دەقی پێنجەم**

**- جەختیکردەوە ئەگەر یەکێتی بڕیاری کشانەوە لە حکومەت بدات ئەنجامەکە بە دڵی هیچ لایەنێک نابێت**

**جەختیکردەوە:** بەکارهێنانی پەرژینەکە بە مەبەستی (ڕاگرتنی ژینگەی پەیوەندیدارێتی)یە، چونکە قسەکەر بە بەکارهێنانی(ئەنجامەکەی بە دڵی هیچ لایەنێک نابێت) جۆرێک لە هاوسۆزیی و دڵسۆزی خۆی بۆ خەڵکی کوردستان و قەوارەکەی دەیەوێت ژینگەی پەیوەندیداری یەکییەتی و پارتەکەی جۆرێک لە باشبوون و بەرەوپێشچوون بە خۆیەوە ببینێت.

**دەقی شەشەم**

**-بەڵام ئەگەر هەر بڕیار وابێت هێزە سیاسییەکان گفتوگۆ بکەن بۆ ئەوەی چارەسەرێکی هاوبەشیان هەبێت، پارتی ڤیتۆی لەسەر هیچ سیستەمێک نییە.**

**بەڵام ئەگەر:** وەک پەرژینێک قسەکەر بە مەبەستی (ڕاگرتنی ژینگەی پەیوەندیدارێتی) بەکاریهێناوە بەرانبەر بە دید و بۆچوونی هێزە سیاسییەکانی تر پیشاندانی نیاز و مەبەستێکی باش لەلایەن پارتی

قسەکەرەوە، بەوەی کە پارتەکەی هەمیشە دەیەوێت لەگەڵ پارتەکانی تری هەرێمی کوردستاندا پەیوەندییەکی باش و دۆستانەیان هەبێت و خوازیاری تێکدانی ئەو پەیوەندییە نین.

**دەقی حەوتەم**

**-ئەگەر کورد بتوانن خۆیان یەکبن و هەموو خەڵکی کوردستان بە حزبە سیاسییەکان و بە بیروبۆچوونە جیاوازەکانیانەوە، کە دەتوانن بۆ باشترکردنی خزمەتگوزاری، یان خزمەتی خەڵکی خۆیان دەتوانن بۆچوونی جیاوازیان هەبێت. بەڵام لەسەر پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان یەکهەڵوێست بن.**

**ئەگەر-بەڵام:** ئاخێوەر ئەم پەرژینەی بە مەبەستی (ڕاگرتنی ژینگەی پەیوەندیدارێتی)بەکارهێناوە، بەجۆرێک لە دەربڕاوەکەدا بۆ پیشاندانی هاوسۆزیی بۆ بیروبۆچوونە جیاوازەکانی حزبەکانی هەرێمی کوردستان و باشکردنی ژیانی خەڵک ئەو پەیوەندییەی لە نێوان حزبەکاندا هەیە ڕادەگرێت و کەشێکی باشتر بۆ پەیوەندییەکانیان دەستەبەردەکات.

**-دەزانم تووشی قەیران بووین، بەڵام بەیەکەوە دەتوانین ئەم قەیرانە تێپەڕێنین.**

**دەزانم:** وەک پەرژینێک بۆ( ڕاگرتنی ژینگەی پەیوەندیدارێتی)یە، قسەکەر لە ڕێی پەرژینەکەوە دیدگا و تێڕوانینی لەگەڵ گوێگر و خەڵکیدا هاوڕادەکات، بۆئەوەی ژینگەیەکی باشتر بۆ پەیوەندیکردن فەراهەمبکات.

**- ئومێدم وایە کاتێکی باشتر چاوەڕێی خەڵکی کوردستان دەکات.**

**ئومێدم وایە:** مەبەست لە بەکارهێنانی ئەم پەرژینە (ڕاگرتنی ژینگەی پەیوەندیدارێتی)یە لەگەڵ گوێگر و خواستن و هاوسۆزیکردنی داهاتوویەکی باشتر بۆ خەڵک و ئەو قەوارە کوردییەیە، کە قسەکەر خۆی بە بەرەیەک لە خەڵک تیایدا دەبینێت.

**٣/٣-٤-٢) مەبەستی ڕاگرتنی ژینگەی پەیوەندیدارییەتی لە دەقەکانی گروپی (ب) دا:**

گروپی(ب) کە دەقەکانی(٩-١٦)لەخۆدەگرێت لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیای کۆسیاسیانە وێنا کراون، بەوپێیەی کەسانی خاوەن ئەمجۆرە ئایدیۆلۆژیایە دەربڕاوەکانیان زیاتر لە شێوەی تەنز و ڕەخنە و داواکاریدایە، بۆیە چۆنییەتی ژینگەی پەیوەندیکردنەکە بۆ ئەمجۆرە کەسانە جێگەی بایەخ و گرنگیپێدان نییە، هەرئەمەش وایکردووە کە ئەم چەشنە مەبەستە لە دەقەکانی گروپی(ب)دا نەبینرێتەوە.

## ٣/٣-٥) مەبەستی نواندنی ڕێزگرتن[٣٢]

نواندنی ڕێزگرتن پیشاندانی مەودای نێوان ئەو پەیوەندییەیە، کە لەنێوان ئاخێوەراندا هەیە، بۆ ئەمەش زۆرجار قسەکەران پەرژینەکان بۆ پیشاندانی سەربەخۆی تاکەکان لە هەڵبژاردندا لە دەربڕاوەکانیاندا

-----------------------------------

٣٢-بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی نواندنی ڕێزگرتن،بڕوانە پاری (٢/٢-٤-٢)ی بەشی دووەمی ئەم نامەیە،لاپەڕە(١٠٦-١٠٧)

بەکاردەهێنن. ئەم مەبەستەش پەیوەست بە پەرژینە جیاکراوەکانی پاری یەکەم بەمشێوەیە ڕووندەکەینەوە.

**٣/٣-٥-١) مەبەستی نواندنی ڕێزگرتن لە دەقەکانی گروپی (آ) دا:**

نواندنی ڕێزگرتن وەک یەکێک لە مەبەستەکانی بەکارهێنانی پەرژینەکان بۆ وێناکردنی بایەخ و گرنگیپێدان بە لایەنی بەرانبەر کەم تا زۆر لە دەقەکانی(١-٨)دا دەبینرێتەوە:

**دەقی یەکەم**

**- نامەوێت لە بری ئەوان قسە بکەم.**

**نامەوێت:** بەکارهێنانی پەرژینی (نامەوێت) بۆ مەبەستی (نواندنی ڕێزگرتن)ە ، چونکە ئاخێوەر دەیەوێت وێنەیەکی ئەرێنی خۆی لە ئاوەزیی بەرانبەر کە (گۆڕان)ە لە دەقەکەدا بونیاد بنێت و لە بری ئەوان قسە نەکات و ڕێز لە تێڕوانینی گۆڕان خۆی بگرێت، هەرچەند لە دەربڕاوی دواتردا بوونی کێشە بۆ ئەوانیش بە ئەگەر دەزانێت.

**دەقی دووەم**

**-دەکرێت لە دەرەوەی ڕێککەوتننامە واژۆکراوەکانیش پەیوەندییەکی دۆستانەمان هەبێت.**

**دەکرێت:** وەک پەرژینێکی زمانی بە مەبەستی(نواندنی ڕێزگرتن) بۆ لایەنی بەرانبەر بەکارهاتووە، واتە لە باری نەبوونی ڕێککەوتنامەی فەرمییدا پارتی قسەکەر ڕێز لە لایەنەکەی تر کە مەبەستی لە (گۆڕان)ە دەگرن و دستایەتی خۆیان دەپارێزن، بە وردبوونەوەش لە دەربڕاوەکە قسەکەر ب ڕێزەوە ئەوە بە گوێگر و لایەنی بەرانبەر دەدات مەرج نییە بە ڕێککەوتنە واژۆکراوەکەی نێوانمانەوە پابەندبین

**٣/٣-٥-٢) مەبەستی نواندنی ڕێزگرتن لە دەقەکانی گروپی(ب)دا:**

دەقەکانی(٩-١٦) کە لە گروپی(ب)دا نوێنراون خاوەنی ئایدۆلۆژیای کۆسیاسیانەن شێوازی دەربڕینیان زیاتر ڕاشکاوانەیە، چونکە پیشاندانی لایەنە نەرێنییەکانی دەسەڵاتە، بۆیە بە مەبەستی نواندنی ڕێزگرتنەوە پابەند نین و ئەمجۆرە مەبەستەش لە دەقەکانیاندا نابینرێتەوە.


شیکردنەوە کارەکییەکانی مەبەستی بەکارهێنانی پەرژینەکان پەیوەست بە مەبەستی (کەمکردنەوەی داواکاریی، ڕاگرتنی ژینگەی پەیوەندیدارییەتی، نواندنی ڕێزگرتن) لە سەرجەم دەقەکانی گروپی (ب) دا بەدیناکرێت.

بە وردبوونەوە و سەنجدان لە مەبەستەکانی بەکارهێنانی پەرژینە زمانییە جیاکراوەکان لە دەقەکانی هەردوو گروپی (آ و ب) دا ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت، کە مەبەستەکان بەڕێژەی جیاواز پەیوەست بە هەریەک لە گروپەکان بەکاردەهێنرێن، ئەم جیاوازی ڕێژەی بەکارهێنانەش بەم خشتە و چارتانەی خوارەوە دەردەخەین:

| ڕێژەی بەکارهێنانی مەبەستی پەرژینە زمانییەکان لە دەقەکانی گرووپی (آ) دا | | | |
| --- | --- | --- | --- |
| ژ | مەبەستی پەرژینە زمانییەکان | پاتبوونەوەی مەبەستەکە | ڕێژە٪ |
| ١ | خودپاراستن لە بەرپرسیارێیەتی | ٤٦ | ٪٥٧ |
| ٢ | ئاراستەکردنی گوێگر | ٢٤ | ٪٣٠ |
| ٣ | ڕاگرتنی ژینگەی پەیوەندیدارییەتی | ٧ | ٪٩ |
| ٤ | نواندنی ڕێزگرتن | ٢ | ٪٢ |
| ٥ | کەمکردنەوەی داواکاری | ٢ | ٪٢ |
| | **کۆی گشتی** | ٨١ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە(١٧)

ڕێژەی بەکارهێنانی مەبەستی پەرژینە زمانییەکان لە دەقەکانی گرووپی (آ) دا





چارتی ژمارە(٢)

ڕێژەی بەکارهێنانی مەبەستی پەرژینە زمانییەکان لە دەقەکانی گرووپی (آ) دا

| ڕێژەی بەکارهێنانی مەبەستی پەرژینە زمانییەکان لە دەقەکانی گرووپی (ب) دا | | | |
|---|---|---|---|
| ژ | مەبەستی پەرژینە زمانییەکان | پاتبوونەوەی مەبەستەکە | ڕێژە٪ |
| ١ | ئاراستەکردنی گوێگر | ١٢ | ٪٥٥ |
| ٢ | خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی | ١٠ | ٪٤٥ |
| ٣ | ڕاگرتنی ژینگەی پەیوەندیدارییەتی | ٠ | ٪٠ |
| ٤ | نواندنی ڕێزگرتن | ٠ | ٪٠ |
| ٥ | کەمکردنەوەی داواکاری | ٠ | ٪٠ |
| | **کۆی گشتی** | ٢٢ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە(١٨)

ڕێژەی بەکارهێنانی مەبەستی پەرژینە زمانییەکان لە دەقەکانی گرووپی (ب) دا





چارتی ژمارە(٣)

ڕێژەی بەکارهێنانی مەبەستی پەرژینە زمانییەکان لە دەقەکانی گرووپی (ب) دا

| ئەنجامی ڕێژەی بەکارهێنانی  مەبەستی خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی لە دەقەکانی گرووپی (آ،ب) دا | | | |
|---|---|---|---|
| ژ | مەبەستی پەرژینە زمانییەکان | پاتبوونەوەی مەبەستەکە | ڕێژە٪ |
| ١ | خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی لە گرووپی (آ) دا | ٤٦ | ٪٨٢ |
| ٢ | خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی لە گرووپی (ب) دا | ١٠ | ٪١٨ |
| | **کۆی گشتی** | ٥٦ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە(١٩)

ئەنجامی ڕێژەی بەکارهێنانی  مەبەستی خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی لە دەقەکانی گرووپی (آ،ب) دا





چارتی ژمارە(٤)

ئەنجامی ڕێژەی بەکارهێنانی  مەبەستی خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی لە دەقەکانی گرووپی (آ،ب) دا

| ئەنجامی ڕێژەی بەکارهێنانی مەبەستی ئاڕاستەکردنی گوێگر لە دەقەکانی گرووپی (آ،ب) دا | | | |
|---|---|---|---|
| ژ | مەبەستی پەرژینە زمانییەکان | پاتبوونەوەی مەبەستەکە | ڕێژە٪ |
| ١ | ئاڕاستەکردنی گوێگر (آ) دا | ٢٤ | ٪٦٧ |
| ٢ | ئاڕاستەکردنی گوێگر (ب) دا | ١٢ | ٪٣٣ |
| **کۆی گشتی** | | ٣٦ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە(٢٠)

ئەنجامی ڕێژەی بەکارهێنانی مەبەستی ئاڕاستەکردنی گوێگر لە دەقەکانی گرووپی (آ،ب) دا




چارتی ژمارە(٥)

ئەنجامی ڕێژەی بەکارهێنانی مەبەستی ئاڕاستەکردنی گوێگر لە گرووپی (آ،ب) دا

پەیوەست بە ڕوونکردنەوەی خشتە و چارتەکانی بەکارهێنانی پەرژینە زمانییەکان، لە دەقە ڕامیارییەکانی زمانی کوردیدا، بەو ڕاستییە دەگەین، کە ئەو کەسانەی خاوەن (ئایدۆلۆژیای پیشەییانەن) مەبەستی خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی، زیاد لە هەر مەبەستێکی تر بەکاردەهێنن، بەوپێیەی، کەسانی

خاوەن ئەمجۆرە ئایدیۆلۆژیایە دەستەڵادارن و جومگە سەرەکییەکانی وڵات بەڕێوەدەبەن، بۆیە هەوڵدەدەن هەم وێنەیەکی ئەرێنی لە ئاوەزیی ئاخێوەراندا بۆ خۆیان بونیادبنێن، هەم خۆشیان لە کاردانەوەی نەخوازراو و بەرپرسیارییەتی بپارێزن، لەکاتێکدا ئەو کەسانی خاوەن (ئایدۆلۆژیای کۆسیاسییانەن) هێندە مەبەستیان وریاکردنەوە و ئاگادارکردنەوەی دەسەڵاتە و خستنەڕووی ڕاستییەکانە بۆ خەڵک، هێندە پەیوەست نین بە بەکارهێنانی پەرژینەکان بە مەبەستی خودپاراستن لە بەرپەرسیاریەتی، ئەمەش وادەکات کە شێوازێکی (زبر، ڕەخنە ئامێز ، بەرزکردنەوەی داواکاری، ڕاشکاوی لە دەربڕیندا) بەکاربهێنن، هەر بۆیە لە دەقەکانیاندا مەبەستە پەرژینیەکانی (کەمکردنەوەی داواکاری، نواندنی ڕێزگرتن ، ڕاگرتنی ژینگەی پەیوەندیداریێتی ) بەکارناهێنن.

# ئەنجام

ئەو ئەنجامانەی کە لەم نامەیەدا پێیانگەیشتوین لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەیخەینەڕوو:

١- بەپێی شیکرنەوەکانی بەشی سێیەم ئەوە ڕوونبووەتەوە فۆڕمێکی زمانیی، کە بە واتای پەرژین بەکارهاتبێت، دەکرێت هەمان فۆڕم لە ڕووی واتاوە چەند جۆرێکی جیاوازی مەبەستی پڕاگماتیکی بنوێنێت.

٢- لەڕوانگەی تیۆری پەیوەستەوە ئەو فۆڕمە زمانییەی وەک پەرژین کاردەکات هەتا بەهێزتر بێت ئەوا ئاستی ئاشکرایی دەبڕاوەکە بەهێزتر دەکات ، بە پێچەوانەشەوە پەرژینە لاوازەکان بوار بۆ بەخشکەیی دەهێڵنەوە و ئاستی ئاشکرایی دەربڕاوەکە لاوازتر دەکەن و ئاخێوەر دەتوانێت بە سانایی لە دەربڕاوەکەی پەشیمانببێتەوە، بەشی سێیەمی ئەم نامەیەش ڕاستەوانە ئەمەی بۆ سەلماندوین.

٣- بە سەرنج خستنەسەر ئەو تێڕوانینانەی دەربارەی مەبەستی خودپاراستن لە بەرپرسیارییەتی لەڕوانگەی پڕاگماتیکی درکپێکردنەوە و خستنەڕووی نموونەکانی پەیوەست بەمبارەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت پاراستنی وێنەی خودیی، کە بەهۆی ناسینی باری ئاوەزی ئاخێوەرانەوە بەدەستدێت، بنەمای بەکارهێنانی پەرژینە زمانییەکانە پەیوەست بە چەند مەبەستێکی کۆمەڵایەتی لەلایەن ئاخێوەرەوە.

٤- کاتێک نووسەرێک، یان سیاسەتمەدارێک بە وریاییەوە پڕاگماتیکییانە پەیامەکەی دادەڕێژێت، تێبینی ئەوە دەکرێت لە گوتنەکانیدا پەرژینی جۆری خودپاراستن چەندجارێک دووبارە دەکاتەوە، لە پێناو دانانی هێڵێکی پاشگەزبوونەوە لە داهاتوودا بۆئەوەی توشی سەرزەنشت و بەرپرسیارییەتی نەبێت، ئەمەش زەنگینی توانستی پڕاگماتیکی نووسەرەکە، یان کەسە سیاسییەکە دەردەخات، ئەم لایەنەش بەڕوونی لە چارتەکاندا ڕوونکراوەتەوە.

٥- لەو دەقانەی کە لەگروپی نوسەرانی خاوەن (ئایدیۆلۆژیای کۆسیاسییانە) مەبەستی خودپاراستن کەمتر بەکاردێت، لە بەرانبەردا مەبەستی ئاڕاستەکردنی گوێگر بە مەبەستی وریاکردنەوە زیاتر دەبینرێت ئەم ڕاستییەش لە چارتەکاندا بەدیدەکرێت.

٦- پەیوەست بە ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی مەبەستەکانی پەرژینی زمانی لە دەقە ڕامیارییەکانی بەشی سێیەمدا، گەیشتین بەو ئەنجامەی، دەشێت پەرژینەکان لە زمانی کوردیدا، لەڕوانگەی جۆرە جیاکراوەکانی (هایلاند) جیابکەینەوە.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوە کوردییەکان


### کتێب

حسین،شیلان (٢٠٢١).زانستی زمانی کارەکی،چاپی یەکەم،چاپخانەی پیرەمێرد.

عەلی،بەکر (٢٠١٤).چەند لایەنێکی زمانەوانی.چاپی یەکەم.چاپچانەی هێڤی.

قادر، کاروان (٢٠١٢).فۆرمی لۆژیکی لە زمانی کوردیدا . چاپخانەی بینایی.

محمود.ئاڤێستا (٢٠٠٩).پراگماتیکی ڕستەی پرسیار و فەرمان، لە زمانی کوردیدا. سلێمانی.کوردۆلۆجی.

### گۆڤار

حسین، شیلان (٢٠١٣).مۆرفۆ پراگماتیکی ئیدیەم لە زمانی کوردیدا.گۆڤاری زانکۆی سلێمانی. ژمارە (٣٨). لاپەڕە (٩٩-١٢٠).

قادر،کاروان (٢٠١٢).سیستەمی درکپێکردن وەک بنەمایەکی ڕێزمانی کوردی.گۆڤاری زانکۆی سلێمانی. ژمارە (٣٤). لاپەڕە(٧٧-١١٢).

قادر،کاروان (٢٠١٧).دارشتەی چەمک لە زمانی کوردیدا. گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین. ژمارە (١٣). لاپەڕە (٤١٩-٤٥٢).

مەحمود، ئاڤێستا (٢٠١٧) .گەشەنەسەندنی پراگماتیکی و ئاڵۆزبوونی هەژموونە زمانییەکان، گۆڤاری گەشەپێدانی مرۆیی،بەرگی (٣)، ژمارە (٣)، لاپەڕە(٤٢٤-٤٥٢).

### نامەی زانکۆیی بڵاونەکراوە

ئەحمەد، تریفە (٢٠١٣). پراگماتیکی فەرهەنگی و پێکداچوونی پێکهاتەکانی. نامەی دکتۆرا. کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

ئیبراهیم،شیلان (٢٠١٩). نەخشاندنی کۆزانیاری وشەیی لە فەرهەنگی ئاوەزییدا. نامەی دکتۆرا. کۆلێژی زمان. زانکۆی سلێمانی.

حمە غەریب، بەهرە (٢٠١٦). شرۆڤەکردنی مەرجی ڕاستەقینەیی لە واتای زمانیدا.نامەی ماستەر،زانکۆی سلێمانی.

عەلی،بەکر (٢٠٠٠). میتافۆر لە روانگەی زمانەوانییەوە. نامەی دکتۆرا. کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

غەریب، نالی (٢٠١٦). درکپێکردنی میتۆنیمی لە زمانی کوردیدا. نامەی ماستەر. کۆلێژی زمان. زانکۆی سلێمانی.

فەرەج،هۆگر (٢٠٠٠). پراگماتیک و واتای نیشانەکان. نامەی دکتۆرا. کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

**چاوپێکەوتن**

ئاڤێستا کمال محمود. هۆڵی خوێندنی باڵا. زانکۆی سلێمانی. لە ڕۆژەکانی (٢٠٢١/٦/٢-٢٠٢١/٦/٤).

**پێگەی ئەلکترۆنی**

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=11803

https://nasnews.com/kurd/view.php?cat=17047

https://nasnews.com/kurd/view.php?cat=44866

https://politicpress.com/86389/

https://www.awene.com/detail?article=77565

https://www.awene.com/detail?article=77565

https://www.kurdistan24.net/ckb/story/227408-

https://www.kurdistan24.net/public/index.php/ckb/story/84459%E2%80%8B%E2%80%8B

https://www.kurdsatnews.com/Article_Detail.aspx?authorid=3&Articleid=110

https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/0412202211

https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/3005202217

https://www.sharpress.net/op-detail.aspx?jimare=212826

https://www.xendan.org/detailwtar.aspx?jimare=5842&nuser=1280

https://www.xendan.org/detailwtar.aspx?jimare=5982&nuser=1203

https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=21965

https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=27632

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان

**Books**

Bach, ken (1999).The semantics-pragmatic Distinction, what it is and why it matters . in ken Turner(ed) The semantic-pragmatic inference from different points of view . oxford, Elsevier.

Bach,ken and Harnish,Robert (1979).Linguistic communication and Speech acts. Cambridg.Mass:Mit

Bara, G. Bruno (2010). Cognitive pragmatics: the mental processes of communication. translated by John Douthwaite.Massachusetts Institute of Tecnology.

Baratman, M. (1999). Intention , plans, and practical reason. CSLI publication .

Bavelas, J., Black, A., Chovil, N., and Mullett, J (1990). Equivocal communication. Newbury Park, CA: Sage.

Bertrand, Russell (2010).The Philosophy of Logical Atomism. Routeledge published Boston. Kotter, J., P. And Cohen,D., S (2002).The heart of change: Real-life stories of how people change their organizations. Harvard Business School Press. Boston.

Brown, Penelope and Levinson, Stephen (1987). Pliteness. Some universals in language usage. Cambridge University Press.

Caffi, Claudio (2007). Mitigation. Amsterdam: Elsevier.

Carston,Robn (1991). Implicature , Explicature , and Truth- Theoretic semantics. oxford university.

Carston,Robn (2002). Thoughts and Utterance:the pragmatics of explicite communication . oxford :Black well.

Carter, Ronald and McCarthy, Michael (2006). Cambridge grammar of English. Cambridge University Press.

Channell, Jaonna (1994). Vague language. Oxford University Press.

Chomsky , Noam (1979) . linguistics and the human Sciences: in language and Responsibility Reprinted in language On language . New York: The New press.

Chomsky, Noam (1965). Aspects of Theory of Syntax . Cambridge . Mass: MIT press.

Chomsky, Noam (1980). Rules and Representation . oxford: Black well

Clemen, Gudrun (1997). The concept of hedging: Origins, approach and difintion. In R. Markkanen and H. Schroder (eds.) 1997.

Cutting, Joan (2002). Pragmatics and Discourse. Routledge: Landon and New York. Descartes , R (1997) . Key philosophical writings. Wordsworth Editions Ltd. Hertforddshire.

Dombrowski, E. , Rotenberg, L . And Bick, M (2013).Theory of Knowledge . Oxford University Press

Eysenck , Michael, w . keane, mark ,T (2000). Cognitive psychology . by psychology press .Cambridge Scholars Puplishing.

Fraser,Bruce (1974). Hedge Performative.Bloomington,Ind:Indian university Linguistics club (Mimo).

Gardner, H (2006). Changing minds: The art and science of changing our own and other people's mindss. Harvard Business School Press.

Goffman, Erwing (1967). Interaction  Ritual Essay in Face to Face Behavior. Edited by Routledge  in 2005.

Grice, paul (1975).logic and conversation .Cambridge. Hard vard university press.

Grice, paul (1989). Studies in the way of words. Cambridg,MA: Hard vard university press.

Horn, Laurence (2004). Implicature. In The handbook of Pragmatics. (ed) L. Horn and G. Ward. Oxford: Blackwell.

Hubler, Axel (1983). Understatements and hedges in English. Amsterdam John Benjamins.

Hyland, Ken (1998). Hedging in Scientific Research Articles. John Benjamins Publishing Company.

Ifantidou, Elly (2001).Evidentials and Relevance.John Benjamans Publishing company.

Ifantidou, Elly (2014). Pragmatic Competence and Relevance. John Benjamins publishing company Amsterdam.

Kahneman, D (2011). Thinking Fast and Slow. Farrar, Staus and Giroux. New York.

Kaltenbock, G., Minhatsch, W., and Schneider., S (2010). New Approaches to Hedging. Emerald Group Publishing Limited.

Klein, G (2003). The Power of Intuition: How to Use Your Feelings to Make Better Decisions at Work. Currency/Doubleday. London

Langacker, Ronald, w (1987). Foundations of Cognitive Grammar Vol (1): Theoretical Prerequisites. Stanford University Press.

Langacker, Ronald, w (2008). Cognitive Grammar. A Basic Introduction. New York. Oxford University Press.

Levinson, Stephan (1983). Pragmatics. Cambridge University Press.

Levinson, Stephen (2000). Presumptive Meaning: The Theory of Generalized Conversational Implicature. MIT Press.

Ludwig,Wittgenstin (1953). Philosophical Investigations.The Macmillan Company.

Marshall, I . And Zohar, D (2004). Spiritual capital. Wealth we can live by. Berret Koehler. San Francisco.

Maxwell, N (2007). From knowledge to wisdom: A revolution for science and humanities. 2 nd edition. Prentice Hall. London

Neta, R. And Pritchard, D (2009). Arguing about knowledge. Routledge. London.

Nonaka, I . And Takeuchi, H (1995). The Knowledge-Creating Company. New York Oxford. Oxford University Press.

Nuyts, Jan(2000). Human cognitive processing Epistemic Modality Language, and conceptualization . john benjamins publishing company. Amsterdam.

Perkins, Michael. (2007). Pragmatic Impairment. Cambridge: Cambridge University Press.

Polanyi, M (2009). The Tacit Dimension. foreword by Sen , Amartya. The University of Chicago Press. Chicago and London.

Pritchard, D (2014). What is this thing called Knowledge. Third edition. Routledge. NowYork.

Rose, Kenneth, and Gabriele Kasper (eds).( 2001). Pragmatics in Language Teaching. Cambridge: Cambridge University Press.

Russell, B (1945). A History of Western Philosophy. Simon and Schuster. New York.

Russell, B (2009). Human Knowledge : Its Scope and Limits Routledge . With an introduction .by John G.,S . London and New York.

Searle, John(1983).Intentionality . Cambridge .Cambridge University Press.

Sperber, D and Wilson, D (2010). Meaning and Relevance :The mapping between the mental and the public lexicon. Cambridge University Press. NewYork.

Sperber, D and Wilson, D (2012). Meaning and Relevance. First puplished. Cambridge University Press.

Sperber, D and Wilson, D [1986] (1995). Relevance: Communication and Cognition. 2nd ed. Oxford: Blackwell

Sperber, Dan (2000). Metarepresentation A multidsplinary perspective. Oxford University Press.

Sperber, Dan and Wilson, Deirdre (2004). Relevance theory . in the handbook of pragmatics. Edited by .Horn ,Laurence- Ward,Gregory .Oxford:Blackwell.

Tsoukas, H . And Mylonopoulos, N (2004). Organization as Knowledge Systems.: knowledge, learning and Dynamic Capabilities. Palgrave Macmillan.

Urmson,James (1963). Parenthetical Verbs.In Philosophy and Ordinary Language. C.Caton(ed).(220-240).Urbana:University of Illinois Press.

Walaszewska, Ewa (2015). Relevance- Theoretic Lexical Pragmatics :Theory and Application.Cambridge Scholars Publishing.

Winterton, J. And Stringfellow, L (2006). Typology of knowledge, skills and competences: clarification of the concept and prototype. Luxembourg: Office for Official Publications of the European Communities.

Yule, George (1996). Pragmatics. Oxford University Press.

## Journals

Bratianu, C (2013). The Triple Helix of the Organizational Knowledge. Management Dynamics in the Knowledge Economy. Vol(1). Pp (207-220).

Bybee, Joan (2006). Usage to Grammar: The minds Response to Repetition. Linguistic Society of American .Vol( 82) . No( 4) .Pp(711-733).

Caffi, Claudio (1999). On mitigation. Journal of Pragmatics. Vol (31). Pp (881-909).

Carston, Robyn (2000). Explicature and Semantics. UCL Working Papers in Linguistics. Vol (12). Pp (1-44).

Carston, Robyn (2010). Lexical pragmatics, ad hoc concept and metaphor: A Relevance Theory perspective. ItalianJournal of Linguistics. 22(1). Pp (157-180).

Carston, Robyn and Hall, Alison (2012). Implicature and Explicature. In Hans-Jorg Schmid (ed), Cognitive Pragmatic. Pp (47-84).

Carston, Robyn-George powell (2005). Relevance theory new directions and developments. UCL Working Paper in Lingistics (17) .Pp (279-299).

Casasanto, Daniel-Gary, Lupyan (2015). All concept are ad hoc concept. In The conceptual mind: New directions in the study of concepts . (ed)E, Margolis and S, Laurance. Cambridge. MA: MIT Press. Pp( 543-566).

Cheng,Patricia and Holyoak,Keith(1985). Pragmatic reasoning Schemas. Cognitive Psychology . Vol(17). pp(391-416).

Chomsky, Noam (2006).The formal Nature of language : in language and mind .3 rd ed. Pp(102-142) Cambridge . Cambridge university press.

Davis, Wayne (2007). How normative is implicature. Journal of Pragmatic. Vol (39). Pp (1665-1672).

Fraser, Bruce (2010). Hedging in political discourse: The Bush 2007 press conference. In Okulska, Urszula and Cap, Piotr (Eds). Perspective on Politics and Discourse. Vol (36). Pp (201-214). Amsterdam/Philadelphia: John Benjamins Publishing Company.

Gettier, Edmund (1963). Is Justified True Belief Knowledge? Oxford Acadimic /Analysis. Vol (23).Pp (121–123).

Grice, Paul (1975). Logic and conversation. In P. Cole and J. L. Morgan (eds), Syntax and semantics. Vol (3). Speech acts. New York: Academic Press. Pp (41-58).

Hayashi, Takuo (2009). On Face and Politeness: A New Model Based on Duality, Reflexivity and Reciprocity. Studies in Pragmatics. Vol (2). Pp (15-31). China Pragmatics Assocation. Bejing: Higher Education Press.

Holyoak, keith-Gentner, Dedre- Kokinov, Boicho (2001). Introduction: The Place of Analogy in Cognition.Cambridge. MA: MIT press. Pp(1-19).

Horn, Laurence (1984). Toward a new taxonomy for pragmatic inference:Q-based and R-based implicature. In Meaning, form, and use in context: Lingustic applications, (ed) Schiffrin. Washington: Georgetown University Press. Pp (11-42).

Huang, Yan (2009). Neo-Gricean pragmatics and the lexicon. International Review of Pragmatics. Vol (1). Pp (118-153).

Kamper , Susan(1983). Measuring the inference load of a text . jounal of educational psychology, Vol. (76) . Pp( 391-401).

Lakoff, George (1972). Hedges: A study in meaning criteria and the logic of fuzzy concepts. The 8th Regional Meeting of the Chicago Lingustic Society. Pp (183-228).

Laurence, Stephen-Eric, Margolis (2003). Concepts. In Blackwell guide to philosophy of mind. Edited by S. P. Stich and T. A. Warfield. Oxford. Blackwell. Pp( 190-213).

Lehrer, Keith (1965). Knowledge, Truth and Evidence . Oxford Acadimic/ Analysis. Vol( 25). Pp(168–175).

Lemmens, Maarten (2017). A Cognitive, Usage –Based View on Lexical Pragmatics: Response to Hall . Depraetere & Raphael Salkie . Semantic and Pragmatics: Drawing a line Springer.Pp (101-114).

Levinson, Stephan (1987). Minimization and conversational inference. In The pragmatic perspective. (ed) J. Verschueren and M. Bertuccelli-Papi. Amsterdam: Benjamins. Pp (61-129).

Marco, Albelda and Arguedas, Maria (2021). Mitigation revisited. An operative and intergrated definition of the pragmatic concept, its strategic values, and its linguistic expression. Journal Pragmatics. Vol (183). Pp (71-86).

Martinovski, B., Mao, W., Gratch, J. and Marsella, S (2005). Mitigation theory: an intergrated approach. Cognitive Science Society.

Prince, E., Frader, J. and Bosk, C (1982). On hedging in physician-physician discourse. in R. J. Di pietro (ed), Lingustics and the professions. Proceeding of the second annual Delaware symposium on language studies. Norwood, N J: Ablex . Pp (83-97).

Rabab'ah ,Ghaleb and Abu Rumman, Ronza (2015). Hedging in Political Discourse: Evidence from the Speeches of King Abdullah II of Jordan. Prague Journal of English Studies. Vol( 4). No(1) .Pp(157-185).

Sperber, D and Wilson, D (1993). Logic form and relevance. Lingua. Vol (90). Pp (1-25).

Stanly, Jason(2000). Context and logical form .linguistics and philosophy .Vol(23). Pp(391–434).

Thomas,Jenny(1983) .Cross-Cultural Pragmatic Failure. Applied Linguistics .Vol(4). Pp( 91-112).

Van Dijk,Teun (2003). Political discourse and ideology. Universitat Pompeu Fabra de Barcelona. NO(1). Pp(207–225).

Verba, S. , Schlozman,K. , Brady, H. and Nie ,N (1993). Race, Ethnicity and Political Resources: Participation in the United States.British Journal of Political Science , Vol(23). Pp (453 – 497).

Weinreich, Uriel (1966). On the semantic structure of English. In J. H. Greenberg (ed). Universals of language. 2nd Edition. Cambridge. MA: MIT press. Pp (142-217).

Wilson, Deirdre(2011).The Conceptual- Procedural Distinction: Past, Present and future "In Procedural meaning problems and Perspective. (ed) by Victoria Escandell-Vidal, Manuel Leonetti, and Aoife Ahern, 30-31. Bingley:Emersld.

## Websites

AlMudhafar,Nawrass(2014). Hedging_in_political_Discourse_A_Pragmatic_Analysis_of_Hedging_Maxims_in_David_Cameron's_Interview_in_29P_th_P.by Department of English College of Education / Humanities. https://www.researchgate.net/publication/311923748

Bratianu ,Constantin and Bejinaru, Ruxandra(2019) . The Theory of Knowledge Fields: A Thermodynamics Approach .https://www.mdpi.com/2079-8954/7/2/20.

Recanati, François .(2007). Pragmatics and Logical Form. https://hal-ens.archives-ouvertes.fr/JEAN-NICOD/ijn_00137220v1.

## الملخص :

هذا البحث محاولة في دراسة " التحوطات اللغوية وتفادي المسؤولية - النصوص السياسية أنموذجًا ' وهي دراسة وصفية تحليلية للتحوطات اللغوية على وفق اللسانيات التداولية الإدراكية ، إذ يوظف فيها المتكلمون باللغة الكوردية بواسطة العناصر اللغوية ، أوالقوالب التعبيرية خطابتهم المختلفة دلاليًا بهدف التحوط واقتضت طبيعة الموضوع إرساء البحث على ثلاثة فصول يسبقها تمهيد وتتلوها خاتمة ملخصة فيها أهم الاستنتاجات التي توصلت إليها الدراسة ،فاختص الفصل الأول بالمعنى التداولي الذي يتحقق بواسطة السياق ،واستعماله ،فيغدو أساسا لاكتساب المعلومات ،ومن ثُّم انتاج المعجم الذهني للمتحدث ،وهو بدوره يتضح فيما بعد بفضل المنظور العلمي للإدرك ،وتحليل التحوطات اللغوية في الخطاب التداولي والمعرفي على وفق النظريات المتعلقة بها وعرج الفصل الثاني على دراسة قواعد ،ومبادئ متضمنات القول التي هي أساس إدراك التحوطات اللغوية وتطورها،والتحقيق فيها من منظور النظريات المختلفة للخطاب.

اختص الفصل الثالث بالجانب التطبيقي للبحث من أجل الكشف عن القدرة الإدراكية والتداولية للمتحدثين والشخصيات السياسية ،ومن ثم تميز التحوطات وتصنفها تصنيفا علميا من أجل الدقة ،والموضوعية في التحليل ،وقد قسمت النصوص إلى نوعين من النصوص السياسية ،ومن ثُّم تحليلها على وفق المستويات الدلالية للتحوطات التي يستعملها المتحدث معرفيا ،وأيضا مناقشة الهدف من استعمال التحوط في النصوص السياسية.

وختم البحث بنتائج الدراسة التحليلية عن التحوطات اللغوية ، وقائمة المصادروالمراجع.

# Abstract

The title of the research is "Linguistic Hedges and Avoiding Responsibility: Political Texts as Examples'' which is an Discription analytical study of linguistic hedges in terms of pragmatic cognition where the context is the basis of arranging the meanings which is regarded as a mental state of understanding and stimulating various expressions among Kurdish speakers.

The research consists of an introduction, three sections and conclusions. The first section is devoted to the pragmatic meaning, which is achieved through the context and the use and becomes the basis for the acquisition of co-information, and which results in the construction of the mental state of the speaker of a language, which is clarified from the pragmatic perspective of cognition. Later, hedges, such as pragmatic abilities and logical forms are analyzed from the perspective of related theories.

In the second section, the rules and principles of expressive implicature, which are the basis for the perception and development of linguistic hedges, are examined and investigated from the perspective of different theories of expressive implicature.

The third section covers the practical aspect of the research in order to reveal the cognitive and pragmatic ability of the speaker and political figures. The hedges are distinguished and classified for the scientificity and accuracy into two types of political texts, then the semantic levels of hedges, which the speaker uses cognitively, are analyzed, and the aim of using hedges in political texts is discussed.

Finally, the most significant analytical results of the research and a list of references are provided.